
# ماموّستای کورد

## ١١-١٢




A victim of napalm

هاوینی ١٩٩١

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd

## 11-12



Summer 1991

# مامۆستای کورد

ژماره ١١-١٢
هاوینی ١٩٩١

سەرنووسەر:
فەرهاد شاکەلی

ناونیشان: Address
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ:
Postal.Giro No. / Postgironr 43 55 59 – 0

# ناوەڕۆک

مامۆستای کورد


٣ نامە

٦ ئەحمەدی خانی: چوار شیعر

٨ کورد چاوەڕێی کەوتنی سەددامە: ڕوێنزۆف

١٠ ماچەکانی بەغدا

١١ ماچ: عەبدوڵڵا پەشێو

١٢ سەبارەت گیروگرفتی کوردەکان: ئازا ئافدالی

١٣ چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار: فەرهاد پیرباڵ

٢٩ ئاوڕدانەوەیەک: کاکەوەیس

٣١ ئەلێساندرۆ کۆزلێتی: هاننە کۆزلێتی

٣٣ ئەفسانەی تەمووره: مووسا گەرمیانی

٣٧ ڕوویەڕووبوونەوەی هاوچەرخ...: شایگان

٤٩ ئەلبوومی کوردەواری

٥٢ ئەستێرە پێم دەڵێن، ناوت: فەرهاد شاکەلی

٥٥ ساڵی حەمە گرۆی...: سەمەدی

٥٧ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

٥٩ هەژاری موکریانی

٨١ بابا تاهیری عوریان: فەهمی کاکەیی

٩٨ کتێبخانەی مامۆستای کورد

١٠١ ڕانانی کتێبان

١٠٣ وەرامی دۆستان

١٠٤ نیوەی کاری پزیشک: د. دلاوەر عەلائەددین

١١٤ دوێنێ و ئەمڕۆ: ح

١٢٠ هەزار لاپەڕە: هەیاس




# نامە

... بەڕاستی تەنها گۆڤارێک خەڵکی ئاوارەی لەیاد نەکردبێت، مامۆستای کوردە، چونکە من تا ئێستا نامەم بۆ زیاتر لە پێنج گۆڤاری کوردی ڕەوانە کردووە، بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکمان بدەنەوە. ئاخر ٦ یا ٨ ڕوپێ بۆ ئێمە زۆرە کە بە یارمەتییەکی کەمی UNHCR ژیانێکی کولەمەرگی (مەمرەومەژی) لەم وڵاتە ئەبەینە سەر، کەچی لەم غوربەتە هەر شەیدای وشەی کوردیین و نامە بۆ گۆڤارە کوردییەکان ئەنووسین، (بەڵام) جێی داخە کە هەر وەڵامیش نادەنەوە.

ئا. م. جەباری

کویتە (پاکستان)، ١٦/٥/١٩٩١

...

... ئێمە، کۆمەڵێک پەنابەرانی کوردستانی بێکەس لە شاری کویتە، پاش نزیکەی دوو ساڵ ژیانی سەختی ئاوارەیی و چاوەڕوانی... پاش چەند باروودۆخی ناسک و ناخۆش لەبەردەم ژیانی ئاوارەییماندا (کۆمیتەی پەنابەرانی کورد)مان دروست کرد. پاش چەند مانگ لە تەمەنی ئەم کۆمیتەیە، چەند برادەرێکی تری جیاواز لە بیر و بۆچووندا (ئەنجومەنی پەنابەرانی کوردستان/ عێراق)یان دروست کرد. بوونی ئەم دوو کۆمەڵەیە لەم کاتەدا لە خزمەتی ئامانجەکانماندا نەبوو. بۆیە پاش داوای زۆری پەنابەران و هەڵبژاردنی دیموکراتی (یەکێتیی پەنابەرانی کورد) بە زۆربەی دەنگ لە دایک بوو، بۆ خزمەتکردنی پەنابەران. داوامان لە بەڕێزتان ئەوەیە زیاتر هاوکاری لەگەڵ یەکێتییەکەمان بکەن، بە ناردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکانتان بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی و گیانی یەکێتی لە نێوان هەموو کوردە ئاوارەکانی جیهان... وەک لە لاشتان ڕوونە ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە کەمدەستین.

یەکێتیی پەنابەرانی کورد

کویتە – پاکستان

...

ئەمڕۆ بە ئاواتی دێرینەی خۆمان شاد بووین و (مامۆستای کورد)مان بەدەست گەیشت، یاخوا پایەدار بن و دووربن لە گێژاوی ڕۆژگار.

بابەتەکانی مامۆستای کورد مایەی سەرنجن و پتەون. شتێک بۆ ئێمە جێگەی نارەزایی بێت، بواردانە بە کەسانێک کە بە مەیلی خۆیان دەنووسن و نووسینەکانیشیان لە لاپەڕەکانی مامۆستای کورددا بڵاودەکرێتەوە. بەڕاستی ئەم جۆرە نووسینانە بەتاڵن، نەدەبوایە بەڕێزتان بواری ئەوە بەو کەسانە بدەن.

خالید نوورەدین

دووشەنبە- تاجیکستان

١٣/٢/١٩٩١

... ژمارەی (٩ و ١٠)ی گۆڤارەکەتان گەیشتە دەستم... بە رەئی من ئەوە یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە دیموکراسیی تێدا سەقامگیرە و مێژووی کورد بۆ یەکەمین جارە گۆڤارێکی ئاوها بە خۆیەوە ببینێ.

ف. شێرکۆ

کاستامۆنۆ-تورکیا

١٩٩١/١/٣٠

❁ ❁ ❁

لە ژمارە (١٠)ی گۆواری هێژای مامۆستای کورددا چاوم کەوتە شیعرێکی هێمن و بیۆگرافییەک بە پێنووسی هێدی نووسرابوو. وام هەست کرد دەبێ ئەم شیعرە، شیعرێکی بەنرخ بێ، بەڵام کاتێ شیعرەکەم خوێندەوە ئارەق بە رووما هاتە خوارێ. ئەگەر ئەزیزترین کەسمیان بکوشتایە ئەوەندە نارەحەت نەدەبووم. هەندێ مەسەلەی پڕوپووچ و دژ بە کوردایەتی لە شیعرەکە ئاخنرابوو... مام هێمنی... بە هۆنینەوەی ئەم شیعرە پێشانی داوە کە بەڕاستی بەکرێگیراوی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتە، وەکوو هاوەڵانی تری کە ماسکی رێبەرایەتیی کوردیان داوەتە روو، بە سازی ئەم دوو بێژووە (ئەمەریکا و سۆڤیەت) هەموو کات دانسیان کردووە. جا نازانم چ بەچکە بێژوویەکە ئەو شیعرەی بۆ گۆواری مامۆستای کورد ناردووە و مامۆستای کوردیش ئامانجی لە چاپی ئەم شیعرە (ناشیعرە) چ بووە؟ ئایا ویستوویەتی ئەمە فێری لاوانی کورد بکا کە ژیان هەر گان کردن و وەکوو کەر و گا و چوارپێ ژیان بردنەسەرە؟

... لە مامۆستای کورد داوادەکەم لەم چەشنە شیعرە بۆگەنانە کە لە دڵێکی پیس و چەپەڵەوە رژاوەتە دەرێ لە چاپی نەدەن و ئەوەندە بە کورد و کوردایەتی بە ناوی کوردەوە خیانەت نەکەن. هیوادارێشم ئەم وتارەم لە چاپ بدەن هەروا کە ئەو جۆرە وتارە دزێوانە لە چاپ دەدەن.

دکتۆر هێژا بێخەو

تاران٦٩/١٠/٢٩

❁ ❁ ❁

... لە رۆژی ٢٢ی خاکەلێوەدا ئێمەی خوێندکارانی زانستگاکانی تاران بە رێپێوانێک کە ٢٠٠ کەس پتر بەشدارییان کردبوو، ئەو جینایەتەی بەعسی عێراق سەبارەت بە خەڵکی کوردمان مەحکووم کرد، کە ئەو رێپێوانە سێ سەعاتی خایاند و لە کۆتاییدا بە بڕیارنامەیەک کە لە شەش بەند پێک هاتبوو، مەبەستی ئەسڵی بڕیارنامەکە مەحکووم کردنی جینایەتەکانی رژێمی بەعسی چەپەڵ و راکێشانی بیروبڕوای گەلەکانی جیهان سەبارەت بە ئەو بەشە لەبیرچووەی دنیا بوو، کۆتاییمان بە رێپێوانەکە هێنا.

واحیدی رەزمان

تاران١٩٩١/٤/١٨

❁ ❁ ❁

... گۆڤاری مامۆستای کورد بەردەوام بە دەستم دەگات و سوودی زۆری لێ دەبینم، هیوادارم هەردەم مامۆستای ئەو گەلە بێت لە روونکردنەوەی رێگادا. لەگەڵ ئەمانەشدا حەزم کرد تێبینییەک تۆمار بکەم کە لە کاتی خوێندنەوەی گۆڤارەکەدا هەستم پێ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم گۆڤارە لەلایەن بابەتی ئیسلامییەوە هەندێ کەم و کورتیی تێدایە. لەراستیدا ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، کاتێ بزانین کە میللەتی کورد چەندی خزمەت بە



ئیسلام پێشکەش کردووە و دەکات. روونکردنەوەی ئەم لایەنە ئەرکی سەرشانی هەموومانە، تا هەموو جۆرە گومانێکی نەژادپەرستی و شتی تر کە بە ناهەق دراوە بە سەریدا، لێی دوور بخەینەوە و شێوەیەکی راستی ئەو میللەتە پێشانی خەڵکی بدەین. لە لایەنەکانی ترەوە گۆڤارەکە نرخی تایبەتیی خۆی هەیە لەناو گۆڤارە کوردییەکاندا.

هیوا

پیشاوەر (پاکستان) ١٩٩١/٤/١٥

❁ ❁ ❁

برای دێرین و هەموو کاتم...

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. لە چرکەیەکی شێتییە قووڵ و دێرینەکەمدا وام هەست کرد کە مێشکم کۆمپیوتەرێکە و هەرچی زاراوە و شێوە زمان و وشەی فەرهەنگەکانی جیهان هەیە لە ناخیدا کۆکراونەتەوە... بەڵام هەرچەندم کرد نەمتوانی ئەوەی لە گیانمدایە لە کاغەزدا تۆماری بکەم. ئێمە... ئێمە زمانمان تەنها بۆ چەژ کردن و گریانە... ئەگینا ناتوانین رازی دڵی پێ دەربڕین... وشەشمان باڵندەی باڵگراوی ناو قەفەزی زۆردارانە... بەڵام لە برسا دەمرێ و (دەنووک) لە دانەوێڵەی زێڕینی زۆرداران نادات...

چیت بۆ بنووسم؟

لێرە... بە پێچەوانەی گەردەلوولی رەش و بارانی ئاگر... وشە و لووتکە... هەر سەربەرزن،

شیعر و بەڕوو رەگیان قووڵە و پەرچەم سەوزن...

شیعر و لووتکە سوێندیان خواردووە نەبەزن...

نازانم چی بنووسم؟ -ژێ-کەت گەیشت. ئەوەی پەنجەیەکی هونەرمەندانەی نەبێ... ناتوانێ ژێکانی -ژێ- بخاتە کار و گوێ لە هۆرە و سۆزی جوتیارانی دەشتی شاکەل بگرێ.

ئەوەی پەنجەیەکی هونەرمەندانەی نەبێ... چۆزانێ ئەو هەموو دەنگ و رەنگ و نامەی نهێنی و خەندە و لەرەی لەش و گیان و ناڵە و کسپە و سۆزی جەرگ و ئەوین و کزەی ئاوارەیی و هتد... کە من دەیزانم... لە - ژێ - دایە...

لەگەڵ ئەم نامەیەدا... چەند پارچە دەسنووسێکی ئەوسای خۆت و دەنکە چەوێکی شارەکەی خۆمانت بۆ دەنێرم... هیوادارم بە دڵت بێ...

رزگاری کاک

سلێمانی،١٩٩١/٥/١٨

❁ ❁ ❁

# ئەحمەدی خانی:

## چوار شیعر

### مەم و زین

شاکاری شاعیر و بیریاری نەمری کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) و داستانی نەتەوایەتیی کوردە. دوو بەرهەمی دیکەی خانی «نووبارا بچووکان» و «عەقیدا ئیمان» ن. بێجگە لەوانەش ٣-٤ غەزەلی خانی بڵاوبوونەتەوە. زۆربەی نووسەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی و توێژەرانی کورد هەمیشە لەو باوەڕەدا بوونە کە بلیمەتێکی وەک خانی، کە لە تەمەنی چلوچوار ساڵیدا مەم و زینی نووسیبێ و ١٣ یا ١٤ ساڵ لەوەو پاش کۆچی کردبێ، ناکرێ بەرهەمی دیکەی نەبن. مامۆستا هەژار لە پێشەکیی چاپی تازەی مەم و زیندا (لاپەڕە پازدە) نووسیویەتی: «دڵە هەژارەکەم دەڵێ: رەنگبێ لەو چاردە ساڵەدا هیچ نەبێ چوار لیزگەی دیکەی زۆر نادری هۆندبێتەوە، تا لەبەرامبەر پێنجینەی نیظامیدا خۆ راننێن و بۆڕیان بدەن. بەهومێدم ئەو خەونەی دڵم وەدی بێت، بەرهەمی دیش لە خانییەوە لە گۆشەی فەرامۆشییەوە بێنە دەرێ...». دۆکتۆر عیززەدین مستەفا رەسووڵیش لە کتێبی «احمدي خاني - ل ٣٧» دا بیرێکی وای دەربڕیوە.

کوردناسی سۆڤیەتیی کۆچکردوو م. ب. روودینکۆ لە کتێبی «وەسفی کۆمەڵە دەستنووسی لینینگراد - مۆسکۆ ١٩٦١» دا ئەوەی پێشان داوە کە کۆمەڵێ شیعری بڵاونەکراوەی خانی لە دەستنووسی جیاوازدا هەن. سەیر ئەوەیە ئەو خوێندکار و توێژەرە کوردانەی لە سۆڤیەت خوێندوویانە و دەیانخوێند، ئەگەرچی ئەوەشیان دەزانی کە شیعری بڵاونەکراوەی خانی بە دەستنووس هەن و «لە گەنجینەی دەستنووسەکانی لینینگراددا پارێزراون»، بەڵام ئەوەیان ئاشکرا نەدەکرد بۆچی دەستەڵاتدارانی «زانستپەروەر و کورددۆست» ی ئەو وڵاتە ئەو بەرهەمانەیان بەند کردووە و ناهێڵن بڵاو ببنەوە و بەتەمان تاکەی «بیانپارێزن»!!

ماوەیەک لەمەوبەر دۆستی هێژا و خۆشەویست کاک رەشاد میران فیلمی دەستنووسێکی بە دیاری لە سۆڤیەتەوە بۆ هێنام. لێرە فیلمەکەمان شۆردەوە و بە شێوەی وێنەی فۆتۆگرافی چاپمان کرد. دەستنووسەکە ( ГПБ; Курд 36 - مجمعا غزلياتيد شعرايد كرمانجانه ) لە حەفتا لاپەڕە پێکهاتووە و شیعری دە شاعیری کوردی تێدایە. هەر بەتەماشاکردنێکی دەستنووسەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ کتێبی (تواريخ قديم كوردستان - مۆسکۆ ١٩٨٦) ی مەلا مەحموودی بایەزیدی، دەردەکەوێ کە بە خەتی مەلای بایەزیدی نووسراوەتەوە. شیعرەکانی خانی لە دەستنووسەکەدا بیستوپێنج پارچەن، لێرەدا چواریان لێ بڵاودەکەینەوە.

فەرهاد شاکەلی □



ئەی دل ئەگەر ب نەقدی جان، جنسێ گران بەهایێ زلف
دێ بکڕی بزان مەجال، جەوهەری جان فیدایێ زلف
هەر سەری موو ل سازەکی، جیلوە دکت ب نازەکی
عاشقی عیشقبازەکی، بەند دکەت بەلایێ زلف
روم و خەدەنگ و هندییان، خال و نیشانی خەمرییان
خەنجەر و شیر و ترکییان، جەنگە ل بەر لیوایێ زلف
تاج و تومار و بون پەڕان، لەعل و گوهار و گوهەران
سەرخۆش و دین و ئەبتەران، رەقصە ل بەر هومایێ زلف
لاو و رەوال رسپییان، میر و وەزیر و جندییان
سەرخۆش و مەست و بەنگییان، دەردە ژ ماجەرایێ زلف
شێخ و مورید و سالیکان، شاهـ و فەقیر و مالیکان
چوست و چەلەنگ و چاپوکان، دل کەتە بەندی پایێ زلف
ئەفعا و مار و ئەژدەرە، مسک و زباد و عەنبەرە
نەفخەیی رووح پەروەرە، راییحەیی هەوایێ زلف
بێ مەی و بێ دەوایەکێ، بێ دەف و چەنگ و نایەکێ
دین دکەتن مەلائیکێ، جەزبەیی دلڕوبایێ زلف
میر و مەلا و ماهیران، چەندی بەلیغ (و) شاعیران
خانی دهندە حاضران دادە ژ دەست دەوایێ زلف

✤✤✤

ژ لەعلێ دیارێ ئەمن مەی ڤەخوارا
ب دل من دبەخشی بدەخشان و بوخارا
مودامی ددەستێ غەماندا زەبوونم
مەدامی دخوم مەی بکم دا ئەز مودارا
دەما کو کرمە عەزرا ئەوی گولعوزاری
دبن بێ تەکەللوف دلێ من عوزارا
هنارن ژ بۆ من دەر ئاغووش پەروەر
هنارن دتازە حەبیبا دلارا
نەیارا تە ئیرۆ نەظەر دا تە خانی
نە یاران نما نەراحەت نە یارا

✤✤✤

م دی نەقشەک ژ نەقشێ نەقش بەندان
ڤەبوو بەندێ د من یەک یەک ژ بەندان
گوشا دا دل ژ بۆ من را مویەسسەر
نەبوو بێ صوحبەتا صوورەت لەوەندان
ژ ئاهوویان مە یاهوو خواست ئەمما
دلێ من ما دنێڤ موشکین کەمەندان
ئەز ئیرۆ سەرخوەشم وەڵلاهـ واعیظ
ل من ضایع مەکە وان وەعظ و پەندان
ل من کورت بوو رییا کەعبا ویصالێ
ژ شەکلێ قامەتا بالا بلندان
کەسێ گریان بتن پیلەک ب عیشقێ
دبیتن عاقیبەت ئەلبەتتە خەندان
دلێ خانی ئەگەرچی بوو سنج خانە
شوکور قەط کەس نەگۆ خانی ب چەندان.

✤✤✤

صەیدێ چنگالا سەرێ زلفا شەها شەهبازم ئەز
مەستێ جاما عیشوەیا شەهنازی نازک نازم ئەز
رەمز و ئیعجازێ د خووبان بێ عیبادەت صەح دکم
مورشیدی کامیل ئەزم ئیرۆهە صاحیب رازم ئەز
بەیضەیا ئەز تێ عەبەس بوو ئاشیانا من قەفەس
گەرچی دل پڕ هەوەس بوو بێ پەڕ و پەڕوازم ئەز
ڤێ حەیاتا عیبرەتێ چ بکەم بەقا نینن ژ بۆ
لەو شەهیدێ غەمزەیا وێ دلبەرا طەننازم ئەز
دەردمەندەک من دڤێتن هەمنەفەس بت (خانی) یا
کو مە هەمدەستەک هەبێتن سازی خوەش ئاوازم ئەز

# کورد چاوەڕێی کەوتنی سەددامە

هانس هێنریک ڕوینۆف

**گەل** نیە هێندەی کوردی عێراق، بەو شکانە ڕووزەردەی سەددام شادمان بێ. ئەوە لەشکری نەتەوەیەکگرتووەکان، بەسەر دزێوترین دوژمنی کورددا سەرکەوت و کوردیش هیوادارە بڕیارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان «سەپاندنەوەی ئاشتی و ئاسوودەیی نێونەتەوەیی لە نێوچەکەدا» ئەوانیش بگرێتەوە.

عێراق بۆ ماوەی حەوت مانگ کوێتی داگیرکرد، ئەوەی بەسەر خەڵکی کوێتدا هات جیهانی حەپەساند. کورد، ئەوا بیست ساڵ پترە لەدەست داگیرکەرانی بەعسی عێراق دەناڵێنێ. نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارۆچکەیان وێران کرا. کێڵگە و زەوی و زاریان سووتێنرا و بە گازی ژەهراوی خنکێنران.

لەشکری عێراق، کوردی دێهاتی دەگرت، لە ئۆردووگای زۆرەملێ، نێزیک شارەکان یان لە بیابانەکانی خوارووی ڕۆژاوای عێراق کۆی دەکردنەوە. لە هەڵەبجە پێنج هەزار، زارۆ و ژن و پیاوی بێدەسەڵاتی بە گازی ژەهراوی کوشت، بەوە دەیویست لە کوردی بگەیەنێت کە تەنێ دوو ڕێگەیان بۆ ماوەتەوە، مەرگ یان سەرشۆڕی.

هەستیان بەرامبەر سەددام، وەک هەستی جوولەکەیەک بەرامبەر هیتلەر و ڕایخی سێهەم وابوو.

ئەم هێرشەی هاوپەیمانەکان، بەلای سەرکردەکانی کوردەوە وەک هێرشی هاوپەیمانەکانی شەڕی جیهانیی دووەم وایە بەلای ئەو ئەوروپیانەی لەلایەن نازییەکانەوە داگیرکرابوون. جیاوازی لەو دوو هەڵوێستەدا هەر ئەوەیە کە کوردەکان لە ڕووی سەربازیدا لە کاتی شەڕەکەدا بێلایەن بوون.

یەکسەر دوای داگیرکردنی کوێت، هێزە کوردییەکان کەوتنە خۆ. جەلال تاڵەبانی سەرکردەی یەکێک لە هێزە گەورەکانی کورد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرەو ئەمریکا کەوتە ڕێ بۆ داواکردنی پشتگیریی سەربازی بۆ ئەوەی دەست بکاتەوە بە شەڕی پارتیزانی، بەڵام گفتوگۆکەی هیچی لێ شین نەبوو.



بەلای دەسەڵاتدارانی ڕۆژاواوە، تورکیا (بە فڕۆکەخانەکانییەوە) گرنگتر بوو بێتە پاڵیان.

لە تورکیا دە ملیۆن کورد هەیە، خەباتی وان لە پێناوی سەرفرازیدا، زۆر بە توندی سەرکوت کرا. ئەنقەرە دژی هەموو جۆرە ئازادییەکی کوردستانی عێراق وەستا، چونکە دەبێتە بنکەیەک بۆ کوردی تورکیا.

هاوکاریی کورد، دەبووە هۆی پتەوکردنی گومانکاری بەرامبەر ئەو سنوورە دەستکردانە، ئەمەش ڕیزی هاوپەیمانەکانی تێک دەدا. ئەو ئێرانەی کە پێنج ملیۆن کوردی ڕاپەڕیوی هەیە، بێگومان هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی لە هاوپەیمانانی «نەتەوەیەکگرتووەکان» وەردەگرت، ئەگەر کورد ببایەتە بەشێک لەو هاوپەیمانانە.

تەنانەت بۆ خودی کوردەکانیش، هاوکارییەکی سەربازانە لەگەڵ هاوپەیمانەکان ستراتیژێکی سوودبەخش نەدەبوو.

هەرجارێک کورد بڕوای بە پشتگیریی دەرەوە کردبێ، ماڵی کاول بووە. ئەو دەمەی شیرازەی دەوڵەتی عوسمانی تێک چوو، بریتانیا و فرانسە پەیمانیان دا ڕێگە بدەن کورد دەوڵەتی خۆی چێ بکات. لە ساڵانی حەفتاکاندا، شای ئێران و سی. ئای. ئەی هاریکاریی کوردیان کرد و پاشان پشتیان بەردا.

جگە لەوەش، باروبۆخی پێشمەرگەی کورد، هێندە خراپ بوو، کاریکی سەربازیی گەورەی پێ ڕانەدەپەڕی و ڕێگەشی بۆ تۆڵەستاندنەوەی لەشکری عێراق خۆش دەکرد. یەکێک لە ئەندامانی «سەرکردایەتیی شۆڕش» لە عێراق لەم ماوەیەدا، لە سلێمانی بە خەڵکی شارەکەی گوت: «ئەگەر هەڵەبجەتان لەبیر چووەتەوە، ئەوا ئێمە ئامادەین ئەمجارەیش دووبارەی بکەینەوە».

لە پاریس، سەرکردەیەکی کورد بە ڕۆژنامەی «لیبراسیۆن»ی گوت کە عێراق لەوانەیە نەیوێرابێ یان فریا نەکەوتبێ گازی ژەهراوی دژی هاوپەیمانەکان بەکاربهێنێ، بەڵام ئامادەیە دژی کورد چەکی کیمیایی و بایۆلۆجیش بخاتە گەڕ.

بزووتنەوەی کوردی، لە جیاتی ئەوە، لەگەڵ بەرهەڵستانی عێراق – شیعە و چەپ- هاریکاریی سیاسیی کرد. لە کۆتاییی دیسەمبەردا، بەرهەڵستانی عێراقی لەسەر – دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان- ڕێککەوتن.

بە لاوازبوونی هێزی سەربازیی سەددام و پتەوبوونی ڕاپەڕیوەکانی عێراق، هیوای کوردەکان زیتر دەبێ، چاوەڕوانی کەوتنی دیکتاتۆرن. بە ڕووخانی وی هیوایان وایە، بتوانن دۆزی کورد بکەنە خاڵێکی ئەو گفتوگۆیەی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کە زۆر لایەن بە چاکی دەزانێ بێتە گۆڕێ. سەرکردەکانی کورد پێیان وایە قوربانی و داواکاریی کورد زۆر چاک دەچێتە ڕیزی دۆزی فەلەستینەوە. بۆ ئەوەی هەوڵدانی دیپلۆماسی لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی و هێمنیی نێوچەکە سەربگرێ، نابێ ئەمجارەش کورد بکرێتە قوربانی.

ڕۆژنامەی داگینس نویهێتەر- ی سویدی
هەینی، هەشتی مارتی ١٩٩١

□

# ماچەکانی بەغدا

دەبێ وێنەکانی تەلەڤیزیۆنی بەغدا بۆ سەددام حوسەین سەرکەوتن بووبن. ئەوێک کە وەک تاوانکاری شەڕ دەستنیشان کراوە، لە لایەن سەرکردەکانی گەلێکەوە ماچ کرا، کە لە بەرچاوی جیهان وەک قوربانیی هەرە ئازارچێشتووی ئەو پیاوکوژە ناسراون.

ماچەکان و لەئامێزگرتنەکان، دوای ئەوەی عیراق و نوێنەرانی سەرکردەکانی کورد «وەک سەرەتایەک» ڕێککەوتوون لەسەر سەربەخۆیی بۆ کوردەکان، رووی دا. بەڵام بەڵێنەکانی ڕێژیمی عیراق زەحمەتە لەبەر ئەوە بن کە سەددام حوسەین لەپڕ وای لێ هاتبێ لە هاوولاتە کوردەکان، کە دەیان ساڵە ئازاری داون، تێبگات.

کە زۆردارەکەی عیراق بانگهێشتنی کوردەکانی بۆ گفتوگۆ کردووە، ئەمە هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی خۆی لە وەزعێکی تەنگەبەر رزگار بکات. لە کاتێکدا ولاتەکە بۆتە وێرانە و پێویستییەکی یەکجار زۆری بەوەیە سەرلەنوێ بتوانێ نەوت بفرۆشێ، ئاشکرایە کە دەیەوێ کۆسپی مەسەلەی کورد لاببات، کە بە هۆی گوشاری رای جیهانییەوە بۆتە یەکێک لە ئاستەنگە گرنگەکانی بەردەمی بە تەواوی لابردنی گەمارۆکانی دژ بە عیراق.

بناخەی پێکهاتنەکە پەیماننامەیەکی ساڵی ١٩٧٠یە لە مەڕ مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردەکان. ئەو هیچ شەرمی ئەوش نایگرێ کە هەر خۆی لەو پەیماننامەیەدا بەشداربوو و پاشان بە شەڕێکی تازە دژی کوردەکان پەیمانەکەی شکاند.



جەلال تاڵەبانیی رێبەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە ناو گفتوگۆیەکەدا بوو، دەڵێ حەفتەی داهاتوو موناقەشەی «شتە وردەکان» دەکرێت – دوای ئاهەنگگێڕان بۆ رۆژی لە دایکبوونی دیکتاتۆر، بەڵام «ئەو جێیەی شەیتان خۆی تێدا دەشارێتەوە، شتە وردەکانە».

لە سەرەتای گفتوگۆیەکەدا کوردەکان گوتبوویان مەرجێکی ڕێککەوتن ئەوەیە گەرەنتیی نێونەتەوەیی هەبێ. ئەو «وردە شتە» ئێستاش بێ ئەملاوئەولا پێویستە، ئەگەر نیاز وایە پەیماننامە بنەڕەتییەکە کەمترین نرخێکی هەبێ.

لە واقیعدا ڕێژیمی بەعس بە ئاشکرا هیچی پیشان نەداوە کە دەیەوێ ئاشت ببێتەوە. پۆلیسی چەکداری عیراقی هێشتا لە شاری زاخۆی کورددا لە کاردان، ئەگەرچی سەددام حوسەین بەڵێنی بە هاوپەیمانان داوە کە بکشێتەوە.

گەمارۆکانی دژی عیراق ناکرێ لاببرێن هەتا بە تەواوی ئەوە کۆنترۆل نەکرێ کە ڕێککەوتنێک پێک دێت، ئەوەش تەنیا لەبەر خاتری کوردەکان نییە.

ئەگەر دەوڵەتان بەڵێنی خۆیان جێبەجێ نەکەن، سیاسەتی نێونەتەوەیی دەبێتە جەنگەڵ. ئەو ڕێژیمانەی بەردەوام بەڵێن و پەیمان دەشکێنن دەبێ بەوە رازی بن کە بە ئەوپەڕی گومان لێ کردنەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ و – ئەگەر دەرفەت هەبوو – بخرێنە ژێر کۆنترۆڵێکی گرانەوە.

رۆژنامەی داگینزنویهێتەر–ی سوێدی، ١٢ی ئاپریلی ١٩٩١ □



# ماچ

عەبدوڵڵا پەشێو

ئەوەی تۆ گوشیت دەست نەبوو:
ئەژدیهایەکی پێنج سەر بوو
ئەوەی ماچت کرد روو نەبوو:
تۆماری قانووی جەنگەڵ،
شوورەی بەرلین،
سمی کەر بوو.
ئەوەی پێکەنی دەم نەبوو:
گەڵی قەحپە،
بنکلکی سەگ،
کوورە گازێکی هیتلەر بوو.
ئەوەی خواردت خۆراک نەبوو:
گۆشتی زارۆ،
خوێنی داوێن،
کاسە سەر بوو.
ئەوەی شەوێ تێیدا رازای
پێخەف نەبوو:
خۆڵەمێشی ولاتێکی
لە ئەتڵەسان دەربەدەر بوو.

*   *   *

دەستت گوشی؟
برۆ چارەی دەستی خۆت کە
هەتا زووە.
دوای تەوقەکە،
تووشی گولی و ئاڵۆش بووە.
هەناسەی ئەوت هەڵمژی؟!
برۆ، چارەی سیپەلکت کە
هەتا زووە.
دوای ماچەکە
گازی سیانیدی تێ چووە!

# سەبارەت گیروگرفتی کوردەکان

ئازا ئەڤدالی

ئەو راپۆرتانەی لە خەلیجەوە دێن ئەوە دەگێڕنەوە کە سەربازانی کورد بەرەی عێراق بەجێ دەهێڵن و هەڵدێن. کورد زۆر پێش ئەم شەڕە دژی ڕژێمی ئێستای عێراق بوونە و ئێستاش بەشێکن لەوانەی دەیانەوێ بزووتنەوەیەکی بەرگری دژی سەددام حوسەین دابمەزرێنن.

لە کۆبوونەوەیەکی سۆڤێتی باڵای یەکێتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤێتیدا نوێنەرانی گەل دەنگیان بۆ ئەوە دا کە کۆمەکی مرۆڤانە بدرێ بە مندالانی عێراق. من بێ ویستی خۆم یەکسەر بیرم بۆلای هەزاران منداڵی کورد چوو، کە لە لایەن سەددام حوسەینەوە لەناوبراون لە کوردستانی عێراق. لاپەڕەیەکی رەش و شەرمهێنەر لە مێژووی عێراقدا شاری هەڵەبجەی کوردە، کە لە ئەنجامی هێرشێکی کیمیاییدا دژی خەڵکەکەی، کرایە شارێکی مردوو.

لەو کاتەدا خۆپیشاندانی ناڕەزایی لە گەلێ وڵاتی ئەورووپای رۆژاوادا ریک خرا. لە پاییزی ۱۹۸۹ دا، کۆمەڵەیەکی فرانسایی، فرانس- لیبێرتێ، بە سەرۆکایەتیی دانییل میتران، خانمی سەرکۆماری فرانسا، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی‌ی ریک خست: «کورد: مافی مرۆڤایەتی و ناسنامەی نەتەوایەتی» بە پێشدەستیی ئەندریێ ساخارۆڤ، بەشدارانی کۆنفرانسەکە داوایان لە سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە لەبارەی مەسەلەی کوردەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ریک بخات. هەروەها کۆنفرانسەکە راسپێرینامەیەکی بڵاوکردەوە بۆ دامەزراندنی کۆمیتەیەکی بەردەوام بۆ دیفاع لە مافی کوردان لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین و، دەزگایەکی تایبەتی بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەموو گەلی کورد، کە نوێنەرانی لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا پلەی چاودێریکاریان بۆ دەستەبەر بکرێ. تەنیا وڵاتی ئێمە و دەزگاکانی راگەیاندنی سۆڤێتی لەو باسە بێدەنگ بوون.

هیوادارم کاتێ کە ناکۆکیی خەلیج دەبڕێتەوە، گیروگرفتی کوردان لەگەڵ باسە گرنگەکانی دیکەدا بخرێتە سەر بەرنامەی کاری رۆژانە.

یەکێتیی سۆڤێت، وەک وڵاتێک کە هاوسنووری ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدا دەژین و لەنێو سنوورەکانی خۆیشیدا نیو ملیۆن کورد دەژین، دەتوانێ رۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتەدا هەبێ.

Aza Avdali
Moscow News, Weekly
No. 6, 1991
February 10-17,1990.

□



لە پێناو پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەدا
بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی

# چیرۆکەکانی گۆڤاری «هاوار»

فەرهاد پیربال

گۆڤاری «هاوار» نەک تەنیا ئەو چیرۆکە بڵاوکراوانەی کە لێرەدا بیبلیۆگرافیامان بۆ کردوون، بەڵکوو ناوەڕۆک و قورسایی‌یە ئەدەبییەکەی گۆڤارەکە خۆی - بەشێوەیەکی گشتی، کە لە دواییدا «رۆناهی» و «رۆژا نوو»شی هێنایە ئاراوە، وامان لێ دەکا چیتر باوەڕمان بەو لێکۆڵینەوە دەستکورت و ناتەواوانەی چیرۆکی کوردی، هەروەها بەو رێبازە «جوگرافی»یە گیرخواردووە ئیفلیجانە نەمێنێ، لە سەرتاپای رەخنەگر و توێژەرەوەکانی کوردی عێراق (لە ئەنجامی سنوورێکی دەستکردی سیاسی) ناچار بوونە بەسەر رێبازی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی هاوچاخی کوردیدا بسەپێنن.(١)

گۆڤاری «هاوار» حاڵی وەکوو حاڵی چەندین گۆڤاری دیکە، وەکوو دەیان دیاردەی ئەدەبیی گەورەی دیکە، رۆڵ و شوێنی راستەقینەیان، لە مێژووی تازەبوونەوەی ئەدەبەکەماندا، نەک هەر تێنەخوێندراوەتەوە، بەڵکوو هەر بە تەواوی فەرامۆشیش کراون. ئەمەش هۆیەکەی لەوانەیە ئەوەبێ: ئەو توێژەر و مێژووی ئەدەبی کوردی نووسانەی کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەبارەی دیاریکردنی قۆناخەکانی «سەرهەڵدان» و «نەشونما» و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی ئەنجام داوە، بەشی هەرە زۆریان کوردی عێراقن، ئێ ئەوانیش - بێ ئەوەی گوناهی خۆیان بێ- چاوی لێکۆڵینەوەیان نەیتوانیوە «دەرەوەی سنووری عێراق» ببینێت و بووژانەوە و بزووتنەوە ئەدەبییە

گەورەکانی دەرەوەی کوردستانی عێراق (کە زۆر جاران گەلێک لەوانی ناو عێراقیش گرنگترن) بخاتە چوارچێوەیەکی یەکانگیری گشتییەوە.

دۆزینەوەی ڕێبازی ڕاستەقینە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی چیرۆکی کوردی، هەروەها بۆ دیاریکردنی قۆناخەکانی «سەرهەڵدان» و «نەشونما» و پێگەیشتنی (تازەبوونەوە ئەدەبییەکەمان)، بە پلەی یەکەم، دەبێتە ئەرکی سەرشانی ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانەی کە ئەمڕۆ «لە دەرەوەی ئەو زیندانە»، لە دەرەوەی ئەو ڕێبازە زیندانکراوەدا دەژین: لە ئەورووپا، چونکە ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانە لە ئەورووپا، دەستیان دەگاتە هەر سەرچاوەیەکی بیانەوێ.

ئێمە لێرەدا هەر قسەیەکی خێری دیکە بکەین، لەوە زلتر دەکەوێتەوە کە بە کردەوە هیچ کرابێ، بۆیە جارێ وای بە باشتر دەزانین ئەم ڕاستییە، یان ئەو پێشنیازە، تەنها وەک پەراوێزێک جێ بهێڵین و بێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان.

پێش هەموو شتێک، پێویستە پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە گرنگە درێژ بکەین، کە ئەو زەمینە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا لە شاری (دیمەشق) گۆڤاری هاواری هێنایە بەرهەم: زەمینەیەکی هەتا بڵێی بە بڕشت و پتەو، -لە ئاستە ئەدەبییەکەشدا- دەوڵەمەند و نوێخواز بوو.

لەو سەردەمەی سییەکاندا، جگە لە جەلادەت بەدرخان، سەرنووسەری گۆڤاری هاوار، ژمارەیەکی زۆری دیکەی کوردی ئاوارە (کە لە ئەنجامی تێکشکانی شۆڕشی کوردستانی تورکیا پەڕاگەندەی دیمەشق ببوون)، هەروەها وێڕای ڕۆشنبیرانی کوردی سووریا خۆیان، لە شاری دیمەشق لە گەڕەکی «حي الاکراد» کۆببوونەوە، کە ئەو کاتەش تەنها گەڕەکی «حي الاکراد» چل هەزار کوردی تێدا دەژیا.(٢)

ڕووناکبیرانی کورد لەو سەردەمەدا: جەلادەت بەدرخان، قەدریجان، نوورەدین زازا، عوسمان سەبری، ئەکرەم جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا، جگەرخوێن، هەمزە بەگ، دکتۆر نافز، عەلی ئاغا زلفۆ و دەیانی تر، چەندین ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی، کۆڕ و کۆمەڵەی ئەدەبی و زمانەوانییان لە شاری «دیمەشق» درووست کردبوو، لەناو ژیانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی دەوڵەمەند و بەرفراواندا دەژیان.(٣) یەکێک لەو ڕووناکبیرانە دەگێڕێتەوە کە گوایە جاری وا هەبوو بیست کەس بە جارێک لەسەر مێزێک کۆدەبوونەوە و بەدەم خواردنەوەی قاوەوە، دەمەقاڵێ و گفتوگۆیان لە بارەی شتی جۆراوجۆرەوە سازدەکرد: لە بارەی ئەدەب، لەبارەی گیروگرفتەکانی زمانەوانی، لە بارەی فەلسەفە، سیاسەت، هەڵوێستی فەرەنسییەکان بەرامبەر بە کورد، تورکەکان، عەرەبەکان ...(٤)



جەلادەت بەدرخان (١٨٩٧- ١٩٥١) سەرنووسەر و بەرپرسیاری گۆڤارەکە خۆی، زمانەوان و ڕۆشنبیر، ئەورووپا دیدە، جگە لە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی، زمانی یۆنانی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ڕووسیشی دەزانی.

ئەو زەمینە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە دەوڵەمەندەی بەتایبەت (جەلادەت بەدرخان) و بە شێوەیەکی گشتی (هاوکار و نووسەرانی گۆڤارەکە)، وەکو: کامەران بەدرخان، هۆشندی سۆری، عوسمان سەبری، نوورەدین زازا، عەبدولڕەحمان ڕۆژکی، گۆران... کە لە ڕێگای خوێندەنەوەی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی ئەورووپاوە وەدەستیان هێنابوو، وێڕای هاوکاری و بڵاوکردنەوەی بەردەوامی چەندین نووسەری گەورەی دیکە وەکوو قەدریجان، مستەفا ئەحمەد بۆتی، جگەرخوێن... هۆکارێکی گرنگ بوون لەوەی کە گۆڤاری هاوار ڕەوتێکی تازەگەر و نوێخواز بگرێتە بەر، ڕەوتێک بگرێتەبەر کە ئیتر گۆڤارەکانی پێش سەردەمی خۆی، بەو شێوە پێگەیشتووە، نەیانبوو: بڵاوکردنەوەی چیرۆک، شیعری نوێ یان شیعری ئازاد، شانۆنامە، وەرگێڕان لە زمانی فەرەنسییەوە بە تایبەت و لە زمانە ئەورووپییەکانەوە بە گشتی بۆ سەر زمانی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر، جگە لەو بایەخدانە بێهاوتا و فراوانەی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی، کوردی نووسینی پەتی، هەروەها مەسەلەی بەکارهێنانی «ئەلفبای لاتینی» بۆ نووسینی کوردی.(٥)

لەم گوتارە ڕاگوزارییەی ئێرەدا، ئێمە دەمانەوێ تەنیا لە بارەی دیاردەی (چیرۆک) - لە گۆڤارەکەدا، هەندێ سەرنج بخەینە بەرچاو. (ڕۆژە لسکۆ) کە یەکێکە لە کوردناسە فەرەنسییەکان، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لە بارەی مێژووی ئەدەبیاتی تازەی کوردییەوە، بایەخێکی تایبەت بە گۆڤاری «هاوار» دەدات و لە پاڵ گۆڤاری «ڕۆناهی» و «ڕۆژا نوو»؛ گۆڤاری هاوار بە یەکێک لە «کۆڵەکە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی» لەقەڵەم دەدات؛ لەمەش گرنگتر ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەی بە تایبەت گۆڤاری هاوار و ئەمجا ڕۆناهی بە قوتابخانەیەک لە ئەدەبی کوردیدا ناو دەبات و ناوی دەنێ «قوتابخانەی دیمەشقی» لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا.(٦)

بەم شێوەیە، بەپێی ئەم بۆچوونەی (ڕۆژە لسکۆ)، ئەگەر بسەلمێ کە لە سەرەتای ساڵانی سییەکانەوە، تا چلەکان، قوتابخانەیەکی تایبەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە ناوی قوتابخانەی دیمەشقی هەبووبێ، کەواتە ئەوەش دەسەلمێ کە لەو سەردەمەدا -لە ساڵانی سی و چلەکاندا- قوتابخانەیەکی دیمەشقی بۆ چیرۆکی کوردیش هەیە- سەبارەت بەوەی کە چیرۆکیش یەکێک

بووە لەو هونەرە ئەدەبییە هەرە دەوڵەمەند و جەماوەری و بەربڵاوانە، تەنانەت لە هەمووشیان زیاتر بایەخی پێ دراوە. لە هەمان کاتدا کوردناسێکی دیکەی فەرەنسی «پێنج غۆندۆ » کە لەو سەردەمەدا لە دیمەشق ژیاوە، گۆڤاری هاوار بە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردستانی عێراق بەراورد دەکات و دەڵێ: «ئەو تەکان و بووژانەوە رۆشنبیرییە کوردییەی کە ئەمڕۆ لە سووریەدا هەیە، شێوەیەکی هەتا بڵێی رەسەنتریان هەیە»[٧]

کەچی بەداخەوە ئێمە خۆمان ئەدەبەکەی خۆمان بەو روانینە قووڵ و یەکانگیرە سەیر نەکردووە- تەنانەت هەر ئاوڕیشمان لەو دیاردە ئەدەبییە گرنگانەی «دەرەوەی کوردستانی عێراق» نەداوەتەوە.[٨]

چیرۆکی هونەریی کوردی
لە قۆناخی یەکەمی گۆڤاری هاواردا (١٩٣٢-١٩٣٥)

لە کوردستانی عێراقدا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٣٩، لە کاتێکدا وەک حسێن عارف دەڵێ کە لەو ماوەیەدا ژمارەی چیرۆکە کوردیەکانمان لە ژمارەی پەنجەی دەست تێناپەڕێ!![٩] یان کە هەندێ توێژەر و نووسەری دیکەی کورد، ئەم قۆناخەی سەرەتای سییەکان (١٩٣٢-١٩٣٥) بە «سادە» و «ناتەواو» تێدەگەن و وا دەزانن لەو ماوەیەدا تەنیا شەش چیرۆکی ریپۆرتاژی و ناتەواو بڵاوکراونەتەوە[١٠] کەچی دەبینین بە پێچەوانەوە: لە هەمان قۆناخدا، واتە لە قۆناخی یەکەمی گۆڤاری هاواردا، چیرۆکی هونەریی کوردی گەیشتۆتە چڵەپۆپەیەک کە سێ چیرۆکنووسی زۆر کارامە و هونەرمەندی لێ کەوتۆتەوە، لەوانە: کامەران بەدرخان (٨ چیرۆک)، جەلادەت بەدرخان (٧ چیرۆک)، مستەفا ئەحمەد بۆتی (٦ چیرۆک)[١١]، ئەمە جگە لە چەند چیرۆکنووسی دیکەی وەکوو عوسمان سەبری، قەدریجان، جگەرخوێن، جەمیلی حاجۆ، ع. حەسەن کە هەر یەکەیان جارێ تەنیا ٢-٣ چیرۆکیان بڵاوکردۆتەوە و پاشان لە قۆناخی دووەمی هاواردا (١٩٤١-١٩٤٣) هەندێک لەو چیرۆکنووسانە، چالاکانە و بەردەوام، درێژە بە کاروانەکە دەدەن.[١٢]

بەم شێوەیە سەرجەمی چیرۆکە بڵاوکراوەکانی قۆناخی یەکەمی «هاوار» (١٩٣٢-١٩٣٥)، واتە چەندین ساڵ بەر لە دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)، ژمارەیان دەگاتە ٣٧ چیرۆک؛ واتە بەقەد هەموو ئەو چیرۆکە کوردییانەی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراونەتەوە!

گرنگی و بایەخی ئەم چیرۆکانە تەنیا لەرووی چەندایەتی و ژمارەیانەوە نییە، بەڵکوو لەرووی تەکنیک و ناوەڕۆک و شێواز و زمانی دەربڕینیشیەوە:



ئەم چیرۆکانەی گۆڤاری هاوار (١٩٣٢-١٩٣٥) جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ چیرۆکە بڵاوکراوەکانی پێش سەردەمی خۆیان (١٩١٣-١٩٣٢) هەیە. تەنانەت چیرۆکی هونەریی ئەوتۆیان تێدایە کە بە نموونەی زۆر بەرز و پرشنگداری چیرۆکی هونەریی کوردی لە قەڵەم دەدرێن.

لەم قۆناخەی گۆڤاری هاواردا (١٩٣٢-١٩٣٥) دەبینین بۆ یەکەمین جار لە مێژووی چیرۆکنووسیی کوردیدا، چەند چیرۆکنووسێک خۆیان بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ هونەری چیرۆکنووسین تەرخان کردبێت و چیرۆکیان لەلا بووبێتە «خەمێک» و «هونەرێک» و «پیشەیەک»: هەناسە درێژانە، زیاتر لە ٧-٨ چیرۆکیان بڵاوکردبێتەوە.[١٣]

هەروەها بۆ نموونە - لە بواری تەکنیکی چیرۆکدا- یەکەمجار دەبینین «زمانی دووەمی تاک» بۆ گێڕانەوەی چیرۆک لەلای (کامەران بەدرخان) بەکار هاتووە.[١٤] سەیر لەوەدایە چیرۆکنووسێکی کوردی عێراق نزیکەی پەنجا ساڵ دوای سەرهەڵدانی ئەم دیاردە تەکنیکییە لە چیرۆکی کوردیدا، شانازی بەوە دەکا کە «خۆی» یەکەمین چیرۆکنووسە کە ئەم تەکنیکەی «راناوی دووەمی تاک»ی لە چیرۆکی کوردیدا بەکارهێناوە.[١٥]

وێڕای تۆکمەیی (ناوەڕۆک)، جوانیی تەکنیک، رسکانی شێوە، هونەری بوونی شێوازی دەربڕین، لە هەمان کاتدا سوودوەرگرتن لە کەلەپووری میللی و بەکارهێنانی پاڵەوانە مێژوویی‌یەکان و پشت بەستن بە ژیانی رۆژانەی کوردەواری: چەند دیاردەیەکی تا بڵێی سەرنجڕاکێش و دیاری ئەو چیرۆکانەن.

چیرۆکنووسێکی وەکوو «شاکیر فەتاح» «کە هێشتا جارێ هیچ چیرۆکی لە کوردستانی عێراقدا نەنووسیوە»، لە شاری سلێمانییەوە نامەی ئافەرین و ئیعجاب بۆ ئەو چیرۆکنووس و نووسەرانەی گۆڤاری هاوار دەنێرێت و دەڵێ: هاوار: لە چاوی هەموو کوردێکدا دەخوێندرێتەوە، هەتاکوو دار و بەردی وڵاتەکەشمان دەقیژێنێ: هاوار!... هاوار!... »[١٦]

بە هەمان شێوە لە ژمارەی (٥)ی گۆڤاری هاواردا، پیرۆزبایی و ئافەریننامەی نووسەری گەورە حوسێن حوزنی موکریانی بڵاوکراوەتەوە.

بە بۆچوونی من، رەوتی تازەگەری و کاریگەرێتیی بە زەبری ئەم چیرۆکە هونەری و بڵاوکراوانەی ناو گۆڤاری هاوار (١٩٣٢-١٩٣٥)، رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری نواندووە بەسەر ئەوەی کە نووسەرانی کوردی عێراقیش، بەتایبەتی شاکر فەتاح و حوسێن حوزنی موکریانی، ئەوجا وێڕای ئەوانیش ئیبراهیم ئەحمەد و عەلادین سەجادی، بەهرە و توانای چیرۆکنووسینیان لەلا ببووژێتەوە و دەست بکەن بە نووسین و بڵاوکردنەوەی چیرۆک... هەر بۆیە

دەبینین ئەو نووسەرە ناوبراوانەی کوردی عێراق، چوار پێنج ساڵ دوای «شەپۆلی هاوار» ئیتر ئەوانیش لە گۆڤاری گەلاوێژدا (١٩٣٩)، گرنگی و بایەخێکی فراوان بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم هونەرە تازەیەی چیرۆک دەدەن. ئاشکراشە، کە ژمارەکانی گۆڤاری هاوار لەو سەردەمەدا، زۆر بە ئاسانی سنووریان دەبڕی و دەگەیشتنە دەست نووسەرەکانی کوردی عێراق. بەڵگەشمان بۆ ئەم راستییە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری نووسەرانی کوردستانی عێراق، لەوانە: شاکر فەتاح، حامید فەرەج، گۆران، بێکەس، رەفیق حیلمی، هەڤەند سۆری، تۆفیق وەهبی، ئەسیری، بشار سەگمان- لە دهۆکەوە و مەعروف جیاوک لە ئاکرێوە و چەندانی دیکە، بەرهەم و نووسراوی خۆیان لە ژمارەکانی گۆڤاری هاواردا بڵاوکردۆتەوە. تەنانەت ئاڵوگۆڕکردن و ناردنی «دەنگوباس» و «وێنە» بڵاوکراوەکانیش، لەو سەردەمەدا، لە نێوان ئەم دوو دەستەیەی نووسەرە کوردەکانی سووریا و عێراقدا دیاردەیەکی تا بڵێی سەرنجڕاکێشە.(١٧)

پێشچاوخستنی ئەم ئامار و بەراورد و راستییانە ئاشکرایە لە پێناو ئەوەدا نەبووە کە ئێمە لێرەدا بێین و هێڵێکی دیکە یان خشتەیەکی جیاواز بۆ دیاریکردنی قۆناخەکانی «سەرهەڵدان» و «نەشونما»ی چیرۆکی هونەریی کوردی ساز بکەین، چونکە ئەمە کارێکە بە تێخوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیەکیسەرتاپاییو سەرجەمگیریی هەر هەموو گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکانی وەکوو (رۆژی کورد ١٩١٣)، (ژین ١٩١٨-١٩١٩)، (پێشکەوتن ١٩٢٠-١٩٢١)(١٨) ...هتد، بەیەکەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵکوو لە پێناو ئەوەبوو کە تەنیا نیشانەیەکی پرسیار «؟» بخەینە سەر دابەشکردنی قۆناغەکانی «سەرهەڵدان» و «نەشونما» و «پێگەیشتن»ی چیرۆکی کوردی، ئەمەش بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدا کە بە چاوێکی رەخنەگرانە و وردبینانەوە بە لێکۆڵینەوەکانی پێشووماندا بچینەوە.

بە پێی ئەو سەرنجانەی لە سەرەوە پێشچاومان خستن، چیرۆکی کوردی لە ماوەی سالانی ١٩٣٢- ١٩٣٥، لە رێگای گۆڤاری هاوارەوە، ئەم خاسیەت و دیاردە پێشکەوتووانەی خوارەوەی هەبووە:

١- چیرۆکی کوردی لە ماوەی (١٩٣٢-١٩٣٥)دا سێ چیرۆکنووسی توانا و لێهاتووی پێگەیاندووە: کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، مستەفا ئەحمەد بۆتی کە .هەرسێکیان بە شێوەیەکی فراوان هەوڵیان داوە چیرۆکی هونەریی کوردی بگەیەننە ئاستێکی بالا؛ هەروەها ژمارەیەکی باشی چیرۆکیان بڵاوکردۆتەوە: هەر یەکەیان ٦ تا ١٠ چیرۆک.

ئەم سێ چیۆکنووسە، شان بەشانی چەند چیرۆکنووسێکی دیکەی



کوردستانی عێراق بە یەکێک لە پێشڕەوانی چیرۆکی هونەریمان لە قۆناغی نەشونمای (١٩٢٥-١٩٣٩) لە قەڵەم دەدرێن، کە بە شێوەیەکی فراوان و هونەرمەندانە، پەیڕەوی تەکنیکی تازەی چیرۆکی هونەرییان کردبێت و ستاتیکایەکی هاوچاخیان بۆ چیرۆکی کوردی دارشتبێت.

٢- ژمارەی چیرۆکە بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغەی یەکەمی گۆڤاری هاوار، (٣٧) چیرۆکن، واتە بەقەدەر ژمارەی هەموو چیرۆکە کوردییە بڵاوکراوەکانی نۆ ساڵی ژیانی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)ن.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا، کە چیرۆکی هونەریی کوردی، هەر لە سەرەتای سالانی سییەکانەوە، واتە لە رێگای گۆڤاری هاوارەوە، جەماوەرێکی فراوانی پەیدا کردووە و بڵاوبۆتەوە: «چیرۆک» لەو سەردەمەدا خوێنەری خۆی و جەماوەری خۆی هەبووە.

٣- لایەنە هونەرییەکانی وەکوو شێوە و تەکنیک و زمان و شێوازی دەربڕین، لە بەشێکی هەرەزۆری ئەو چیرۆکانەدا لە ئاستێکی کامڵ و پێگەیشتوودان.

٤- ئەم چیرۆکە بڵاوکراوانەی گۆڤاری هاوار (١٩٣٢-١٩٣٥)، کاریگەرێتییەکی بە زەبریان هەبووە بەسەر نووسەرە کوردە گەنجەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق، لەوانە شاکر فەتاح، حوسێن حوزنی، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلادین سەجادی؛ واتە بەسەر بووژانەوە و پەرەسەندنی چیرۆکی هونەریی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە ماوەی سالانی (١٩٣٩-١٩٤٩). ئەم دیاردەیە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری و فراوان هەیە.

٥- گۆڤاری هاوار، هەر لە یەکەم ژمارەی خۆیەوە (واتە لەو پەیڕەو و پرۆگرامەی کە لە لاپەڕەی پێشەوەی ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا، لە ساڵی ١٩٣٢دا بڵاوکراوەتەوە) بایەخێکی تایبەتی و فراوانی بە فۆرمی «چیرۆک» داوە: چ لە رووی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەریی کوردییەوە، چ لە رووی وەرگێڕان و ناساندن و لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم هونەرە تازەیەوە. لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا، لە وتاری «ئارمانج، ئاواتییا خەبات و نڤیساندنا هاوارێ» رایانگەیاندووە کە یەکێک لە پرۆگرام و ئاواتە سەرەکییەکانیان ئەوەیە کە بتوانن بایەخی زیاتر بە هونەری چیرۆک بدەن و هەوڵ بدەن «چیرۆک» و «چیرچیرۆک» زیاتر بڵاوبکەنەوە. هەروەها لە ژمارە (٥) و (٧) و (٨)دا لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی فراوان بە قەڵەمی (هڤند سۆری) نووسراوە، تێیدا بایەخی «هونەری چیرۆک» و «شانۆنامە» و «دراما» روون دەکاتەوە و نووسەرانی کورد هان دەدات لەوەی لەمەودوا پێویست وایە بایەخێکی زیاتر و

فراوانتر به نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم هونەرە درامییە تازانە بدەن. رەخنەی ئەوە لە نووسەران دەگرێ کە تا ئێستا «زۆر کەم» چیرۆکیان نووسیوە و پێویستە ئیتر لەمەبەدوا «شیعر» کەمتر و «چیرۆک» زیاتر بنووسن.

چیرۆکی هونەریی کوردی لە قۆناغی
دووەمی گۆڤاری «هاوار» دا ١٩٤١-١٩٤٣

ئەگەر سەرنج بدەینە ژمارە (١) تا (٢٦)ی گۆڤاری هاوار، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە باری دارایی‌ی گۆڤارەکە لەو ماوەیەدا (١٩٣٢-١٩٣٥) زۆر باش بووە: بەرگی گۆڤارەکە کارتۆنێکی ئەستوور بووە، هەر جارەی رەنگێکی جیاواز بۆ بەرگەکە کراوە؛ زەرد، سوور، نارنجی، شین، لاپەڕەکانیشی، واتە کاغەزەکەی: کاغەزێکی سپیی نیان بووە، جگە لەمانەش گەلێک جاران وێنە و نیگاری جۆراوجۆریان لەسەر بەرگی گۆڤارەکە یان لە ناوەوە بڵاوکردۆتەوە.

کەچی دەبینین لە ژمارە (٢٧) بەولاوە، بەرگی گۆڤارەکە بۆتە تەنیا کاغەزێکی تەنک، پەڕپووت و نابووت، لە رەنگێکی قاوەیی کاڵەوەبوودا، لاپەڕەکانیشی (کاغەزەکەی) زەردن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا تووشی گیروگرفتی دارایی هاتوون، یانیش وەک هەندێ سەرچاوە باسی دەکەن، کە لەو ماوەیەدا «کاغەز دەست نەکەوتووە».

بەم شێوەیە دەبینین، لە ژمارە (٢٧) بەولاوە، تا زیاتر بەرەو داهاتوو بێین، بارودۆخی دارایی گۆڤارەکە رۆژ بە رۆژ خراپتر و خراپتر دەبێ، دەسەڵاتی تەکنیکی و توانای شێوەکاری لاوازتر دەبێ، تەنانەت لە ژمارە (٥٤) بەولاوە، دەبینین بەرگ هەر بە یەکجاری نەماوە: بابەتەکان یەکسەڵەف، لەسەر بەرگی پێشەوەدا ریزکراون، پێڕست و بەرگ و بابەتەکان هەمووی پێکەوە لەسەر لاپەڕەی یەکەمدا تێکەڵ بە یەکتر کراون، لاپەڕەکانیشی هەتا بڵێی زەرد و کاڵ و نابووتن. دێڕەکان پەستراونەتە ناو یەکتر، بچووکتر چاپ کراون، بۆ ئەوەی پارە و کاغەز کەمتر سەرف بکا، بەرگی دەرەوەش هەر نەماوە.(١٩)

بە پێچەوانەی کز و لاوازبوونی باری دارایی و تەکنیکیی گۆڤارەکە لەم قۆناغەی دووەمدا (١٩٤١- ١٩٤٣) دەبینین کە گۆڤارەکە لە رووی کرۆک و ناوەڕۆکەوە، لەچاو قۆناغی یەکەمی، زۆر پێشکەوتووتر و فراوانتر و ناواخندارترە.

چیرۆکی هونەریی کوردی، لەم قۆناغەی دووەمی گۆڤاری هاواردا (١٩٤١-١٩٤٣) «کە لەگەڵ چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لە کوردستانی



عێراقدا، هاوڕیز و هاوقۆناغ و هاوشان دەوەستن» چ لە رووی چۆنیەتییەوە و چ لە رووی چەندایەتییەوە، پێشکەوتنێکی گەورە و دیار بە خۆیەوە دەبینێ.

لەم قۆناغەی دووەمی گۆڤاری هاواردا (١٩٤١- ١٩٤٣)، جگە لە چیرۆکە تەرجەمەکراوە ئەورووپییەکان و گێڕانەوەی بەسەرهات و رووداو (چیرۆکە ئامادەکراوەکان)، لە هەمان کاتدا (٣٣) چیرۆکی هونەریی کوردی بڵاوکراونەتەوە. کەچی دەبینین لە کوردستانی عێراقدا و لە هەمان ئەم ماوەیەدا (١٩٤١- ١٩٤٣) تەنیا (١٢) چیرۆک بڵاوکراونەتەوە.(٢٠)

ئەم بەراوردکردنە ساکارە، لەلایەک پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی چیرۆکی هونەریی کوردی- بە شێوەیەکی گشتی نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە «چیرۆکی هونەری» لەلای نووسەرە کوردەکانی سووریا، لە چاو ئەوانی کوردی عێراق – لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا- چەند لە پێشتر و پەرەسەندووتر بووە!

کارامەترین چیرۆکنووسی ئەم قۆناغەی دووەمی گۆڤاری هاوار، لەوانەیە چیرۆکنووس (نوورەدین زازا) بێت، کە هەر لە یەکەمین ژمارەی ئەم قۆناغەوە، دەست بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەری دەکات و تاکوو دوایین ژمارەی گۆڤارەکە (٧) چیرۆکی هونەریی تا بڵێی تۆکمە و سەرکەوتوو بڵاودەکاتەوە.(٢١)

شایانی باسە ئەدەبناسێکی گەورەی وەکوو (جەلادەت بەدرخان) هێندە سەرسامی فۆرم و تەکنیکی چیرۆکەکانی «نوورەدین زازا» بووە، کە ناوی ناوە «چێخۆڤی کورد» و پێی وتووە «تۆ.. چێخۆڤی ئێمەی!»(٢٢)

دووەمین چیرۆکنووسی کارامە، کە بەرهەم و چیرۆکەکانی، لەم قۆناغەی دووەمی گۆڤاری هاواردا، زیاتر پەرە دەسەنێ و دەخەملێ: (عوسمان سەبری)یە.

عوسمان سەبری، یەکەمین چیرۆکی بڵاوکراوەی خۆی لە ساڵی ١٩٣٣دا لە گۆڤاری هاواردا بڵاوکردۆتەوە. لەم ساڵە بەدواوە، لە حەوت ژمارەی ئەم گۆڤارەدا بەردەوام چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە. جێگای سەرنجە کە کوردناسی فەرەنسی تۆما بوا لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی پەخشانی هونەری کوردی و چیرۆکنووسەکانی کوردی سووریا نووسیونی، پایە و شوێنێکی تایبەتی دەبەخشێتە چیرۆکەکانی عوسمان سەبری و دەڵێ: «من بە یەکێک لە باشترین پەخشاننووسە هاوچەرخەکانی لە قەڵەم دەدەم».(٢٣)

قەدریجان، کە جگە لە وەرگێڕان و شیعر و بەرهەمەکانی دیکەی و (٦) چیرۆکی هونەریشی لەو قۆناغەدا بڵاوکردۆتەوە: بە یەکێک لە چیرۆکنووسە کارامە و هونەرمەندەکانی ئەم قۆناغەی گۆڤاری هاوار (١٩٤١-١٩٤٣) لە قەڵەم دەدرێت.

لە چیرۆکەکانیدا، لە ریگای گێڕانەوەی کارەسات و دیمەنە دڵتەزێنەکانی ژیانی کوردەوارییەوە سیستەم و پێوانگە ئاینی و دەرەبەگایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەخاتە ژێر نەشتەری تانە و رەخنە گرتنەوە. «بابەتی چیرۆکەکانی، دەرگای چەند بیروبۆچوونێکی تازە بۆ خوێنەران دەخاتە سەرپشت».(٢٤)

بشار سەگمان، چیرۆکنووسێکی بەهرەمەندی دیکەیە و لە کوردستانی عێراقەوە لە شاری دهۆکەوە چیرۆکی بۆ بڵاوکردنەوە بۆ ناردوون؛ بۆ یەکەمین جار فۆرمێکی جیاوازی، فۆرمێکی تازەی بۆ گێڕانەوەی چیرۆک بەکار هێناوە: فۆرمی «چیرۆکی مێژوویی». چوار چیرۆکی هونەریی بە پێزی لەم شێوە فۆرمە جیاوازەدا بڵاوکردۆتەوە.

جگە لەو چیرۆکنووسانەی ناومان بردن، چەند چیرۆکنووسێکی دیکەش وەکوو جگەرخوێن، کۆچەری بۆتان، ع. حەسەن، راستەدەر، جەمیلی حاجۆ و دەیانی تر، بە شێوەیەکی رێبوارانە، هەر یەکەیان دوو تا چوار چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە و ئیتر دەنگیان نەماوە.(٢٥)

دیاردەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێش، کە لە بواری ئەدەبیاتی گێڕانەوە و هونەری چیرۆکدا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار خۆی دەنوێنێ:

چیرۆکی ئامادەکراو. مەبەستمان ئەو چیرۆکانەن کە لە رۆژنامە و گۆڤارە ئەورووپییەکانی ئەو سەردەمە وەرگیراون، بە شێوەیەکی تازە بۆ خوێنەری کورد سەرلەنوێ خراونەتە قاڵبێکی هونەرییەوە. بەشی هەرە زۆری ئەو چیرۆکە ئامادەکراوانە، باسی کارەسات و رووداوەکانی ئاسیا و ئەورووپای سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم دەکەن.

ئەو چیرۆکە ئامادەکراوانە هەرچەند ژمارەیان کەم نین، بەڵام ئێمە لێرە بە «چیرۆکی کوردی» لە قەڵەممان نەداون. ئەم دیاردەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ هەیە. چالاکترین نووسەرەکانی ئەم فۆرمە ئەدەبییە لە گۆڤاری هاواردا، ئەمانەن: عەبدولڕەحمانی رۆژکی، جەمیلی تاژدۆ، خەلیلی گەنجۆ، سلێمانی فەرهۆ...(٢٦)

چەند سەرنجێکی دیکەی گشتی و سەرەنجام:

١- وەک پێشتریش پەنجەمان بۆ راکێشا، گۆڤاری هاوار بایەخێکی گرنگ و فراوانی بە هونەری «چیرۆک» داوە: لە ژمارەی (٢)ی گۆڤارەکە بەولاوە، بەشی هەرە زۆری ژمارەکان، چیرۆکی هونەریی کوردی، یان تەرجەمەکراوی، یان ئامادەکراوی تێدا بڵاوکراوەتەوە. تەنانەت جاری وا هەیە دەبینین لە یەک ژمارەدا (٢-٣) چیرۆک بڵاوکراونەتەوە. جگەلەوەش زۆر



جاران دەبینین بەتایبەتی لە ژمارەکانی ٢ تا ١١ یەک چیرۆکی کوردی بە هەردوو ئەلفبای عەرەبی و لاتینی بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم هونەرە تازەیە زیاتر بڵاوببێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێکی کورد ئەوانەی ئەلفبای دووەم باش نازانن، بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بەکارهێنانی زاراوە جۆراوجۆرەکانی وەکوو «چیرۆک»، «چرچیرۆک»، «کورتە چیرۆک»، «چیرۆکی مێژوویی»، چیرۆکنڤیس، چیرۆکبێژ ...هتد لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاواردا و لەو قۆناخەدا، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە چیرۆکنووس و نووسەرەکانی ئەو قۆناغە (١٩٣٢-١٩٣٥) تێگەیشتنێکی ستاتیکیی کەمتا زۆر کامڵ و پێشکەوتوویان لەبارەی ئەم هونەرە تازەیەوە هەبووە.

٢- ئەگەر بەراوردێکی ژمارەی چیرۆکنووسەکانی گۆڤاری هاوار بە ژمارەی چیرۆکنووسەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بکەین، دەبینین: لە کاتێکدا ئەگەر گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) تەنیا سێ چیرۆکنووسی لە کوردستانی عێراقدا پێگەیاندبێ (ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح و عەلادین سەجادی) ئەوا گۆڤاری هاوار نزیکەی ٧-٨ساڵێکیش پێش گەلاوێژ (٦) چیرۆکنووسی زۆر چالاک و هونەرمەندی پێگەیاندووە: جەلادەت بەدرخان، مستەفا ئەحمەد بۆتی، کامەران بەدرخان، نوورەدین زازا، عوسمان سەبری، قەدری جان...

کەواتە ئەم چیرۆکنووسە ناوبراوانەی گۆڤاری هاوار ١٩٣٢-١٩٤٣، چ لە رووی ناوەڕۆک و چ لە رووی ژمارەیانەوە ئەگەر پلەو پایەیان لە چاو چیرۆکنووسەکانی کوردی عێراق، زۆر زۆر بەرزتریش نەبێ، ئەوا کەمتر نییە. تەنانەت هەندێک لەوانە: کامەران بەدرخان و مستەفا ئەحمەد بۆتی و جەلادەت بەدرخان بە رێبەرانی بڵاوکردنەوە و پەرەپێسەندنی چیرۆکی هونەریی کوردی لە قەڵەم دەدرێن.

٣- لە رووی ژمارەی چیرۆکەکانیشەوە، گۆڤاری هاوار تاکە گۆڤارێکە لە ریزی هەموو گۆڤارە کوردییەکانی ساڵانی سی و چلەکاندا- کە زۆرترین ژمارەی چیرۆکی هونەریی کوردی بڵاوکردبێتەوە. بۆ نموونە «گۆڤاری گەلاوێژ» ئەگەر لە ماوەی هەموو تەمەنی خۆیدا (١٩٣٩-١٩٤٩) تەنیا ٤٣ چیرۆکی بڵاوکردبێتەوە، ئەوا گۆڤاری هاوار (١٩٣١-١٩٤٣) چەندین ساڵ پێشتریش، نزیکەی دوو قاتی ئەو (٧٠) چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە.

٤- بەشێک لە چیرۆکە کوردییەکانی گۆڤاری هاوار لە هەمان ژمارەی چیرۆکە بڵاوکراوەکەدا تەرجەمەی سەر زمانی فەرەنسی کراون. لەم بارەیەشەوە گۆڤاری هاوار، بەم تاقیکردنەوە تازەیەی خۆی بە یەکەمین گۆڤار و یەکەمین هەوڵدانی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێ، کە چیرۆکی هونەریی

کوردیی بە خوێنەرانی ئەوروپی/ فەرەنسی ناساندبێ.

٥- لە رووی ناوەڕۆک و هونەری بوونی چیرۆکەکانیشەوە، پێویستە ئەوە بگوترێ، کە هەندێ لە چیرۆکە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گەلاوێژ جارێ هێشتا هەر لە قاڵب و تەکنیکێکی ساکاردا دەژین، زیاتر لە چیرۆکی ئامۆژگاری و فۆلکلۆرییەوە نزیکن؛ بەڵام ئەم جۆرە چیرۆکانەی هاوار تەنیا ٥٪ی چیرۆکەکان پێک دێنن.

کەواتە بەشی هەرە زۆری چیرۆکە بڵاوکراوەکان، لە ئاستێکی هونەریی کامڵ و پێگەیشتوودان. بە هیچ شێوەیەک ناکرێ زاراوەی «قۆناغی ساکار»، «قۆناغی ناتەواو» بەسەر ئەم «قوتابخانە هونەرییە» پایە بەرزەی چیرۆکی کوردی- لە گۆڤاری هاواردا، بسەپێندرێ.

لێرەدا پەنجەنومای ئەوەش دەکەین، ئەو چیرۆکنووسە کوردانەی کە زمانی فەرەنسی، ئەڵمانی ، ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکەی ئەوروپییان زانیوە، وەکوو کامەران بەدرخان ونوورەدین زازا و جەلادەت بەدرخان و عوسمان سەبری و قەدریجان، چیرۆکەکانیان هەتا بڵێی کامڵتر و بەرزتر و تۆکمەترن. بەراستی شایانی ئەوەن کە بە قوتابخانەی دیمەشقی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا ناوزەد بکرێن.[٢٧]

بە کۆتایی هێنان بەم چەند دێڕە، وێڕای پێشچاوخستنی ئەم کورتە بیبلیۆگرافیایەی چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار[٢٨] ئاواتی ئەوە دەخوازین کە توژەرانی چیرۆکی کوردی، سەرلەنوێ بە چاوێکی رەخنەگرانەوە بە مەسەلەی دابەشکردن و دیاریکردنی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و نەشونمای چیرۆکی هونەریی کوردیدا بچنەوە. ئەمەش، بەپێی رێبازێکی لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ کە رێگامان بدا چیرۆکی هونەریی کوردی لە چوارچێوەی سرووشتی و یەکانگیر و فراوانەکەی خۆیدا ببینین، نەک تەنیا لە چوارچێوەیەکی «زیندانکراوی» هەرێمگەریدا...

پاریس مایسی ١٩٩٠.

سەرچاوە و پەراوێز

١- نەک تەنیا گۆڤارەکانی هاوار و رۆناهی و رۆژا نوو، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەرکەوتوون، بۆ نموونە کوردستان (١٨٩٨-١٩٠٢)، رۆژی کورد (١٩١٣)، ژین (١٩١٨-١٩١٩)، کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠)، پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢١)... ناوەڕۆک و قورسایییە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانیان بە هیچ شێوەیەک نەخراونەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی ئەوتووە کە هەر یەکەیان پایە و رۆڵی شایستەی خۆیان لە چوارچێوەی تازەبوونە ئەدەبییەکە دیاری بکرێت. تێخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم رۆژنامە و گۆڤارانە، وامان لێ دەکەن- بەراستی، کە بە شێوەیەکی «تەواو جیاواز» بیر لە مەسەلەی دیاریکردن و دابەشکردنی قۆناغەکانی ئەدەبیاتی تازەی کوردی بکەینەوە.

2– Noureddine Zaza: Ma Vie de Kurde, Ed. P–M. FAVRE, Lausanne: 1982, P: 70.

٣- بۆ زیاتر شارەزایی لە بارەی جموجۆڵە ئەدەبی و رۆشنبیری- سیاسییەکەی نووسەر و رووناکبیرە کوردەکانی شاری دیمەشق لە ساڵانی سییەکاندا، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، بە زمانی فەرەنسی، ل/ ٧٠-٩٢، یان «د. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد- ستۆکهۆڵم ل/ ١٣٤-١٣٧» یان HAWAR, Kurdish journal, No 24+57, Reprinted by Hemreş Reşo in 1976, Berlin (پێشەکییەکەی نوورەدین زازا)

4– Noureddine ZAZA: Ma Vie de Kurde, P. 71

٥- ئەم دیاردەیەی بەکارهێنانی ئەلفبای لاتینی لەلایەن گۆڤاری هاوارەوە بۆ زمانی کوردی، دەمودەست لە هەمان ساڵی ١٩٣٣دا، سەرنجی رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسیی راکێشاوە و لە گۆڤارێکی فەرەنسیدا لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەسەر نووسیوە. بڕوانە:

M. Pierre RONDOT: Publication kurde en caractêres latins (HAWAR Revue Kurde), in (Bulletin d'Etude Orientals de l'Institut Français de Damas, T II, 1933, pp.3_8

6– Roger LESCOT: Littêrature kurde "pp. 795_805, in Encyclopêdie de la plêiade, Histoire des Littêratures, ED. GALIMARD, V. 1, Paris: 1977, p. 903.

7– M. Pierre RONDOT: publication kurde en caractêren latins "HAWAR, Revue kurde" in "Bulletin d' Etuder orientals de l'institut Françes de Damas, t. II, 1933, p.3

٨- هێندەی ئاگامان لێ بێ، تا ئێستا تەنیا یەک لێکۆڵینەوەی فراوان لەبارەی گۆڤاری هاوارەوە نووسراوە، لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی «هاوار و رۆلا وێ د پێشداچوونا چاندا کوردیدا» بە قەڵەمی دکتۆر حوسێن حەبەش کە لێکۆڵینەوەیەکە لە ١٥١ لاپەڕەدا و بە زمانی رووسی، لە ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن زانکۆی مۆسکۆوە بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە KURDOX: HAWAR, Govari "ROJA NU" Stockholm, 1985, R: 4_9.



٩- حسين عارف: الواقعية الانتقادية كاتجاه رئيسي في القصة الكردية ( ١٢٣-٢١٨) كتاب «ملتقى القصة الاولى، اعداد: دائرة الشؤون الثقافية» منشورات وزارة الثقافة والفنون، بغداد: ١٩٧٨،ص١٣٣.

١٠- عومەر مەعرووف بەرزنجی: لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٩)، چ. کۆڕی زانیاریی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٤٢، ١٦٤-١٦٥.

١١- لەم قۆناغەی یەکەمی گۆڤاری هاواردا (٥) چیرۆکی دیکەش بە ئیمزای (چیرۆکبێژ) و (کۆچەری بۆتان) بڵاوکراوەتەوە. ئێمە وا تێدەگەین کە ئەم دوو نازناوەش هەر هی (کامەران بەدرخان) و (جەلادەت بەدرخان)ن. جگەلەوەش جەلادەت بەدرخان چیرۆکێکی خۆی لە گۆڤاری هاواری ژمارە (٤)دا بڵاوکردۆتەوە کە لە ساڵی ١٩٢٣دا نووسراوە، واتە دوو ساڵ پێش نووسین و بڵاوبوونەوەی چیرۆکی «لە خەوما»ی جەمیل سائیب. بڕوانە بیبلیۆگرافیا، پاشبەندی ئەم وتارە.

١٢- یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاوار لە رۆژی ١٩٣٢/٥/١٥ بڵاوکراوەتەوە. لە ١٩٣٣/٧/٢٥ تا ١٩٣٤/٤/١، واتە بۆ ماوەی حەوت مانگ راوەستاوە. پاشان دیسان دەرکەوتۆتەوە، تا لە رۆژی ١٩٣٥/٨/١٨ ژمارە ٢٦ی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئیتر سەرلەنوێ جارێکی دیکە بۆ ماوەی ٦ ساڵ راوەستاوە. قۆناغی دووەمی لە ١٩٤١/٤/١٥ دەست پێ دەکا تا ١٩٤٣/٨/١٥. (٥٧ ژمارە).

١٣- لە ریزی ئەم چیرۆکنووسانە، بۆ نموونە کامەران بەدرخان، هەر لە هەمان ساڵانی سییەکاندا دوو کورتە رۆمانیشی بە زمانی کوردی نووسیون. یەکەمیان بە ناوی هەڵۆی کوردستان (١٤٤ لاپەڕەیە) L' Aigle du kurdistan دووەمیشیان بە ناوی پادشای کوردستان Le Rois du kurdistan کە لە ساڵانی سییەکاندا لەلایەن چیرۆکنووس خۆی و نووسەرێکی فەرەنسی بە ناوی Adolphe de FALGAIROLLE لە کوردییەوە تەرجەمەی سەر زمانی فەرەنسی کراوە و لە پاریس چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

Emir kamuran A. Bedir– Khan: Le Roi du kurdistan, Roman êpique traduit du par Emir k. A. Beder–Khan: kurde el Adolphe de FALGAIROLLE, Ed. OPHRYSGAP, Paris: ? 84 Pages.

هەمان رۆمانی ناوبراو تەرجەمەی ئەڵمانیش کراوە.

١٤- کامەران بەدرخان: (لاوکێ من)، گ. هاوار، س (١)، ژ (٤)، تیرمەهێ ١٩٣٢، ل ٦-٧. هەروەها لە چیرۆکی (کۆچەرا میران) گ. هاوار، س (٤)، ژ (٢٦) ئۆگەستی ١٩٣٥، ل ٧-٨.

١٥- محەمەد فەریق حەسەن: رستێک زەنگیانەی ئاوی چ. عەلاء، بەغدا: ١٩٧٩، ل ٣.

١٦- شاکر فەتاح: هاوار، .... هاوار، ژ (٦)، س ١٩٣٢ ل١.

١٧- هاوار لەو گۆڤارانە بووە کە خۆی بە موڵکی هەموو کورد زانیوە؛ پەیڕەوی ئایدۆلۆژیای کوردستانی گەورەی کردووە. ئاڵای کوردستانی گەورەی کردۆتە بەرگی یەکێک لە ژمارەکانی خۆی: ژمارە ٢٧ی ساڵی ١٩٤١.

١٨- رۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢١) کە «رۆژنامەیەکە خۆ لە عێراقیش دەرچووە!؟» هیچ توژەر و نووسەرێکی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی چیرۆکی هونەریی کوردی کردووە، باسی ئەو هەموو چیرۆکە کوردییە بڵاوکراوانەی ناو رۆژنامەی پێشکەوتنیان نەکردووە؛ لە کاتێکدا ئەم رۆژنامەیە بە یەکەمین رۆژنامەی کوردی دادەنرێت لە ئاستی بڵاوکردنەوەی زۆری چیرۆکی کوردی و لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی چیرۆکی تەرجەمەکراوی ئەوروپی. لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی «رۆڵی رۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢١) لە بواری سەرهەڵدان و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەریی کوردیدا» پێشچاو خوێنەران دەخەین.

١٩- بۆ ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پشتمان بە نوسخە ئۆرگیناڵەکانی گۆڤاری هاوار خۆی بەستووە، کە هەر هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، بە ئیمزای جەلادەت بەدرخان خۆی پێشکەش بە سەرۆکی ئەو کتێبخانەیە کراون. ناونیشانی ئەو کتێبخانەیە ئەمەیە:

Bib, INT. DES LS. ORIENTALES
4, Rue de Lille
75007 Paris
Tel:42 61 62 03

٢٠- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٠)، لاپەڕە ١٦٦-١٦٧

٢١- نوورەدین زازا (١٩١٩-١٩٨٧) لە هەمان کاتدا وەرگێڕێکی زۆر چاک و چالاکی چیرۆکی ئەوروپیش بووە. چەند چیرۆکێکی ئەوروپی لە زمانی فەرەنسییەوە کردۆتە کوردی و لە گۆڤاری هاواردا بڵاوکراونەتەوە. بڕوانە بیبلیۆگرافیای پاشکۆی ئەم وتارە.

22– HAWAR, kurdish journal, nn 24–57, Reprinted by Hemreş Reşo in 1976, Berlin, p. 5

23– Thomas Bois: Connaissance des kurdes, khayats, Beyrouth: 1965, p. 133.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٣.

٢٥- لە ریزی ئەو چیرۆکنووسە کوردانەی سووریا، لەوانەیە شاعیری ناودار «جگەرخوێن» یەکەمین کەسێک بێت کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵە چیرۆکەکانی خۆی لە شێوەی کتێبێکدا چاپ و بڵاوکردبێتەوە. بڕوانە: «جگەرخوێن: جیم و گوڵپەری چیرۆکی بە شێوەی کرمانجی و بە پیتی لاتینی نووسراوە، لە سووریا لە ساڵی ١٩٤٦ چاپکراوە، ٦٠ لاپەڕەیە.

٢٦- بۆ نموونە بڕوانە ژمارەکانی «٧،٨، ٣٦، ٤٦، ٤٩، ٥٧

...هتد». شایانی باسە کە ئەم فۆرمە ئەدەبییە ناوبراوە بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر و بەربلاوتر لە گۆڤاری «ڕۆناهی»دا بەدی دەکرێ. لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی «چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕۆناهی» بە درێژی لەم دیاردە و فۆرمە ئەدەبییە دەدوێین.

٢٧- دیارە ئەم ناوزەد کردنە لەلایەن «ڕۆژە لسکۆ»وە، تەنیا بۆ چیرۆک نییە، بەڵکوو بۆ شیعریش و بۆ سەرتاپای ناوەڕۆکە ئەدەبی و هونەرییەکەی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەیساڵانی سی و چلەکانە لە کوردستانی ڕۆژاوادا.

٢٨- جگە لە گۆڤاری هاوار، گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکەش هەن، کە ڕۆڵێکی گەورە و فراوانیان لە بواری بڵاوکردنەوە و پێشکەوتنی چیرۆکی کوردیدا هەبووە، وەکوو: (پێشکەوتن)، (ڕۆژا نوو)، (ڕۆناهی)... کە تا ئێستا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە.

* * *

## *بیبلیۆگرافیای چیرۆکەکانی گۆڤاری «هاوار»*

١- دوو عەگید، د. کامەران بەدرخان، هاوار، س (١)، ژ (٢)، یەکی حوزەیرانی ١٩٣٢، ل٥.

٢- بەر تەڤنا مەهفوورێ، جەلادەت عالی بەدرخان، هاوار، س ١، ژ ٤، ٣ی تیرمەهێ ١٩٣٢، ل ٢-٦، هەروەها ل ١-٤ (چیرۆکێکی درێژی هونەرییە بە هەردوو ئەلفبای لاتینی و عەرەبی، لە هەردوو بەشەکەدا بڵاوبۆتەوە. چیرۆکنووس لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بەرواری نووسینی چیرۆکەکەی بڵاوکردۆتەوە و نیشانی داوە کە ئەم چیرۆکەی لە ساڵی ١٩٢٣ لە بەیرووت نووسیوە).

٣- لاوکی من، د. کامەران عالی بەدرخان، هاوار س (١)، ژ (٤)، (٣)ی تیرمەهێ ١٩٣٢، ل ٦-٧. (چیرۆکنووس بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، ڕاناوی دووەمی تاکی بەکارهێناوە.)

٤- بەسرەکا زێڕین، د. کامەران بەدرخان، هاوار، س (١)، ژ (٥)، (٢٠)ی تیرمەهێ ١٩٣٢، ل ٥.

٥- دڵدزیا گولەکی، قەدریجان، هاوار، س (١)، ژ (٥)، (٢٠)ی تیرمەهێ ١٩٣٢، ل ٥-٧.

٦- مار و مرۆڤ، نووسینی (چیرۆکبێژ)، هاوار س (١)، ژ (٦)، (٨)ی تباخ (١٩٣٢)، ل ٣ و ٤ (هەر ئەم چیرۆکە لە ژمارە (٧)، ل (٨)ی گۆڤارەکەدا تەرجەمەی زمانی فەرەنسی کراوە).

٧- دیک و رووڤی، نووسینی (چیرۆکبێژ)، هاوار، س (١)، ژ (٦)، (٨)ی تباخ (١٩٣٢)، ل ٤.

٨- هاسنگەر، قەدریجان، هاوار، س (١)، ژ (٧)، (٢٥)ی تباخ (١٩٣٢)، ل ٤-٥.

٩- شیرانیا زمانی کرمانجی، جەلادەت عالی بەدرخان، هاوار، س (١)، ژ (٨)، (١٢) ئەیلوولی (١٩٣٢)، ل ١-٢.

١٠- مەلایێ گولێ، جەمیلێ حاجۆ، هاوار، س (١)، ژ (٩)، (٣٠)ی سێپتەمبەری (١٩٣٢)، ل ٢-٣.

١١- میر و مار، کۆچەری بۆتان، هاوار، س (١)، ژ (٩)، (٣٠)سێپتەمبەری (١٩٣٢)، ل ٤-٥.

١٢- میر و قەشە، کۆچەری بۆتان، هاوار، س (١)، ژ (٩)، (٣٠)سێپتەمبەری (١٩٣٢)، ل ٢.

١٣- لەیلانا ڕاستیێ، د. کامەران عالی بەدرخان، هاوار، س (١)، ژ (١٠)، (٢٣) ئۆکتۆبەری (١٩٣٢)، ل ١-٢.

١٤- میر و گوند، کۆچەری بۆتان، هاوار، س (١)، ژ (١٠)، (٢٣)ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٢، ل٣.

١٥- کەو و قتک، مستەفا ئەحمەد بۆتی، هاوار، س ١، ژ ١٢، (٢٧)ی نۆڤەمبەری ١٩٣٢، ل ٧-٨.

١٦- کەر و گورگ و ڕێوی، کۆچەری بۆتان، هاوار، س (١)، ژ (١٢)، (٢٧)ی نۆڤەمبەری ١٩٣٢، ل ٥-٦، «ئەمەیان ناوەڕۆکێکی فۆلکلۆریی هەیە، لەسەر زمانی گیاندارانە. لە هەمان ژمارەدا، ل ٦-٧ تەرجەمەی سەر زمانی فەرەنسی کراوە.

١٧- چیرۆکا بنگولێ، هەرەکۆل ئازیزان، جەلادەت عالی بەدرخان، هاوار، س (١)، ژ (١١)، (٣١)نۆڤەمبەری (١٩٣٢)، ل ٦. (چیرۆکێکی بە ناوەڕۆک میللییە، بە شێوازێکی تازە داڕێژراوە. لە هەمان ژمارەدا، ل ٦-٧، تەرجەمەی سەر زمانی فەرەنسی کراوە. وەرگێڕانی (هەرەکۆل ئازیزان).

١٨- بوهارا دێریکێ، قەدریجان، هاوار، س (١)، ژ (٣١)، (٤)ی دیسەمبەری (١٩٣٢)، ل ٤-٥.

١٩- سیابەندێ سلیڤی، هەرەکۆل ئازیزان، هاوار، س (١)، ژ (٣١)، (١٤)دیسەمبەری ١٩٣٢، ل ٥-٦، (چیرۆکێکی خەج و سیامەندی فۆلکلۆری دەگێڕێتەوە، بە تەکنیک و شێوازێکی تازە).

٢٠- بەسەرهاتیا ڕەشۆیی داری، جەمیلی حاجۆ، هاوار، س (١)، ژ (١٤)، (٣١) کانوونی یەکەمی (١٩٣٢)، ل ٤-٥.

٢١- لە کوردستانی خوێنیندا، نووسینی (کـ..)، هاوار، س (١)، ژ (١٤)، ل ٦. (ئەم چیرۆکە بە دیالێکتی سۆرانی نووسراوە. لە ژێر ناونیشانی چیرۆکەکەدا نووسراوە لە سەر شێوەی منالێکی یۆنانیی ڤیکتۆر هۆگۆ وەرگیراوە).

٢٢- جوهابێن کۆچەری، مستەفا ئەحمەد بۆتی، هاوار، س (١)، ژ (١٥)، (٢٣) کانوونی دووەمی ١٩٣٣، ل ٦-٧.

٢٣- شێر و گایێ زەر، مستەفا ئەحمەد بۆتی، هاوار، س (٢)، ژ ١٨، (٢٧) ئازاری ١٩٣٣، ل ٧.

٢٤- خەونا ڕاستیێ، ع. حەسەن، هاوار، س (٢)، ژ (١٩)، (١٧) نیسانی ١٩٣٣، ل ٥.



٢٥- بیانیەکی ج دیتنە، هەرەکۆل ئازیزان، هاوار، س (٢)، ژ (١٩)، ل ٧-٨.

٢٦- خورتیا بنامیێ، چیرۆکبێژ، س (٢)، ژ (٢٠)، (١٨) ئاياری ١٩٣٣، ل ٥ «ناوەڕۆکێکی مەیلەو فۆلکلۆریی هەیە. زۆر کورتە).

٢٧- دوو دەنگبێژ، د. کامەران عالی بەدرخان، س (٢)، ژ (٢٠)، ل٦-٧.

٢٨- ل گۆڕستانک ئامەدێ، عوسمان سەبری، هاوار، س ٢، ژ ٢١، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٣، ل ٢-٦.

٢٩- بیرکە ئەلیاسە فەندی، ج. ع. ب. «جەلادەت عالی بەدرخان»، س (٢)، ژ (٢١)، ل ٦-٧ (بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیی لەبارەی ئەلیاسەفەندی ناوێک کە هاوڕێی چیرۆکنووس بووە و کۆچی دوایی کردووە. نووسەر بەسەرهاتەکەی بە شێوەیەکی هونەری، خستۆتە قاڵبی چیرۆکەوە).

٣٠- بیرهاتییەک، مستەفا ئەحمەد بۆتی، هاوار، س (٢)، ژ (٢١)، ل٧.

٣١- ئەیلوولیێ بیر، د. کامەران عالی بەدرخان. س (٢)، ژ (٢١)، ل١-٤.

٣٢- میر محێ، جگەرخوێن، هاوار، س (٢)، ژ (٢٢)، (١)ی تیرمەهێ (١٩٣٣)ل ٨ (بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە. چیرۆکنووس لە پێشەکیدا نووسیویەتی کە ئەم بەسەرهاتەی کردۆتە چیرۆک. یەک دوو شیعریشی لە کۆتاییدا تیا بەکارهێناوە.)

٣٣- تربا سپی و مارێ قوت، ع. حەسەن، ژ (٢٢)، ل ٨-٩.

٣٤- نقیسەڤان، د. کامەران عالی بەدرخان، ژ (٢٢)، ل ٢-٣.

٣٥- چووک و فیل، م. ئە. بۆتی، هاوار، ساڵی دووەم، ژ (٢٤)، (١)ی نیسانی ١٩٣٤، ل ٨. «پاڵەوانەکانی گیاندارن، بەڵام تەکنیکی تازەی بەکارهێناوە»

٣٦- ئەحمەدێ زەیدان، جەلادەت عالی بەدرخان، هاوار، ساڵی چوارەم، ژ (٢٦)، (١٨)ی مانگی ئۆگەست (١٩٣٥)، ل ٤-٦. (لە پەراوێزدا وشەی «چیرۆک» بەکارهاتووە. نووسەر دەڵێ کە «حاجی هەمزە کوڕی حاجی سلێمان» ناوێک ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاوەتەوە)

٣٧- کۆچەرا میران، د. کامەران عالی بەدرخان، هاوار، ساڵی چوارەم، ژ (٢٦)، ١٨ی مانگی ئۆگەست (١٩٣٥)، ل ٧-٨.

٣٨- خورشید، نوورەدین یوسف «زازا»، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ ٢٧، ١٥ی نیسانی ١٩٤١، ل ١٠.

٣٩- شوان و بەران، نووسینی چیایێ ئاگری، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٢٨)، ١٥ی مانگی گوڵانی ١٩٤١، ل ٦-٧.

٤٠- دلاوەرێ چاردەساڵی، سوبحی ڕەسووڵ، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٢٩)، (١٠)ی مانگی حوزەیرانی ١٩٤١، ل ٧.

٤١- دڵگرسی و دلۆڤانی، فیاد جەمیل پاشا، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٢٩)، (١٠)ی مانگی حوزەیرانی ١٩٤١، ل ١١.

٤٢- کەسکەسۆر، نوورەدین یوسف «زازا»، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٠)، (١)ی مانگی ژوییێ ١٩٤١، ل ٤-٥.

٤٣- گولێ، نوورەدین یوسف «زازا»، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٢٩)، (١٠)ی مانگی حوزەیرانی ١٩٤١، ل ٨-٩.

٤٤- کولیلکێن کوو ژ کوردستانێ تێن، نووسینی (تەلەف قادر حەجی عەلی بەگزادە) هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٠)، (١)ی ژوییێ ١٩٤١، ل ٧.

٤٥- ب خووەهێن گووهدرزرا، نووسینی (ڕاستەدەر)، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٠)، (١)ی ژوییێ ١٩٤١، ل ١٢.

٤٦- کورد یەکن، نووسینی (دەرکەتیەکی/ ئاوارەیەکی دەرسیمی)، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٠)، (١)ی ژوییێ ١٩٤١، ل ١٣-١٤

٤٧- ژ خۆرتان ڕا، نوورەدین یوسف «زازا»، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٠)، (١)ی مانگی ژوییێ ١٩٤١، ل ١٤.

٤٨- بەهرامێ گۆر، جگەرخوێن، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣١)، (١)ی ئۆگەستی (١٩٤١)، ل ٦.

٤٩- دەرمانێ نەزانینێ، سوبحی دیاربەکری، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٢)، (١)ی سێپتامیەری (١٩٤١)، ل ٨

٥٠- شیرەتێ ئەحمەدێ خانی، نوورەدین زازا، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٢)، (١)ی سێپتامیەری (١٩٤١)، ل ١٢.

٥١- مەلیک و کۆچەر، نووسینی دڵستان، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٥)، (١٢)ی نۆڤەمبەری (١٩٤١)، ل ٦.

٥٢- پەرێشانی، نوورەدین زازا، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٥)، (١٢)ی نۆڤەمبەری (١٩٤١)، ل ٧-٨.

٥٣- سۆند، قەدریجان، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٥)، (١٢)ی نۆڤەمبەری (١٩٤١)، ل ٨-١٠.

٥٤- کەڤیرێ مووسایێ ئەحمەد، نووسینی (ڕاستەدار)، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٦)، (١)ی دیسەمبەری (١٩٤١)، ل ٥-٦.

٥٥- ئەڤینا پەریخانێ، نوورەدین زازا، هاوار، ساڵی نۆیەم، ژ (٣٧)، (٢٠)ی دیسەمبەری (١٩٤١)، ل ٥-٦.

٥٦- گوناهـ، قەدری جان، هاوار، س ١٠، ژ (٣٩)، (١٥)ی فەبریوەری (١٩٤٢)، ل ٦-٨.

٥٧- سەگێ ژار، شێخ عابید، هاوار، س ١٠، ژ (٤٥)، (٢٠)ی حوزەیرانی (١٩٤٢)، ل ٤-٥.

٥٨- نێچیرا هرچان، عوسمان سەبری، هاوار، س ١٠، ژ (٤٨)، (١٥)ی ئۆگەستی (١٩٤٢)، ل ٤-٦.

٥٩- کیلۆپاترا (چیرۆکا تاریخی)، بشارێ سەگمان، هاوار، س

١٠، ژ (٥٠)، (١٥)ی ئۆکتۆبەری (١٩٤٢)، ل ٣-٧.

٦٠- سەلاحەدین و ریچاریٚ شێردڵ «چیرۆکا تاریخی»، بشاریٚ سەگمان، هاوار، س ١٠، ژ (٥١)، (١٥)ی نۆڤەمبەری (١٩٤٢)، ل ٣-٥.

٦١- واریٚ، عوسمان سەبری، هاوار، س ١٠، ژ (٥١)، (١٥)ی نۆڤەمبەری (١٩٤٢)، ل ٥

٦٢- شوشا دلان «چیرۆکا تاریخی»، بشاریٚ سەگمان، هاوار، س ١٠، ژ (٥١)، (١٥)ی نۆڤەمبەری (١٩٤٢)، ل ٦-٧.

٦٣- کەلەها شاهین «چیرۆکا تاریخی»، بشاریٚ سەگمان، هاوار، س ١٠، ژ (٥٢)، (٢٠)ی کانوونی دووەمی (١٩٤٣)، ل ٣-٥.

٦٤- پیرا گەندەریٚ و هەمووشیٚ کولیک، عوسمان سەبری، هاوار، س ١٠، ژ (٥٢)، (٢٠)ی کانوونی دووەمی (١٩٤٣)، ل ٨.

٦٥- رۆژێن دەربازبوویی، قەدریجان، هاوار، س ١٠، ژ (٥٢)، (٢٠)ی کانوونی دووەمی (١٩٤٢)، ل ٩-١٠.

٦٦- شەیتانقوونیٚ (١)، عوسمان سەبری، هاوار، س ١١، ژ (٥٥)، (١٥)ی حوزەیرانی (١٩٤٣)، ل ٧-٨.

٦٧- شەیتانقوونی (٢)، عوسمان سەبری، هاوار، س ١١، ژ ٥٦، (١٥)ی ژووییێ (١٩٤٣)، ل ٣-٤.

٦٨- مێشهنگڤی، م. ئە. بۆتی (مستەفا ئەحمەد بۆتی)، هاوار، س ١١، ژ (٥٦)، (١٥)ی ژووییێ (١٩٤٣)، ل ٥.

٦٩- چیرۆکەکی میسرا کەڤن «کتێبا تۆتیٚ رەب»، جەمشید، هاوار، س ١١، ژ (٥٦)، (١٥)ی ژووییێ (١٩٤٣)، ل ٦-٧.

٧٠- شەیتانقوونی، عوسمان سەبری، هاوار، س ١١، ژ (٥٧)، (١٥)ی ئۆگەستی (١٩٤٣)، ل ٣.

چیرۆکە تەرجەمەکراوەکان:

١- ستێرک، ئەلفۆنس دۆدیٚ، وەرگێڕانی- بە دەسکارییەوە- نوورەدین یوسف «زازا»، هاوار، س ٩، ژ (٣٣)، (١)ی ئۆکتۆبەری ١٩٤١، ل ٤.

٢- ئیشیٚ پاقژ، وەرگێڕانی ( ژ رۆژنامەیەک): شەڤگەر، هاوار، س ١٠، ژ ٤٢، ١٥ی نیسانی ١٩٤٢، ل ٦.

٣- خاتوون ئان پلێنگ، فرانک ستۆکتن، وەرگێڕانی نوورەدین یوسف «زازا»، هاوار، س ١٠، ژ (٤٤)، (٢٠)ی گولانی (١٩٤٢)، ل ٥-٦.

٤- مەهفوور، مۆریس بووشۆر، وەرگێڕانی: سلێمانی فەرهۆ، هاوار، س ١٠، ژ (٤٧)، (٢٥)تیرمەهـ (١٩٤٢)، ل ٣-٤.

٥- دیٚ ئان خووشک، فرانک ستۆکتن، وەرگێڕانی نوورەدین زازا، هاوار، س ١٠، ژ (٤٧)، (٢٥)تیرمەهـ (١٩٤٢)، ل ٣.

٦- گولستانا سەعدی شیرازی، وەرگێڕانی «فارسی خوێن»، هاوار، س ١١، ژ ٥٧، ١٥ی ئۆگەستی ١٩٤٣، ل ٣-٤. □



# ئاوڕدانەوەیەک

کاکەوەیس

(لەو دیوی پەرژینی تەمەوە)، کە لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری (مامۆستای کورد)دا بڵاوکرایەوە، لێکۆڵینەوەیەک بوو دەربارەی ئەو چیرۆکە کورتانەی کە لە ژمارە ٨ و ٩ی هەمان گۆڤاردا بڵاوکرابوونەوە. دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە، برایەکی دڵسۆز ئاگاداری کردمەوە کە لە هەڵسەنگاندنی چیرۆکی (تاپۆ و بوومەلێڵ)دا غەدرم لە نووسەرەکەی کردووە و مافی خۆیم نەداوەتیٚ، کاتیٚ بە خۆیشم پێیدا چوومەوە و دیققەتێکی ترم دایەوە، غەدرەکەم لیٚ عەیان بوو و زانیم بۆچوونی من لە کورتی داوە. لەبەرئەوە هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە بوێرم (رەخنان) لەخۆم بگرم و بە هیوای پڕکردنەوەی کەلێنی هەڵسەنگاندنەکە، هەوڵێکی نویٚ بدەمەوە و جارێکی دی تێهەڵچمەوە بەشکم بتوانم لەم هەوڵەمدا، چشتێکی نویٚ لە دنیای مەتەڵئامێزی چیرۆکەکە هەڵبهێنم. ئەگەر لەم هەوڵەیشمدا هەڵەی نوێم لیٚ دەرکەوتن یان دووپات بوونەوە سەراوکەوتن، چاوی تەماحی بەخشین دەبڕمە خوێنەری هێژا و گۆڤاری مامۆستای کورد، و دڵی خۆم بە گوتەیەکی کاک رێبوار سیوەیلی خۆش دەکەم و لەگەڵیدا دەڵێم: هیچ نووسینێک دوابڕیار نادات بە دەستەوە و کەس هەموو شتەکان ناڵێت، بۆیە هەر لەم روانگەیەشەوە پێم خۆشە، ئەوەی دەشگوتریٚ شایانی تاقیکاری بێت و رەخنەی لیٚ بگیریٚ*.

دەرگای وەژوورکەوتنی دنیای چیرۆکی (تاپۆ و بوومەلێڵ)ی سوارەی ئێلخانی زادە، بە پیاوێکی سی ساڵەی دەستە باڵای پۆشاک خاوێن و جوان، بەڵام کۆن، رازاوەیە و لە یەکەم هەنگاوی وەژوورکەوتنماندا، تێدەگەین کە ئەو پیاوە خەڵکی ئەو گوندە نییە و لەو عالەمەی بووە بە مەتەڵ. کەمێکی دی تێدەگەین کە قارەمانی ریڤنگ مرۆیەکە، مەودای بیرکردنەوەی فراوانەو (دەردی هۆشیاری و سەبووری) باری خەمی لەکۆڵ ناوە و سنووری فراوانی هۆشی، هۆیەکی دەربەدەر بوونیەتی و لەو گوندەی گیرساندۆتەوە. ئەو، پیاوێکی کەمدووە و کەمدووییش کلیلی کەسایەتیی لە کەسانی دی ون دەکا و دەبیٚ بەهۆی خوڵقاندنی مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو و پەیدابوونی سنام: (لەو پەردەی رازە کە ئەو بەسەر خۆیدا کێشابووی، ئەترسان).

هۆی کەمدوویی‌ی قارەمانی چیرۆکەکە، یا خەسڵەتێکی خۆیەتی و لەگەڵیدا دروست بووە یا شێوەی بیرکردنەوە و رامانی ئەو خەسڵەتەیان پیٚ بەخشیوە. ئێمە قسەمان لەسەر هۆی یەکەم نییە بەڵام دەبیٚ کەمیٚ لە حاڵەتی دووەم ورد بینەوە و بنی بدەینەوە:

دەبیٚ باس و خواسی فەلسەفی و قووڵیی مەسەلەکان بەلای قارەمانی چیرۆکەکەوە باس بن و جگەلەوەش، چەقی باسەکانی ئەو، مەسەلە و باسی سەرە! کیٚ لە گوندێکی دواکەوتوو هەڵدەکەویٚ و لەو بابەتە باسانە بدویٚ و کیٚ (ئەو دەمە) وێراویەتی خۆی لە قەرەی باسیٚ بدا کە باسی سەر بووبیٚ؟! ئەمیش وەک ئەوەی لە درکاندنی نهێنی ترسابیٚ خۆی لە زۆرگوتن پاراستووە. ئەو دەڵیٚ: (دە ساڵ خەم، دەردێکی گەورەیە، بەڵام

چەند رامانێک لە کتێبی (لە بارەی مەحویی لوتکەوە)، نووسینی رێبوار سیوەیلی – مامۆستای کورد ژمارە ١٠.

دەرکی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و هەزار دەریا خەم دەبا).

دە ساڵ خەمی چی؟!... خەم و بڕایەوە، دیارە خەڵکی دێیەکە ئاشنایەتییان لەگەڵ خەمی ویدا نییە و لە زمانی وی حاڵی نابن. یا دەبێ ئەو خۆی نەتوانێ بە زمانی دێنشین بێتە گۆ. ئەگەر نووسەر هێندە ئەو قارەمانی چیرۆکەی بە گەورەیی پێشان نەدابا، دەمگوت رەخنەی لە رووناکبیرێ گرتووە کە نەکارێ بە زمانی رەشە خەڵکەکە بدوێ. بەڵام نا... دیارە لە پاشکەوتنی خەڵکی ناڕازییە و بارودۆخەکەی بە دڵ نییە.

خەم لە چیرۆکەکەدا، گەڕانە بەدوای چارەسەری کێشەیەکدا... هەوڵی دۆزینەوەی رێبازی دەرباز بوونە... دەنا کێشەی پشتگوێ خراو خەمی ناوێ. بەربەستی پێش پێشکەوتن و گەشەکردن، خەمی خەڵکی هۆشمەندە، بەڵام هەوڵی وەلانانی بەربەست خەمڕەوێنە و نووسەر باسی نەکردووە. پێم وایە خەمی قارەمانی چیرۆکەکە کە لە بنەڕەتدا هی نووسەرەکەیە، رێبازێکی پڕ هەڵدێری پەیامێ بێ، دەنا هێندە خۆی پێوە خەریک نەدەکرد... خەم، پشتگوێ خستنی کێشە رەت دەکاتەوە و توانای گەڕان بە دوای چارەسەردا دەزێنێتە چۆکەوە و هەنگاوی پێ دەنێ.

قارەمانی چیرۆکەکە، لەلایێ وەک دەروونناسێ، کاریگەرێتیی نهێنیی قەتیسماوی دەروونی مرۆ دەخاتە روو و بە هاونشینە گوندییەکەی تەنیشتی رادەگەیەنێ، لە لایەکی تریشەوە بە راست دەرچوونی پەندی پێشینانی کوردی بۆ دەسەلمێنێ. پەندەکە دەڵێ: قسە کەوتە زارێ، کەوتە شارێ. ئەویش دەڵێ ئەو سەرتاشەی نهێنیی شاخی ئەسکەندەری زانی، لەناو قامیشەڵان درکاندی و نهێنییەکە لە کونی بلوێرەوە لە قاو درا و قامیش، بە دەم باوە دەیانگوت: ئەسکەندەر شاخی هەیە. ئەو، باسی سەرتاش و شاخی ئەسکەندەر و درکاندنی رازەکە، بۆ یەکێ لە دانیشتوانی دێیەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام چارەنووسی سەرتاشی بە نهێنیزان باس ناکا و ئەنجامەکەی پێ ناڵێ. بەمەش گوندنیشنەکەی دووچاری سەرەگێژکە کردووە و دووڕێیانی بۆ تێگەیشتنی ئێمەش داناوە.

– پاش درکاندنی رازەکە، نەخۆشییەکەی لە کۆڵ بووەوە؟

– دەزانم ئەڵێی چی، ئەسکەندەر شاخی نەبێ یا هەبێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە گوێی نەبێ.

دەبینین، قارەمانی چیرۆک، خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە دەبوێرێ و شتێکی دی دەڵێ. ئەوەی دەشیڵێ، دیسان دووڕێیانە (گرنگ ئەوەیە گوێی نەبێ). کە ئەسکەندەر بکوژ و بیڕ بووبێ و دەسەڵاتی زۆری بووبێ، دەبێ سیخوڕ و ساواک و ئەمن و سووکە جاسووس گوێی بن. ئەمەش، ریسواکردنی ئەو بابەتە گوێیەیە لە هەموو عەیامێکدا... ئەم ریسواکردنەش بە ئاشکرا نییە و وەک ئەوەی لە زاری دێنشینەکەی تەنیشتی بترسێ، بە پارێزەوە مەبەستی خۆی درکاندووە و سڵی لە هاونیشنەکەی کردووە. ئەم سڵکردنەش، وای لێ کردووە کە بتوانێ تەنها سەرەداوی مەبەستی خۆی دەرخا و گۆڵەکەش بۆ بیرکردنەوەی کابرای سەرسووڕماوی تەنیشتی لێ گەڕێ.

جگەلەوەش، کە دەڵێ (دەزانم دەڵێی چی)، نیشانەی پرسیارێ قوت دەکاتەوە. باشە ئەگەر دەزانێ چی دەڵێ، بۆ وەڵامی ناداتەوە؟! ئەو پرسیاری چارەنووسی سەرتاشەکەی لێ دەکا و ئەمیش باسێکی دی دادەمەزرێنێ. دەڵێی دەیەوێ پێی بڵێ: کوڕە هەش بەسەر! مەبەستم چارەنووسی سەرتاشەکە نییە، مەبەستم تۆیە تۆ!. گوتم دیسان دووڕێیانی داناوە، چونکە پاشتر دەڵێ: ئەکرێ ئەسکەندەر شاخی هەبێ، بەڵام ئەگەر گوێی لە حاند ناڵەی دەردەداران کەڕ و نەبیست بێ...

لە رستەی پێشوودا بەرەنگاربوونەوە و رازی نەبوون بەدی دەکرێن و چ چاوەڕوانییەکی بەزەیی، لە ئەسکەندەر، هەست پێ ناکرێ. بەڵام لەمەی دواییدا گلەیی لەوە دەکا کەڕە و ناڵەی دەردەدار ناژنەوێ. ئەم دوو ئارەزووەش، دژ و پێچەوانەی یەکن و ئەسکەندەری کەڕی گوێسووکی گەرەکە. ئەگەر وا نەبێ، وێڵی دوای ئەسکەندەرێکی گوێسووک و کۆڵە (بێشاخ)ە.

هەرچەندە بابەتەکانی ئەم چیرۆکە، لەگەڵ هەست و نەستماندا ئاشنایەتییان هەیە و یەکە یەکە، بە دێ و دێنشین و قارەمانی سەرەکی و مزگەوتەوە کورد و کوردین و هەرچەندە چیرۆکەکەش لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا نووسراوە و ئەو دیو سنوورە سەپاوەکەی ژێر دەسەڵاتی ساواک و شا بوو، بەڵام مەبەست و پەیامی چیرۆکەکەم پێ خڕ نەکرایەوە تا وەک بابەتی تایبەت بە (کورد)ی تێبگەم. سنووری باسەکە بەسەر پانتایی مرۆڤایەتیدا پەرتە و پەیامەکەی بۆ سەرلەبەری مرۆڤە و وەک باسێکی (ئینسان) و توانای تێگەیشتنی خۆ دەنوێنێ.

چیرۆکەکەی کاک سوارە، بە دیمەنێکی هیواتێزاوی نهێنی پێچراو کۆتایی دێ. لەپەنا دیواری مزگەوتەکەدا، مرۆڤێ دەبینین کە سەرەتای کێشە دەبینێ و بیر لە وەڵامی پرسیاران دەکاتەوە و وێڵی دوای هەڵهێنانی مەتەڵە... ئەمەش دۆزینەوەی سکەی چارەسەرکردنی کێشەکانە و لە هەمان کاتدا کارکردنێکی زانستانە پێشان دەدا. قارەمانی چیرۆکەکەش دوای ئەوەی گەرای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، لە پەنای مزگەوتەکە، بۆ دێنشینەکە دەخا، خەمی خۆی بار دەکا و پەیامی خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا. سەری لە ژێر قورسایی‌ی خەمە پیرۆزەکانیدا، دادەچەمێتە سەر سینگی... دەڕوا تا لە جێیەکی بەپیتی دی، گەرای بیرکردنەوە بخا. □



کوردناسیکی ئیتالی

# ئەلێساندرۆ کۆلێتی

*ساڵی ١٩٢٨ لە شاری تریەستە لەدایک بووە،*

*لە ١/١٠/١٩٨٥ لە رۆم کۆچی دوایی‌ی کردووە.*

**مێردەکەم،** تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی‌ی کرد هەر خەریکی فەرهەنگە کوردییەکەی بوو. هەتا پیتی (س)ی تەواو کردبوو. لە کۆتایی‌ی ساڵی ١٩٧٢دا نێردراین بۆ ئینستیتوتی فەرهەنگی ئیتالی لە تاران. پێش ئەوەی بچین بۆ ئەوێ فارسیمان باش دەزانی، لەوێش گوێمان بۆ رادیۆ و تەلەڤیزیۆن شل دەکرد و چاومان بە رۆژنامەکان راهات و وامان لێهات لەگەڵ خەڵکی ئاساییشدا- نەک هەر دیپلۆماتە ئینگلیزی زانەکان- بدوێین. ماوەی دووساڵ لە ئێران بووین، هەر لەو ماوەیەدا، ئەلێساندرۆ خووی دایە زمانی کوردی. ئەو کاتە رژێمی ئێران یارمەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی عێراقی دەدا، لەبەرئەوە زوو زوو باسی گیروگرفتی ئەوان دەکرا. ئەلێساندرۆ کە زمانەوان بوو، و خۆیشی بە زمانی ئێرانییەکانەوە خەریک دەکرد، ساڵی ١٩٧٣ دەستی بە خوێندنی زمانە کوردی کرد. مامۆستاکەی خوێندکارێکی مەهابادی بوو، لەڕێی زانستگەی تارانەوە ناسیمان. هەر لەو زانستگەیەش چەند دۆسێنتێکی کوردمان ناسی، لەوانە پرۆفیسۆر (ژیان) بوو، ئەمانە هەموویان مامۆستای زمانی فارسی بوون نەک کوردی.

جگە لەوانە چەند کوردێکی کرماشانی و کوردی نێوچەی نێوان مەهاباد و سنەمان ناسی. ئەمانە لە تاران دەژیان. زۆربەیان دوو-سێ زمانیان دەزانی (کوردی و فارسی و تورکی یان ئاسووری)، ئەمانە لەگەڵ ئەوەی کە خوێندەواریش بوون، ئەم دوو سێ زمانەیان بێ گرێ و گۆڵ بەکار دەهێنا، هۆی ئەوەش ئەوەبوو کە زۆربەیان لە تارانیشدا لەنێو هاوزمان و کەسی خۆیاندا دەژیان، بۆ نموونە گەڕەکەکەیان هەر هەمووی کورد بوو.

ئەلێساندرۆ، جگە لە زمانی کوردی، چەند زمانێکی ئێرانیی دیکەی دەخوێند، وەک فارسی، پەشتوو و بەلووچی. بەڵام وردە وردە ئارەزووی بۆ

زمان و ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی)، بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بوو. دوای چەند ساڵ خوێندن و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ (مەکەنزی)دا، کتێبی (ڕێزمانی کوردی)ی لە ساڵی ١٩٧٩دا دەرکرد، واتە نێزیکەی دووسەد ساڵ پاش دەرچوونی کتێبەکەی (ماوریزۆ گارزۆنی)[1] کە ساڵی ١٧٨٧ لەسەر ڕێزمانی کوردی (کرمانجیی ژوورو) دەرچوو. گارزۆنی تاکە کەسێکی ئیتالی بوو کە پێش ئەلێساندرۆ کەوتبێ.

کەرەسە و بنەمای بەشی زۆری فەرهەنگە کوردییەکەی ئەلێساندرۆ Dizionaria Cordo Italiano, Rom 1984, 1985 لە سەرچاوەی نووسراوەوە وەرگیراوە[2]، نامیلکەی یەکەمی لە پیتی (هەمزە)وەیە تا (بێ)، دووەمین لە پیتی (پێ)وەیە تا (ژێ). لەبەرئەوەی، وەک لە سەرەوە باسم کرد، نووسەر چەند کوردێکی مەهاباد و کرماشانی لە تاران دەناسی، زانیارییەکی تایبەتیشی هەبوو لەسەر زاراوەی (موکری- سۆرانی)، ئێمە کاتی خۆی سەردانێکی کرماشانیشمان کرد، بەڵام بەداخەوە تەنێ دوو ڕۆژی خایاند.

لەو ساڵانەی دواییدا زێتر خەریکی سەرچاوەی: O. Mann, Die Mundart der Mukri - Kurden, 1906 بوو، هۆنراوەی (خەزێم)ی لەو سەرچاوەیەوە وەرگێڕایە ئیتالی و ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ چەند تێبینییەکدا بڵاوی کردەوە. لەم ماوەی دوایی‌یەدا، پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، لە بەهار و پایزی ١٩٨٥دا، زۆرتر خەریکی دوو کار بوو، یەک فەرهەنگەکەی و دوو وتارێک لە بابەت فۆلکلۆری کوردییەوە کە بنەماکەی ئەو تێکستانە بوو (مان- Mann) کۆی کردبوونەوە، بەداخەوە فریای تەواوکردنی ئەمیشیان نەکەوت.[3]

ئەو خۆشەویستییەی ئەلێساندرۆ هەیبوو بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات و زمانەکانی ڕۆژهەڵات، هەر لە منداڵییەوە چەکەرەی کردبوو. دایکی ئەگەرچی یۆنانییەکی خەڵکی ئەسکەندەرییە بوو و برازای شاعیری یۆنانی کاڤامنیس بوو، بەڵام بەشێک لە خزمەکانیان پێیان وابوو ڕەگەزیان تێکەڵە و لەوانەیە فارس یان تورک بن. هەموویان چەند زمانێکیان دەزانی: یۆنانی، فەرەنسی، تورکی، عارەبی ...هتد. ئەلێساندرۆ، هەر بە منداڵی چەند جارێک بە سەردان چووەتە لای خزمەکانی لە میسر، جاری وا هەبووە ساڵێک یان دووساڵ لەوێ بووە. کاتێ گەورەش بوو، لە نێوان ١٩٥٦ و ١٩٦٤دا هەر لە ئەسکەندەرییە ژیاوە.

لەبارەی زمانزانییەوە هیچی لە کەس و کاری کەمتر نەبوو، خۆی فێری نێزیکەی دە- دوانزە زمان کردبوو، لەوانە زمانە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (عارەبی، فارسی و تورکی).

ئەلێساندرۆ گرنگیی بە هەموو ئەو نێوچەیە دەدا کە لە مەغریبەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو هندستان و نێوەڕاستی ئاسیا، و لە ئیسلاندەوە دێتە خوارێ تاوەکوو کینیا و ئۆگەندە. (فرانسیسکۆ گابریلی)ی هەڤاڵی باشی بۆ چووە کە نێوی دەنێ «... تینووی ڕۆژهەڵات».

Hanne Coletti Grunbum

(مامۆستای زمانی سوێدی لە

ئینسیتووتی زانکۆی ڕۆژهەڵات لە ناپۆلی)

ئاسۆس کەمال لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

ژێدەرەکان:

1- Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabolario dalla lingua kurda, Roma, 1787.

2- Dizionario Cordo Italiano, 1, Prefazione

٣- من هەوڵێکی زۆرم دا تا بتوانم پاکنووسی بکەم، لەنێو هەڵبژاردەیەکی هۆنراوەی کوردیدا، بە زمانی ئیتالی، چاپ دەکرێ و بڵاودەکرێتەوە.

4- I Gazzetta del Mezzogiorna, 11/12 1985.

خانمی کۆلێتی دەیویست دەست بکات بە خوێندی زمانی کوردی، بۆ ئەوەی بتوانی لەسەر کارەکانی مێردەکەی بەردەوام بێ، بەڵام بەداخەوە، ئەویش چوار - پێنج ساڵێ لەمەوبەر کۆچی دوایی‌ی کرد. □



موسا گەرمیانی

# ئەفسانەی تەموورە

حەز دەکەم وای دابنێم تەموورە باڵندەیەکی دەنگ خۆش بووە. وەک قەناری یان وەک بولبول. زۆرتر وێ دەچێ بولبول بووبێ بەو هەموو بەزم و ئاهەنگەی کە دەیزانێ. ئاوازی هێندێک باڵندە هەر دوو سێ نۆتی مۆسیقا دەگرێتەوە، ئەو مەلە چکۆلەیە کە پێ بە پێی بەهار هاتووە و جارجار لە نێو دارچنارەکانی پشت پەنجەرەی هۆدەکەی من دەخوێنێ، هەوایەکی کورت و ساکار بێ پسانەوە دووپات دەکاتەوە، گەرچی دیسان ژنەوتنی هەر خۆشە، بەڵام بولبول شتێکی دیکەیە. ئەو هێندە پەردە و مەقامان دەگۆڕێ و هێندە لە زیل و بەمان دەدا کە قەت مرۆ لێی تێر نابێ. وا هەیە لە قاقای پێکەنینی زارۆی ساوا دەچێ. جارجار وەکوو زەمزەمەی ڕێژاوی کانیاوێکی بچووک یا وەک سرتەی دوو دڵداری تازە عاشق و سەرمەستە کە دەگەڵ دەنگی خۆی بیسەر بۆ نێو دونیای باڵندانە ڕادەکێشێ.

تەموورەی کوردی بولبول بوو. بولبولێکی ئەویندار بوو. عاشق بە گوڵ بوو، بە دار، بە ڕووبار و بە بولبولی گراوی خۆی عاشق بوو.

پەرییان دەستیان لێ دابوو. پەری دەهاتن، کۆجیلکەیان لە دەورەی دەبەست و بە ڕەنگی تەیر و توو خۆیان دەگۆڕی، یەکیان قەناری، یەک قومری، ئەوی دیکەیان کۆترە باریکە. هێندێک بە ڕەنگی شەهێن و شمقاڕان یا وەک کەو و کەوباڕان یا وێنەی باز و خاسەقوو، هەر کامەی ئاهەنگ و ئاوازێکیان فێری بولبول دەکرد. کەو کە دەنگیان هەڵدەبڕی، بە قاسپەقاسپی خۆیان دەورووپشتیان دەخەملاند. بولبول بە دەنگی نەرمی قاسپەی کەوانی دەگوتەوە. ناڵێم کوت و مت وەک وانی دەگوت، بەڵام بولبولانەی دەخوێند و بولبولانە دەیقاسپاند. پەکوپەکووی پەپوسولەیمانی و گمەی کۆتران و چریکەی قەناری و شێوە و شیرنکاریی هەموو باڵندانی لێ وەرگرتن. لە شەققەی شەق بوونی هەناران و لە خرمە و گرمەی پێکدا دانی هەوری دوورەدەستی بەهاران، لە سرتە و هاشەی شەماڵان کە بەنێو بسک و پەرچەمی شەنگەبی و چناراندا دەگەڕان، لە بەستە و لاوکی کچۆڵان کە لەپشت داری تەونی بە شۆڕە لاوی خۆیان هەڵدەگوت، لە حیلکە و حیلانی جانووان کە بە دەنگی فەریک بە دوای مایندا هەڵدەهاتن، لە باللۆرەی ئەم بەر و ئەوبەری کچە

حەیرانان، جارجار لە دەنگی شمشاڵ و نایەی شوان و نایەژەنی کورد کە سەرەئێوارە و شەو نیوەشەوان لەنێو کۆڕی دڵتەڕ و کوڕ و کاڵان دڵی عاشقانیان دەهەژاند. لە هەرچی دەنگی دڵبزوێن بوو، بولبول تۆشەی هەڵدەگرت و سامانی چریکە و ئاهەنگی پێ خەنی دەکرد. بولبولی ئەوینداری مە، وای لێ هات کاتێ گەرووی وە لەرزە دەخست و دەیچریکاند هەرکەس و هەرچی لە دەوروبەری با، رادەما و گوێی بۆ لاوکی ئەو رادەداشت. تەنانەت پەرییەکانیش کە جاران بە رەنگی پەلەوەر لێی هالأبوون و بەند و مەقامیان فێر کردبوو، ئێستا بە دەنگی ئەو مەست دەبوون و خەو و خۆراکیان لەبیر دەکرد. بەیتەوان و سترانبێژ ئەگەر گوێیان لێ دەبوو حەیران دەمان و تێیان هەڵدەکردە حەیرانێ.

بولبولی ئەویندار حەزی بە ئاوەدانی دەکرد. لەسەر چڵی دارێک دەنیشت و دەیخوێند و دەیخوێند و دەیخوێند، قەدەرئەییامێک بە تریقە و زریکە و لاواندنەوەی خۆی زیندەوەر و گوڵ و رووبار و ئاسمانی دەلاواندەوە و خۆی بەقوربانی سروشتی رازاوە دەکرد. زۆرجار لەنێو باغێک یان لەسەر گوڵی نێو حەوشەی ماڵێک ئاوازی خۆی دەست پێ دەکرد. دوایە بەو باڵە چکۆلانەی دەستی دەکرد بە سەفەر و سەیران و زۆر وڵات و شار و دنیان دەگەڕا. رۆژێکی هەوەڵ بەهاری ساڵێکی خۆش، ئەو کاتەی کە شانەی شنەی بەهاری ئەگریجەی چیمەنی چێ دەکرد و گەزیزە و گوڵێکی تازە دەرهاتوو بە رەنگ و بۆنی بەهەشتی مەحشەریان بەرپا دەکرد، بولبولی عاشق گەیشتەوە کوردستان. هەرچی جوانی لە گشت ولاتان دیتبووی هەمووی لێرە بەسەردەکردنەوە. لە گوڵاندا نازدارترین گەزیزە و سوورترین مێلاقە و بڵندترین هێرۆ، لە باڵندان لەبارترین خاسەکەو و خۆشترین دەشت لە گەرمێنان و سازگارترین مەڵبەند لە کوێستانان هەر لێرە بوون. شێت و شەیدای دەنگ و ئاهەنگی بولبولیش هەر لێرە بوون. لە هەندەران هەستیان نەدەکرد بە دڵڕفێنی و نازی ئاوازی، بەڵام لێرە گەورە و بچووک ئۆگری مۆسیقای ئەو بوون.

بەڵێ... بولبولی ئەویندار هەموو تەمەنی کورتی خۆی لەنێو وەنەوشە و هێرۆ و شیلانان‌دا و لەنێو دڵدار و گراوی و شوانان‌دا دەبردە سەر. جارێک وا هات کە بەبۆنەی سەرهەڵدانی گەزیزەیەک لە زەوی، کەوتەوە ناڵەناڵ و چریکە و فیغان. هەرچی گوێی لێ بوو دڵی داخورپا. هەوایەکی تازە بوو، سیحراوی بوو، سەیر بوو. وە سروودی فریشتە و پەرییان دەچوو. دەنووکە چکۆلەکەی دەگەڵ لەرزەی ژێر گەرووی دەلەرزی. چاوەکانی لێک نابوون و دەتگوت هەموو گیان و لەشی دەو ئاوازە ناوە.

پەلکی گوڵان و ئاوی گۆمیلکەی کانیاوان بە تەوژمی دەنگی دەلارانەوە. شوانێک کە گوێی هەڵخستبوو، هەموو مەقام و حەیرانی کۆن و نوێیەکانی وەبیر دەهاتنەوە. بولبولی ئەویندار هەر دەیخوێند. ئێوەش چریکەی بولبولان وەبیر خۆتان بێننەوە جا دەزانن دەڵێم چی. گەزیزە باڵای دەکرد و گوڵە چکۆلەکانی بەرەو شەپۆلی چریکەی بولبول ئاوڕیان دەداوە. تەیر و توو متەقیان لەخۆ بڕیبوو. لەپڕ بولبول لەسەر چڵی دار کەوتەخوار، وەک بەردێکی بچووک لە پەنا گەزیزە کەوتە زەوی. هەتا نیوەی مەودای دار و زەوی دەنگی هەر دەهات. شوان راچڵەکا. دەر و دەشت لە



بێدەنگیدا نوقوم بوو. گوڵ سەریان داخست و هێندێکیان پەڕیان وەری. پەلەوەر هەڵفڕین و بەرەو ئەو گوڵە هاتن کە بولبول بۆی دەخوێند. شوان بە پەلە گەیشتە سەر. بەڵام بولبول دیار نەبوو. لە پاڵ گوڵە گەزیزە سازێک داندرابوو. شوان داهاتەوە و هەڵی گرت. سازێکی چێوی جوان و لێک و لەبار بوو. دەسکێکی شووش و باریکی هەبوو. کاسەکەی بریقەی دەهات و دوو تێلی هەبوو کە لە نووکی دەستەکەی هەتا سەر کاسە کێشرابوون. لاوی شوان شمشاڵەکەی خۆی هەر بە دەستەوە بوو. لەو کاتەوە کە بولبول دەستی بە خوێندن کردبوو، ئەو شمشاڵی خۆی لەبیر چووبۆوە و گوێی بۆ ئاوازی ئەو راداشتبوو. شمشاڵی لە زەوی دانا و قامکێکی بە تێلەکانی سازدا هێنا. دەنگێکی خۆشی لێ هەستا. هەر دەتگوت بولبولە و گەرووی بۆ خوێندن رادێنێ. شوان لە پەنا گەزیزە دانیشت و تێلەکانی بە قامکان وە لەرزە خست. قەدەرێکی خەریک بوو و دوایی هەستا و بەرەو ئاوایی لوور بۆوە. خەڵک کە سازەکەیان بەدەست شوانەوە دەدیت، پێیان سەیر بوو، نەیاندەزانی شوان بۆچ شمشاڵەکەی بەو سازە گۆڕیوەتەوە. شوان دەیگوت بولبولی ئەویندار مردووە و ئەو سازە لە تەرمی ئەو پەیدا بووە. دەیگوت کاتێ جوان فێری بم هەموو ئاوازەکانی کوردیتان بۆ لێ دەدەم. شوان چەند ساڵان وێڕای لێدانی شمشاڵ زۆرجاریش خەریکی سازلێدان دەبوو. پێی دەگووت تەموورە. وردە وردە فێری بوو. قامکەکانی دەستی چەپی لەسەر پەردە و نێو پەردان دێنا و دەبرد و بە قامکەکانی دەستی راستی تێلی سازی وە ناڵە دەخست. کەم کەمە نێوبانگی دەرکرد و هەرچی ئۆگری دەنگی بولبولی ئەویندار بوون ئاوازە ونبووەکانی خۆیان لە دەنگی تەموورەی شواندا دەدیتەوە. لە زۆر شار و ئاوەدانیی کوردەواری وێنەیان دروست کرد. بەڵام هیچیان دەنگیان وەک تەموورەی بولبولی ئەویندار خۆش نەبوون. کەسیش وەک شوانەکەی خۆی نەیدەتوانی تەموورە وە ناڵە بخا. دەیانگوت فێربوونی سەختە و ئەگەر لە چل ساڵی هەوای فێربوونی تەموورە بکەوێتە سەری کەسێک مەگیم لە گۆڕدا ببێتە وەستا!

زەمانە گۆڕا، بەهار هات، هاوین هات، زستان هات، دیسان بەهار هاتەوە و وەرز بەدوای وەرزدا هات و رۆیی. ساڵ هەبوو قاتی و قڕی پەیدا دەبوو، گاوان و سەپان لە وڵاتی خۆ پەڕیوەی وڵاتی دوورە دەست دەبوون. ساڵ هەبوو فەرعانی و فراوانی دەبوو. خەڵک دەهاتنەوە سەرخۆ، چاک و خۆشییان وەبیر دەهاتەوە. ئاوڕێکیان وەسەر یەکتر دەداوە. بزە دەکەوتەوە سەر لێوان، ئاهەنگ و گەپ و نەهەنگیان دەکەوتە سەر و لە بیانوویەک دەگەڕان کە داوەت و دیلانێ سازکەن.

بەڵام ئەوەش هەتا سەر نەبوو. دیسان ئاژاوە پەیدا دەبوو. جارێک شای قەجەڕ و سوڵتانی عوسمانی لێکیان دەمڕاند، جارێک شای سەفەوی و نیگەڵەی رووس پێک هەڵدەپرژان و خەڵکیان دادەپڵۆسی، یا ئاغاوەت و سەرەک عێل هورووژمیان دەبردە سەر یەکترین و رۆژی رووناکیان لە گەل و هۆز دەکردە شەوی تاریک.

سەرتان نەهێشێنم دەوران زۆر گۆڕا. گای سەر دەریا هێندی گۆی زەوی ئەم شاخ و ئەو شاخ کرد لە شان و شاخ و پیل بوو. چێ وای نەمابوو گۆی زەوی بهاوێتە نێو ئاو و خۆی ئاسوودە بکا. گەل و هۆزیش لێک هەڵبڕان، لە برێ جێگە

ڕێگای گەرمیان و کوێستانیان لێ بەستن، لە هێندێک شوێنان ئەوانەی کەوتبوونە وڵاتی شاخاوی و سەخت، هەروا مان و لە خەڵکی نیشتەجێی دەشتەکان بێ هەواڵ مان. پادشا و سوڵتانی زاڵم ·سنووریان لە مابەیندا دروست کرد و ڕێی هاتوچۆیانیان نەدا. ئەو هۆزە گەورەی پاکی وەک یەک داخاوتن وردە وردە گفت و لفت و زار و زاراویان جیاوازیی کەوتە مابەین و لە بەزم و شایی و دیلانیشدا کەم و بێش ڕەنگ و بۆنی هەوا و مەقامەکان تەوفیریان لێ پەیدا بوو. بەڵێ، جا سەیر نەبوو ئەگەر تەموورەش لە هەر شوێنێک لە بیچم و ڕواڵەت و دەنگ و زەنگ و ئاوازدا ئاڵوگۆڕی بەسەر هات. وەستا و وەستاکاریی هەندێک شوێنی کوردستان کاسەی سازیان هەراوتر دەکرد و دەسکەکەیان درێژتر دەگرت. لە بڕێک جێگە تێلەکانی تەموورەیان تا هەشت تێل زیاد کرد و نێوی سازەکەش وەک خۆی نەما و سێ سازی بە سێ نێوی لێ پەیدا بوو: چەگوور، دووتار، تەموورە. هەر کامەی لە دەنگ و سۆز وناڵەدا تامی تایبەتیی خۆی هەیە بەڵام، کاتێ جوان گوێیان بۆ هەڵدەخەی تێدەگەی کە هەموویان قسەیان یەکە. هەر ناڵەی بولبولی ئەوینداریان لێ هەڵدەسێ و هەر زایەڵەی تەموورەی جارانە کوڵ و کەسەری دڵ بە سۆیان دادەمرکێنێ.

*لە هەر جێیەک کە هەڵدەستێ،*
*شەپۆلی دەنگی دووتارێ*
*مەلی گیانی ئەوی وشیار و حاڵزانە*
*دەگەڵ ناڵەی برینداری*
*شەوبێداری، ئەوینداری*
*چ زوو دەفڕێ بەسەر مەزرا و دەر و دەشتی*
*بەهەشتی کوردەواریدا... چ زوو دەفڕێ...*
*بە نێو کۆڵان و بازێڕی گەل و هۆزی ئەوینداران*
*دەبارێنێ تەموورە،*
*دڵۆپی نۆت دەبارێنێ*
*چەگووری دەستی هۆنەرزان*
*خەمی دڵتەنگ دەتارێنێ*
*وڵاتی باڵندە و پەری*
*هەر خۆش بژی*
*مەڵبەندی قومری و کەودەری*
*هەر خۆش بژی*
*هەر خۆش بژی.*

٢١ی خاکەلێوەی ٦٨

□



# ڕووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخ و ناسنامەی فەرهەنگی

داریووش شایگان

ڕێبوار سیوەیلی وەریگێڕاوە

ئێمه قسە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەکەین کە لە ئاسیا بۆتە هۆی گۆڕانکارییە فیکرییەکان. خەمی ئەو بێناسنامەیە دەخۆین کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە شارستانیەتە دێرینەکان دەکات. هەروەها بەدەست ژینی دوولایی و نەخۆشمانەوە دەناڵێنین: واتە بەدەست ئەو دژایەتییە وجوودیەی کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جیهانبینیی تەواو جیاواز هاتۆتە دی.

ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە دوو شێوەی جیاوازی بوونەوە هەیە و لە ئەنجامی بەیەک گەیشتنیاندا ناچارمان دەکەن پەرچەکرداری چاوەڕوان نەکراویان لە ئاستا بنوێنین بەداخیشەوە لە ئاکامی ئەم تێکەڵ بوونەدا بیری زانستی بە جۆرێک لەگەڵ عیرفاندا دەخەملێنن، هەروەک چۆن عیرفانیش بەهۆی ڕوونکردنەوەی زانستیانەوە بریندار دەکەن.

بەڵام با بزانین مەبەست لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە چییە؟ ئایا ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە هێزێک نییە لە بەرامبەرماندا خۆی دەنوێنێ و دەیەوێت بچینە شەڕە جەنگ و مەیدانەوە؟ ئایا لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ڕەگەزی بێگانەی وا نابینرێت کە پێویستە لە بارودۆخی ئێمەدا تێبینی بکرێن. ڕەگەزێکی بێگانەی ئەوتۆ، کە لەگەڵ بێگانەبوونەکەشیدا داوای ئەوەمان لێ دەکات تا یەکسانییە لەدەست چووەکە بهێنینەوە دۆخی خۆی؟ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە هەرچەندە بەهێزتر بێت، ئەو کۆششانەیش کە مەبەستیان دەست بەسەراگرتنێتی زیاتر دەکەونە گیان کێشانەوە و ڕۆژ بەڕۆژ گرنگیی شیکردنەوەی بارودۆخەکە و ناسینی هۆیەکان و بەدەست هێنانی ئەو ئامرازانەش کە یارمەتیمان دەدەن بۆ لەناوبردنی زیاتر خۆی دەسەپێنێت. دەستگرتن بەسەر هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هاوچەرخدا یەکسانیی هێزە کاریگەرەکان و تەبایی بنەماییان لەو ململانێیەدا دەبێتە هۆیەک بۆ لەدایک بوونەوەی نوێ، بۆ خۆبیناکردنەوە ودۆزینەوەی هێزی نوێ. ئەمەش هەمان دیاردەیە کە ئێمە زیاتر لە نزیک بوونەوەی ژیارەکاندا، لەو ڕێنیسانسە کەم و زۆر سەرکەوتووانە کە لە ناوەوەی هەر فەرهەنگێکدا بە ئەنجام گەیشتوون، دەبینینەوە.

ئەمەش هەمان شتە کە لە شێوەی «ڕێنیسانسی کارولنێژی» سەدەی نۆیەمی ئەورووپا و ڕێنیسانسی ئایینیی هیندۆ لە هەمان سەدەدا کە بەهۆی هەوڵەکانی «شانکارا»و «کۆماریلا»وە لە هیندستان هاتنە دی. یاخود لە شێوەی ڕێنیسانسی گەورەی سەدەی شازدەیەم لە ئەورووپا بەدی دەکەینەوە. دیسانەوە هەر بەو هۆیەشەوە کە ئێمە وەرگێڕانی نووسراوە عەرەبییە فەلسەفییەکان بۆ لاتینی لە سەدەی دوازدەیەمی زاییندا بە کارێکی سوودبەخش لە قەڵەم دەدەین، سوودبەخش لە بواری ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا کە لە ئاست بیری سەدەکانی

ناوەڕاستدا بینیویەتی. هەروەها وەرگێڕانە تیبتی و چینییەکانی بەرهەمی بودایی «ماهایانا» و وەرگێڕانی بەرهەمە کلاسیکیە سانسکریتەکان بۆ فارسی لە سەدەی شازدەی زاییندا، لە هەمان بابەتن. پاشانیش هەوڵدانەکانی ئەکبەر شا لە هیندستان لە پێناوی تێهەڵکێشکردنی مەزهەبیدا پێویستە لەبەرچاو بگیرێن. ئەو هەوڵدانانەی لە بەرهەمەکانی «داراشکۆ»ی کوڕی شای جیهاندا، بە لووتکەی بەرزییان گەیشتن.

ئەم نزیکبوونەوە و گفتوگۆ و ڕێنیسانسانەی لە ناوەوەی تاکە ژیاریکدا روو دەدەن، بە دڵنیاییەوە بۆ کەسانێک کە هۆی دژایەتی کردنیان بوون و ئیلهامیان لێوە وەرگرتووە و بە سەریشیاندا زاڵ بوون، دوو ڕۆڵیان بینیوە:

لە لایەکەوە شوێنی بەرەنگاربوونەوە بوون و لە لایەکی دیکەشەوە بەدیهێنەری ئازادی و پشکووتەی هێزە داهێنەرەکانیان بوون.

«جۆن سکۆتۆس ئیروگینا» لەم رووەوە رووخساری بنەڕەتی ڕێنیسانسی کارۆلنێژییە، چونکە توانیویەتی پێکهاتەیەکی جەسوورانە لە بیری ئیفلاتوونی نوێ و ئایینی مەسیحی دروست بکات. پێکهاتەیەکی وا کەلەسەر هەوڵی باووباپیرانی یۆنانی بەندە. ئەم پێکهاتەیە هەرگیز مەیسەر نەدەبوو ئەگەر هەردوو شێوەی بیری یۆنانی و مەسیحی، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکی زۆریشیاندا بواریان بە ئەزموونی مەعنەویی مرۆڤ نەدابایە تا گەشە بکات. ئەگەر «شانکارا» لەلایەکەوە ململانێ لەگەڵ دینی بودا دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئیلهامی لێوە وەردەگرێت، هۆکەی ئەوەیە «بێ جەوهەریی» بوودایەتی، هێما بۆ ئەزموونێکی بوودایی دەکات کە لە پلەی «ئاتمان»ەوە نزیکە هەروەک چۆن لە قوتابخانەی «ئەدڤایتا ڤیدانتا»یا دەردەکەوێت، هەروەها بەو هۆیەوە کە «کارما» پەیوەندیکی نەپچڕاوی هەردوو جیهانبینییەکەیە. گەر داراشکۆ دەیەوێت عیرفانی هیندۆ و سۆفیزمی ئیسلامی لە شێوەیەکی زۆر بزێوانەدا یەک بخات، هەرچەندە پەیوەندیی ئەم شێوەیەش سەرنجڕاکێشە، بەو هۆیەوە کە ئاینی هیندۆ و ئاینی ئیسلام، لە ئاستی ئەزموونی میتافیزیکییاندا خاوەنی یەکێ بینایی گونجاون و هەروەها ئایدیالی مرۆڤ و چارەنووسی ئەو مرۆڤە لە جیهاندا و یاسا وجوودییەکەی لە هەردوو جیهانبینیی هیندۆیی و ئیسلامیدا وەک یەکن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بیرکردنەوەی ئیبن سینا و ئیبن ئەلروشد، فەیلەسووفە خۆراوایییەکان ناچاردەکەن لە بەرامبەر سەرسەختیی خۆرهەڵاتدا بچنە سەنگەرەوە، ئەوا لە بەرامبەری جەبری یۆنانی- ئیسلامیدا «خەڵق کردن لە عەدەم» خۆی دەنوێنێ، کە لە ئیرادەی مەسیحییەتەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. هەروەها ئەگەر لافاوی وجوود و خەڵق کردن لە عەدەم لە ململانێدان و پێکدادانیانە و ئەمەش دەبێتە زانەوەی بیروڕا، ئەوە هەموو ئەو لایەنانە لەو خاڵەوە سەرچاوە هەڵدەگرن کە ئیسلام و مەسیحییەتی یۆنانی «بوو بە یۆنانی» لەگەڵ هەموو جیاوازییەکی گەورەی نێوانیشیان، بڕوایان بە سەرچاوەیەکی ڕۆحانیی بەرزتر هەیە، بۆیە ئەزموونی عیرفانی کەسانێکی وەک «ئیبنولعەرەبی» و «مایستیەر ئۆکهارت» لە ڕەچەڵەکدا هەر یەکن، ئەگەرچی فەزای فەرهەنگییان لە رووی شێوەی پەروەردەبوونەوە جیاوازە.

بەڵام ئایا لە رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخدا هەمان یەکسانیی جەوانمەردانە، یاخود هەمان گونجانی قووڵ بەدی دەکەین؟ هەرگیز! هۆکەیشی ئەوەیە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤدا پەیوەندی ئینسان بە خودا و سرووشتەوە لە بێخەوە ژێرەوژوور دەبێت و ئەم گۆڕانکارییە قووڵەش لە خۆراواوە بەرەو لای ئێمە ڕێ دەکا.

لە خۆراوای سەدەی شازدە و حەڤدەیەمدایە کە سەردەمی پیشەسازی دەست پێ دەکا و لە هەمان سەدەشدایە کە زانست وەک هێز دەناسرێت «فرانس بیکۆن»، مرۆڤ دەکرێتە فەرمانڕەوا و خاوەنی جیهان «دیکارت». هەروەک چۆن «کەونیەت»ی یۆنانی و «خودا-هومانیزم» تایبەتمەندی بیری مەسیحیەت بوو، هومانیزمیش دەبێتە تایبەتمەندی بیری سەردەم و فەلسەفەش جێی خۆی بۆ مرۆڤناسی چۆڵ دەکات. لەو سەردەمەشەوە بیری زانستی- تەکنیکی کە زادەی زانستە سروشتییەکان بوو، جێگە بە ناسین و لێوردبوونەوەی عیرفانی چۆڵ دەکات، ئەم ناسینەش تا ئەو سەردەمە بە توندی ئەو بەهایانەی دەپاراستن کە پەیوەندی قووڵی نێوان ژیارە جیاوازەکانی لە ئەستۆ بوو. بەم پێیەش تەبایییەکە بە سەختترین و بنەبڕترین شێوە تێک دەچێ:

لەو سەرەوە دەست بەسەراگرتن، هێز، دەستدرێژی و داگیرکەر تەپوتۆز دەکا و لەمسەریشەوە بەرگریکردنێکی گرژ لە شێوەی زەینی گۆج بوودا خۆی دەنوێنێ. چەندە ئەم



هێرشە بێ ئامان و بێ بەزەییە، ئەوەندەش هێزە بەرگری کەرەکان بەدوورن لە پتەویی دێرینەی خۆیان و لە ئاکامیشدا ناتوانن خۆیانی لەبەردا بگرن. هۆی چییە ئەو هێزانە و ئەو گونجانە قووڵەی کە لە ڕابردوودا ببووە هۆی لێدانی دڵی پێکهاتە سەرکەوتووەکان و بەردەوام تازەکەرەوە بوو، ئیدی وجوودی نەماوە؟ هۆکەی ئەوەیە نەک شێوەی رووبەڕووبوونەوەی ئەوڕۆکە و هۆیەکانی لە هی پێشوو ناچێت و لەو سەرچاوەیەوە ئاو ناخواتەوە، بەڵکە دژی ئەو سەرچاوەیەشە! بۆچوونە نوێیەکان نەک هەر گرنگییەکی ئەوتۆ بە ناسینی عەینی، بە سرووشت و رزگاریی ئینسان نادەن، بەڵکە بە شێوەیەکی پراکتیکی سیرف بیر لە دەست بەسەراگرتنی سرووشت و هەل و مەرجە ئابووریەکانی ژیانی مرۆڤیش دەکەنەوە. دەتوانرێت بگوترێ هەموو ئەو بەهایانەی کە ئێمە ساڵەها بوو پاراستبوومانن و بەهۆیانەوە پەروەردەیەکی ڕۆحی و تێڕوانینمان بۆ جیهان پێکەوە نابوو، لە ناکاو وەکی کۆمەڵێک تاوانی تاڵ لێمان وەدەرکەوتن و ئێمەش لەوە حاڵی بووین کە واقیعیەت جگە لە پشت بەستن بە «هێز و ئیرادە» کە لە رووخساری «هۆمۆ تەکنۆلۆژی کۆس»دا خۆی دەنوێنێ، شتێکی دیکە نەبووە و نابێت!.

مەبەست لە رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخ، خاڵی یەکتر بڕینی چەندین چەمکی بنەڕەتییە کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە تا ئێستا جۆرە گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونێکی تایبەتیان دیوە، هەر بەم بۆنەیەشەوە لە ئەنجامی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە خۆشیاندا، کرۆکی بیری خۆراوا پێکدەهێنن. ئەوەش ئەو چەمکانە لە گۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخدا بە دواین شێوەی گۆڕانی خۆیان گەیشتوون و ئەوڕۆکە وەک چەمکی زۆر تایبەتی خۆ دەنوێنن، شتێکە لە ئەنجامی خوێندنەوەی «بیری زاڵ»دا واتە، ئەو بیرە هەڵگری ئەو چەمکانەیە بە روونی دیارە، هەروەها بە تێبینیکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی ئەو چەمکانە لە ئەندێشەی بیریارە گەورەکاندا پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە بەدییان هێناون، ئەو لایەنە ئاشکرا دەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە بە تێبینیکردنی لایەنی مێژوویی ئەم گۆڕانکارییانە، ئەوەمان دێتە پێش چاو کە چۆن ڕەوتی ناوبراو بەرەو دنیایی کردنی جیهان، واتە رووتکردنەوەی لە سەرچاوە ڕۆحی و تەمسیلییەکانی و بێ ڕۆحکردنی سرووشت و بەندکردنی مرۆڤ لە دەوری غەریزەکانی هەنگاوی ناوە. ئەو بیرە زاڵانەش بە گشتی بریتین لە: «بیری خوڵقاندن لە عەدەم»، بیری ڕەوتی مێژوویی (سۆبجەکتیڤیزم)ی زەین، کە لەلایەکەوە لە جیهانی هەستپێکراو ئازادە و لەولای دیکەشەوە لە جیهانی عەقڵانی دابڕاوە. ئەولەویەتی ئیرادەیەک کە سەرەتا بە پەیوەندی لەگەڵ ئیرادەی هەڵبژێرەر «خوایەکی تایبەت» مانای خۆی بەدەست دەهێنێت و پاشانیش وەک ئیرادەی مرۆڤی تاک ڕۆڵی خوڵقێنەر لە ئەستۆ دەگرێت و لە شێوەی «منی موتڵەق» و ئیرادەی بەهێزەوە گرێ دراو «ناوی کتێبەکەی نیچەیە- و.» خۆی دەنوێنێت. سەرەنجام «کۆسمۆس»ی یۆنانی شوێنی خۆی بۆ دووریی هەندەسی، واتە بە شتکردنی گشت سرووشت، چۆڵ دەکات و بەرهەمی ئەم گۆڕانکارییەش سەرەتای سەدەی زانستی و تەکنیکی و دەسەڵاتی جیهانی بیری تەکنیکییە..

بێ هیچ دوودڵییەک ئیرادەی بێسنووری ئەو «خودا تایبەت»ییەی کە ئیدی نەک بە پێی بیری ئیفلاتوونی نوێ، کە بە هۆی لافاوەوە جیهانی لە عەدەم دەهێنایە بوون، بەڵکە بەهۆی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیەوە ئەو کارە دەکات. ئەو خودایەی کە ئیدی «مادده» بە ڕەگەزی بنەمای عەدەم نازانێت، هەروەکوو بیری ئیفلاتوونی و ئەرستۆیی جەختیان دەکرد، بەڵکە بە دروستکراوی دەستی خۆی دەزانێت، بەم پێیەش گوناه پەیوەندیی بە ڕەتکردنەوە و «نفی»یەوە نامێنێت، بەڵکە ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە ئیرادەی هەڵبژاردنی بوونی مرۆڤەوە، کە ئەم لایەنە لەلایەکەوە غروور وەک حاڵەتێکی باشتر لە کڕنووشبردن و خۆ بە بچووکتر زانین دەبینێ و لە لاکەی تریشەوە پەیوەندیی خۆی بە ماددەوە دەپارێزێت کە ئەم مەسەلەیەش لە سەدەی سێزدەیەمەوە، کە زانستە سرووشتییەکان پەرەیان سەند، گەشە دەکات.

چەمکی مادده لە بیری «ڕۆجێر بیکۆن»دا بە دووی کرۆکی جووڵە دەروونییەکاندا وێڵە و لە بیری نیکۆلاوس کۆزانۆس و جیۆردانۆ برۆنۆدا دەبێتە هێزی بێبڕانەوەی یەزدانی و بەم شێوەیەش لە سەدەی شازدەیەم بەرەودوا و لە ڕێی دۆزینەوەکانی «کۆپلەر» «کۆپەرنیک» و «گالیلۆ»وە دەبێتە بیرێکی ریازی و میکانیکی لە ئاست سرووشتدا تاوەکوو لە ئەنجامدا بە پلەی هەڵوەشاندنەوەی «نموونەی جەوهەری» دەگات.

هەروەها پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە نێوان ئەو تێڕوانینە باڵایەی ماددە بەدەستی دەهێنێت لە لایەکەوە و گرنگیی زۆری هەستەکان و جەستە و غەریزە سروشتیەکانی مرۆڤدا پەیوەندییەک هەیە. ئەم غەریزانەش لەلای «هێرمان یاکۆبی» وەک جەوهەری تاکەکەس دەردەکەون و لەگەڵ تێڕوانینەکانی ناتورالیستەکان «الطبیعیون» و پۆزەتیڤییەکاندا بە قۆناغی گریمانی «مرۆڤی کەرەسە خوڵقێنەر» کۆتایی پێ دێت. واتە ئەو گریمانەی کە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، بە جیاوازییەکی ڕێژەیی دەزانێت نەک جیاوازییەکی «خود»ی. لەم تێڕوانینەیشەوە ئیدی ڕۆح پەرچبوونەوەی عەقڵێکی بەرزتر نییە، بەڵکە دیاردەیەکی پچڕاوە لە سرووشت.

ئەو لایەنانەی ڕەوتی مێژوو دەستنیشان دەکەن، یا ئەوەتا مەیلی جنسانی «لبیدۆ»ی لای فرۆیدن، یاخود ئیرادەی بەهێزەوەبەسراوی شۆبنهاوەر، نیچە و ئادلەرن، یاخود مەیلی بەرهەمهێنان و جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی لای مارکسن کە بە شێوەیەکی گشتی لە غەریزەی خۆراکەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە.

بێجگە لەمانەیش دەتوانین پەیوەندیی نێوان دوو خاڵی دیکەیش دەسنیشان بکەین کە یەکەمیان «مەسیحی بوون»ی مێژووە لە دوو شێوەی ڕابردوو و دوایی خۆیدا، کە وەک پرۆسەی خەڵق کردن و هاتنەخوارەوەی ئادەم و پاشانیش گەڕانەوەی مەسیح و ڕزگارکردنی ئادەمیزاد خۆی دەنوێنێت. خاڵی دووەمیش، گریمانە مەزنەکانی مێژوون کە لەلای «هیگڵ» وەک نزیکبوونەوەی ڕۆح لە خود-ەوە دەردەکەوێ و لە لای کارل مارکس دەبێتە دیالەکتیکی ململانێی چینایەتی و لە بیری دیلتاییشدا ساختومانی هۆکارەکانی دەورەیەکی مێژوویی پێک دەهێنێت. بیری دنیایی بوونی ئامانجە مەسیحییەکان هەرگیز وەک هێڵێکی بێبڕانەوە نەدەهاتە دی ئەگەر بهاتبا و چەمکی ئیرادە و کار، بەو جۆرەی کە لە بیری مەسیحییەتدا وەک خەڵق کردن لە عەدەم دەردەکەوێ، لە دێر زەمانەوە جێگەی چەمکی یۆنانی بۆ بوون نەگرتباوە، دیارە گەر وا نەبوایە هەرگیز «فۆزیس»ی یۆنانی نەدەگۆڕا بۆ «ئاسۆی مێژوویی» تاوەکو جووڵەی مێژوویی لە بەرامبەر گەیشتنی مەبەستەکانیدا، ئاسان بکات، ئەو حاڵەتەی کە «ژێلبەر دۆران» «بت پەرستیی مێژوو»ی ناو ناوە.

بێگومان ریشەیەکی گۆڕانکاری لە بنەمای «سۆبجەکتیڤیزم و دەروونیەتی» ئاگۆستینەوە بەرەو «بنەمای تاکەکەسی» «دۆنس سکۆتۆس» و لەوێشەوە ڕووەو بیری ڕەخنەگرانەی «ئیکهام» و «کۆگیتۆ»ی دیکارتی و پاشانیش بەرەو «مۆناد»ەکانی «لایب نیتز» دەکشێ. هەمان ڕەوت لەلای «فیتشە» دەبێتە «کرداری کارپێکراو»ی ئەو «من»ە رەهایەی کە خۆی دەسەپێنێ و لەلای «شتیرنەر» دەبێتە «منی خالیس» کە هەر جۆرە هاوکارییەک ڕەت دەکاتەوە و پاشانیش لەلای «سارتەر» دەبێتە مرۆڤی تاک و مەحکووم کراو بە ئازادی.

هەر بەم جۆرەش، پەیوەندییەک لە نێوان ئەولەویەتی ئیرادە، بەمانای ئیرادەیەکی بێبڕانەوەی خودایەکی تایبەت و نموونەکانی لەلایەکەوە، وەک سەربەستیی ئیرادە لەلای «کانت» هەروەها ئیرادەی بە هێزەوە گرێدراوی نیتشە لەلایەکی دیکەوە بەدی دەکرێت. بە تێبینیکردنی ئەم ڕەوتە مێژووییە دەتوانین بڵێین: لە گۆڕانکارییەکانی بیری خۆراوادا، جووڵەیەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە عەقڵەوە بۆ غەریزە، لە نییەتەوە بەرەو مێژووپەرستی، لە ڕۆحانییەتەوە بەرەو عەقلانییەت، لە ڕۆچوونی مەدهۆش ئاسای مرۆڤەوە و بە زاتی موتڵەقدا بەرەو خۆپەرستی و بە دەوراچوونی ئەو نەفسەی کە لە بەرامبەری خوادا یاخی دەبێت، بەدی دەکرێت. بەم پێیەش ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر هەڵدەدات ئەمەیە: ئایا لەودیو ئەم گۆڕانکارییەوە چەند یاسایەکی کاریگەر بەدی دەکرێن، ئەگەر شتی وا هەیە، ئایا ئەم یاسایانە تایبەتن بە مرۆڤی خۆرئاوایییەوە، یاخود یاسای جیهانگرەوەن؟

ژیارەکانی ئاسیا ماوەیەکی زۆر دووربوون لە ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییە گەورانە. بەڵام بە دەسپێکردنی چاخی کۆلۆنیالیستی و داگیرکاریی ئەو وڵاتانەی لە ئاست دەسەڵاتی تەکنیکی خۆراوادا لاواز بوون، ئاشکرا بوو کە ئەم ڕەوتە مێژوویییە گەڕانەوەی بۆ نییە و ئەو دەستانەیش کە جووڵێنەری ئەم بزووتنەوەیەن و بەرەو پێشەوەی دەبەن زیاتر پەیڕەوی یاسای سوود وەدەست هێنانن، تاوەکوو نزیکبوونەوەیی مەعنەوی شارستانیەتە جیاوازەکان لە یەکدی. لەو ڕۆژەوە کە ئەم مێژووەی تێدا بووە مێژوویەکی جیهانی، بە ناچاری ئێمەیش بەر شاڵاوی دەکەوین، بەڵام نەک بەو هۆیەوە کە خۆمان لە دروستکردنیدا دەستمان



هەبووە، بەڵکە لەو ڕووەوە کە ئێمە هیچ شک نابەین تا لە ئاستیدا بمانپارێزێ.

هەر لەبەر ئەوەیشە پرسیارەکە وەک خۆی دەمێنێ: مەبەست لەم ڕەوتە مێژوویییە چییە؟ ئایا ئەوە ڕۆحی گەورەیە کە لەم مێژووەدا پەخش دەبێتەوە تاکو لەلای هیگڵ ببێتە «زەمینەی» بێبڕانەوەی مرۆڤ و ئەم مرۆڤە ئاگایی بەدەست بهێنێت و بە «ئازادی»ی خۆی شاد ببێت؟ یاخود بەو جۆرەی کە «مارتین هایدگەر» بیری لێ کردەوە، ئەم مێژووە «مێژووی لەبیرچوونەوەی وجوود»ە؟ ئایا بەو جۆرەی کە شیعەکان بۆی دەچن مێژوو چاودێرە بەسەر دواڕۆژەوە، یاخود وەک هیندۆکان دەڵێن، مێژوو قۆناغێکی پێشکەوتووی کالی یۆگایە، واتە دواسەدەی وجوودی گەردوونە کە لە دواڕۆژدا جیهانێک لەناو دەبات؟

بێگومان هەر وەڵامێکی ئەم پرسیارە بدەینەوە پەیوەندیی بەو دیدگایەوە هەیە کە ئێمە هەڵیدەبژێرین، یاخود لەوانەیە بتوانین هەڵیبژێرین. بەڵام لە وەڕووخستنی ئەم پرسیارانەدا مەبەستمان زیاتر پشت بە بیروباوەڕ بەستنە بۆ وەڵامە ئیحتمالییەکانمان نەک پشت بەستن بە زانست، وەک مانا پڕاوپڕەکەی ئەم وشەیە.

ئێستاش دەمانەوێت بە شێوەیەکی گشتی لەو گۆڕانکارییانە بکۆڵینەوە کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخدا هاتوونەتە ئاراوە. لەراستیشدا ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە خاڵی پایانی قۆناغێکە کە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی بەسەردا تێپەڕدەبێت.

لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا کە ئەمڕۆ ئێمە گیرۆدەی بووین سەراپای ئەو ڕەوتە فیکریانە بەشدارن کە بزوێنەری ژیانی خۆراوان: لە چەمکی «ئیرادەی بە هێزەوە بەسراو»ەوە بیگرە تا بیری تەکنیکی و ئەزمونگەری کە زیاتر ئامانجە پراکتیکییەکان جەخت دەکات و لێرەیشەوە مانای ڕەوتی مێژووی پیرۆزی مرۆڤ تا سنووری ئەو ئاستەی کە خۆی تێدایە دادەبەزێنێ. ئەم نزمبینییە دیاردەیەکە بە قسەی بیریارە ئەمریکییەکان، دووری (بعد)ی مەعنەوی بیرکردنەوەی لە مرۆڤدا بە شێوەیەکی سەخت تەنگ کردۆتەوە. بەم مانایەش بێت زۆربەی مرۆڤی سادە ئەو کەسانەن کە هەموو شتێک بە شێوەیەکی تۆقێنەر دەسەپێنن و بەڕێزترین شتی مرۆڤیش دەخەنە مەترسییەوە.

هەروەک چۆن زانایەکی هاوچەرخ دەڵێت: «مرۆڤ شتێکی دی نییە جگە لە میکانیزمی بیۆکیمی، کە لە سیستەمێکی سووتەمەنییەوە وزە بەدەست دەهێنێت و هەمان سیستەم وزەی کۆمپیوتەرەکانیش دابین دەکات».

ئەوەی لێرەدا سەرنجمان ڕادەکێشێ و شتێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە عیبارەتی «شتێکی دی نییە جگە لە...» کە مرۆڤ لە هەموو بوارە زانستییەکاندا، بە پاشکۆی یاسایی شتەکان دەبینێ و لە ئەنجامیشدا وەک بوویەکی تەنگ «عەیبدار» و «کەموکووڕ» لە جەرگەی سروشتدا دایدەنێت. بەم شێوەیەش وێنەی جوانیی مرۆڤ لە جیهاندا وەکو هەڵمێکی چڕی نێو بیروڕا دژەکان، دەبێتە قوربانی و لەنێو دەچێت. ئاکامی ئەم کارەش دروست بوونی ئەو ڕێڕەوانەیە کە لەسەر بنەمای ترس و داپلۆسین دروست بوون و لە گشت لایەکەوە ئەدەبیاتی نوێیان تەنیوە. یاخود پچڕانی ئەو پارسەنگە فەرهەنگییەیە کە لە تەم و مژی خۆیدا هونەر ون دەکات و پاشانیش چەمکی «پووچ - عبث» بێ بناغەیی ئارمان و خەونە زیوینەکانی یۆتۆپییە مەزنەکان دەکاتە بلقی سەر ئاو.

ئەم ئایدیایانە هەرچەندە بەلای «مرۆڤایەتییەکی لێک هەڵوەشاو»ی وەک ئەوەی ئێمەشەوە جێی ختوورە و گومان بن، هەرگیز ناتوانن ببنە ئەو ئارمانجانەی کە ئێمە بە درێژایی چەندین سەدە بەدەستمان هێناون و بەها فەرهەنگییەکانی خۆمانمان لە سەرەوە قایم و پتەو کردوون.

ئێمە هەرگیز خاوەنی «فەلسەفەی مێژوو» نەبووین، چونکە هەرگیز بوون «هستی» بەلای ئێمەوە تەنیا ڕووداوێک یان تەنیا کردەوەیەک نەبووە. بەلای ئێمەوە مێژوو، مێژووی پیرۆزە. یاخود ڕاستتر بڵێین: مێژوو بەلای ئێمەوە ڕۆژی وادە و پەیمانە. مێژوو لە ئیسلامدا، هەر لە ئادەمەوە تا محەمەدی پێغەمبەر جگە لە سەرپۆش هەڵماڵین لەڕووی حەقیقەتێکی نەمر شتێکی دیکە نییە، کە ئەم حەقیقەتەش بە «حەقیقەتی محەمەدی» ناوبانگی ڕۆیشتووە. بەلای شیعەی دوانزە ئیمامیشەوە «کۆتایی مێژوو» بریتییە لە گەڕانەوەی ئیمامی دوازدەیەم کە ئێستا نادیارە و ئەم سەردەمەش بۆ ئێمە سەردەمی «چاوەڕوانی»یە.

ئەو چالاکی و ڕۆچوونانەی (ڤیشینۆ) یاخود فەتحەکانی «شیڤا» بەلای هیندۆیەکی باوەڕدارەوە کە لە ڕۆخ ڕووباری «گەنگ»دا خۆی لە ئەندێشەیەکی قووڵدا نوقم کردووە، زیاتر لە حەقیقەتەوە نزیکن، تاوەکو شەڕەکانی ئیسپانیای

سەردەمی لۆیی چوارەم بەلای فرانسییەکانەوە. لێدوان لە بوون بە شێوەی «بێ هەل و مەرج» وەک «بەرەهمەن» جەختی دەکات، بەهۆی بیری «ئەزموونگەری»یەوە هەر هێندە بەلای هیندۆیەکەوە تاوانە وەک «هێزی ئەفسووناویی خەیاڵ» بەلای راسیۆنالیستیکی -عەقلانی- دیکارتەوە.

ئەو لایەن و غەریزانەی کە مرۆڤناسی ئەم سەردەمە دەبەن بەرێوە، ریک و راست هەر ئەو بزوێنەرە دەروونی و فەرمانڕەوایانەی نەفسن، کە هەر موسوڵمانێک و هیندۆیەک گەرەکیانە خۆیانی لێ رزگار بکەن. هۆی ئەم خاڵە ئەوەیە کە رزگاربوونی مرۆڤ بە تەواوی بەسراوەتەوە بە لەناوبردنی ئەو «نائاگایی»یەی، بۆ نموونە لەلای قوتابخانەی یۆگا حوکمی چەند کاریگەرییەکی شاراوەی بەردەوام دەکات و لە «کارما»یەکەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کە لە ئەنجامی چەندین جار زانینەوە وەبەرهەم دێت.

لەو جیهانبینییەدا، گەورەیی‌ی مرۆڤ بەوە دەستنیشان ناکرێت کە ئیرادە بە هێزەوە بەسترابێت، بەڵکە بەوە دەستنیشان دەکرێت کە خۆمان لەو هێزە رزگار بکەین. هەر لەبەر ئەوەیشە شەریعەتەکانی خۆرهەڵات وەک هیندی، ئیسلامی و چینی زیاتر جەختی کرداری بێ پاداشت دەکەن- وەک بیری «بها گاڤات گیتا» لە هیندستان، یاخود ئاینی «تاوۆ» لە وڵاتی چین. بۆیە لە خۆرهەڵات پێکهاتووی وێنەی مرۆڤ لەنێو تەم و مژی «یزم»ەکاندا، کە هەر یەکەیان پشت بە پارسەنگ و جهانبینیی تایبەت دەبەستن، هەڵناوەشێت، بەڵکە بیری «گشتی بوونی مرۆڤ» لە هەموو قۆناغەکانی بووندا شێوەی خۆی دەگرێت.

تەماشا دەکەین لێرەدا مرۆڤ «زەمینە»یەکی دابڕاوە لە رووداوەکان کە لە زۆنگاوی عەدەمدا گیری خواردبێت و بوونی ئەم مرۆڤە بە ئازادییەکەیەوە گرێ درابێت، بەڵکە مرۆڤ «جیهانێکی بچکۆلە»ی بێمەودایە و لەگەڵ سەراپای قۆناغ و پایەکانی بووندا پەیوەندییەکی دەروونی و ئەفسووناویی هەیە. بەم پێیەش، جیهان نە درەوشانەوەی عەقڵێکی لاوەکییە و نە تۆڕێکی چنراوە لە یاساکانی فیزیا و ریازیات (ماتماتیک). بەڵکە ئامادەبوونە لە گشتێکدا کە ئەم گشتە لە کەشف و چاوەدێریدا دەردەکەوێت نەک لە عەینییەتی شتەکاندا. لێرەیشەوە ئیدی خودا، نە خواستێکی بێ مەرجی عەقڵی پراکتیکییە لەلای «کانت»، و نە تیشکێکە لە رۆحی مرۆڤدا «لەلای فیۆرباخ»، نە زادە و لەدایکبووی نامۆبوونی ئایینییە لەلای «مارکس» بەڵکە درەوشانەوەیەکی پیرۆز و بەدیهییەتێکی بێهۆیە.

ئەم بەدیهیاتە بنەمایەکە بەر لە رۆشنایی و تەنانەت بەر لە هەر رۆشنایی‌یەکیش کە لە عەقڵەوە لەدایک دەبێت، بینایی حەقیقەتمان بۆ دەکات، نەک وەکوو بەدیهیاتە خۆپەسندەکانی «کۆگیتۆ» و پێشبینییە روون و ناوەزەکانی دیکارت.

هەر شارستانیەت و بیرکردنەوەیەک لە جیهان، پێکهاتوویەکە پارچەکانی گشتێکی -کل- ئۆرگانیکیانە پێک دەهێنن. هەر بەم هۆیەشەوەیە «سوالد شپینگلر» دەڵێت: « ئایا کەس هەیە بزانێت لە نێوان ژمێریاری دیفرانسێل و بنەماکانی دەوڵەتی دەسەڵاتدری سەردەمی لویی چواردەیەمدا و لە نێوان شێوە دەوڵەتی سەردەمی دێرین لە «پۆلیس»ی یۆنان و هەندەسەی «ئەقلیدس»دا و لە نێوان «پروسپکتیڤی بۆشایی‌یەکانی هونەری وێنەکێشانی خۆراوا و دەست گرتن بەسەر شوێندا بەهۆی رێگای ئاسن، تەلەفۆن و چەکە دوورهاوێژەکان و لە نێوان «کۆنتێرپۆیین»ی مۆسیقا و سیستەمی ئابووریی قیاسیدا، پەیوەندییەکی قووڵ لە رووی شێوەوە بەدی دەکرێ؟»

هەر ئەم پەیوەندییە بنەمایی و شێوە پەیوەستە قووڵانەن لە لایەنە جیاوازەکانی شارستانییەتدا، بینینی مرۆڤ، چەمکەکانی (کات- شوێن) و بە کورتییەکەی ئۆرگانیزمی فەرهەنگێک دەستنیشان دەکەن. لە ژیارێکدا کە هەتا ئێستاش بیری شاعیری ئەفسانەیی وەکوو فەرهەنگەکانی رابردوو، بە زیندوویی ماوەتەوە و لە سەرچاوەی مەلەکووتییەوە ئاو دەخواتەوە، چەندین چەمکی وەکوو کات و شوێن و هۆ، پابەندی ساختومانە نموونەیی‌یەکانی رۆحن، نەک یاسا شێوەیی و ناوازەکانی عەقڵ.

ئەوەی وەکوو سەرسەختترین دوژمن لە رووبەڕووبوونەوەی ئەورۆکەدا خۆیمان لێ رادەپسکێنێ، هەر ئەو پەیوەندییە شێوەیی‌یە یەکە روخسارە جۆراوجۆرەکانی ژیاری خۆراوای لە گشتێکی ئۆرگانیکیدا پێکەوە تەنیون. داڕمانی ئەم سەردەمەی خۆرهەڵات بە روونی ئەوەمان پێشان دەدات کە ئەو بەهایانەی لە ژیارەکانی ئاسیادا ملکەچی «دنیایی بوون» بوون، ئیدی نە رەونەقی پێشوویان ماوە و نە متمانەی لەمەوبەریان بۆ خۆیان پاراستووە. بەڵام ئەم واقیعیەتە رێگەی ئەوە ناگرێ نیشانەی ئەو باوەڕ و بینین و کاتگۆڕی و هەستکردنە جادوویی‌یانەی لە قووڵایی ئەندێشە و بیرەوەریماندا سەرکوت کراون، بەجێ نەمابن و شوێنەواریان جێ نەهێشتبێ. لە ئەمڕۆوە تا سبەی ناتوانرێ رۆحی میللەتێک بگۆڕدرێ. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوەی «مرۆڤایەتیی مرۆڤ» لە بیری ئیسلام و هیندۆیی و ژاپۆنییەکاندا (کە لە هەموو میللەتانی دیکەی ئاسیا زیاتر چوونەتە بەرگی خۆراواوە) بە وجوود دەهێنێت، لە کونجی زەینماندا دەمێنێتەوە. ئەم پاشماوانە زۆر جاران لە قووڵایی‌یەوە سەر دەردەهێنن و خۆیان دەنوێنن، هەڵوێستمان دەستنیشان دەکەن و کار دەکەنە سەر بیرکردنەوەمان و رەوتی عاتیفە و سۆزمان بەرەو جێگەیەک کێش دەکەن، کە رێک و راست لەم مەیدانی عاتیفەیەدایە ئێمە هەر ئەوەمان لێ جێ دەمێنێت کە لەمەوبەر بووین!

لە نێوان ئەوەی بڕوامان پێیەتی و ئەوەش کە هەستی پێ دەکەین بۆشایی‌یەکی ئەوتۆ دروست بووە، کە نەک هەر تەنیا بەرەو زایینێکی نوێ و هێزە داهێنەرەکان نامانبات، بەڵکە تووشی حاڵەتێکی «شیزۆفرینی»شمان دەکات. ئەو حاڵەتەش لە کارە هونەری و ئەدەبیەکانماندا رەنگ دەداتەوە، خۆی نیشانەی زەمەنێکە کە پێیدا تێپەڕ دەبین.

ئەم بزووتنەوەیە، لەلایەکەوە دەمانشێوێنێ و لەلایەکی دیکەیشەوە هێزە داهێنەرەکانمان لە پەلوپۆ دەخات.

لە پەلوپۆمان دەخات چونکە ئێمە لە ئاست رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخدا هیچ جۆرە چەکێکمان بەدەستەوە نییە. تەنانەت توانای هەڵبژاردنیشمان نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە تاقە رێگەیەکە دەبێت بیبڕین و بیری گەڕانەوە لە سەرماندا نەهێڵین: چونکە ترسی ئەوەمان هەیە لە خەڵکانی دی بەجێ بمێنین و یەکسەر لە لانکی بزووتنەوەی مێژوو بچینە دەرەوە. رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخ، وتارێکە «خطاب» مێژوو وەک تەنیا چارەنووسێک دەیخاتە بەر دەستمان، تەنیا چارەنووسێکی وا کە دەبێت ئێمە بیگەیەنین بە ئەنجام.

توانا و بواری هەڵبژاردنیشمان نییە، چونکە ئەوەی بە سەرماندا دەسەپێنرێ بەشێک نییە لەو شتەی کە بتوانین دابەش بکەین و لە نێوان ئەو بەشانەدا ئەوە هەڵبژێرین کە تیماری برینەکانمان دەکات. ئەوەی بە سەرماندا دەسەپێنرێ ساختومانێکە، پێکهاتەیەکی دابەش نەبووە. ئێمە ئەوە باش دەزانین کە بەشێک لە «گشت»دایە و دەکرێ حسێبی لە سەرەوە بکرێ، بۆیە لە دوای ئەم بەسەرا سەپاندنە دەستمان بە بیرکردنەوە لە چەمکە مێژوویی‌یەکان کردووە. ئەوەتا لە پێشخستن و دواکەوتنی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو دەدوێین و باس لە دەرامەتی خەڵکی دەکەین. بەرنامە دادەڕێژین و کۆمپیوتەرەکان سەرنجمان رادەکێشن، لە ئاست تەکنۆلۆژیای سەرسوڕهێنەری جیهانی پێشکەوتوودا ئەفسوون دەمانگرێ.

حەز بە دەسەڵاتداری دەکەین و دەکەوینە بازاڕکردنەوە. لەلایەکەوە خەڵکی فێری خوێندەواری دەکەین و لەلایەکی دیکەشەوە بە پڕکردنی عەمباری مێشکیان لە رۆژنامە نابووتەکان هۆشیان تێک دەدەین. ئەوەمان لەبیر نییە رەنگە وا باشتر بێ، سەرەتا «میرزا» و بەناو «شت زانەکانمان» لە بنەڕەتەوە پەروەردە بکەینەوە. بە کورتییەکەی، رێک و راست ئێمە ئەو کارانە دەکەین کە دژی بەهاکانی جیهانی چەند هەزار ساڵەمانن.

بەڵام چارەنووسی دار و نەداری ئێمە، واتە ئەم بیروڕا کۆنانە، ئەم بیرەوەرییەی لەگەڵ خۆمان هەڵمان گرتووە، چی دەبێت؟ ئایا میراتی ئێمە دەتوانێت رەوتی رووداوەکان بهێنێتەوە مەداری خۆیان و ئارامگەیەک بۆ ژیانی ناوەوەمان پێکەوە بنێ؟ رەنگە، بەڵام بە شێوەیەکی نائاگا.

کەف و کوڵی خوێن و هەناسەدانی قووڵی فەرهەنگی و گەڕانەوە بۆ جەوهەر، ئەمانە گشتیان هۆکاری گرنگن، بەڵام لە بوارە ناماقووڵەکاندا، واتە لە سۆز و غەریزەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هۆکارانە دەبنە شوێنی پێشبینییە لە ئەندازە بەدەرە گەشبینییەکانمان، بەرنامە پڕ شۆڕەکانمان تێک دەدەنەوە، دەبنە رێگر لەبەردەم کارە جەسوورەکانماندا، بەکورتی بەشێک لە بوونمان ئەو شتانە رەت دەکاتەوە کە بەشەکەی دیمان پێویستی پێیانە. ئەم بارودۆخەش هێندە بەردەوام دەبێت تا بە ئەندازەیەک دەگات کە کاریگەریی تەکنیکی ئامانجە رۆشنبیرییەکانمان لە زەلکاوی موستەحیلدا دەمێننەوە.

بێگومان ئێمە هێشتا وەکوو پێویست سەر و ساختمان لەگەڵ تەکنیکدا نییە، لە نێوان «شت بوون»ی شتەکان و ئەو کاتیگۆرییانەی کە تەرازووی کاری ئێمەن هێشتاکە گونجان و جووتبوونێکی تەواو درووست نەبووە. هەر بۆیەشە لە بیری ئێمەدا مایەیەکی جیهانبینی ئەفسانەیی- شاعیری، شێوەی شتەکان دەگۆڕێت و ئەو شتانەمان زیاتر لە شێوەی

«یاری»یەکدا دێنێتەوە بەرچاو، تا شتی کارساز. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێت ئێمەی خۆرهەڵاتی «جگە لە ژاپۆنەکان» لە کارە تەکنیکیەکانماندا هێندە سەرکەوتوو نین.

بەڵام لە لایەکی ترەوە ئێمە بە زەنگی مەترسی بیریارە خۆرئاواییەکان بێدار بووینەتەوە کە بەردەوام لەمەڕ «نوێخوازی» و پیشەسازییەوە دەدوێن. هەروەها لەژێر کاریگەریی ئەو ناڕەزاییانەی کە سەرانسەری جیهانیان لە ئاست بەها زانستی- تەکنیکییەکاندا هێناوەتە لەرزە، بە خۆماندا هاتووینەتەوە و هێواش هێواش دەستمان بە پرسینەوە لە ناسنامەی فەرهەنگیمان و بەها نەمرەکانی نەریتانەماندا کردووە و تا ڕادەیەک پەیمان بەو خاڵە بردووە کە دەکرێ ڕووداوەکان بە جۆرێکی تریش ڕوو بدەن.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا چ کاریکمان بۆ وەدەستهێنانی چارەسەر بە ئەنجام گەیاندووە؟ هیچ! دیسانەوە جارێکی دی هەڵەکانی پێشوو دووبارە دەکەینەوە.

ڕێی تێ دەچێت ئەگەر بهاتبا و سوودمان لە ئەزموونی ئەو کەسانە وەرگرتبا کە لاسایییان دەکەینەوە، یاخود لە ئاست بیرەوەریی باو و باپیرانماندا ئەمەگمان دەبوو، بەپێی توانا لە چێشتنی ژەهری تێکشکانەکانیش خۆمان دەپاراست، بەڵام نەخێر! تەنانەت پەلەی ئەوەشمانە بۆڕی ئەوانەش بدەینەوە کە ئاشکرا نییە دەگەنە هەواری مەبەست، یاخود نەء.

ئەی هونەر لە چیدایە؟

ئایا دەکرێ بەو جۆرە قسان لەسەر هونەر بکەین کە پەیوەندی بە لایەنەکانی دییەوە نەبێت و دابڕی بکەین؟ بێگومان نەخێر.

کاتێک ڕۆح زیندووە گەر لە گشت بوارەکاندا چالاک بێت هیچ هونەرێکی واقیعی لە ئێمەدا سەر هەڵنادات گەر بێت و لەژێر کاریگەریی قەڵەمڕەوی لایەنە مەعنەویەکانی تردا نەبێت. مانای ئەم قسەیەش ئەوە ناگەیەنێت هەرچی هونەرمەند بیکات شاعیرانەیە. بەڵام پێویستە بار و دۆخێکی گونجاو لە ئارادا بێت تاکوو مەسەلە ڕۆحییەکان بپشکوێن و یەکتری ئاوس بکەنەوە. هەر بەم پێیەش دەتوانین باس لە (ڕۆحی زەمانە)وە بکەین. جا ئەم ڕۆحی زەمانەیە «وجوود» بگرێتەوە یاخود دیالێکتیکی هەلومەرجەکانی سەردەمی دیاریکراو. هونەری خۆراوا دیاردەیەکی دابڕاو نییە لە فەرهەنگی ئەم سەردەمەی خۆراوا. لەم فەرهەنگەدا پەیوەندییەکی قووڵ و ئۆرگانیکی لەناو ئەو شۆڕشانەدا هەیە کە لە گشت بوارەکاندا ڕوو دەدەن. جیهانبینییە نوێیەکانیش لە هەمان کاتدا کە دروست دەبن و ئاسۆی ڕوانینمان لە ئاست جیهاندا فراوانتر دەکەن، هەر لەو کاتەشدا ژێرپێمان کە خۆی لە خۆیدا سست و لاوازە، زیاتر خاڵی دەکەن. میکانیکی «کوانتا» ئەوە دەردەخا کە .بەشە پێکەوە بەستراوەکانی ماددە ناچنە ژێر یاساکانی فیزیای کلاسیکەوە. لێرەشەوە ئێمە ڕووبەڕووی چەمکی وەک «بێ برانەوە»ی نیسبەت و هۆی بوون و ماتماتیک دەبینەوە. کەواتە تا دێت پێکهاتەکانی ماددە تاریکتر دەبن و مەیدانی نەناسراوەکان و نهێنییەکان بەرینتر دەبن.

«فرۆید» لە قووڵاییی دەروون دەکۆڵێتەوە و میکانیزمی نائاگاییی تاک و «لیبیدۆ» دەدۆزێتەوە، «یۆنگ»یش گشتی بوون دەداتە ئەو نائاگایییە و ناوی دەنێ «نائاگاییی گشتی» -کۆمەڵی- کە لە سەرچاوەی ئەزەلیی ئادەمیزادەوەیە. کۆمەڵناسانی فرانسەیی لە پێکهاتەی زەینیی نەتەوە سەرەتایییەکان دەکۆڵنەوە و زاراوەی «پێش عەقڵ» یاخود «پەیوەندیی جادوویی»یان بەسەردا دەبڕن. «ئیدمۆند هیسلەر» ئاوڕ دەداتەوە لە خودی دیاردەکان و «عاتیفییەتی زەینی» دەدۆزێتەوە. ئا لەم بار و دۆخ و کەشەدایە، بزووتنەوە مۆدێرن و گەورەکانی هونەر سەرهەڵدەدەن. هەر لە ئیمپرسیۆنیزم و فۆتۆریزمەوە بگرە تاکو کوبیزم و سوریالیزم. هەر لەم کەشەدایە، «سیزان» گەرەکیەتی سرووشت لە شێوەی «لوولەیی، تۆپی و قوچکەیی»دا پیشان بدات. هەروەها «پۆل کیلە» کە هونەرمەندێکی زانایە، دەیەوێت نەبینراو بکاتە بینراو. ئەمە جگەلەوەی بە تێڕوانینی ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە بە باشی لەوە تێدەگەین کە لەمدیو ئەم بزووتنەوە و گۆڕانکارییە هونەرییانەوە، چ ڕەوتێکی توانەوە و لێکدابڕانی فەرهەنگەکان بەدی دەکرێ و چۆنیش وردە وردە وێنەی دێرینەی مرۆڤ شوێنی لێڵ دەبێت.

زاناکان باسی «نیهیلیزم» دەکەن، «شپینگلەر» پێشبینیی ڕمانی خۆرئاوا دەکات، پاڵەوانە ئەدەبییەکان نموونەی ترس و دڵەڕاوکێ و پووچین، هەروەک چۆن «مالتە»ی پاڵەوانی یەکێک لە چیرۆکەکانی ڕیلکە، لە جەوهەری «ناموومکین»دا بۆ ژیان دەگەڕێ. بەڵام ڕێک و ڕاست هەر هەمان «ناموومکین»ە لە



ئەزموونێکی نوێی مەعنەویدا سەرهەڵدەدات. هەر بۆیەشە «ت. س. ئیلیۆت» سەرنجمان بۆ لای «خاڵی وەستانی جیهان گەردان» ڕادەکێشێ و «مارتین هایدگەر» باس لە «کەینوونەی وجوود» دەکات کە ئەمەش هەر بیرکردنەوەی بێ بیرکردنەوە، واتە واقیعیەتی وجوودە.

ئێستا با بزانین لەلای ئێمە هونەر لە چیدایە؟

ئایا لەلای ئێمەش هونەر ئەو قۆناغی نیهیلیستییەی تەی کردووە کە بە گشتی باسمان کرد؟

بێگومان ڕۆحی زەمانەی ئێمەش لە شێوەی ئەو گەردوونەیەدا کە «شپلینگەر» پێشینی کردووە، بە سەرماندا سەپێنراوە. هونەری خۆرهەڵات وەکوو خۆی ماوەتەوە. مەبەست لەم هونەرەش ئەو بیرەوەرییە نەمرانەیە کە ساختومانی زەین و ئەو «گشتە» کارسازەیە کە یاسای فەرهەنگیمان دەپارێزێت. لەم یاسا فەرهەنگییەدا، نموونەکان، شێوەکان لە «یەک شێوە بینین»دا دووبارە دەبنەوە و لە جەوهەری ناوەوەی خۆیاندا ژیان دووبارە دەکەنەوە، نەک لە ڕووخسارە دەرەکییەکاندا. نیشانەی ئەم خاڵەش ئەوەیە کەوا هونەرمەندەکانمان چەندین سەدەیە هەر ئەو نەخش و نیگارانە دەڕازێننەوە کە لە ئەزموون و ژیانی مەعنەوییەوە ئاویان خواردۆتەوە. لەبەر ئەوە مەبەستی خونەرمەندەکانی ئێمە داهێنانی تاکە کەسی و گۆڕان نییە، بەڵکوو وەفادارییە لە ئاست بیرەوەری نەتەوەییماندا. ئەو وەفاداریەی بە ناچاری تۆوی ژیانەوە و زانەوەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

خاڵێکی دی دەرکەوتنی ئەم وەفاداریە، توانەوەی تاکە لە گشتێکدا کە شوێنی تاکی تێدا سڕاوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە پەردەی بێناوی داهێنانەکانی هونەری ئاسیا دادەپۆشێ و ئەزموونی مەعنەویەتی گشتی مرۆڤ لەلای ئێمە ئەو گرنگییە بەدەست دەهێنێت، چونکە تەنیا ئەوانە دەرگای بیرەوەرییان بۆ واڵا کراوە کە شتیان لەبیر ناچێتەوە و تەنیا ئەو کەسانەش شتیان لەبیر ناچێتەوە کە خۆیان حەشار نەداوە. خۆنەشاردنەوە واتە پەی بردن بە نهێنییەکان. هەر پەی بردنێکیش دۆزینەوەی جیهانێکە، کەوا ئەوەتا لە دەروونی هونەرمەنددا. دۆزینەوەی جیهان بەم مانا تایبەتییەی، بەندە بە تێڕوانینی هونەرمەندەوە بۆ حەقیقەت. ئەو حەقیقەتەی نەک لە شێوەی شتبوونی شتەکاندا- بازنە، چوارگۆشە، یاخود ئەو قەوارانەی دەستی مرۆڤ دروستی کردوون- خۆی دەنوێنێ، بەڵکوو ئەو حەقیقەتەی لە گومبەزێکی یاقووتی سارایەکی چۆڵدا دەدرەوشێتەوە، یاخود ئەو حەقیقەتەی لە کەنار تاڤگەیەکەوە فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵوەتی «چینی»یەکدا دەکات.یان ئەوەی بزە دەخاتە سەرلێوی «بودی ساتوا»یەک. هەر بۆیەشە نەخش و نیگاری شەپۆل ئاسای خەیاڵ، ئەوەندەی برەو لە هونەری ئێرانیدا پەیدا کردووە.

بەڵام ئایا لەو کاتەوە کە بەها هونەرییەکان پووچ بوونەوە، لەو کاتەوە کە گومبەزە یاقووتییەکان لەژێر لافاوی لمی سارادا نغرۆبوون و خەندەی سەرلێوی بودایییەکان کاڵ بۆتەوە، دەتوانرێت بانگەواز بۆ داهێنانەکانی هونەری خۆرهەڵات لەسەر ئاستی ڕابردوویانەوە بکرێت؟

دیارە هێشتا لێرەولەوێ پاشماوەی هونەری دێرینەمان ماونەتەوە، بەڵام گەنجینەکانی هونەری دێرینەمان ئەوەتان لە حاڵەتی توانەوەدا و هونەرمەندەکانیشمان دەیانەوێت بە نۆرەی خۆیان ڕۆڵی «پرۆمسیۆس» بنوێنن و دێوی دوودڵی دەستەمۆ بکەن. بەڵام ئایا ئەوانیش قۆناغی دوور و درێژی دارمانی بەهاکان و نیهیلیزم و نامۆبوونیان تێپەڕاندووە؟ واتە ئەو لایەنانە ئەبستراکت و چەمکە یەکلایییانە، ئەو لایانانەی کە هەلومەرجی واقیعی ژیانێکی سەربەرەوخوار و عەدەمی پێشان دەدەن. ئایا ئەوانیش «ئەو هونەرمەندانە» «میکانیزمی کوانتا»یان لە بوونی خۆیاندا هەستپێکردووە و (ماددە)یان لە (ماددە) بوونیدا دۆزیوەتەوە؟ ئایا ئەوانیش سرووشتیان لە شێوەی بازنە و چوارگۆشەدا کردۆتە (شت)؟. نەخێر ئەوان کاری وایان نەکردووە. ئەی باشە ئەمە چ هونەرێکە کە دوورە لە بیرەوەریی نەتەوەیی و دینامیەتی بێبینایی دەسەڵاتی بە هێزەوە بەستراویش ناناسێت؟

ئەو هونەرە وەک سەراپای بوارە مەعنەوییەکانی ترمان لە بڕینی قۆناغی «بەرزەخ»دایە. واتە نە لە داهێنانی دێوانە ئاسای «ڤانگۆخ»ـەوە ئاو دەخواتەوە و، نە لە ئاووهەوای ئەفسووناوی و خەیاڵی میناتۆرەکانیشمانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. هونەری لەو بابەتە، یا ئەوەتا لاسایی شێوەکانی پێشوو دەکاتەوە- بەبێ ئەوەی پەی بە مەعنەویاتەکانیشیان ببات- یان ئەوەتا دەچێتە ژێر کاریگەری شێوەکاریی هونەری مۆدێرنەوە. بۆیە پێویستە هەموو شتێک لە نوێ ئەنجام بدەینەوە. پێویستە لەسەرەتاوە خۆمان فێری بیرکردنەوە بکەین و خۆمان بژێنینەوە. شارستانیەتە

مەزنەکانی ئاسیا، بەبێ تێگەیشتن لە «قەدەری مێژوویی» نە دەتوانن بزوتنەوەیەکی مەترسیدار دەست پێ بکەن و نە دەشتوانن رۆحی خۆیان رزگار بکەن و لە کاری داهێنەرانەی خوڵقاندنی جیهانی نوێدا بەشداری بکەن. جا بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو تێگەیشتنە بەدەست بهێنرێت پێویستە سەراپای ئەو چەمک و دەربڕینانە بناسینەوە کە لە سەدەی پێشووەوە هاتوونەتە نێو ئەندێشەمانەوە. بە واتایەکی دی، پێویستە ئێمە جارێکی دی فێری بیرکردنەوە ببین و، خۆمان لەوەدا بناسینەوە کە لە واقیعدا تێیداین، نەکوو لەوەدا کە بیری لێ دەکەینەوە. پێویستە ئێمە ببینە ئەوەی کە هەین.

ئایا دەکرێ گونجانێک، یاخود سازانێک لە نێوان رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخ و شێوەی بیرکردنەوە و هەست کردنماندا بهێنینە دی؟ بە واتایەکی دی، ئایا دەکرێ تەکنیک و نەریت ئاشت بکەینەوە و بیرەوەریی نەتەوەیی رزگار بکرێت، لە هەمان کاتیشدا خۆمان لە ئاست رەنجی «لە دەستدانی بیرەوەرییەکانمان» رابگرین؟

ئێمە زۆرکات دەمانەوێت وەک شتێکی بێ زیان تەماشای تەکنیک بکەین کە بەدەردی جۆرەها کار دێت و ئەوەمان لەبیر دەچێتەوە، یاخود نازانین کە کرۆک و جەوهەری تەکنیک، «تەکنیک» نییە. ئەوەی راستی بێت خەیاڵێکی منداڵانەی ساکارە گەر بمانەوێت تەکنیک لە بەها پێوە گرێدراوەکانی هەڵاوێرین. ئێمە زۆرجاران لەبیرمان دەچێتەوە یاخود نازانین، کە زانست و تەکنیک و تەکنەلۆژی لە بیری خۆرئاوادا هەرگیز لێکدی جیا ناکرێنەوە، چونکە ئەو دیاردانە ئەنجامی بیری خۆرئاوان. گەر لەم ڕێڕەوە مێژووییەشدا سەرکەوتنی یەک بە دوای یەک و سەرسووڕهێنەر و لافاوی دنیایی بوون هەمیشە کڵپەیان سەندووە، ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە میکانیزم بەدیهێنەری تەکنیک بووە. لەو رۆژگارەیشەوە سەرکەوتنی ئەم ڕێڕەوە هاتە دی کە «نموونە جەوهەر»ییەکان شوێنی خۆیان بۆ پەیوەندییە ریازییەکان و بەها چەندییەکان- کمیە- چۆڵ کرد. لەو رۆژەوە بوو کە زانست وەکو هێزێک، دەستی بەسەر جیهانبینی ئەفسانەیی و لێ ووردبوونەوەی مرۆڤدا گرت.

هۆی چییە مەبەستی زانست لای «تاوۆ»ی چینی «نەفسی بێ کردارە» و ئایینی هیندۆیی و ئایینی ئیسلام کردەوەی بێ مەبەست و رازی بوونی (پەروەردگار) تەرویج دەکەن و لە لای عارفێکی وەک «ئۆکهارت»یش پچڕان - بنەمایەکی بێ چەند و چۆنە. هۆکەی ئەوەیە لە کردەوە جێبەجێ کردندا، واتە لەو کردەوەیەی لە «بوونەشت و پراکتیک کردندا» کۆتایی پێ دێت، هێزێک خۆی حەشارداوە، ئەم هێزە لە کاتێکدا کە بەها مەعریفییەکان پچڕ پچڕ دەبن، بوارێکی وا دەخوڵقێنێت و پەرچەکردارێکی وا دێنێتە بوون کە لە ئەنجامدا بە کۆتایی هاتنی هەست و ئیدراک تەواو دەبێت.

ئەم مەترسییە ناوەکییەی کە لە ماهییەتی گشت جۆرە «کردارێکی بە مەبەست»دا دەبینرێ، و ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی سرووشت و دابەزاندنێتی بۆسەر ئاستی «سەرچاوەی وزە»، کە ئەو وزەیەش دەگۆڕێ بۆ کاڵا، لەسەرەتادا لە سرووشتی ژیارەکانی خۆرهەڵات و تا سنوورێکیش لە ژیاری یونانیدا- بە تایبەتی ئەو کاتەی کە یۆنان وەک بازییەکی بێ مەبەست لە بیری بێ ئەنجام دەیڕوانی- دەبینراو هەستی پێ دەکرا.

خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە بیری نوێ بە لەناوبردنی بیرەوەریمان دەست پێ دەکات. کاتێک «فرانسیس بیکۆن» هێرش دەباتەسەر پەیکەرەکانی زەین و بە نێوی زانستی ئەزموونگەرییەوە تاوانباریان دەکات، لە راستیدا بانگەواز بۆ ئەو دیاردەیە دەکات کە لە سەدەی سێزدەمدا پێی گرتبوو و کەسانێکی وەک «رۆجێر بیکۆن» و «ئەلبێرتی مەزن» پەلەی ئەوەیان بوو دایسەپێنن. هەروەها کەسێکی وەک «ئۆکهایم»یش ئەو ڕێچکەیەی ئامادە کردبوو کە بۆ رێنیسانس و سەردەمی نوێ سوودی لێ وەردەگیرا.

پەیکەرەکانی «فرانسیس بیکۆن» بەلای ئێمەوە، بەو مانایەی لە نەریتی ئیسلامیدا هاتووە، واتە ئەو گەنجینانەی کە مرۆڤ لە شێوەی بیرەوەرییدا لە باوباپیرانی خۆیەوە وەریگرتوون و لە ئاستیشیاندا، تا رۆژی (وادە و پەیمان) بە وەفاداری دەمێنێتەوە. «بەکاربردنی زانست و پێشخستن»یشی، وەک ئەوەی «بیکۆن» بانگەوازی بۆ دەکات و لە فەلسەفەی نوێشدا دەبێتە جێگەی سەرنجڕاکێشانی «دیکارت»، بۆ خۆی وەڕووخستنی ئوسلووبی داگیرکارە و لێپرسراو پیشەیەکە، ئێمە شوێن دەستی لە تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا دەبینینەوە و ئەوانەش کە بە گەڕی دەخەن هەرهەمان «تەکنۆکرات»ەکانی ئەم سەردەمەن.

لە کاتێکدا کەسێکی ئاسایی بۆ پشکووتنی بیری شهودی و ئەفسانەیی نەبێت، ئازادی ناوەوەی مرۆڤیش هەناسە



سواردەبێت. ئازادی هەر ئەوە نییە کە شۆڕشگێڕەکان لە ئەنجامی دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتداران، یاخود لە بواری نایەکسانە کۆمەڵایەتی و سەرکەوتنی تێکۆشانی چینایەتیدا بەدی دەکەن. ئازادی جگە لە هەموو ئەوانەی سەرەوە، بینینێکی بێ مەبەستە لە یاریگای جیهاندا.

ئەو بینینەی بە قووڵی لە ئایدیالەکانی حیکمەتی خۆرهەڵاتیدا دەبینرێن. «ئارهات»ی بودایی و مرۆڤی کامڵی ئیسلامی و «ئازادەبوو»ی هیندۆیی، گشتیان نموونەی ئەو بینینە بێ مەبەستەن کە لە یاریگای جیهاندا چاو هەڵدەهێنن.

سەبارەت بەوەی بۆچی لە ناخی مەسەلەکاندا، دیاردەیەک هەیە و ئەم دیاردەیەش لە فەلسەفەی هیندا وەک پشکووتنی گوڵێکی جادوویی لە بەرەبەیانی ئەفسانەی بووندا خۆی پیشان دەدات و لە ئایینی ئیسلامدا بە شێوەی بارینی رەحمەتی رەنگاوڕەنگ بەسەر جیهاندا دەردەکەوێت و لای بودایی‌یەتیش وەک پرشنگی گەردوون دەپەڕێتە سەر ئۆقیانووسی ئەزەل خۆی دەنوێنێ، دەتوانین بڵێین: لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە بارانی جیهانبینی ئەفسانەیی شاعیری فەرهەنگی خۆرهەڵات دەیبارێنێ و بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە. هەر بۆیە لەبەر ئەوەیشە مرۆڤی خۆرهەڵاتی سەرنجی بۆلای شتەکان کێش نابێت و خۆی لە نێو ئازادیی خۆیدا وەک ئەو شتە دەبینێ کە ئەوی بە بازی گرتووە.

بەڵام کاتێک ئێمە بیر لە زانست و تەکنیکی خۆرئاوا دەکەینەوە و چەندین سەرکەوتنی بۆ مرۆڤ تێدا بەدی دەکەین، مانای ئەوە نییە ئێمە هەرشتێکی دژ بەو زانست و تەکنەلۆژیایە بێت بە واقیعی و شایانی هەستکردنی نازانسیدا و نامانەوێت لە تەرازووی زانستیدا هەڵیسەنگێنن؟ کاتێک ئێمە دەڵێین: فلان شت لە رووی زانستییەوە تاقیکراوەتەوە، لە راستیدا سەرچاوەیەکی رەها دەستنیشان دەکەین کە گشت دژایەتییەکی وەلاخستووە و لەمەڕ مەعنەویاتیشەوە، ئەگەر مرۆڤێکی بە راوتەگبیربین، ئەوا گۆڕەپانی وەڵامەکان پڕ دەکەین لە بیروڕای تایبەتی و تاکە کەسیمان! هوی ئەمەش ئەوەیە کە بوارە مەعنەوییەکان لە بارودۆخێکی نەگونجاو بۆ درەخشانەوە یان هەرگیز سەرهەڵنادەن و ناچار بەرەو بیروڕای تاکە کەسی تایبەت راپێچ دەکرێن. پەیڕەوکارانی قوتابخانەی «ڤیدانتا- ویدانتا» دەڵێن: «هەر زانستێکی ئەزموونکراو تا ئەو کاتەی پێچەوانەکەی نەخرێتە روو، راستە». کەواتە دەتوانین بڵێین مادام «بوون» بە داپۆشراوی و پەردەداری بمێنێتەوە، حەقیقەتیش هەروەک زانیاری ئێمە لەمەڕ جیهانی (ئەزموونکراو) خۆی دەنوێنێت.

باشە ئەی ناکرێ ئەوە زیاد بکرێ و بگوترێ: کەواتە هەرکات مرۆڤ لە پلەی لێ وردبوونەوەی کامڵ نزیک بکەوێتەوە، بایەخی واقیعیەتی زانستی- تەکنیکیش رێژەیەکی زۆرتر بە دەست دەهێنێ؟ بەڵام ئەم کارە بە ئێمە ناکرێ و ئازایەتی و چاونەترسییەکی بێسنووری گەرەکە. زانیاریی ئێمە کە زیاتر لە بوارێکدا چڕ دەبنەوە ناچارمان دەکەن تەنیا لە سنووری زانستێکدا بمێنینەوە. هەر بۆیەشە ئەو پەناگایەی ئەو تاقە زانستە پێمان دەبەخشێ دەبێتە جێی شانازی پێوەکردنمان! بەڵام هەر ئەزموونێکی مەعنەوی، تەکانێکە لە گۆڕەپانی بووندا و مەترسییەکە تەنیا ئەو مرۆڤانە هەڵدەستان بە بەدیهێنانی کە لە ساتە وەختێکی دیاریکراودا، ساتە وەختێکی شکۆدار، دەیانتوانی سنوورەکان تێک بشکێنن و بازبدەنە ئەودیو سنوورەکانی خۆیانەوە. بەڵام مرۆڤی ئەوڕۆکە هەرچەندە لە زانستدا دەوڵەمەندتر ببێت، هێندەش جیهانبینی خۆی تەسکتر دەکاتەوە و بە قسەی شاعیرێک: «باڵە گەورەکانی دەبنە رێگر لە بەردەم فڕینیدا».

ئێستاش لە کۆتاییدا ئەوەتا رووبەڕووی هەمان پرسیار دەبینەوە: مەبەست لە رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخ چییە؟ مانای رووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخ ئەوەیە کە ئێمە لە ئاست مەترسیی گۆڕانی پەیوەندیی مرۆڤ بە جیهان و سرووشتەوە ماوینەتەوە. لەبەر ئەوە ئەم رووبەڕووبوونەوەیە نەک هەر گفتوگۆی نێوان فەرهەنگەکان ناخەملێنێ، بەڵکوو بڕیاری توانەوەی گشت فەرهەنگەکانی لەلایەن تاقە فەرهەنگێکەوە هێناوە کە ئیدی بۆتە دیاردەیەکی جیهانگرەوە. ئێمەش بەپێی توانای خۆمان، لەو نهیلیزمەدا کە «نیتشە» لە سەدەی رابردوودا تاقە پێشبینیکەرێکی بوو، گێنگڵ دەدەین.

لەم رەوتە مێژووییەدا جیهانبینی ئێمە چاوی بڕیوەتە نەمانی خوداکان و داڕمان و بێنرخیی بەها میتافیزیکییەکان. ئەو شتەی کە ئێستا لە خۆرئاوا جۆرێک بەرگریی لە ئاستا پێشان دەدرێ و لەگەڵ باڵکێشانی نهیلیزم بەسەر گشت لایەنێکی ژیاندا، هێشتا هەوڵی بە درۆخستنەوەی دەدرێ. کەواتە ئێمە تازە بیروڕا ساکارەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەڵێینەوە و بە خۆشبینییەکی وەهاوە

باسی زانست دەکەین، وەک ئەوەی چاوەڕێی عیسای ئاخرزەمان بکەین. ئەو دووڕیانە دەردەدارەی کە گۆڕەپانی هێنان و بردنی دووڕووی دژ بەیەکی بوونی ئێمەی پێک هێناوە، هەوڵ و کۆششمان شەل و شکست دەکات و دەبێتە ڕێگر لە بەردەم جووڵەماندا و ڕێگەی پشکووتنی بیر و بینینمان دەبەستێ. بیر و بینینیش ئەوکاتە داهێنەر و بەرهەمدارە، یان ئەوەتا لە رابووردووەوە ئاو بخواتەوە، یاخود وەک حەکیمە مسوڵمانەکان دەڵێن: لە ڕۆشنایی پێغەمبەرێتییەوە تیشک وەربگرێ، یاخود بە تەواوی سەربەخۆ بێت. واتە لانەی نەتەوەیی چۆڵ بکات و خۆی بداتە بەر ئاو و ئاگر تاوەکوو بنەمای نوێ بەدەست بهێنێت. مێژوویی بیری خۆرئاوا جۆرە هەوڵدانێکە بەرەو بەدەستهێنانی بنەمای نوێ. ئێمەش لە حاڵی حازردا نە توانامان هەیە خۆمان بە ڕۆشنایی پێغەمبەری بگەیەنین و، نە هێندەش ئازادین تاوەکو دەست بدەینە کارێکی وەک «لسیسی فۆس» و لەبەریشی دەرنەچین. لێرە دەرکراو و لەوێش حەپەساو. ئێمەی خۆرهەڵاتی لە «بەرزەخی» بێ ئارامی و هەداداندا کە ئاوا زامدار و کە لەلای کردووین و پەرچە کردارەکانیشمان ناچنە بەر تیشکی پێشینییەوە، گرفتار ماوینەتەوە. لە نێوان دوو قوتبدا دەتلێینەوە: لە نێوان «لاوتسێ» و «مارکس»دا، لە نێوان ڕەفتاری جوامێرانەی سامۆراییەکان و ڕقی ئابووریدا. لەو شوێنەی هێزە داهێنەرەکانیش گرژ ببنەوە، دەرکەوتنی هەر جۆرە بارودۆخێک بە بیردا دێت، تەنانەت دوورترین و نامومکینترینیشیان.

ئایا دەتوانرێت سازانێک لە نێوان ئەم دوو ڕووەی بوونماندا بەدی بهێنرێت، کە یەکێکیان بەرەو ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەژێر ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراودا رامان دەکێشێ و ئەوی دیکەشیان بە قسەی «ئوکهارت» بەرەو «بیابانی بوون» یاخود وەک «حافز» دەڵێ بەرەو بانگی جەرەس داوەتمان دەکات؟

هەرکات ئەو نهێنییە پێ بزانین، یاخود ئەم پرسیارە بخەینە ڕوو، ئەوکاتە تا ڕادەیەک لە خۆمان حاڵی بووین.

* * *

ئەم باسە لەم سەرچاوەیەوە کراوەتە کوردی:
بتهای ذهنی و خاطره ازلی، داریوش شایگان،
مؤسسه‌ء انتشارات امیرکبیر.
تهران ۲۵۳۵ چاپ اول. ص ۱۳– ۳۶.
□



# ئالبوومی کوردەواری

وێنەی یەکەم:

ئەم وێنەیەمان بەهۆی دۆستێکەوە لە کوردستان پێ گەیشتووە. ئەو دۆستە وێنەکەی پێش ساڵێ ناردووە و لەبارەیەوە ئاوای نووسیوە: «لە شەڕێک لە شەڕەکانی ئەم دواییەی کوردستان عەسکەرێک کوژراوە و ئەم وێنەیە لە باخەڵیدا دۆزراوەتەوە. دیارە ئەو هیوای ئەوە بووە کە ئەگەر بەدیل گیرا، یا خۆی تەسلیم کرد، ئەم وێنەیە شەفاعەتی لای پێشمەرگەکان بۆ بکات. دووریش نییە ئەو عەسکەرە کوڕ یا خزمی یەکێک لەو عەرەبانە بێت کە لەگەڵ شێخدا وێنەیان گرتووە»

ئەوانەی لە وێنەکەدا دەناسرێنەوە: شێخ مەحموودی حەفید، شێخ قادری حەفید، محەمەدی حاجی سەی حەسەن، عەبدوڵڵا ئەفەندی و مامۆستا تۆفیق وەهبی – ن.

وێنەی دووەم و سێیەم:

ئەم دوو وێنەیەمان لە لایەن کاک فەرهاد پیرباڵەوە بۆ هاتوون و ئەویش، وەک خۆی نووسیویەتی، لە پرۆفیسۆر شاکرۆیێ خودۆ وەریگرتوون.

ساڵی ١٩٥٩ وەفدێکی عێراقی (عەرەب و کورد) دەچنە سەردانی یەکێتیی سۆڤیەت و سەری ئەرمەنستانیش دەدەن بۆ چاوپێکەوتنی کوردی ئەو وڵاتە. یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە مامۆستا (گۆران)ی شاعیر بووە. لە شارۆچکەی (ئەلەگەز) لە ئەرمەنستان، کۆڕێکی فەرهەنگی بۆ پێشوازیی میوانەکان ساز دەکرێ. لە کۆڕەکەدا وتار و سڵاونامە و بەخێرهاتن و باس و خواسی جۆربەجۆر دەکرێ. مامۆستا گۆرانیش چەند شیعرێک دەخوێنێتەوە.

وێنەی دووەم: گۆران لەگەڵ وەفدە عێراقییەکەدا لە شارۆچکەی ئەلەگەز. لە ڕاستەوە بۆ چەپ: بەڕێوەبەری شارەوانی جۆرج پێدرۆسیا، نادۆیی مەحموودۆ، گۆران، جەمال حەیدەری، گارشین ئیڤان ئیلیچ، شاکرۆیی خودۆ.

وێنەی سێیەم: مامۆستا گۆران لە ئەلەگەز، لە کۆڕێکدا شیعر دەخوێنێتەوە.









فەرهاد شاکەلی

# ئەستێرە پێم دەڵێن

○ دورجی گەوهەرشارەوەی هەزار رەنگت ناکەیتەوە، لەبەر تیشکی رۆژی رەنگپەڕیو، گەوهەرێک هەڵگرم. ئەمەیە زایەڵەی ئەم دەردە بێسرەوتە؛ شیرێکە تەمەنمی لەت لەت کردووە. تۆماری بە خوێن نەخشینم دەکاتە ئالای نهێنپەرستی. نهێنی چی؟ ئەوی رازو نەگوتراوە وێنەی چلوورەی زستانان بە دەروازەی پاییزی خۆناسیمدا داچۆڕاوە. دێم و بە دووی سێبەری شێوە شەوەزەنگی ئاوارەییدا هەڵدێم، وەرز خانەیەک، دەرووم لێ ناکاتەوە.

○ نوختەیەکم، لە شەفەقی هەزار و یەک ئەندازەییتا هەموو رەنگ و ناڕەنگە گومناوەکان دەئاڵۆزکێنم.
شەو و رۆژ، شەو و رۆژ، لەگەڵ تاریکاییدا وە دووت دەکەوم، هەواڵەی رووناکاییم دەکەیت. سەردەکێشمە وڵاتی گڕبارانی ئاشناییت. تاڵێ، هەر تاڵە تیشکێکم پیشان نادەیت.

○ لەو مەیخانە پان و بەرینەدا دار و پەردووی رۆژگارە مەستی دیمانەی یارانە. چۆڕێ مەی! رەوەیەک ئارەزووی کێوی شۆرەکاتی بیرەوەریم پێماڵ دەکات. لەبەرەبەیانی ساڵی تازەدا جلی ترسم دەکردە بەر ئارەزوو، وێنەتم لە درز بە درزی ئاوێنەی ئەم سەرزەوینەدا بەدی دەکرد و نەدەکرد، دڵم پەڵە هەورێکی سەرخۆشە، هاوسەفەری گشت بایەکە و، لەگەڵ هەموو سروەیەکدا دەکەوێتە لەرینەوە.

○ کێیە بە یادت شەو و رۆژی چرۆ نەکات، ساڵی نەبێتە سەد گوڵوەرز و دەر و دیواری زیندانیشی سەرا پەردەی سورمەڕێژ! چ دەوەنێ بە (دال)ی دڵداریت نابێتە دار و نابێتە دارستان! ئەمە زمانی زەریای نائارامی ئەوینە، هاژەی شاباڵی هەر شەپۆلێکی لەوێرانە هەواری بێدەنگیدا دەبێتە دەنگ و رەنگ.

○ بە دڵدا رادەبووری– ئاگرێکی ئەفسانەی مێژووم گڕ تێ بەردەدەیت، رابوردووی شەوارەم– نامەی شەرمەزاری– دێنیتەوە بیر. نەنیازێ، نەنزایی، ئەم بڵێسەیە ناکاتە تیشکی چرایێ، داوێنی شەوی شەواران بە رەنگی رۆژ



بنەخشێنێ. تۆڕی گومانە لە پەلوپۆی پەلەوەری خەیاڵم دەئاڵێ. بە رۆژ و بە شەو بیرم هەر لای زیندانێکە، نیوەی سەرخۆشی گیانمی تێدا دیلە.

○ لە هەناسەی زەردەپەڕ بۆندارتری، کە دێیت و لە جەنگەڵی تەنهاییما سەر هەڵدەدەیت. نە هاژەی رووباری تەمەن، نە ناڵەی زریانی چاوەڕوانی، دوودڵیی ئەم بەردەلانە ناکاتە دڵنیایی. چ تەلیسمێ، چ جادوویەکە ناوی رۆژم لەبیر دەباتەوە، ورشەی برووسکەم لێ دەشارێتەوە و بە بارانی کازیوەڕەنگ دەوەنی بیرەوەریم دەلاوێنێتەوە.
کە گزنگی بەیان بە پەلکی رەشی شەودا شۆڕ دەبێتەوە، و رینجەیەکی ئاڵ لە باڵی خەونەکانم دەچۆڕێ.

○ نیگاری فریشتەئاسات لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم. نەک هەر من، با هەڵقە هەڵقەی زنجیر و کۆتیش رازی دڵت، بێ پەردە، بۆ هەڵڕێژن. لە هەواری کش و ماتی ئەم ئێوارستانەدا مووروی تاسەت دەهۆنمەوە، باسک و گەردنی شەوگاری پێ دەنەخشێنم. نە تاسەت دەبێتە ئاشنایی و نە خۆرێ هەڵدێ، ئەم گوڵەبەڕۆژەی سێبەرنشین، تاوێ، چاوی تێبڕێ.

○ ئەستێرە پێم دەڵێن: با گەردی سەرزەوی نیگای گەردوونپێوت خۆڵاوی نەکات، رازی تاریکە شەو، نەکەی، لای زەردەپەڕ بدرکێنی.

○ شەوانە، لە تالاری تەنهاییمدا چاو دەبڕمە جیهانێ لە رەشاوی تاریکیدا دەخولێتەوە. وێنەیەکی هەتاوم پێ نیشان دە، تاڵ بە تاڵی هەورێشمی گیانم دەکەمە چوارچێوەی.
لە زەمزەمەخانەی بێدەنگیدا
بە یادی یارانی بێناوە، شەوژمێرم...
لە کوێیە شاری هاودەمی چارەزانم
تەلان و دەشت و کێوی بۆ بپێوم.

سۆڵەنتوونا
١٩٩١/١/١٣

# ناوت سەوزایی‌ی پەلکی گیایە

بۆ نوختەیێ دەگەڕێم زەریای دڵمی تیا کۆبێتەوە،
دوور لە ڕووباری لێڵاوهێنەر، لە هەور و کرێوە دوور،
نە چپەی دارستانی بگاتێ و
نە بێدەنگیی بیابان.
بۆ شوێنێ/ بۆ ناشوێنێ دەگەڕێم ئەم زەریایە
شەپۆلە تۆڕەکانی خۆی تیا بدوێنێ و بە کەف و ئاوماڵکی
ڕەنگپەڕیو کەناری برینداری بشارێتەوە.

بیرم بە چۆڵەوانیی گەردووندا، شۆڕاوگەی هەورێکی
تەمەنکورتە،
دەسوورێتەوە،
ناپلکێ بە ئاڵ و واڵای ستێرێکی چاوگەشەوە، گرمۆڵەبێ،
برووسکەیەک نایئەنگێوێ
فێری بکا ژانی تیشک چۆن پل دەدا، ناهێورێ.

ناڵەی بێهومێدیم لە سارای ئەم سەرزەوینەدا
گەردەلوولێکە وەستانی نییە.
لەگەڵ گزنگی هەموو تازەڕۆژێکدا،
لەگەڵ زەردەپەڕی
گشت ساڵێکدا کە کێوی سەر بەتەمی تەمەنم
تریفەباران دەکا،
ڕوو لە ڕۆژهەڵات ڕادەوەستم،
چاوەڕێی پەیکی خۆرهەڵاتێکی ترم
جەغزی شەو و ڕۆژم لە بیر بباتەوە.

دەنگێ لە باڵەخانەی عەشقەوە بانگی دەدا،
شەوی بێدەنگی ئەوا ئیدی بەسەرچوو
لە پێخەفی ڕەشی تەمەن، ئەم جارە، وەرە دەر
نوێژێ بکە بۆ تیشکی ڕۆژە ئاشناکەت.
دڵم دیلی زیندانی زەمانێکە
ڕۆژ و شەو بە چوار دەوریا پەرژین،
تەنهایی ئامێزی گەرمی ژنێکە
ئەلفوبێی دڵداری نازانێ.

ناوت
زایەڵەی شەپۆلی تاسەباری زەریای دڵمە
بە بادەی یادت، کە مەست دەبن، سەما دەکەن.
ناوت
سەوزایی‌ی پەلکی گیایە،
سوورایی‌ی سێوێکی خەواڵووی پاییزانە
بە نابەدڵی
کە تەمەنی منداڵی بە جێ دەهێڵێ.
ناوت
خەونی دەنکە لمێکی بیابانە کە با، بە نهێنی،
بۆنی بارانی لە دوورەوە بۆ دێنێ.

سۆڵەنتوونا
١٩٩٠/٨/١٩



# ساڵی
# حەمە گڕوێ و مەلا وسوو
# چ بووە؟

سەید محەمەدی سەمەدی

لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهانی، «حاجی صمد خان شجاع الدوله» حاکمی وڵاتی ئازەربایجان بوو. ناوبراو پیاوی رووسان بوو و بە پشتیوانی وان هیچ جینایەتێک نەما کە نەیکا.

ئاخریش هەڵات و پەنای بۆ رووسان برد. خراپەکردنی ئەو شەخسە تا رادەیەک بوو کە حکوومەتی ئەو زەمانی ئێران لیبڕا کە لەسەر کاری لاباو یەکی دیکە بە جێنشینی دابنێ. کەوا بوو «تقی خان رشید الملک» کە بە (سەردار رەشید)یش نێوبانگی هەبوو، کرا بە جێنشینی. وەکی بەڵگە مێژوویی‌یەکان نیشان دەدەن، ئەویش زۆر لە حاجی صمد خان باشتر نەبووە.

تەقی خان رەشید ئەلمولک، لە ساڵی ١٣٢٢ یان ١٣٢٣ی مانگیدا دەبێتە حاکمی شاری سابڵاغ (مەهاباد). لە گەڕەکی پشت ئیدارەی دوخانیاتی مەهاباد و نێزیک بەهار بەندی ماڵە قازی (کە گەڕەکی وێنەتان –یشیان پێ‌دەکوت) خانوێک هەبووە کە هەر ئێستاش ماوە، دوو پیاو لەو خانوەدا بوون کە هەردووک شایەر بوون و لە داوەتان تەپڵ و دەفیان لێ داوە و بەزمیان گێڕاوە، بە نێوی «حەمە گڕوێ و مەلا وسوو». مەلا وسوو ژنێکی بێ غایەت جوان و لەبەردڵانی دەبێ. ڕێگای هاتووچۆی تەقی خانیش ئەغلەب بەو کووچەیەدا دەبێ. رۆژێک ئەو ژنە مەحبووبە لە بەردەرکی دەبێ کە حاکم بەوێدا دێ و دەچێتەوە ماڵی خۆی (مەحکەمەی). لە ڕێگادا کە چاوی بەو ژنە دەکەوێ دەحەپەسێ و هێزی ئەژنۆی نامێنێ تا بڕوا. هەردەگەڵ دەگاتەوە ماڵێ، فەورەن پیاوێک دەنێرێتە ماڵی ئەو ژنە ساحێب جەماڵە و بە کورتی لێی رادەسپێرێ. ژنەکە بە کابرای مەئموور دەڵێ: سبحەینێ بەیانی وەرەوە تا جوابی تۆ بدەمەوە. شەوێ کە مێردەکەی دێتەوە، نەقڵەکەی بە تەواوی بۆ دەگێڕێتەوە. مێردەکەشی دەڵێ بەیانی کە پیاوی حاکم هاتەوە بۆ وەڵام، پێی بڵێ کە موافیقم. هەر ئێستا حاکم بێتە ماڵێ. کە ڕۆژ زاهیر دەبێ مەلا وسوو لەگەڵ حەمە گڕوێی ڕەفیقی لە ماڵێدا خو دەشارنەوە و ناچنە دەرێ. مەئمووری حاکم بۆ جواب دێ. ژنە پێی دەڵێ: ئەوشۆ زۆرم فکر لێکردەوە. ناتوانم دڵی حاکم بشکێنم. بڕۆ هەر ئێستا بینێرە. کەسمان لە ماڵ نییە.

کابرا بە پەلە دێتەوە لای حاکم و دەڵێ قوربان هەستە بچۆ. ئەلئان چاوەڕێتە. حاکم هەڵدەستێ وڕێ دەکەوێ. دێتە ژووری ماڵێ و دەرکی ماڵێ دادەخا. کە دێتە وەتاغی، بە حەمە گڕوێ و مەلا وسووی هەتا لە زمانی دەخەن لێی دەدەن، ئەوجار ئەوی نابێ لەگەڵی بکەن، لەگەڵی دەکەن و بە هەموو گیان شکاوی و دڕاوی، بە ئیفتیزاح دیوی دەرێی دەنێن. بە هەزار حاڵ خۆی دەگەیێنێتەوە مەحکەمە. فەورەن چەند چەکداران رەوانە دەکا کە هەرچی زووتر ئەو دوو پیاوە دەردەست بکەن و بیانهێننە مەحکەمە. کە چەکدارەکان لە دەرکی ماڵەکە نێزیک دەبنەوە، لە ژووری ماڵێ را تەقەیان لێدەکرێ. ئەوانیش دەست دەکەنەوە. دەرگیری و شەڕە

تفەنگ زۆر توند دەبێ. کوژراو و بریندار لە پیاوانی حکوومەتدا پەیدا دەبن. حاکم چارەی نامێنێ دەنێرێتە لای «باپیر ئاغا»ی قونقەلا «قم قلعە»یە. باپیر ئاغاش عیددەیەک چەکدار دەنێرێ. شەش یا هەشت کەس لە پیاوانی حکوومەت دەکوژرێن. ژنە جوانەکەی مەلا وسوو وەبەر گوللە دێ و دەکوژرێ. ئاخری حەمە گرۆێ و مەلا وسوو گوللەیان لێ‌دەبرێ. مەئموورانی حکوومەت و چەکدارەکانی باپیر ئاغا وەبانی ماڵی ئەو دوو پیاوە دەکەون. بانەکە کون دەکەن و نەفت و سووتەمەنی لەوێرا دەماڵەکە دەکەن و ماڵەکە ئاور تێ بەردەدەن. حەمە گرۆێ و مەلا وسوو لە بەرامبەری ئاوردا تاقەت ناهێنن و وەخت دەبێ دووکەڵ بیانخنکێنێ. پاش ماوەیەک هەردووک دەردەپەڕنە دەرێ. هاتنەدەر و وەبەر بارانی گوللە کەوتنیان وێکڕا دەبێ. بەو چەشنە حەمە گرۆێ و مەلا وسوو لەسەر دیفاع لە ناموسی خۆیان پیاوانە دەکوژرێن و نێوی بە حورمەت لە دوای خۆیان بە جێ‌دێڵن.

«میرزا رەشید قادری» پیاوێکی موحتەرەم و بەڕێزە کە بۆ زۆربەی ئەهلی مەهابادێ ناسراوە، و هەر ئێستا لە حاڵی حەیاتدایە و نێزیکەی سەد (١٠٠) ساڵی تەمەن دەبێ. ئەو پیاوە دەڵێ کە من بۆخۆم شاهێدی عەینی ئەو بەسەرهاتە و بەتایبەتی شەڕە تفەنگی مەئموورانی حکوومەت و پیاوانی باپیر ئاغا و ئەو دوو نەفەرە بووم. ئەڵبەت بێجگە لە میرزا رەشید قادری، ئەفرادی دیکەش هەر ئێستا لە مەهابادا هەن کە ئەو بەسەرهاتەیان دیوە و وەبیریان دێ.

* * *

ئەو سەر چاوانەی کە ئەو بەسەرهاتەیان لە رووی تەنزیم کراوە:

١– تاریخ هیجده سالهء آذربایجان، نوشتهء احمد کسروی. انتشارات امیر کبیر.
٢– سرزمین زردشت– رضائیه. نوشتهء علی دهقان. انتشارات ابن سینا.
٣– ایران امروز ١٩٠٧–١٩٠٦ نوشتهء اوژن اوبن– ترجمهء علی اصغر سعیدی. انتشارات زوار.
٤– رجال آذربایجان– تألیف رامیان.
٥– تاریخ عمومی آذربایجان، نوشتهء سروان احمد کاویان پور.
٦– وتەکانی شیفاهی «میرزا رشید قادری» یەکێک لە پیاوە موحتەرەم و بە عومرەکانی مەهابادێ.

تاریخی لێکۆڵینەوە
١٣٦٤/٤/١٨
□



# دیوانی
# شێخ رەزای تاڵەبانی

## صوحبەتی شــێخ

شێخ کە هامصوحبەتی شامار و نەدیمی حەمە بێ
شێخ کە دۆستی مچە رێژاوی و ئەحمەدی جەمە بێ

شێخ لەبەر جەلبی دڵی ئایشە کوڕانە ژنەکەی
شیر بکێشێت و لە رووی والیدە دەستە و قەمە بێ

شێخ کە قودسییەتی پیرانی تەریقەت لە کنی
هەموو ئەفسانە و ئەفسوون و هەموو گاڵتە و گەمە بێ

شێخ کە گەووادی وەکوو (خادیمی سوججادە) لە لای
سەییدی حوڕ لە سولالەی عەلی و فاتیمە بێ

شێخ کە قەسری حەرەمی گێی‌یە مەقامی ئەعلا
سەر بڵند کات و بڵێ شێخ ئەمە، قەسری ئەمە بێ

شێخ ئەوا گۆی هونەری بردەوە، کەشکەک سەڵەوات
شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە دەستی بەمە بێ
❋ ❋ ❋

# شێخ عەلی تاڵەبانی

بێگانە هەموو صاحیبی جاهـ وجەبەرووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و رووتن

ئەی شێخ عەلی چاکە وسووقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە  بەم خەڵقە کە وەک تووڵە لە دووتن

قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەڵقە بە گۆش بوون
تەحقیقی بزانە بە خودا جوملە عەدووتن

رەحمیان نییە دەربارەیی تۆ خزم و ئەقاریب
موشفیقترە بێگانە لەمانە کە عەمموتن

نادان و قوڕمساغ و نەزانن کە ئەمانە
گاهێ لە سەما، گاهـ لە سەیری مەلەکووتن

ئەم تەکیەنشینانە، چ دەروێش و چ سۆفی
هەرچەندە بە دڵ موشتەغیلی زیکر و قونووتن

وەک حاجیی مابەینی (صەفا) و (مەروە) بە تەعجیل
بۆ لوقمە، ئەمانیش بە میسلی یوونس و حووتن

جومعانە براوە بە خودا، موفلیسە لامیع
نە پووڵی حەمامی هەیە، نە پارەیی توتن

※ ※ ※

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەروپیشە
کە گوێدرێژێ بە تەنها چۆن ئەبا ئەم بارەقامیشە
لە سەد باتمان خوری زیاتر نەبێ، کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆنی هەڵەگرێ، من سەرم سوڕ ماوە لەم ئیشە

※ ※ ※



# کۆچی دوایی‌ی هەژاری موکریانی

شەوی ٢٠-١٩٩١/٢/٢١ شاعیری ناسراو و خۆشەویست، زمانزان و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد مامۆستا هەژار (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی) کۆچی دوایی‌ی کرد.

هەواڵی کۆچی هەژار هەر زوو بە سەرتاسەری کوردستاندا و بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و ئەمریکادا بڵاوبووەوە و دڵی هەموو ئەدەبدۆستان و نیشتمانپەروەرانی کورد و دۆست و ئاشناو خۆشەویستانی هەژاری پڕ کرد لە خەم و ئێش و خەفەت.

هەژار لە ساڵی ١٩٢٠ لە سابڵاخ– کوردستانی رۆژهەڵات– لە دایک بووە و بەپێی رێوشوێنی ئەو سەردەمە لە زانستگەکانی سەر بە مزگەوتدا و لای مەلا زاناکانی کوردەواری خوێندوویەتی. هەر لە تەمەنی لاوێتیدا چۆتە ناو چالاکی و بزووتنەوەی کوردایەتییەوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، وێڕای هاوڕێی هەرە نیزیکی؛ مامۆستا هێمن، شاعیری میللی و دۆست و خۆشەویستی سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد بوو. لە پاش تێکچوونی کۆماری مەهاباد، وەک زۆر کەسی دیکە، هەژاریش ئاوارەی کوردستانی گەرمیان بوو. ساڵانێکی زۆر لە دەربەدەری و برسێتی و بێکاری و ماندوێتی و نەخۆشی و راوناندا ژیا. بە گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی لە رووسیا هیوای هەژار بووژایەوە. هەژار لەو بارەوە دەنووسێ: «گوتیان، بارزانی هاتەوە، گوتیان هەواڵت دەپرسێ... گوتیان دیاریی بۆ هێناوی. ئەی خوایە خەونە دەیبینم!؟ خۆ من ئەوا دوازدە ساڵە خەونی خۆشیشم نەدیوە!! نەخێر، دەرچوو: خەون نەبوو، لە خەو رابوونی بەختم بوو». هەژار تا ئەو رۆژەی کۆچی کرد دۆستایەتی و خۆشەویستی و وەفای بۆ بارزانی و کوردایەتیی بارزانی لە دڵدا بوو.

مامۆستا هەژار بە درێژایی‌ی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەری و چاپەمەنیدا خزمەتی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەکرد. دوای رێککەوتننامەی بەهاری ١٩٧٠، یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد بوو، یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکانی، وەرگێڕاوی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی بە کوردی، ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکرایەوە. دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول، هەژار لە ئێران گیرسایەوە و سەرلەنوێ، بە تایبەتی دوای هاتنە سەرکاری جەمهووریی ئیسلامی، کەوتەوە بڵاوکردنەوەی کارە گرنگ و هێژاکانی.

لەم ساڵانەی دواییدا، مام هەژار چەند جارێ سەری ئەورووپای داو بە زۆری لە پاریس، فرانسا، دەمایەوە. دواجار زستانی ١٩٩١ سەری پاریسی دا و عەمەلیاتی دڵی بۆکرا. لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٩١دا گەڕایەوە بۆ ئێران و هەمووی هەفتەیەکی پێ نەچوو، کە لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا کۆچی کرد.

مامۆستا هەژار دۆستێکی زۆر نیزیک و پشتیوانێکی دڵسۆزی گۆڤاری مامۆستای کورد بوو. هەموو جارێ، چ بە نامە و چ بە تەلەفۆن، بە پەرۆشەوە هەواڵی گۆڤارەکەی دەپرسی و چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارەکانی دەکرد.

کۆچی مامۆستا هەژار ئاوابوونی توانست و بەهرە و دڵسۆزییەکی یەکجار فراوان و گەورەیە و کوژانەوەی شا ئەستێرەیەکی ئاسمانی کوردایەتی و فەرهەنگی کوردە.

ناوی هەژاری موکریانی نەمرە.

مامۆستای کورد

□

# هەر کوردم

هەژار

به دەربەدەری، یان له ماڵی خۆم
له خاکی عەرەب، له ئێران و رۆم

کۆک و پۆشته بم، رووت و رەجاڵ بم
کۆشکم دەقات بێ، وێرانەماڵ بم

ئازاو رزگار بم، شادان و خەندان
یان زنجیر له مل له سووچی زیندان

ساغ بم، جحێڵ بم، بگرم گوێسوانان
یان زار و نزار له نەخۆشخانان

دانیشم لەسەر تەختی خونکاری
یان له کۆڵانان بکەم هەژاری

کوردم و له رێی کورد و کوردستان
سەر له پێناوم، گیان لەسەر دەستان

به کوردی دەژیم، به کوردی دەمرم
به کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم

به کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە

بەغدا ١٩٤٨/٧/٩



# هەژاری موکریانی کۆچی کرد:

١٣٦٩- ١٣٠٠

ئەحمەد شەریفی

**خوالێخۆشبوو** مامۆستای هێژا عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی، مەشهوور و ناودار به (هەژار موکریانی) شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و توێژەوانی زانا و گەورەی کورد، له ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی، له بنەماڵەیەکی ئایینی و رووحانیی کورد، له شاری مەهاباد، له گەڕەکی سەرخڕێ له دایک بووه.

(سەرخڕێ) زۆرتری هەمووان بەشی تۆم
کۆرپەنیکی خڕەکەی باوەشی تۆم
یەکەمین جێیەکی، لێم دانا پێم
کوڕی خۆتم، بتەوێم یا نەتەوێم

باوکی مامۆستا هەژار ناوی مەلا محەمەد و به مەلای بۆر مەشهور بووه که یەکێک له زانایانی هەڵکەوتەی سەردەمی خۆی له وانەکانی ئیسلامیدا بووه و بۆ هەوەڵین جار، له مێژووی پڕ لەندولۆری کوردستاندا له ئاوایی شەرەفکەند ( ئاوایی‌یەکه له نێوان مەهاباد و بۆکان) مەدرەسەی کوردیی چێ کردووه و له کلاسەکانیدا دەرس و وانەکانی ئیسلامی و رێبازی ئایینی به کوردی فێری فەقێ و شاگردەکان کردووه.

عەبدولڕەحمان سەردەمی منالی و مێر منالی لەلایەن باوکی زانانی دەرس و وانەی ئیسلامەتی دەخوێنێ و گاره گاره و گڕوگاڵی خوێندن و نووسین و کوردایەتی لێ فێر دەبێ، بەڵام دەستی گەرمی باوک، به بای سەردی مردن، چایەگ دەبێ و مۆستا مەلا محەمەد له تەمەنی (٤٠) ساڵی‌دا له ساڵی ١٣١٧ کۆچی دوایی دەکات و هەژاری (١٧) ساڵان دەبێته غەمخواری خوشک و برا و کاڵان و گەوره پیاوی ناوماڵان.

هەژار بۆ دابینکردنی نانی زاروان کتێب رادەمووسێ و دیانخاته سەردەلاقان و قۆڵێ مەردانەی پیاوانه لێ هەڵدەماڵێ و دەست دەکا به کاری وەزیری و رسق و رۆزی له سێوییان له هەردی رەق چێ دەکا و بەشەن و نێر و ئامۆر و گاو و جووت ئاشنا دەبێ و نایەڵێ منالان بۆ نان بناڵن و خاڵه هەژاری جووتیار گیرەی له حەوشەی بەرماڵان هۆدەداتەوه.

سەرەڕای کاری سەختی جووت بەندەیی و وەرزێری، هەژار جارێکی دی خۆ له کتێب

و دەفتەران هەڵدەقوتێنێ و دێتەوە سەر بەزمەکەی جاران و دەست دەکاتەوە بە خوێندن و خوێندنەوەی شیعری هۆزانڤانانی گەورەی کورد و فارس و لە بەرەو گارەگارە بە شیعر دەکات.

کوردستانی سەردەمی مێرگەنجیی هەژار، برینداری دەستی دەرەبەگایەتیی پێ چڕ و تازەژۆی کورد بوو، لە شارەکاندا تازە چینی هوردە بۆرژوا و کەم سەرمایەی کورد لە گەشان و نەشاندا بوو هۆرەی خۆش چڕی کوردایەتی لە چاپەمەنییەکانی کوردی ئەستامبوڵدا، لە ناوچەی موکریان گەڕەلاوژەی پێ دەکراو هێندێ لە لاوانی رووناکبیری سەر بە هوردە بۆرژوای کوردیش لە ناوچەی مەهاباد نە تەنیا سترانی کوردایەتییان دەگۆوە بەڵکوو لایەنگریشیان لێ دەکرد و بە حەزموە بوون هۆرەیەکی وا بسترن و چێ بکەن بەڵام دەوران دەورانی رەزاخانی چەکمە رەق بوو، کوا کوردی هەژار و هێمن و بێکەس وێرای وەی هەبوو وەها لاوکێک سەردا.

بەڵام کارەساتەکانی خەرمانانی ساڵی (١٣٢٠) تەخت و بەختی بە شای زۆرداران لە تاران لەق کرد و سروەی بای ئازادی ئەنگووت و رەزاخان بێخان و مان مایەوە و تاجی ئاو بردی و تەختی بەختی کەوتە لێژی و دەرفەت بۆ هوردە بۆرژوای رووناکبیری کوردی موکریان هەموار بوو هەتا گازی کوردایەتی بکەن و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان چێ.

هەر کەمێ پێش کارەساتەکانی خەرمانان لە ئێراندا، کوردەکانی کوردستانی تورکیە کۆمەڵەی (خۆیبون)یان پێکەوە نابوو و کوردەکانی کوردستانی عێراقیش ئاڵای کۆمەڵەی (هیوا)یان دەشەکاوە و مابووە سەر کوردی ئێران هەتا مەکۆیی نەتەوەیی و کوردایەتی لە بۆخۆ بگوورێن و لاوک و سترانی پێدا هەڵدەن.

کە ئەو دەرفەتیش رەخسا و رووناکبیرانی کوردی موکریانیش لە دەوری کۆمەڵەی (ژ.ک) گرد و کۆبوون و رەسمەن لە ساڵی ١٣٢٢ (ژ.ک) وەک تەنیا رێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیی کوردان، لە کوردستانی ئێراندا هاتە ئاراوە و لە پووشپەڕی هەر ئەو ساڵەدا گۆڤاری (نیشتمان) کەوتە بەردەستان و چاوی کوردانی پێ روون و زەندەقی دوژمنانی پێ چوو.

لە هەوەڵین ژمارەی نیشتماندا، وتارێکی هەژار بە ناوی (دمەتەقەیکی دوو کەسی) بلاوبۆتەوە، کە لەودا رەخنەی توند و تیژ لە دەرەبەگەکانی کورد دەگرێ کە بۆچ گەنم و جۆی خۆ بە دوژمنی خۆ دەفرۆشن و کوردی بەندی برسیی نان و گاڵ دەکەن.

ئەم دەمەتەقەیە، ئەگەرچی ناوی هەژاری لەسەر نەنووسراوە، بەڵام هەر بە شێوەیڕا دیارە بەرهەمی هەژارە و پاشان لە ژمارەکانی (٤-٣) نیشتماندا، دەمەتەقەیێکی تر دەبینن، کە نیشاندەری ئەندامەتیی هەژار لە (ژ.ک) دا نیشان دەدا و لەسەری نووسراوە (ع- هەژار ٣) کە دیارە ژمارە (٣) ژمارەی ئەندامەتیی هەژارە لە (ژ.ک) دا و هەژار وەک یەکێک لە نووسەرانی (نیشتمان) دەناسێنێ.

رێبەرایەتیی (ژ.ک) لەسەرشانی مامۆستای زانا و هێژا عەبدولڕەحمانی زەبیحی دەبێ کە بە ناوی خواستەمەنی (بێژن) مەشهوور بووە و ئەم کۆمەڵەیە هەتا ساڵی ١٣٢٦ و گوورانی (حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران) و ئاوێتە بوونی دەپاڵ ئەو حیزبەدا، (٨) ژمارە گۆڤاری (نیشتمان) و چەندین نامیلکەی کوردی چاپ و بلاودەکاتەوە کە یەکێک لەو نامیلکانە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دەبێ.

پاش پێکهاتنی (حیزبی دیموکرات) و توانەوەی (ژ.ک) لەو حیزبەدا، هەژار وەک یەکێک لە نووسەرانی گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵە خەباتی ئەدەبی درێژە پێ دەدا و



هەرلەم سەروبەیندەشدا لە تاران گۆڤارێکی کوردی- فارسی بە ناوی (کوهستان) لەلایەن زانای دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کورد دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵانەوە دەردەچێ، کە هێندێ لە وتار و شیعرەکانی هەژار لە وێندەرێشدا چاپ و بلاودەبنەوە.

کاتێ خوالێخۆشبوو پێشەوا قازی محەمەد، لەلایەن حیزبەوە دەکرێتە سەرکۆماری کوردستان، نازناوی شاعیری نەتەوایەتی دەدا بە هەژار و هێمنی رەحمەتی و ئەوان دووان، شان بە شانی یەک خەباتی فەرهەنگی و سیاسیی خۆیان لە کۆماردا درێژە پی دەدەن و خزمەتێکی گەورە و هێژا بە بووژانەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەکەن. دوای ئەوەی هێزە چەکدارەکانی رژێمی گۆڕکراوی شایەتی پەلاماری کۆماری کوردستانیان دا، هەژاریش وەک هەزاران کەسی تر دەربەدەر و پەرەوازە بوو و بەرەو سەقز تێ دەقوچێنێ بەڵکوو بە سنووری بانەدا خۆ دە کوردستانی عێراق هاوێژێ، بەڵام هەژاری تەریکە بەخت لە سەقز قۆڵبەستەی عەجەمان دەبێ و بەرەو زیندانی بۆکان گلی دەدەنەوە، بەڵام لەناو رێگادا دەرفەتی بۆ بووز دەخوا و رادەکا و خۆ دەگەیەنێتە کوردستانی عێراق و پەنای هەژارانە دەباتە بەر ماڵی شێخ لەتیفی کوڕی خودێ لێ رازی شێخ مەحموودی مەلیک و ماوەیەک لەوێندەرێ دەژی و پاشان بەغدا بگرە و هاتم.

هەژار لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمەی ٦٩/١٢/١ بەرامبەری ٢٠ فێبریوەری ١٩٩١ دڵی لە کوتان کەوت و مالاوایی لە فەرهەنگ و ئەدەب و گەلەکەی کرد و بەرەو یەزدانی مەزن و دڵۆڤان بارگە و بنەی پێچایەوە و ڕۆژی هەینی بە پێشوازێکی گەرم و بەتینی هەزاران هەزار کوردی ئەملا و ئەولادا، لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری مەهاباد، لە لای کۆنەدۆستی دەورانی هەژاری و رەبەنی و دەربەدەری، مام هێمنی رەحمەتی تەسلیم بە خاک کراو لەسەر گلکۆی کاک مەسعوود بارزانی و کاک ئەحمەدی قازی (سەرنووسەری گۆڤاری سروە) و چەند کەسێکی تر قسەیان کرد و لە ئەرک و خزمەتەکانی هەژار سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دووان. هەروەها لە شارەکانی کرماشان و سنە و سەقز و مەهاباد و تاران کۆڕی پرسە و سەرخۆشی بۆ گیرا.

لە شاری سنە لە مزگەوتی مەلاوەیسیدا، کە یەکێک لە گەورە مزگەوتەکانی ئەم شارەیە کۆڕی پرسەی بۆ چێ کرا و لەو کۆڕەدا نووسەری ئەم وتارە و کاک موهەندیس فارووقی کەیخوسرەوی و کاک حەکیم مەلا ساڵە و کاک ماجد روحانی (وێراستاری کتێبەکانی هەژار لە ئێراندا) لەسەر کەسایەتیی فەرهەنگی و زانستیی قسەیان کرد و یادیان رێزگرت.

ئەحمەد شەریفی

٧٠/١/٢٣

□

* * *

لەم وتارەی برای بەڕێز کاک ئەحمەدی شەریفیدا، هەر وەک وتارەکەی کاک ئۆرخانی غالیب، ئەو بەشانەمان دەرهێناون کە باسی ژیانی مامۆستا هەژارن و لە ژیننامەکەیدا هەن.

# کۆچی دوایی‌ی مام هەژار

ئۆرخانی غالب

بەر لە دوو سێ ڕۆژ، ئەدیب و شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی مەزن و پێشکەوتنخواز، تێکۆشەرێکی نەبەز و بەرچاو ڕوون و چقڵی چاوی نەیاری ئازادی و کۆلۆنیالیست، ئەستێرەیەکی بەشەوقی ئاسمانی کوردەواری و چرای ڕووناکی بیری کوردایەتی و لایەنگر و پشتیوانی چینی دەست و پێ قڵیشاو و زەحمەتکێش، پەپوولەی شەیدا و عیشقی تیشکی خۆری ئازادی و سەرفرازی و سەربەستیی کوردستان و هەموو مرۆڤ... دوژمنی سەرسەختی فس فس پاڵەوان و چەق و هەرای پیاوی خوار و بەدکار و گەندەخۆر... بۆ یەکجارەکی دڵەگەورەکەی لەکار کەوت و لە وڵاتی غەوارە دەستی لە ژیان بەردا و بەرگی مەرگی پۆشی و گیانی پاک و بێتاوانی بە خوای تاک سپارد، سەت حەیف و موخابین، سەت داخ و نیگەرانی دەروونی.

زیاتر لە هەموو شاعیرانی تری کورد هەژار بووە جێگر و پەرەپێدەری شیعرە حەماسی و ئاگرینەکانی شاعیری ڕابەر و داهێنەری ئەدەبی شۆڕشگێڕی نوێی کوردحاجی قادری کۆیی «١٨١٦–١٨٩٧» لە سەرەتای چارەکی دووەمی ئەم سەدەی تەکنیک و پڕکێشە و هەرایەدا. بۆیە هەژار ناوبانگی بە شاعیری شۆڕشگێڕ و مرۆڤێکی کوردپەروەر و هۆشیار و ئازا و تێکۆشەر دەرکردووە. لەلایەن کۆماری جوانەمەرگی کوردستانەوە نازناوی شاعیری میللیی پێ بەخشرا.

لەو هەموو ژیانی چارەڕەشی و تاڵی و سوێری و پەڕەندەیی و ڕەنج و دەربەدەرییەدا، ئەم بە پێچەوانەی زۆرکەس ئاسۆی بیری بڕستتر و بەرفراوانتر دەچوو، کۆمەڵی کوردەواری و گرێکوێرەی مەسەلەی کوردی باشتر ناسیوە، ئاگای لە گەندەڵ بە فێڵی دوژمنان بووە، هەمیشە ڕۆڵەی وڵاتەکەی بۆ خەبات هان دەدا و هەستی بە ئازار و زامیان کردووە و دەرمانی بۆ تیمارکردن و چارەسەرکردنی دیوەتەوە. ڕێنیشاندەری ئاوات و خواستی گەلەکەی بوو، قاڵبووی کۆڕی خەبات بوو.

ئەو لەو شاعیر و نووسەرانە بوو کە بە زمانی خەڵکی ڕەش و ڕووت و نەخوێندە، بە زمانی ساکار و کوردیی پەتی ڕۆڵەی جەماوەری زەحمەتکاری کوردستانی دەخرۆشان، پەیامی ئێش و ئاوات و خواستی گەلەکەمانی پێ دەناسین. شیعری هەژار لەم بوارەدا دەنگێکی زوڵاڵی ئاشتیخواز و نەبەز و کەمهاوتایە.

بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و ڕووسی و ئازەری... هەروەتر گەلێ شیعر و نووسینی بایەخداری لە ڕێی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی کوردستان خوێندراوەتەوە و لە چاپەمەنییەکانی کوردستان، خەبات، دەنگی کورد، ڕووناهی و نووسەری کورد و دەنگی پێشمەرگەدا بڵاوکراونەتەوە.

بەڵێ: وەیشوومەی خەزان شاعیری کوردایەتی ، ئەدیب و مێژوونووسی بەنرخ و هێژای لەدەست داین، سێبەری لەسەر زەوی ڕەوی، ئۆغری کرد، ئاوێتەی ژێر توێی خاک و گڵ



کرا. دڵی پڕ پیاوەتی و مرۆڤایەتیی لە تەمەنی (٧١)ساڵیدا لە لێدان وەستا... بەڵام ئێمە دڵنیاین تا دنیا دنیابێ ناوی پیرۆزی لەنێو دڵی هەموو ڕۆڵەیەکی بەشەرەفی نیشتمان پەروەر و ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕێکی بە ئەمەک و ڕاستگۆی ڕێگای کوردایەتیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و مێژوومان بە شانازی و فەخرەوە، لەتەک کاروانی نەمرانی ڕاستەقینەی میللەتەکەماندا گیانی گەورە و چاکی مەردایەتیی ئەو ڕۆڵە جوامێرە و ماندوویی نەناس و بلیمەتە دەپارێزێ.

دروود لە گیانی پاک و هەرگیز نەمری مامۆستا هەژار

گیانی شاد بێ.

١٩٩١/٢/٢٥

ئەم وتارە، لە ئێوارەکۆڕی یەکێتیی نووسەرانی کورد -لەندەن- ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٣ خوێندراوەتەوە. لەبەرئەوەی هەر لەم ژمارەیەدا وتارێک لەبارەی ژیانی مام هەژارەوە، کە خۆی نووسیویەتی، هەیە، بە پێویستمان نەزانی ئەو بەشانەی لەم وتارەدا لەمەڕ ژیانی هەژار بوون بڵاوبکەینەوە.

مامۆستای کورد

□

بۆ کۆڕی پرسەی مامۆستا هەژار لە پاریس،

کاک خانیی هەژار و هەموو بنەماڵە و دۆستانی هەژار

بەبۆنەی کۆچی دوایی‌ی مامۆستا هەژارەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و هەموو نەتەوەی کورد دەکەین.

مامۆستا هەژار کۆڵەکەیەکی بتەوی فەرهەنگی کورد و زمانی کوردی و بیروباوەڕی کوردایەتی بوو. زۆر دڵسۆزانە ڕێگاکەی جزیری و خانی و کۆیی‌ی گرت، و وشەی کوردی و بیری کوردایەتیی پێکەوە گرێ داو و بوو بە چرایەکی گەشی شەوی تاریکی کوردستان. هەژار بە کوردی ژیا و بە کوردی مرد. نەتەوەی کورد ناوی هەژاری لەبیر ناچێتەوە. نەمری بۆ هەژار، سەڵاو لە گیانی پیرۆزی.

گۆڤاری مامۆستای کورد

سوێد – ١٩٩١/٢/٢٤

□

# لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی هەژار بۆێژی کورد

لە ساڵی ١٩٢٠دا بە ڕۆژێکی باران و تووش لە مانگی جۆزەردانداا لە دایکێکی شازدە ساڵە و بابێکی چل و هەشت ساڵە لە گەڕەکی خڕێ لە مەهاباد هاتوومە دنیاوە. باوکم مەلا بوو، بەڵام مەلایەتیی نەدەکرد و دووکانداریی دەکرد و نیسبەت بە هاوەڵانی ئێمە موتەوەسیتولحال بووین. بەڵام ساڵێک کە لە تەمەنم رابرد، عەشیرەتی شکاک کە هاتوون، مەهابادیان لە چنگ عەجەمان دەرێنا و خەڵکی شاریشیان تالان کردووە، ئێمەش هەرچی بوومانە، وەبەر تالان کەوتووە. تەنانەت لانک و دەسرازەی منیشیان بردووە و منیان لەسەر خۆڵەمێش فڕێ داوە. بەڵام باوکم پیاوێکی بە غیرەت و نەبەز بوو. دیسان توانی لە کەسب و کاری خۆی ماڵ پێکەوە نێتەوە.

بەڵام من لە ساڵی دووەمدا تووشی دایک مردن بووم و ژنێکی بێگانە بەخێوی کردووم تا لە تەمەنی چوار ساڵیمدا باوکم ژنێکی دیکەی هێناوە و کەوتمە دەستی زڕدایک. یانی من هەر لە منداڵییەوە لە عەتف و میهرەبانیی دایک بێبەش بووم. ڕۆژگاری منداڵیم لەناو خۆڵ و چڵپاو و قوڕی کۆڵانی مەهابادێ گوزەراوە. مەلعەبە و لیستۆکێ من جگ و مەڕمەڕ و قۆچەقانی بووە. هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەستیان پێ کردم بە خوێندنی سیپارەی قورئان، کە تەبیعی من کورد و ئەو عەرەبی و بە بێ مەعنا زانینیش بیخوێنم و ئەگەر کەلیمەیێکم لەبیر چووبایە، بەدار لێم دەدرا، یان مەعاشی ڕۆژانەم کە دوو شایی بوو، نەمدەدرایێ. بەڵام دوو ساڵ ئەگەر بڵێم سێ کەلیمە فێر نەبووم، هیچ سەیر نییە.

ئەمجار ڕۆژێک باوکم دەستی گرتم بردمیە لای مەلا ڕەحمان ناوێک کە قوتابخانەی هەبوو. ژوورێکی زەلام و ڕەش و تاریک، ڕووناکایی تەنیا لە کولانێکەوە و دەرگاوە بۆ دەهات. ئەگەر دەرگا دادەخرا، ئیتر وەک شەو وابوو. مەلا کە خۆی دەرسی دەگوت بە منداڵان، ژنەکەشی، پوور ئامان، نانی دەکرد و دەیفرۆشت. یانی هەر لە سبەینێوەڕا لە قوتابخانە تەندوور داییسا و چڕە دووکەڵ بوو تا ئێوارە. هەر وەختە منداڵ دەچوونە دەر، هەموو چاومان سوور دەبوو لەبەر دووکەڵ و فرمێسک ڕشتن.

باوکم لە پێشەوە، من لە دواوە چووینە ژوور. پاش سڵاو و چاک و خۆشی، باوکم دەستی منی گرت و دایە دەستی مەلا ڕەحمان و گوتی: «ئەو کوڕەم هێناوە، پێی بخوێنی». مەلا ڕەحمان گوتی: «جا چۆنم دەدەیتێ؟»

– «گۆشتەکەی بۆ تۆ و ئێسکەکەشی بۆ من». یانی هێندەی دارکاری بکە، گۆشتی نەمێنێ. ئەو عیبارەتە گۆیا وەک ژن مارەکردن و سەوداکردن لازم بوو. ئەمجار مەلا ڕەحمان گوتی: «ساڵێ دوو حەسیر، مانگێ قڕانێک، جومعەی چوار شایی هەقی ئاوخواردنەوە دەبێ بدەن». بەڵێ منیش هەر ئەو ڕۆژە حەسیرێکی تازەم هێنا. گورجێک پوور ئامین گوتی: «ڕۆڵە گیان، خۆم حەسیرت دەدەمێ، ئەوەی تۆ تازەیە، بۆ خۆم نوێژی لەسەر دەکەم»



بەڵێ دەستم کرد بە خوێندن. دیسان قورئان و وردە شتی وەک «سمایلنامە» و «ناگەهان» کە هەڕیمان لە بڕی نەدەکردەوە.

مەلا ڕەحمان کە لای سەروو دادەنیشت، نەیدەتوانی زۆر هەستێ لێمان بدا، ناچار داری تەڕی زۆر درێژی هەبوون، کە دەگەیشتە ئەو سەر ئەوسەری دایرەی منداڵان، کە نێزیکەی بیست کەس دەبووین. هەرکەس سەری هەڵێنابا، دەیکێشا بە ملیدا. ئەگەر دەردەکەوت، پوور ئامان لە جێگەی ئەو نایبموعەلیم بوو. خۆ ئەگەر ئەویش چووبا بۆ نان فرۆشتن، ئەوا هەر یەکەی هەندێکی خۆڵ لەسەر ملمان ڕۆ دەکرد و دەڕۆیشت. واوەیلا بۆ کەسێک کە هەر سەر هەڵێنێ و خۆڵ ڕژابێ! دار فەللاقەی هەبوو، دارێکی کەوانی، گوریسێکی لێ قایم کرابوو، لاقیان دەکردینە ئەو گوریسە و بایان دەدا و بە دووکەس هەڵیاندێنا و بە شووڵی تەڕ تێی بەردەبوون تا جاری وابوو، دەخوێن دەهات.

کەیفی زۆرمان بەوە دەهات، کە لاقمان ڕووت دەکرد و تفمان لێ دەدا و بە دەزوویێک پێیدا دەهاتین. مێش کە لە تفەکە دەنیشت، لاقی بەر دەزووەکە دەکەوت و دەمانگرت. ئەمجار پووشی حەسیرەکەمان لە قونگی ڕۆدەکرد و بەرمان دەدا، وەک تەیارەی تەکاندەرە بڵیند دەبوو. بەڵام ئەو گاڵتەیە زۆرجار دەبووە مایەی لێدان و گریانمان.

تیشکی ڕۆژ لەو ژوورە تاریکەدا زۆر خۆشەویست بوو. ئەگەر نیوەڕۆیان لە کولانەکەوە کۆڵەکەیێک دەهاتە ژوور و تۆز و دووکەڵی لێ دەهالا، دەماندەویست بیگرین، هەرچەند لێدانیشمان بخواردایە، هەر پێمان هەرزان بوو. هاوین و پاییز لەوێم ڕابوارد. لە زستاندا کە بەفر زۆر باریبوو، ڕۆژێک لەپڕ دەنگی تۆپ و شینستیران هات. ئێمە کە منداڵ بووین و دەستمان کرد بە گریان، هیچ، بەڵام مامۆستامان هەر ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، گوتی: «هەر کەس بڕۆنەوە ماڵە خۆتان».

کە هاتمەوە باوکم زۆر کەیفساز بوو. کوتم: باوە، چییە؟. کوتی: «ڕۆڵە، مەلا خەلیل کوردە و لەگەڵ عەجەمان شەڕ دەکا، وا خەریکە سابلاخ بگرێ». لەو ڕۆژەوە هەمیشە کورد خۆشەویستییێک بوو لە دڵدا بوو تا هات پەرەی ساند و نیشتمانی کورد بەو دەرد و دەربەدەرییەی گەیاندم، کە ئێستا هەم.

لە بەهاری ئایەندەدا بابم خستمیە ناو حوجرەی فەقێیان و لای مەلا سەعیدێکی ڕیشدرێژ دایمەزراندم کە ئەویش عەرەبیی دەزانی، بەڵام نەیدەزانی نێوی خۆی بنووسێ. فێری نەببوو. ئاخر شەڕی مەلا خەلیل لەسەر کڵاو بوو، ئیتر مەلا خەلیل کە شکا، ئەمجار دەبوو مەلا و فەقێ ئیجازەیان پێ بێ کڵاو لەسەر نەکەن.

ڕۆژێک مەلا سەعیدی ڕیشدرێژی قەپۆز بەرانی چاوڕەق، لەگەڵ مەلا باییز ناوێکی خڕی ئەستووری گوێپان، لەگەڵ مەلا عەلییە کوێرەی بانگدەری مزگەوتی هەباس ئاغا کە کوێرێکی خڕوێلکاویی دەنگناخۆش بوو، لەگەڵ من، منداڵێکی هەشت ساڵانی بارێکی ڕیوەڵە مێزەرێکی بە سەرەوە ملی ڕێگەمان گرت بۆ ماڵی حاکم، کە ئیجازەمان بدا کڵاو لەسەر نەنێین.

مەلا عەلی بە تەقەی گۆچان و مەلا سەعید بە ورتەورتی دوعا خوێندن گەیشتینە دەرگای ماڵی حاکم. تۆمەز ئەو دەرگایە دەرگای حەوشی تەویلەیە و داخراوە و قەت ناکرێتەوە و وەختیش جەنگەی گەرمای نیوەڕۆیە. حاکم نووستووە، ئێمەش بە گۆچان و بەرد بەربووینە دەرگای کە حاکم بیکاتەوە. ئیتر حاکمی فەقیر هەر شێت دەبێ، پێی وایە سابلاخ گیراوە و دەرگای ئەسپ و گامێش دەشکێنن. بە تای کراس و دەرپێ هات دەرکەی کردەوە، کوتی: «پدر سوختەها چە میخواهید؟» ئێمەش بە فارسیە کێویلکەی مەلا باییز کە لە ترسان تفی قووت دەدا، پێمان کوت. هەر دوژمنی ئیمانت بێ چی پێ کردین! بانگی کرد: «وەرن بیانگرن». ئیتر هەر ئەوەمان پێکرا ڕاکەین و مەلا عەلییە کوێرە بەجێ بێڵین. بەخوا هەر ئەو ڕۆژە بارمان کرد و کتێب لەسەرشان بۆ خانەقای شێخ بورهانی.

جا حاکم لە پاشان گێڕابوویەوە، کوتبووی: «ئەگەر لەو دەرکەیان دا، کوتم دەوری ماڵم گیراوە، کە دەچمە دەر، وا ڕیشێک و کوێرێک و منداڵێکی ساوا هەموو مێزەری سپی بە سەرەوە هاتوون ئیجازەی داوا دەکەن».

خانەقا جێگەی سۆفێتی و گەلێک لە موسوڵمانان وەک ڕاهیبی مەسیحیان موجەڕڕەد و تەرکە دنیا لەوێ تاعەتێ دەکەن. هەروەها ژنی ڕاهیبەشی لێ هەن. دەگەڵ ئەوەشدا فەقێ و مەلای لێ هەیە. بەڵام چ ژیانێک! تەواوی ساڵ نان و دۆ، ئەگەر هەبێ، دەنا نان بە تەنیا نانە جۆ.

لەو ڕۆژەوە دەستم کرد بە ژیانێکی کە زۆرتری میللەتی کورد تێیدا دەژین، چونکە فەقێ لە کوردەواریدا لە دێهات یان لە شاران بودجەیێکی حکوومەتی نییە. هەر دێیێک یا

محاڵێکی شار دەستەبەر دەبن مەلا و فەقێ رادەگرن تا عیلمی دین بخوێنن و خۆیان لە نانێکی کە بۆ خۆیان دەیخۆن و لە چێشتێ کە خۆیان لێی دەنێن بەشیان دەدەن. جا من کە لە تەمەنی نۆ ساڵیڕا کەوتمە ناو فەقێیان بۆ عیلمی دین خوێندن تا تەمەنی حەڤدە ساڵیم لەناو تەبەقەی نەویی کورددا، کە ئەویش فەللاح و جووتیارن، ژیام. لەسەر سفرەی نان خواردنێ هەموو جەمێک نانی هەرزن و جۆ و گەنم و گەنمەشامیت لە پەنایێک دەدیت. بروێش و برینج و نیسک و ساوار لێک کۆ دەبوونەوە. زۆر جاریش تەنیا لەگەڵ نانی ئیشکیدا دەکەوتینە ریشم بەردە و گێرە و کێشە. ئەوە نانمان، جا بۆ جل و پێڵاو و چامان، دەبوو خوێندن بەردەین، بکەوینە دێهاتی بێ فەقێ بۆ سواڵ کردن. گیسکێک لەوێ و قرانێک لێرە، جلی ساڵێ تەئمین بکەین.

خوێندنیش بە زمانی خۆمان نییە، بە عەرەبی و بە فارسییە. هەر تەقێ لە سەرمانەوە دێ. فەقێیەتیم لە شاری مەهاباد و گوندی پەسوێ و ئیساکەند و وشتەپێ و تورجان و کەرمنداری ناو مەنگوڕان گوزەراند. ئەگەر لە کتێبی فەقێ کەم فێر بووم، بەڵام لە کتێبی تەبیعەتی سەراواڵا زۆر فێربووم. سارد و گەرمی دنیام چێشت. فێری ژیانی درشت و زبر بووم. ژیانی فەللاح و کۆچەری کورد و زوڵمی ئاغای گەورە و بەشخوراویی هەژارانم زۆر دیت، رۆحێکی تووڕە و تووشی تێدا خەلق کردم.

بەڵام لەناو ئەم ژیانە پڕ کوڵ و کۆیە و دەرد و داخەشدا چەند جارێک بە داوی دڵداریشەوە بووم. دڵداریی زۆر بە تین و جەرگبڕ. رەنگە ئەگەر بڵێم سەد تەشتم فرمێسک رشتبێ، موبالەغەم نەکردبێ، چونکە ئەو دوو-سێ جارەی کە عاشق بووم، هەمووی ئاخری دەگەڵ نائومێدی روو بە روو بووم. من فەقیر بووم و غەیری دم و چاوێکی لەبار و جوان هیچی ترم شک نەدەبرد، کچ پێم رازی دەبوون و دەکەوتینە داوی یەکتر. بەڵام باری ژیان و قانوونی پیسی وڵات نەیدەتوانی باب و دایکی کچ و ئاغای دێ رازی کا کچیان بێ پارە و پێشکێش بدەن بە کەسێکی خۆشی دەوێ.

بەڵام کە لەبەدڵ گەیشتن لە عیشقی کچاندا بێبەش بووم، لە لایەکی ترەوە بەهرەم زۆر وەرگرت. جامی، شاعیری فارسی، دەڵێ: «کابرایێک چووە لای شێخێک، کوتی: دەبمە مریدت. کوتی: هەرگیز ئاشق بووی؟. کوتی: نە. کوتی: بچۆ ئیشقبازی لەگەڵ کچێکدا بکە، با دڵت فێر ببێ چۆن موحیببەت وەردەگرێ» منیش لەو عیشقبازییانەدا وا دڵم ئامادەی موحیببەت ببوو، کە رۆژێک بیرم لە خۆشەویستیی کوردستان کردەوە و قەرارم دا ئاشقی ئەو ببم و تا لە زنجیری ئەسیری رزگاری نەکەم، نەسرەوم. ئیتر ئیشقێکی راست و بە بڵێسە و بێ کەمایەسیم گرتە پێش. زۆر سوپاسگوزارم کە تا ئێستا نە جوانی و نە پارە و نە ژن و نە شۆهرەت و نە ئیحترام و نە ترسی کوشتن و زیندان و لێدان نەیتوانیوە بامداتەوە لە عیشقی یاری خۆشەویستم، کە نیشتمانە.

تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو کە بابم لە دێیێکی دوورە شاری، دوورە دوکتر بە زگێشە مرد. زەوییێکی دێمەکار و مانگایێک و دوو برا و خوشکێک و زڕدایکێکی بۆ بەجێ هێشتم و سێسەد تمەنیش قەرزدار بوو. ناچار دەستم لە خوێندن هەڵگرت و هاتم ئەو میراتە پشتشکێنە بە شانی تەجروبە نەدیتووم هەڵگرم. لە خوێندنی ئەو چەند ساڵەدا تەنها فێر ببووم فارسی بخوێنمەوە و دەنکە دەنکەش عەرەبیم دەزانی، ئەویش لە کۆنە کتێبی دینی. جووت و گام نەدەزانی، ناچار زەوییەکەم دا بە ئیجار بە سەت پووت گەنم.

هێندێکیشمان ناوماڵی کۆن هەبوو، دام بە چوار بزن. ئەوانە هێندێک زیادیان کرد، خۆشم لەگەڵ شەریکێکدا هێندێ تووتن و بێستانم دەکرد. ساڵی یەکەم و دووەمی پاش مەرگی بابم زۆر ناخۆش رابرد. تەواوی زستان نەمتوانی کیلۆیێک پەنیر یان شیرێژ بکڕین. نانمان هەر بە ویشکی بوو. دوای ساڵی هەوەڵیش زڕدایکم مێردی کرد. هێندێ زێڕی هەبوو بردی و ناوماڵیشی لێ ساندین و سێ منداڵی وردیشی بەسەر مندا هێشتەوە کە گەورەکەیان نۆ ساڵ و پچووکەکەیان ساڵ و نیو بوو. جا ئاسمان دوور و زەوی سەخت، من چۆن سەر دەرکەم؟ بەڵام مەنشوورە دەڵێن: «دڵ لە هەژاری ناپرسێ».

لەسەر ئەو هەموو نەدارییە و هەژارییەم کچێکم دیسان توانی خۆش بوێ. ئەو دێیەی ئێمە کوێستانە، سیری زۆرە، لە دێی دەورو بەرێڕا کچان دێن بۆ سیر کردن. لەناو ئەواندا یێکێکم دڵ گرتبووی، ئەویش منی خۆش دەویست. بڕیارم دا، بمدەنێ بیهێنم. بابێکی هەبوو، دز و پیاوکوژ و ترسێنەر، کە چووم خوازبێنیم لێ کرد، کوتی: «دەبێ بێم ماڵت ببینم، بزانم چۆنە» کوتم: «هیچ مەیە، ماڵم هیچی تێدا نییە، ئەگەر تۆ کچ دەدەی بە مانگا و کەرەکانم، دەبێ ئەوان بێن لێت بخوازن.



ئەوا ئەمڕۆ تۆ کچم بدەیتێ، ئەگەر سبەی فەقیر بووم، پێویستە لێم بستێنیتەوە. دەتوانم فێڵت لێ بکەم و بچم هێندێک بەڕە لە جیرانان وەرگرم و چەند بزنێک بێنمە ماڵە خۆم تا دەیبینی، بەڵام من تا ئێستا سێ جار ناهومێد بووم، ئەوجاریش ناهومێد بم دوور نییە». بەخوا کابرا زۆر مەردانە کوتی: کچەکەم پێت رازی بێ، بە تای کراسی خۆی دەتدەمێ». کە بانگی کرد و لێی پرسی، کە ئایا مێردی پێ دەکەی؟ ئەویش هەر وەک کچێکی زۆر مۆدێرن کوتی: «بەڵێ زۆرم خۆش دەوێ، ئەویش نەبێ هەرگیز مێرد ناکەم».

ئەو ژنە بوو بە مایەی دڵخۆشیم و لەبیربردنەوەی غەم و دەردی هەژاریم. کۆختە رەشەکەی تێیدا دەژیام بەوەوە ببوە بەهەشت. نانی ویشکی لەگەڵ ئەودا دەمخوارد پێم خۆشتر بوو لە خواردنی پاشایان. لەو رۆژەوە لە ژیاندا بزە کەوتە سەر لێوم کە ئەو مایە ژیانە، ئەو هەواڵە خۆشەویستەم کەوتە ناو ماڵەوە. لە سایەی ماڵداریی ئەوەوە کە زۆر راهاتووی کار و بە مشوور بوو، توانیمان هێندێک تۆزی نەداری لە شانمان بتەکێنین. تووتنی دەگەڵ دەکردم، زەوییەکەی دەدا بە شەریکی، پتری لێ پەیدا دەبوو، کڵاو، گۆریە، مەشکە، نان و کاری ماڵی هەموو بە رێکوپێکی دەکرد. ئاگای لە منداڵەکان دەبوو. وەک دایکی خۆیان بێ و زیاتریش. وردە وردە کەوتمە خۆشی و بووژانەوە. بەڵام ئایا زەمانە مۆڵەت و مەودا دەدا لە خۆشیدا بژیم؟

سێ ساڵ لەگەڵ ئەو کچەدا ژیام، بۆ چارەڕەشیم بە نەخۆشیی تیفۆ بە بێ دەرمان و دوکتر مرد. دیسان تاریکی پەردەی بەسەر ژیانمدا کێشایەوە. نەگبەت و نەهاتی وەک برابەش هاتنەوە سەرم. ماڵم بۆوە بە زیندان. ژیانم لێ بوو بە ژەهری هەلاهیل. هەموو ئاواتم ئەوەبوو کە منیش بمرم، وەدوای کەوم. بەڵام مردن بۆ بەدبەخت زۆر گران دەست دەکەوێ. خۆشەویسترین رەفیقی ژیانم لەدەست چوو، کەوتمە باری دەست دەئەژنۆ وەرهێنان و فرمێسک هەڵوەرانی بێسوود و بەهرە. وام لێ هات، چاوم بەرایی نەدەدا، ماڵەکەم ببینم کە ئەوی تێدا نەماوە. جێگام لێ ببوە گیشەی دڕوو، نەمدەتوانی لێی بنووم.

هەمیشە تارمایی ئەوم لەبەرچاو بوو. ناچار بۆ چارەی ئەوە وام پێ باش بوو هەر لەو دێیە دوورکەومەوە، بەڵکوو لە بیرم بچێتەوە. چوومە بۆکان بە ماڵەوە. پارەی زۆری کابرایێکی بۆکانیش قەرزدار بووم، ئەویش لە ترسی ئەوەی کە نەفەوتێ، پێنجسەد تمەنی دامێ، کە سەودای پێوە بکەم، بەڵکوو سەرکەوم و پارەکەی بدەمەوە، منیش لەگەڵ یێکێکدا بووم بە شەریک و دەستم کردە تووتن کڕین و فرۆشتن.

بەڵێ لەوە شانسێکی باشم هێنا. توانیم قەرز و قۆڵەم بدەمەوە و شتێکیش زیادیم هەبێ، کە پاش ساڵێک و شتێک لە بۆکان ژنێکی دیکە بێنم، کە ئێستا دایکی منداڵەکانمە. ئەوەم هەرچەندە بە دڵدارییێکی پێشینەیی نەهێنا و هەر رێکەوتنێکی کتوپڕ بوو، بەڵام دیسان توانیی، کە برینی پێشوو سارێژ کاتەوە و دەردی مەرگی ئەوم تا رادەیێک لەبیر بەرێتەوە.

راستی زۆر جاران دەڵێم، من کە لە هەموو شتێکدا بەدبەختم و ناخۆشیم هاتۆتە رێ و بە هەژاری و لەش بە باری ژیاوم، رۆژگار ئەوەندەی چاکە لەگەڵ کردووم کە لە دوو ژنهێناندا سەرکەوتوو و بەختیار بووم. هەر دوو جار هەرگیز ئاواتم بە خەڵکی نەخواستووە و زۆر رازی بووم لە چارەنووسی خۆم.

. . .

نەخوازە دووکانەکەی لە مەهاباد جێ کۆبوونەوەیەکی رۆژانە بوو. زۆرجار باسی ئازادبوونی کورد دەکرا، بەڵام لە تەمەننا دەرنەدەچوو. ئەمنیش کەوتبووە دڵمەوە، کە بەڵێ زۆر خۆشە کورد بۆ خۆی ناو و نیشانێکی هەبێ، بەڵام نەمدەزانی کورد چۆن بێبەشە. مەسەلەن لە دڵی خۆمدا هەر پێم خۆش بوو کورد پاشایەکی هەبێ. بەڵام پێشم خۆش بوو پاشایەکی چکۆلووکەی جوانیکلە، کە بۆ منداڵان دەست بدا، بمانبێت. بەڵام باش بوو ئەو هەوەس و ئارەزووە هێنامییە سەر ئەوە کە کوردی خوێندنەوە فێر بم. لەبیرمە من و زەبیحی هەردووکمان زۆر کەم سەودای فارسیمان هەبوو. هەوڵمان دا بۆ کتێبێکی بە ناوی «ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی کورد»مان پەیدا کردبوو، لە باغەڵمان دەنا و دەچووین نێزیک پردی سوور، لە پەنا ئەشکەوتێک دەمانخوێندەوە، باشمان بۆ نەدەخوێندراوە. دێتە بیرم لەسەر شیعرێکی شێخ رەزا، کە دەڵێ:

خزمینە، مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووله نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا

ئەمە خوێندمانەوە: «مێرووله لەپخێ چاکە بە کوسر قوللەیی قافا». ئەمن دەمکوت، ئەوە وا نییە چونکە لەنگە. زەبیحی دەیکوت: «لەنگ و مەنگ نازانم، بەڵام مەعنای

چییه؟» ئینجا قەرارمان دا، کە لە باوکم پرسم. کتێب لە باغەڵدا بە زۆر ترسەوە، چونکە باوکم قەبووڵی نەدەکرد بێجگە لە دەرس و دەوری خۆم خەریکی شتێکی دیکە بم. شەوێک بە ترسەوە لێم پرسی: «بابە، ئەگەر شتێکت لێ پرسم، تووڕە نابی؟» کوتی: «نا».

کتێبە بۆرەم لە باغەڵم دەرێنا و شێعرەکەم لێ پرسییەوە. پاش ئەوە زۆر پێکەنی، بۆی ڕاست کردمەوە و کوتی: «ئەگەر پێت خۆشە ئەوانە بخوێنییەوە، هەستە لەگەڵم وەرە». چووینە ناو حەوشەکەمانەوە. هێندێک عەرزی هەڵکۆڵی و سندووقێکی چکۆلەی ئاسنی کە جێی فیشەک بووە، دەری هێنا و تەکاندی و باوەشێک کتێبی لێ دەرخست. دیوانی نالی و مەحوی و کوردی و حەریق و شێخ ڕەزا و گەلێک شاعیری تێدا بوو. ئەنجا شەوانە من بۆم دەخوێندەوە. بۆ خۆی زۆری لەبەر بوو. بۆ منیشی ڕاست دەکردەوە. ئەگەر لە خوێندنەوە خەلاس دەبووین، دەیخستەوە ناو قووتووەکە و دەیناوە جێگای خۆی لە حەوشەکە و گڵی وەسەر دەکرد. هەموو شەوێ ئەو کارەمان دەکرد.

لەو خوێندنەوانەدا باش فێری خوێندنی کوردی بووم. ئەوجار چەند کەسێک هەبوون کە کتێبی عێراقیان بۆ دەهات، دەیاندامێ. شێعری حاجی قادری کۆیی و مەلای جەزیری، شێعریانم لەبەرکردبوو. هەروەها گەلێک سروود و شێعری میللیی ترم هاتبووە بەر.

منیش کەوتبوومە دێهات بۆ فەقێیەتی. ڕۆژێک لە دێی وشتەپە کە دەمخوێند، کاکە ڕەحمانی حاجی بایز ئاغا، کە ئاغایەکی ئەدیبە، هات سەری حوجرەی فەقێیانی دا. لەوێ باسی شێعری خۆش کرا. چەند شێعرێکی عەرەبیی خوێندەوە لە بابەت غەزەل و فیراقدا. پاشان کوتی: «ئەدی ناتانەوێ شێعری کوردیتان بۆ بخوێنمەوە؟»، کە دیتی پێمان خۆشە، تەرجیعبەندێکی بۆ خوێندینەوە کە خاڵەمینی قسقەڵایی داینابوو. نازانم، چەندی تەسیر لە ڕەفیقەکانم کرد، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە منی هەر شێت کرد. هەموو گیانم دەلەرزی، گەرم داهاتبووم وەک نۆبەتێیەکی گەورەم هاتبێتێ. هەر غارم دا کاکە ڕەحمان و دەستم ماچ کرد، کە لێم گەڕێ بینووسمەوە، کوتی: «سوێندم بۆ خاوەنی خواردووە، کە نابێ کەس بینووسێتەوە، چونکە دەترسێ دەستی دوژمنان کەوێ».

کە لەو ناهومێد بووم، هەر بەیانی ملی ڕێگام گرت بەرەو قسقەڵا، کە ڕێگای سێ ڕۆژ بە پێیان دوورە. جارێ بە دوو ڕۆژ گەییمە سابڵاخ. لەوێ پێیان کوتم خاڵەمین لێرەیە. گەڕام و گەڕام تا لە حەوشی مزگەوتی ڕۆستەم بەگ دیتم. بە چاوێکی پڕ لە گریان و لالانەوە کوتم: «دەغیلت هەڵوەدای ئەو شێعرانەی تۆم، بمدەرێ». بەخوا خاڵە مینم خاڵەمین بێ، حاشای کرد کە کردی: «گەزی چی و جاوی چی؟ شێعری چی و کاکە ڕەحمانی چی؟ بابە، وەڵڵا نە من شێعرم هەیە و نە هیچ. چۆن پیاو هێندە شێت دەبێ، سێ ڕۆژە ڕێ دوای شێعر کەوێ، ئەویش شێعری قاچاخ. بڕۆ بڕۆ، مێشکی خۆت دەرمان کە». بەخوا دەست لە گوێ درێژتر دیسان گەڕامەوە.

ئیتر زۆری پێ نەچوو، کە بابم مرد و من دەستم لە خوێندن هەڵگرت و هاتمەوە دێیەکەی ماڵی خۆمان، تەرەغە. تەقریبەن لە دنیا بێخەبەر بووم و لە گێرە و کێشەی نان پەیدا کردنم تووش ببوو. بەڵام خەیاڵی ئەو شێعرانە لە سەرم دەرنەچوو. ئینجا کە ئەوانم دەست نەکەوت، بۆ خۆم خەریک بووم. ئەمنیش تەرجیعبەندێکم لەسەر ئەو وەزنە دانا و بەقەدەر ئەو، بۆ دوو کەس لە ڕەفیقەکانی خۆشم خوێندەوە، زۆریان پێ خۆش بوو. یان لەبەر خاتری من کوتیان باشە. بەڵام دەمزانی شێعری من نەگەیشتۆتە دەیەکی شێعری خاڵەمینیش بۆ مەعنا و ڕەوانی و سینعەت، لە داخا وەک زینەکەی ئەبوو زەید سووتاندم. مەلا ڕەحمان ناوێک هەبوو، برادەرم بوو، دێیەکەشیان نێزیکی دێی ئێمە بوو. ئەو لە سێوەدین و ئێمەش لە تەرەغە. جاروبار سەری دەدام و منیش دەچوومە لای. ئەو کوڕێکی زۆر دڵسۆز بوو، زۆر کەسی بە بیری خۆیەوە گیر کردبوو. دڵخۆشیم بەو بوو. کە یەکترمان دەدیت، داخ و دەرد و کوڵ و کۆی زەمانەمان پێکەوە دەڕشت.

ڕۆژێک چوومە بۆکان و شەو هاتم لە شێخلەر، لە ماڵە کاکە ڕەحمان مێوان بووم، شەو باسی شێعر کرا. ئەمنیش کوتم: «ڕەفیقەکم هەیە، شاعیرە، بەڵام نایەوێ کەس نێوی بزانێ، هێندێ شێعری کوتووە. من پێم باش نین، پێم وایە بەکار نایەن، پێم کوتووە دەرینەخا» چەند دەنکێکم لێ خوێندەوە بۆ کاکە ڕەحمان. سبەینێ کە هەستام بڕۆم و کاڵەم دەبەست، کوتی: بە سواری دەتنێرمەوە ماڵێ، نۆکەرێکیش لەگەڵت دێ، یان ئەو شێعرانەی هەموو بۆ دەنووسییەوە و دەیدەیێ، یان هەر لە ماڵت دەبێ و نانت لەسەر دەخوا و کا و جۆت لێ دەستێنێ بۆ ئەو دوو ئەسپانە بەو زستانە، هەرچی دادم کرد، بێفایدە بوو، بەڵام سوێندی خوارد، کە هەرگیز ناوم نامێنێ. کاکە ڕەحمان شێعرەکانی لەبەر کردبوو، لە هەموو مەجلیسێک دەیخوێندنەوە و هەرچی دەیبیست، دەینووسییەوە تا وای لێ هات پێش ئەوەی، من بگەمە سابڵاخ، گەلێک لە ڕەفیقان نووسیبوویانەوە.

ئەوێ شەوێ چوومە قاقلاوە. لە ماڵە فەللاحێک میوان بووم. ڕۆژی دوایش هەرچەند زۆریش وەڵات قوڕ بوو، منیش هەر کەوشم هەبوو، گەیشتمە دێی مووسی کە مەودایەکی زۆر دووری هەیە. شەو لە ماڵی سۆفی سادیق ناوێکی میوان بووم. بۆ سبەینێ کە دەبوو لە کوێستانی گەورەی گوڵەزەردە سەرکەوم، کوتیان: «خەتەرە و ئەوڕۆ کرێوە دەبێ» چوار تمەنم دا بە کابرایێ لەگەڵما بێ. بەڕاستی تەهلوکەڕێیەکی عەجایب! نە من چاوم هەڵدەهات لەبەر کرێوە، نە کابرای بەڵەد. بەڵام ئەو زۆر بەڵەد بوو، من دەستم دە قایشی پشتێندی ئەو گرتبوو دەیکێشام.

نیوەڕاستی کوێستان پتر لە حەفتا کەس هەموویان مابوونەوە، ڕێگایان دەرنەدەکرد. کابرای بەڵەد کوتی: «وا ئەو فەقێیە دەبەم تا سەرێ و دێمەوە ئێوە شارەزایی دەکەم». لەو دیوی ڕەشانگێک هەبوو. کابراکە گەڕاوە. بایێکی توند دەهات. سەربەرەوژێر ڕامانکرد. کڵاوەکەم بە چڵی دارێکی دارستانەوە مایەوە، ئاوڕم لێ نەداوە، کوتم: «هەموو شتێکم لەدەست چوو، با ئەو کڵاوەش بۆ تۆ بێ». چوومە دێی بەردەڕەش لە وڵاتی بانە. لە ماڵێک لام دا کە دوو ژن و کچێکی لێ بوو. دیتنی ئەو جوانانە ماندووی چەند ڕۆژەی حەساندمەوە. لە هەرە جوانە نازدارەکانی کوردستان بوون. پاش گەرم بوونەوە هەر ئەو ڕۆژە بە تەنیا و بە نابەڵەدی چوومە دێیەک، سەرتەزین، لە ماڵە حاجییەک میوان بووم. حاجی قسەخۆش بوو، زۆر سەخی بوو. پێنج شەش میوانی تریشی هەبوون، شەوێ جلی پێ داکەندین، تێی وەشاند، بەیانی کە هەستان نوێژ بکەن، گوێم لێ بوو حاجی کوتی: «ئەو فەقێیە هەڵمەستێنن، من پێم وایە کەمتر فێری نوێژکردنە». کە لەخەو هەستام حاجی جووتێک کاڵەی بۆ هەڵبەستبووم، چۆغە کۆنێکی دە لاقمەوە پێچا و بە کابرایێکی ئەسپاردم کە لە ڕێگا ئاگای لێم بێ. ئەو ڕۆژە لە ڕێگا بەفرێکی زۆر قورسمان لێ باری. شەو چووینە دێیەک، سیاوما، لەناو جەنگەڵی چوغوڵدایە لە بانە. فەقێ بووم، پێشنوێژیم بۆ کردن. زۆرم دوعا بۆ خوێندن.

شەو دانوولەی گەنم و نانی هەرزنیان هەبوو بۆیان هێنام سبەی بەیانی نوێژم بۆ کردن و نووستمەوە. چێشتەنگاو هەستام لەخەو، دیتم ئەهلی دێ هەموو دەوراندەوری دیوەخان دانیشتوون. کوتیان: «فەقێ، زۆرمان نوێژی تۆ وەبەر دڵی کەوتووە. ئەگەر لێرە بمێنی، زەکاتت دەدەینێ و پێنج بزنت دەدەینێ، دۆی بخۆ و کاریلەکانی بۆ خۆت. بچۆ لەسەر ڕێگای کانیش ڕاوەستە، کچی هەر کەست پێ جوان بوو، لێت مارە دەکەین، مەلای ئێمە بە و بە منداڵمان بخوێنە».

بەخوا هەر بە هەزار کێشە لە دەستیان خۆم ڕزگار کرد. ئەو ڕۆژە چووم بەرەو بلەسەن، هێند بەفر بارییوو، لنگم نەدەگەیشتە سەر عەرز. ڕێگا تەڕ بوو، شوێن نەبوو، نابەڵەد بووم، دە پاشنوێژێکی درەنگدا شوێنی ڕاوکەرانم دیت، پێیدا ڕۆیشتم، چوومە ناو دێی بلەسەن، ماڵە کوێخا. پاشان یێک هات، لاق و کاڵەی لە بەفر ماڵیم، کوتی: «ڕەنگت وا زەرد بووە پێم وابوو ئێستا دەمری».

ئەو شەوەش چوومە مزگەوت. سبەینێ دوو چێوداری عێراقی بزنیان پێ بوو، دەچوونەوە، ڕەگەڵیان کەوتم. دەبوو ڕێگا بۆ بزن بشکێنین. تا پاشنوێژ هات لە گیان بووم. لاقم سەرمای بوو. کوتم: «من دەڕۆم». ڕێگاییکیان پێ کوتم کە من باشی تێنەگەیشتم و دوای جۆبوونەوەم لەوان ڕێگام لێ گۆڕا. هێندێک لەو کێوە چوومە خوار، لەدوور ڕەشایی دێیەکم بەچاو کرد. پێم وابوو ئەوە ئەو دێیەیە، کە ئەوان دەڵێن. سەر بەرەوژێر بێ ڕێگا بەناو دارستاندا ڕوو بەدێ ڕۆیشتم، بەڵام پاش سەعاتێک ڕۆیشتن کەوتمە ڕەشانگێک کە بەفری لێ چووبۆوە. قوڕ بوو، لەوێ هەڵخلیسکام تا گەیشتمە سەر بەردێکی پان، خۆم گرتەوە.

کە ڕوانیمە لای خواروم هەزار بەهەزارێکە پیاو لێی دەتۆقێ. وا دێتە بەر زەینم بەقەدەر خانوویەکی دووقاتی دەهاتە بەرچاو. یێک پارچە بەردی لووس بوو. لاقی منیشی لێ گیر نەدەبوو. لەوێ مامەوە. زۆرم هەوڵدا بگەڕێمەوە. لە قوڕەکە نەدەکرا سەرکەوم. بە چنگەکڕکە سەردەکەوتم، لەپڕ هەڵدەخلیسکام، دەهاتمەوە سەر بەردەکە. ئەگەر ڕاوەستابام تا تاوپەڕ و قوڕ بیبەستایە بۆ خۆم ئەگەر لە سەرمان نەمردبام، ورچ دەیانخواردم. هەستیشم کرد کە لاقم سەرما بردوویە.

هەرچی بیرم کردەوە، هیچ چارەم نەدی غەیری ئینتیحار. کوتم: «لەو بەردە خۆم هەڵدێرم، دەمرم... جار بە جەهەندەم. بۆچی پاش من شەو و رۆژ و بەهار و هاوین نایە؟» بەخوا لە پێشدا بوخچەی کتێب و گۆچانەکەم هاویشتە خوار. ئەوجا قوونم دایە سەر بەردەکە و لاقم شۆڕ کردەوە و چاوم قوچاند و لەو حەوایەڕا خۆم هەڵداشت. بەڵام نەمردم. چونکە بە شەش-حەوت میتریش لە خوارەوە بەفر بوو کە با رنیبوویە شیو و دۆڵی ئەو بەردەوە. بەڵام کە چاوم هەڵهێنا، وەک لەناو چاڵاوێکی قووڵدا بم، وابوو. جێگام لە بەفرەکە قوپابوو. ئەمجار بە پەلەقاژە روبەرووی خۆم بەفرم دڕی و لە جێگەیێک سەرم هێنا دەر. گەڕام، جێگەی بوخچە و گۆچانیشم دیتەوە. دەستم وا چووبوو، گۆی نەدەکرد. چوومە بڵندایییێک، روانیم جێگەیێک لە بەفر قووپا بوو، زانیم جۆگەئاوە. بەوێدا رۆیشتمە نێزیک دێ.

دوازدە سەگی دێ، ئەویش سەگی ئەو دارستانە، بۆم هاتن و دەوریان دام. منیش هەرچەند دەستم زۆر چووبوو، بە گۆچانەکەم دیفاعم لە خۆم کرد. بەڵام ئەوان زۆری منیان دەبرد و وەخت بوو پەکم بکەوێ. لەو دەمەدا کوڕێکی جحێڵ بە بێڵەوە هاتە هاوارم خەلاسی کردم و چوومە دێ. دێ هەشت ماڵە و مزگەوتیشیان نەبوو. چوومە ماڵی کوڕەکە. هەر خۆی و خوشکی بوو، ماڵی تاریک و تەڕ، لاقیان گەسک دام و ماستیان بۆ هێنام و چای بە کشمیشیان بۆ لێنام. ئەو ئەنجینەی سەخت ناویەتی. بەڵام لە هەموو سەیرتر من لەو حاڵەدا بووم، لەو دەمەدا کچێکی کراس سووری بە سیلسیلە و فلفلە هاتە ژوورەوە و کوتی: «وەستا هاوێنە و بریقەت پێیە؟». بریقە مەقسوودی بریقەی دەسماڵان بوو. پێی وابوو من جوولەکەی وردەواڵە فرۆشم. کوڕەکە کوتی: «های رە زگت نیم، هەڕێ وەڵڵا، ئەوە مەلایە، خۆ جوولەکە نییە». ئەمجار پاش ئێوار بوو، کوڕەکە رێگەی نیشان دام. چوومە ئەنجینە کە لەسەر حدوودی عێراقە.

لە قەراغ دێ لە منداڵێکم پرسی: «ماڵە خەلیفە ساڵح لە کوێیە؟» (ئەوە کوڕی ئەنجینەی سەخت پێی کوتبووم). منداڵەکە وەڵاغی دەبردە سەر ئاوێ. بەجێی هێشتن، کوتی: «لەگەڵ من وەرە». کە چووینە حەوشێ، هاواری کورد: «بابە، میوانێکی دیکەشم بۆ هێنای!» بابی کوتی: «ئافەریم، رۆڵەم، مێوژت دەدەمێ هی دوو میوانان». ئایا ئەو سەخاوەتە لەناو چ میللەتێک دەست دەکەوێ، بە کوڕت بڵێی: «بەرتیلت دەدەمێ میوانم بۆ بگێڕنەوە؟» چونکە هەموو کەس میوان رادەگرێ.

چوومە ماڵە خەلیفە ساڵح. میوانێکی تری هەبوو. زۆری پێ نەچوو رەفیقە عێراقییەکانی منیش هاتن. ئەو شەوە جلیان بۆ تێ وەشاندین. سبەینێ کەوتینە رێ لەگەڵ عێراقییەکان و چوومە سەر چۆمی ئەنجینە کە خەتی فاسیلی عێراق و ئێرانە. چۆم سەهۆڵ بەستبووی، بەبەرد شکاندمان. رێگەیێکی چکۆلەمان تێکرد بۆ بزنەکان. هەوەڵجار من پەڕیمەوە. کە گەییمە ئەوبەر ئاگرم کردەوە.

وەختێ لە خۆم روانی، وەک چەکمەی سوورم لە پێدا بێ، هەموو لاقم شتڵی خوێن ببوو. ئاوە ساردەکە بڕیبووی. شەو چووینە کۆخێکی لە قەراخ مەزرای ورچەک، کە ئەو کۆخە هی مێرد و ژنێکی جحێڵ بوو بە تەنیا لەو چۆڵە ماڵیان کردبوو. بۆ سبەی چووینە دێیەک. ناوی بێوران بوو. بەڵام کە چووین نوێژی شێوان بوو. دیتم دێ ئاڵۆزاوە و خەڵک ماڵاتی خۆیان رادەگوێزن. کوتیان: «ئێوە لێرە مەبن، ئەوشەو عەشیرەتی پشدەری دێن، تالانمان دەکەن». «کوڕە، ئەدی حکومەتی عێراق؟» کوتیان: «بەخوا پۆلیس بەشەو وەدەر ناکەون، ئەگەر هەزارمان لێ بکوژن، بەڵام بە رۆژ مومکینە ئەوانیش بێن و هاواری شێخ لەتیفیشمان بگاتێ».

ئێمە چووینە مزگەوت، روانیمان مەلای دێ کە ناوی مەلا عەزیز بوو، خەڵکی ترساندووە، دەڵێ: «هەڵێن»، چونکە بۆ خۆی مەڕ و بزنی زۆر بوو، دەیویست دەربازیان کا. کوتم: «ئێوە چەند تفەنگتان هەیە؟» کوتیان: «سێزدە». «چەند فیشەک؟» «دوو سەد». کوتم: دەسا تفەنگێک و بیست فیشەک بدەن بە من و کێهەلا زۆر خەتەرە تەسلیمی منی بکەن. ئەگەر تا سبەی هێشتم کەس لەلای منەوە بێ، بمکوژن. ئێوەش دیفاع لە هەر چوار لاوە بکەن تا سبە».

شەجاعەتیان کەوتە بەر، کوتیان: «لەت و پەتیشمان کەن، خانووان بەجێ ناهێڵین تا لێمان بسووتێنن. یا ئەڵڵا، کوڕگەل، مەلا عەزیز ترسەنۆکە، با بۆخۆی هەڵێ». بەخوا ئەو شەوە بۆ کێشکی دێ دانیشتین، بەڵام کەس نەهات شەڕی لەگەڵ بکەین. سبەینێ پڵاو و ساوار و چای ئاشی پێ دەگەڕا، هێندەیان قەدر گرتین. ئەو رۆژە چووینە کەناڕوێ، کە دێیەکی شێخ لەتیفە. لە ماڵی یەک لە بزنفرۆشەکان میوان بووم. شەو لە مزگەوت نووستم. بەیانی پێش نوێژی سبەی کەوتمە رێ بەرەو سولەیمانی. کە سەرکەوتم لە ئەزمڕ (کێوێکە)



سولەیمانیم لێ دەرکەوت. کەوتمە خەیاڵات و بیرکردنەوە. «خوایە چ خەونێکە دەیبینم؟ من چەند رۆژ لەوەپێش ساحێب ماڵ و خانوو و ژن و منداڵ بووم، ئەمڕۆ وەک تازە هاتبمە دنیا، هیچ شک نابەم و کەس ناناسم، دەبێ چۆن بم و چۆن سەر دەربێنم؟» بڕیارم دا کە بچمە مزگەوتان و ببمە فەقێ وەک قەدیم. بەڵام لە قەراخ شار کوتم: ئەمشەو ماندووم، دەچم لە هۆتێلێک ئیستراحەت دەکەم، سبەی دەبمە فەقێ». لەناو شار لە کابراییکم پرسی: «مێهمانخانە لە کوێیە؟» کوتی: «بڵێ هوتێل، دەنا پۆلیس بزانێ ئێرانیت، دەتگرێ». بردمی، هۆتێلێکی پێ نیشان دام.

شەو چوومە قاوەخانە، لەپڕ کەوتەوە بیرم کە من ئاشنایەکی خەڵکی پێنجوێنم هەیە، پێنجوێن بە بوومەلەرزە تێک چووە، خەڵکەکەی چوونە شارانی تر. دەبێ ئەو ئاشنایەم لێرە نەبێ؟ لە یەکێکم پرسی: «ئەرێ مەلا عەبدوڵڵا فەقێ پێنجوێنی شاعیرێکە لێرەیە؟» کوتی: «بەڵێ، دووکانی لەسەر جادەی تازەیە». شەو چوومە حەمام و سبەی لە دووکانێکی کتێبفرۆشم پرسی. دووکانی مەلا عەبدوڵڵای فەقێیان پێ نیشان دام، سڵاوم کرد، نەیناسیم. کوتی: «بەخێر بێی، چۆنی؟ منداڵ چۆنن؟ براژنم چۆنە؟ بارەکەت فرۆشت؟» کوتم: «نامناسی؟ ئەو قسانە چییە؟» کوتی: «ئەوە لەبەرم کردووە، بۆ هەموو مشتەرییەکی لادێی دەیڵێم، بیناسم و نەیناسم». کوتم: «من هەژارم» دەستی کرد بە گریان. کوتم: «گریانی ناوێ، عیلاجێک بکە، نابێ بهێڵی کەس بزانێ کە من لێرەم». کوتی: «بەڵێ یەک نەفەر هەیە دەبێ بزانێ و ئەوە دەچم بانگی دەکەم».

رۆیشت، پاش تۆزێک هاتەوە، پیاوێکی عەینەک لە چاوی، پیری سمێڵ تاشراوی درێژی، رانکوچۆغە پینەکراوی دەگەڵ خۆی هێنا. کابرا هەر لە دوورەوە کوتی: «ئای ئای گووم کردە ئەو پشتێندە گرێچنە ئێرانیانەت؟ هەتیو، خۆ پۆلیس بتبینێ، دەتگرن». دانیشت بەبێ ئەوەی بڵێ ماندوو نەبی، کوتی: «غەم مەخۆ، ئێمەش زۆرجارمان خۆ ماندوو کردووە و چیمان پێ نەماوە. رۆژێک دەبێ هەر سەرکەوین. هەستە با برۆین». بردمیە ماڵە خۆی. هەر ئەوەندەی نیو سەعات نەچوو کە کارێکی وای کرد من شەرم نەکەم و ماڵە وی بە ماڵە خۆم بزانم. ئەمرم دەکرد بە کچ و ژنی ئەو: «چام بدەنێ، ئاوم بۆ بێنن». ئەو شەخسە ناوی میرزا رەحمانی بانەیی بوو کە بە حەقیقەت لە دواییدا بوو بە مامۆستای رۆحی و زۆر شتی فێرکردم و هەروەها پەنا و پەسێوی هەژاران بوو، ئەگەر چی بۆخۆشی هەژار و دەستتەنگ بوو. میرزا رەحمان چاکترین شەخسێکە کە من لە حەیاتما تووشی بوومە کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. بەڵام داخی گرانم ئەمڕۆ کەوا کورد هێندێک باوی پەیدا بووە و هومێدیان هەیە، میرزا رەحمان لە خاکا نووستووە و گیا و گژ لەسەر گۆڕی شین بووە.

من لە ئاورێلی ساڵی ٤٧دا چوومە بەغدا و لەو رۆژەوە برسیایەتی و رووتی و نەداری و لەش بە باریم دەستی پێ کرد. زمانم نەدەزانی، هیچ کەسم نەدەناسی. لە خانێکی کۆنی ناخۆشدا دەژیام کە باسی ناخۆشییەکەی بە کتێبێک تەواو نابێ، چونکە هەرزان بوو. منیش ئەگەر چوومە بەغدا شازدە دینارم پێ بوو. مانگی دوو دینار کرێی خەوم دەدا، باقیی دیکە پێی بەڕێوە دەچووم و هەر لە بەیانییەوە من بەرم لە دوکانان دەگرت تا ئێوارە هەر دەچووم دەمپرسی: «شوغڵ؟» (چی تریشم نەدەزانی)، سەریان لێ رادەوەشاندم.

رۆژێک کابرایەک بە کوردی لێی پرسیم: «کوڕە تۆ چ کارەی؟» کوتم: «کوردم و غەریبم و زمان نازانم، کارم دەست ناکەوێ» کوتی: «کوردی سابلاغیت؟» کوتم: «بەڵێ». کوتی: «منیش سابلاغیم و جوولەکەم و ناوم یێرمیایە، من کارت بۆ پەیدا دەکەم». ویستی پووڵم داتێ، نەمویست، کوتم: «کار نەکەم پووڵی بە خۆراییم ناوێ». کوتی: «دەسا دەعوەتت دەکەم، نان بخۆ» قەبووڵم کرد و جەمێکم خوارد، هێزێکم هاتەوە بەر، ئەمجا کوتی: «بچۆ لای منەشێ بڵێ کارت بداتێ».

کوتی: «بڵێ، یێرمیا دەڵێ کارت بداتێ» کە چووم پێم کوت، کوتی: «باشە، سەری مانگ وەرە کارێکت بۆ پەیدا دەکەم». هاتمەوە بە یێرمیام وت: «حەوت رۆژ ماوە بۆ سەری مانگ، لەو حەو رۆژەدا چی بخۆم؟» کوتی: «بچۆ تەکیەی غەوسی گەیلانی، لە دیوەخانی نەقیب کابراییکی لێیە ناوی حوسێن کەڕەناچییە، سابلاغییە. بڵێ: «من یێرمیا ناردوومی بۆ لات، کارم بۆ پەیدا کە». چووم کا حوسێنم دیتەوە. پیاوێکی پیری کەچەڵی قسەخۆش لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، قەلیاناوی دەکێشێ. منیش کەسیف و پیس و چڵکن چووم، کوتم: «یێرمیا ناردوومی». کوتی: «سابلاغیت؟» کوتم: «بەڵێ» کوتی: «چاییکی بۆ بێنن» هەر دانیشتم و هەر دانیشتم، کابرا چی نەکوت. پاشان کوتم: «مامە، ئەگەر کارم بۆ پەیدا ناکەی، پێم بڵێ». کوتی: «رۆڵە، کار پەیدا بووە،

تۆش وەک من چم کرد بیکە و چم خوارد بیخۆ و خەلاس».

لەو رۆژەوە مام حوسێن و ئامینەی ژنی کە هەرتک پیر و فەقیر بوون، بوونە باوک و دایکم لە غوربەت. رۆژانە لەگەڵ کاحوسێنا ئاوپرژێنی قەسری نەقیبمان دەکرد، دەمانماڵی و کاشیمان مەسح دەکرد و نانمان دادەنا. پاش خەلاس بوونی هەموو کارێک خۆشمان نانمان دەخوارد. مانگی رەمەزان سەرانسەر ئەو کارەم کرد. کاحوسێن پێی کوتم: «سەری مانگ مەعاشت بۆ دەستێنم لە نەقیب» بەڵێ رۆژی جێژن نەقیب چوارییکە دینارێک کە حەقی رۆژێکی کارگەرێکە بۆی ناردووم، منیش نەمویست، مام حوسێن کوتی: «کاری بۆ مەکە».

دیسان کەوتمەوە کارپەیداکردن، پاش زەحمەت و گەڕانێکی زۆر لە رەستۆرانێکی دامەزرام کە ئاو تێکەم و وەلات گەسک دەم و کاشیی عەرزی ژوورەکان بە پەڕۆییکی نمناک بماڵم، مانگی چوار دینار پوول و خواردنم بدەنێ و شەویش لە سەربانی رەستۆرانەکە بنووم. دەبێ ئەوە بزانرێ کە لە بەغدا هاوینان دەرەجەی گەرما لە بەینی چل و پێنج و چل و هەشت دەرەجەدایە، منیش لەو دەمەدا لەو رەستۆرانە بووم. سەعات پێنجی بەیانی هەڵدەستام لە خەو، گەسکم هەڵدەگرت و دەمماڵی و لە پاشان بە کوتە تەلیسی تەڕ کاشیم دەماڵین. ئەوجار مێز و سەندەڵیم رێک دەخستن کە پتر لە چل مێز بوون و هەرییکە چوار کورسی بوو. ئەوانەشم هەمووی بە پەڕۆی خاوێن دەتەکاند و دەمماڵین.

ئینجا لە سەعاتی هەشتەوە مشتەری پەیدا دەبوون بۆ بەرچایی خواردن. دەبوو من ئاویان بۆ بەرم و دوای خواردن قاپە بەتاڵەکان هەڵگرمەوە و بیبەم بۆ قاپشۆر. مەخسووسەن لە سەعاتی یازدە تا دووی پاشنیوەڕۆ کە وەختی نانی نیوەڕۆیە بوو، نە من وە نە گارسۆن یێک دەقیقەش نەماندەتوانی بە رۆیشتن بڕۆین. وەک بارگینی عەجەمان هەموومان یۆرغە ببووین. هەموو بەری پێم کاوە کاوی بوو، لە سەعات دوو تا دوو و نیو خەڵک نەدەهاتن. دەیانکوت: «ئیستراحەت بکەن» حەتتا لە ئاودەستیش نەیاندەهێشت ئاو بە خۆدا کەین، کە ئاو هیچ قیمەتی نییە لە بەغدا. ئەوجار بەو گەرمایە نەیاندەهێشت لەبەر سێبەر دانیشین، چ جای بنووین. دەیانکوت: «مەبادا مشتەری بێن و بتانبینن. مەنزەرەتان پیسە» بەو گەرمایە دەچووم لە سەربان رادەکشام کە لاقم تۆزێک بحەسێتەوە. بەڵام لە ئارەقدا شەتڵ دەبووم. لە سێ و نیوەوە دەبوو من ئەو هەموو مێز و سەندەڵییانە بێرمە سەربان، سەربانیش بماڵم. ئەمجار هەموو شتێک رێک بخەم بۆ گارسۆنان. ئاوپرژێنی حەوش و سەربان دەبوو بکەم.

ئەمجار دیسان مشتەری دادەبارین، ئاو تێکەم و قاپی بەتاڵ هەڵگرمەوە و بێم لەسەر خەیابان جگەرەیان بۆ بکڕم، سەرباری هەموویش بێگاری خاوەن رەستۆران و گارسۆنان کە منیان لە جیاتی کڵفەت و نۆکەر دەکار دێنا و کاری ماڵە خۆیان پێ دەکردم. ئەوە دەبوو هەڵێم و هەڵسووڕێم تا سەعاتی دوازدەی نیوەشەو. ئەمجار رەستۆران چۆڵ دەبوو. دەبوو مێز و کورسیان هەموو بێنمەوە خوارێ و سەربان گەسک دەمەوە، پرزە و زیل و زاڵی ئارەقخۆران بخەمە ناو سندووقی زبڵەوە. ئەمجار باغچەی حەوشی رەستۆران ئاودەم. لە سەعات دوو دەیانکوت «بڕۆ بنوو». دەهاتم لە سەربان حەسیرە شڕێکم رادەخست و جلەکانی خۆم دەکردە سەرین. ئەو دوو سەعاتە رادەکشام. لە سەعات پێنج دیسان هەمان پەت و هەمان سینگ. کارەکەم دەستی پێ دەکردەوە. لە سەعات حەوت و نیوی بەیانی دەیانکوت: «وەرن نان بخۆن». من و قاپشۆر و شاگرد کەبابچی کە ئەوە ئێمە تەبەقەی لە هەمووان پەستر بووین، دەچووین. یێکی حەبێکیان لە «روحی شەکر» بۆ دەخستینە ناو کوپێک چاوە و یێکی سەموونێکی رەقهەڵاتووی دوێنێ کە ئیتر تازە کەس نەیدەخوارد و دەبوو فڕێ بدرێ دەیاندایێنێ.

لە بیرمە رۆژێک کە سەموونە رەقەکەم بۆ بە تەنیا نەدەخورا، دەستم برد دەسکێکم کەرەوز هەڵگرت (کە سێ دەسکی بە فلووسێکە) کە بیخەمە ناو سەموونەکەم. کابرای ساحێب رەستۆران چاوی لێ بوو، هات، لەدەستی ستاندمەوە و سێ-چوار جنێوی قەڵەوی تەحویل دام. رۆژێک بانگیان کردین کە وەرن کەباب بخۆن. بۆ ئێمە زۆر شتێکی عەجایب بوو. باوەڕمان نەدەکرد، بەڵام کە چووین دیتمان گۆشتیان لێ بۆگەنیو ببوو، بەجۆرێک لەبەر بۆگەنی نەتدەتوانی لێی نێزیک ببیەوە. هەر وەک سەگێک تۆپیبێ و با بۆنەکەت بۆ بێنێ. هەر هەڵاتین، کوتمان: «بابە، حاشا لەو کەبابەی کە پێی دەمرین، سەموونی خۆمان دەنێ و بەس» دیسان چەند جنێوێکمان پێ گەیشت، کوتیان: «ئێوە فێری فەقیری و شت نەخواردن بوون، گۆشت ناخۆن، سەموونتان دەوێ، ئاخر بۆیە خودا ناتاناداتێ». نیوەڕۆیان و شەوانە پاش



خەلاس بوونی مشتەری هەر یێکەی لە دەورییەکدا وەک چێشتی مجەوڕ تێکەڵ: برینجی رەقی بن مەنجەڵ، وردە گۆشت و ئێسک، باینجانی سووتاو و بیبار، خولاسە لەو هەموو مەنجەڵانە هەرچی مابۆوە، بۆیان لێک دەداین و یێکی سەموونێکیان دەدایێنێ و حەقمان هەبوو بەفراوی لەسەر بخۆینەوە. ئێستاش بۆیە یێک دیوانم لە دیوانی خۆم نێو ناوە «چێشتی مجەوڕ»، تا هەموو جارێ ئەوەم وەبیر بێنێتەوە.

دوو مانگم بەو جۆرە رابوارد. سەری مانگی هەوەڵ هەر تەفرەیان داین و مواجبەکەیان نەدایێنێ تا سەری مانگی دووەم. ئەوجار کوتیان: «بەخوا نابووت بووین و پووڵتان نادەینێ». هەرچی داد و هاوارمان کرد، بێ فایدە بوو. قاپشۆرەکە چوو شکایەتی کرد. دوو پۆلیس هاتن. دەست بەجێ خاوەن رەستۆران داینان و یێکی چارەکێک ئارەقی بۆ هێنان و خواردنی دانێ. بەخوا پۆلیسم پۆلیس بێ وەرگەڕانە گیانی قاپشۆرەکە بە شەق و زللە بردیان بۆ حەپس. ئیتر ئێمە نەمانوێرا فزەی بکەین. حەسیرە شڕەکەم پێچاوە و لەسەرشان بردمەوە لای تەکیەی غەوسی، ماڵی مام حوسێن. ئەمجار پاش چەند رۆژێک مام حوسێن دایمەزراندم لای سەید برایمی نەقیب، کە ئەویش ئامۆزای سەید نەقیبی غەوسە. مانگی چوار دینار و خواردنم بدەنێ و شەوانەش لە تەکێی غەوس بنووم.

ئەو سەید برایمە ٥٤٠ خانووی بە ئیجارە دەدا کە موڵکی خۆی بوو. باغێکی هەبوو خورما و پرتەقاڵ. ئەو ساڵی من لەلای بووم، بە ٧٤٠٠ دینار بە ئیجارە چووبوو. دەیانگوت پێنج ملیۆن دیناری لە بانکدا هەیە. ئۆتۆمبێل و قەسری توو ئەندەر تووی و قەسری کوڕی هەر باسی ناکرێ کە چۆن بوو. بۆ خۆی ژنی نەمابوو. نۆکەریش من و شۆفێرێک و سۆفییەکی ئەفغانی و کوڕێکی هیندی و کڵفەتێکی جوانکەلەی حیز و دوو پێرێژنی لەلا بوون. کاری من ئەوەبوو لەگەڵ کڵفەتەکە وەتاغی دانیشتن و نووستنی سەید برایم رێک خەین و وەختی نان خواردن دەبوو من نانی بۆ بەرم و لەبەرچاوی خۆی ماستاوی بۆ بکەم. چونکە من ئیختساسی بووم لە ماستاو درووست کردندا. هەموو چێشتەنگاوێک لەگەڵی سواری ترومبێل دەبووم دەچووینە باغەکەی تا سەعاتێک دوای نیوەڕۆ.

زۆر سەیر بوو ئەو باغەی کوتم بە ئیجارەی دابوو، هەموو رۆژێ دوو سێ قەرتاڵەی خورما دەهێناوە، بەڵام نەیدەهێشت نە من نە شۆفێر دەنکێک خورما بخۆین. کابرای باغەوان بە دزییەوە پێی کوتین: «هەموو رۆژێ دەسرەی خۆتان بدەن بە من، خورماتان بۆ تێ دەکەم. چوون ئەو سەید برایمە ئەوەندە پیس و چرووکە، هەرچەند باغ لە ئیجارەی مندایە و ئەو هیچ زەرەر ناکا دیسان پێی ناخۆشە منیش بیبەخشم». ئەو دەوڵەمەندە رۆژانی جومعە سەد فلووس، فلووس فلووسی لەناو کیسەیەک دەکرد و بە فەقیرانەوە دەگەڕا، یەکی فلووسێک یا دوو فلووسی دەدانێ. بەوە باسیان دەکرد کە زۆر سەخییە. کەچی ئەگەر هیندی و پاکستانی دەهاتنەلای، چوار شاییشی لێ وەردەگرتن. نەیدەهێشت لە وەختی بێکاریشمدا رۆژنامە بخوێنمەوە. دوژمنی خوێندەواری بوو. رۆژێک کوتم: «ئەفەندی، چ زیانی هەیە بۆ تۆ کە من رۆژنامە بخوێنمەوە؟» کوتی: «من نامەوێ عیلمی شەیتانی فێر بی».

گەلێک رۆژان منداڵی کوڕەکەی دەهاتن، دەبوو من ببمە لەلەی منداڵان و بیانگێڕم و ئاگام لێیان بێ و ئەگەر ماندوو بوون بەباوەش هەڵیان گرم. بەڵێ نیسبەت بە رەستۆرانەکە حاڵم زۆر خۆش بوو. بەڵام قەدەرێک نەخۆش کەوت، بەحەیاتم ترسەنۆکی وام نەدیوە. بەو سەر و سیما و ریش و پەشمەوە رۆژێ هەر دەگریا، دەیگوت: «دەمرم». هەر جارێک کە بچووبا ئاودەست، دەبوو من و نوورییە - کچە جوانەکەی کڵفەت - بە تەختەوە هەڵیگرین و لەبەر ئاودەست داینێین. هەر لە ئاودەست هاتبا دەر خۆی لەسەر تەختەکە رادەکشا و دەمانهێناوە جێگاکەی خۆی لەناو باغچەی قەسر.

شەوێک درەنگ کە دەگەڵی دەچوومەوە ماڵێ، لە پێشەوە دەڕۆیشتم، چونکە لە تاریکی دەترسا. لە پلەکان سەرکەوتین، دووپشکێکم دیت و پێلاقەم پێدا دا و کوشتم، کوتی: «ئەوە چ بوو؟» کوتم: «دووپشک». ئیتر ببڕای بوێرێ لەو پلیکانانە سەرکەوێ ئەبەدەن. رێگاکەی گۆڕی. بە ریزە پلیکانێکی دیکەدا دەچوو. جا هەر بە منی دەکوت: «بەخوا راستە کورد لە هەموو میللەتێکی ئازاترن». سەد جاری لە مەجلیسان گێڕاوە کە ئەو نۆکەرە کوردەی من بە پێلەقە دووپشکێکی کوشت...

بەڵام لە ئاخر و ئۆخری مانگی سێهەمدا بوو خواردنمان زۆر کەم دەدرایە. تێرم نەدەخوارد. رۆژێک بە مام حوسێنم کوت. بەڵام سەید برایم کوتی: «هەر ئەوەیە، زیادی ناکەم». لەلای رۆیشتم. مواجیبی مانگ و نیوێکم لەلای بوو. کە زانیی

رۆیشتووم، پارەکەی نەدامێ و کوتی: «دەیدەمە پۆلیس، عەسکەریی نەکردووە». بەخوا گوێم نەدایە. تۆزێک فێری عەرەبی ببووم. پتر لەخۆم رادەدی کار پەیدا بکەم.

ئەمجار چوومە لای وەکیلێکی دادگوستەری ناوی عەبوود شاڵچی بوو. مانگێ بە حەوت دینار و نیو، نانی نیوەڕۆشی بۆ بێنم و بۆ خۆشم بخۆم. ئیدارەکەی چوار وەتاغ بوو، رۆژێ خاوێنم دەکردەوە و نیوەڕۆیان دەیناردم بۆ ماڵە خۆیان نانی بۆ بێنم. ماڵەکەیان بە دوو مەرحەلەی ئۆتۆبووس دەچووم. پاشان بیست دەقیقە بە پێ دەگەیشتمێ. ئەویش چل فلووسی دەدامێ، حەقی رێگە. چل دەقیقەش بەپێ ئەو سەر و ئەو سەر، بەو حاڵە نانم بۆ دێنا. لەو دەمەدا مانگی کانوونی سانیی چل و هەشت بەسەردا هات کە میللەت قیامی کرد بۆ زیددی پەیمانی پۆرتیسمووت و بوو بە مێتینگ و موزاهەرات، من رۆژانە پاش خاوێن کردنەوەی وەتاغەکان بە پەلە دەچووم رەگەڵ مێتینگ دەکەوتم. ناکرێ باسی ئەو قیامەتە تاریخیەت ئێستا بۆ بکەم، بەڵام دەزانی کە زۆر گەنج بە کوشت چوون و پەیمانێکی لە ئینگلستان بە مەرەکەب نووسرا، خەڵکی عێراق بە خوێن کوژاندیانەوە و پەیمانیان پێ هەڵوەشاند.

رۆژێک لە رۆژان کە پۆلیس تەقەیان لێ کردین، کابرایێک لە تەنیشت منەوە بوو، تفەنگێکیان لە سەردڵی دا، کەوت. من غارم دا هەڵیگرم و بیبەمە پەسکووچەییکەوە. کە من لەسەری داهاتمەوە لەپڕ بە هەموو هێزێکییەوە قۆناغە تفەنگێکیان لە مورەغەی پشتم دا، کەوتم، کە دەستیان دا پیلم بمبەن، لەو دەمەدا دیسان جوانەکان دەستیان کردەوە بە خشت و بەرد باران لە پۆلیسەکان. پۆلیس هەڵاتن و منیان بەجێ هێشت و کەلاکی کابراش بەجێ ما. بە لارە لارەوە چوومە ماڵی کاک حوسێن. لەوێ کەوتم. پاش دوو رۆژ چوومە لای ئاغاکەم. کوتم: «نەخۆش بووم، بۆیە نەهاتووم» ئەگەر هەزار جنێوی پێ دابم، کەمە. کوتی: «پێم وایە تۆ هەموو رۆژ دەچییە مێتینگ دان» بە هەزار سوێند کوتم شتی وا نییە. دوای چوار رۆژێک دیتم عەبدێکی رەشی راگرتووە و منی دەرکرد. کوتم کە رۆژانە دەچووم نانم بۆ دێنا، بەڵام رۆژانی جومعە دەیکوت: «برۆ و مەیەوە تا ئێوارە». کوڕێکی دیکە هەبوو، فەراش بوو لە مەحکەمە، تورکمەن بوو. ئەو رۆژی جومعە دەهات و من دەڕۆیشتم. رۆژێک پرسیم، کوتم: «بۆچی رۆژی جومعە دەڵێ مەیەوە و تۆ دێی؟» کوتی: هەرچەندە ئەو وەکیلە ژنی جوانیشی هەیە، بەڵام رۆژی جومعە قەحبە دێنێتە ئیدارەکەی تا ئێوارە، من خزمەتیان دەکەم و دەزانێ کە تۆ کوردی و شتی وا قەبووڵ ناکەی، دەزانێ کورد هێشتا بۆنی مەدەنییەتیان بە لووتی نەگەییوە».

دیسان بێکار مامەوە، لەو بەینەدا رەفیقی باش و خۆشەویستم پەیدا کردبوون. رەفیقێکم کە ناوی مەحموود ئەحمەد بوو، رۆژێک پێی کوتم: «ئەگەر بچی شاری کووت، لەوێ دەتکەن بە عەمەلە و بە سەر فەعلەی قوڕەکاری رادەگەی، رۆژی بە چوارسەد فلووس و جێگەی نووستنیشت دەدەنێ». کوتم: «دەچم، مانگێ دۆزدە دینار زۆرە بۆ من». کاغەزێکی دامێ بۆ موهەندیسێکی کورد لە کووت. لەوێ دامەزرام و ناردمیانە شارێک کە ناوی نەعمانییەیە، ئەو شارە ئاساری نەعمانی بنی مەنزەری کە بارامی گۆڕی بەخێو کردووە، لێیە. ئیدارەی پۆلیسی ئەوێمان تەعمیر دەکردەوە. شەوێ لە یەکێک لە وەتاغە چۆڵەکاندا دەنووستم. زستان بوو. زۆر سەرمام دەبوو. مزگەوتێکی سوننییانی لێ بوو، مەلای مزگەوتەکە کوتی: «وەرە لە حوجرەییکی مزگەوت بنوو» شەوانە بەڕەی مزگەوتەکەم بۆ خۆمدا دەدا و چای گەرمم دەخواردەوە، ئیتر لەدەست سەرما خۆم دزییەوە. دەبوو لە سەعاتی پێنجی بەیانییەوە بچمە سەر کار.

فەعلەی عەرەبمان هەبوون. ئەو فەقیرانە بە پێخاوسی و بە کراسێکی تەنکی درێژ لەو سەرمای بەیانەوە تا دوازدەی نیوەڕۆ یەک وچان کاریان دەکرد. لە سەعات دوازدە تا دوازدە و نیو وچانی نان خواردنیان بوو. دەنکێکی رەش لەناو برینجدا هەیە، پێی دەڵێن «داڕووجان» کە لە کوردستان فڕێی دەدەن، چونکە هێندە تاڵە، مریشکیش نایخۆن. لەوێ ئەوە لە دووکاندا دەفرۆشرا، فەعلەکان ئاردی ئەو داڕووجانەیان بە ئاو دەگرتەوە وەک سەوڵەی سەگان، دەیانهاویشتە سەر تەنەکەییکی رەش، هەروا تۆزێک خۆی دەگرت، دەیانخوارد. لە دوازدە و نیوەوە تا پێنج و نیو دیسان کاریان دەکرد. هەموو رۆژێ بە سەد و پەنجا فلووس، دە سووڕەتێکدا کە ئەوان فەعلەی حکومەت بوون و قانوونیش دەیکوت: «دەبێ فەعلە هەشت سەعات کار بکا و هیچ نەبێ، دەبێ دوو سەد فلووس وەرگرێ». ئەمجار بەو حاڵەش موهەندیس و سەر عەمەلە بەرتیلیان لێ دەستاندن کە کاریان پێ بکەن.

رۆژێک بە فەعلەییکی جحێڵم کە خێزی بۆ ئەوانی دیکە



تێ دەکرد، کوت: «هۆو کابرا پیرە ماندوو دەبێ، زۆری بۆ تێ مەکە». ئێوارە هەموویان لێیان پرسیم: «تۆ لە کوێڕا هاتوویی؟ چ میللەتێکی؟» کوڕە بۆچی دەپرسی؟ کوتیان: «چونکە ئەوە جارێک لە ژیانماندا ببینین سەرعەمەلەییک جنێومان پێ نەدا و دەشڵێ روحم بە پیر بکەن». ئەگەر یەکێک چڵێکی کاهووی چوار فلووسیی بخواردبایە و گەڵا پیسەکانی فڕێ بدایە، فەعلەکان گوێیچڕێنەیان لەسەر دەکرد. شەوێک من و وەستای بەننا و نەجاڕ بە چراوە چووین، شەوارەمان کرد، حەوت کۆترمان لە تەویلە کۆنێکدا گرت. فەعلەییک پاڕاوە، کوتی: «بۆتان خاوێن دەکەمەوە، سەروپێ و جەرگ و ریخۆڵەی ئەو کۆترانەم دەنێ».

ئەو شەوە زۆر سارد بوو. باران دەباری. نیوەشەو کە هەستام لەخەو، چوومە دەر، دەبینم وا چەپڵە رێزانە و گۆرانی کوتنە لە ژووری فەعلەکان. چوومە پشت پەنجەرە، گوێم هەڵخست. بە قامیشە رزیو ئاگریان کردۆتەوە و تەنەکەیان لەسەر دانابوو. ریخۆڵە و سەروپێی کۆتریان دەبرژاند و چەپڵەڕێزان و گۆرانییان بۆ ئەو جێژنە بوو. ئیتر سەرما و سۆڵ و هەڵەرزینەکەیان لەبیر چووبۆوە. گوێم لێ بوو، یێکیان کوتی: «چی دی قامیش مەسووتێنن، سبەی دەرمان دەکەن» یێکیان جوابی داوە، کوتی: «نا، ئەو عەزیزە (ناوم عەزیز بوو لەوێ)، کوڕێکی باشە، بۆمان دەپۆشێ، سبەی زوو راستی پێ دەڵێین»

رۆژێک کوتیان: «ئەوڕۆ سەرعەمەلەی دیکە لێرە نین. تۆ ئەگەر دوو سەعات ئیجازەمان بدەی، ئێمە بۆ خۆمان بەزم و ئاهەنگ دەگرین و کەیف دەکەین». ئیجازەم دان. پێم وابوو بۆ خۆیان چێشتی برینج لێ دەنێن. پاش تاوێک کە هاتمەوە لایان، دیتم ئەوا خورمای زوهدی کە لەبەر خراپییان کیلۆی بە هەشت فلووس بوو، لە پێش خۆیان هەڵڕشتبوو، دەیانخوارد. کوتم: «ئەوە ئاهەنگەکەتان خورما بوو؟» کوتیان: «بۆ ئەوەت پێ کەمە؟» یەکێکیان سوێندی خوارد کوتی: «لەسەر ئەم هەموو هەرزانییەش دوو ساڵە تێرم خورما نەخواردووە. سەد و پەنجا فلووس چی بۆ نان و ئاوی عایلە و خۆم خەرج بکەم و چییان بۆ بدەم بە بەرگ؟ لە ساڵیشدا پتر لە دوو مانگ کارم دەست ناکەوێ».

حیکایەتی وام بە هەزاران لەلایە کە خۆم دیومە ناتوانم بۆت بگێڕمەوە. بەڵام من هەموو رۆژ و هەموو شەو بۆ حاڵی ئەو بێچارانە و هەزارانی دی لە فەللاح و فەقیران چەند جار دەگریام، دەمکوت ئاگرم تێ بەربوو. کوتم: «ناژیم لێرە ئەو حاڵەی ببینم، دەچمە بەغدا» هەرچەند هەوڵیان لەگەڵم دا، موهەندیس کوتی: «مەڕۆ، تۆ ئەمینی و لێم نادزی، رۆژێ مەعاشت بۆ دەکەمە شەشسەد فلووس». نەمتوانی چاوم لەو حاڵە پەرێشانە بێ. سیپاڵم پێچاوە و هاتمەوە بەغدا.

نێزیکەی مانگێک کارم دەست نەکەوت. ئەو پووڵەی لە نەعمانییە پاشەکەوتم کردبوو، هەمووم چوو. کەوتمەوە موحتاجی و برسێتی. لە پاشان رۆژێک هاوەڵێکم دیت، کوتی: «تۆ عەرەبی دەزانی، من دەستمایەی دوکانێکت دەدەمێ، پێکەوە شەریک دەبین». ئەوە سەرەبەهاری ساڵی چل و هەشت بوو، دووکانێکی کتێبفرۆشی و وردەواڵەمان دانا لە بەغدا. ناومان نا «مەخزەنولشوهەدا»، بە ناوی شەهیدەکانی قیامی میللەت. دووکان قازانجی نەکرد، بەڵام نانی ئێمەی لێ پەیدا دەبوو. دوایی رەفیقەکەم کوتی: «من دەیفرۆشم». لە مایەکەی شەش دینارمان زەرەر کرد. دیسان دەست لە گونان درێژتر بەرەڵا بوومەوە. ئەمجار پاش چەندێک جوولەکەی هاوەڵم کوتی: «تۆ سەرڕشتەی دوکانداریت پەیدا کردووە، ئەگەر موحەسیلێنی کورد دەناسی، ئەوانە پووڵیان بۆ دێ، بیست دینار و سی دینار لەسەر یەک بۆ مخاریجی چەند مانگێک، لێیان وەرگرە، دوکانێکی دانێ. ئەوان وردە وردەیان دەوێتەوە». بەو حیلەیە سەد دینارم وەرگرت لە هەشت نەفەر موحەسیل. ئەمجار جوولەکەکە دەلاڵی بازاڕ بوو، کردمیە ئاشنای دوکانداران و بۆم بوو بە زامن کە شتم بدەنێ و ئەگەر فرۆشرا بیاندەمەوە. دووکانێکم دانا، دیسان هەر بە ناوی «مەخزەنولشوهەدا». هەم وردەواڵەم دەفرۆشت و هەم کتێب.

حیزبێکی فاشیست هەبوو، کە حیزبی ئیستقلالیان پێ دەکوت. شەوێک ئەفرادی ئەو حیزبە هجوومیان کردە سەرم، شووشەیان شکاندم، کتێبەکانی دەستی چەپیان هەموو دڕاند و مەخسووسەن ئەوی بە قەڵەمی عەزیز شەریف و عەبدولرەحمان شەریف بوو. هەڕەشەیان لێ کردم کە دەبێ ناوی مەخزەنەکەم بگۆڕم. بەڵێ، ناوم نا «مەخزەن موختار» و تەرکی کتێبفرۆشیم کرد. بەڵام دووکانەکەم زۆر باش بوو. ئەگەر باشیش بوو بۆخۆم هیچ ئیسراحەتم نەبوو. هەر لە سەعات پێنجی بەیانی تا سەعات دوازدەی شەو بەتەنێ لەوێدا بەپێوە رادەوەستام. خواردنیشم ئەو چەند ساڵە هەر سەموون و شەربەتی پیس بوو. هێند زەعیف و لاواز ببووم،

که تووشی نەخۆشی سیل هاتم. حەوت ڕۆژان لە نەخۆشخانەی بەغدا نووستم. لە پاشان دەریان کردم کوتیان: «جێگەی نەخۆشی سیلمان نییە». دووکانەکەم فرۆشت. قەرزی خەڵکم دایەوە. نێزیکەی هەشتا دینارم بۆ ماوە.

تا ئەو دەمە ڕەفیقی زۆر باشم پەیدا کردبوون. بۆم کەوتنە هەوڵدان پەساپۆرتێکیان بۆ دروست کردم و لەو دەمەدا عەلی حەیدەر سولەیمان کە کوردێکە، وەزیری لەشساغیی عێراق بوو، برادەریان ناردە لای، واسیتەیان کرد کە عەلی حەیدەر لەسەر حیسابی حکوومەت ناردمیە جەبەل لوبنان لە مەسەح بەحەننەس (سەناتۆریی بەحەننەس) نواندیانم. تەبیعییە بە ناوی عەزیز قادر و کەسیش لە حکوومەتەوە نەیدەزانی من کێم. تەنها هەر ئەوەندە کە من نەخۆشێکی عێراقیم. دوو ساڵ دە ڕۆژ کەم، یانی لە ٢٣ی نۆڤامبری چل و هەشت چوومە سەناتۆری و لە ١٣ی نۆڤامبری ساڵی پەنجا دەرکەوتم. وەزنم بیست کیلۆی زیاد کردبوو.

ئەو دوو ساڵە یەکبین لەسەر تەختێک نووستبووم، نەدەجووڵامەوە مەگەر وەختی نان خواردن یان میزکردن. لەبەرئەوە زگم زل ببوو، هەم لەو هەموو نووستنە وا تەنبەڵ ببووم، کە هێزی بەڕێدا ڕۆیشتنم نەبوو. دەرد و داخێکی کە من لەو سەناتۆرییە دیتوومە بەتەنێ کتێبێکی دەوێ. بەڵێ، هەرچەندە لەسەر حیسابی دەوڵەت بوو، بەڵام لەگەڵ چینی هەرە فەقیر لە دەرەجە سێ بووم. خواردنمان سەگ بیخواردایە پشیلە دەڕشاوە. ئەوجار بۆڵە و جنێوی ڕاهیبانی مەسیحی و بەرتیل ئەستاندنی خزمەتکاران و مەحکوومیەتی زۆر و بێمەعنا ئەو دوو ساڵە زۆرم عەزابی ڕوحی پێ گەیشت، بەڵام لە عەینی وەختیشدا ژیانم زۆر پان و پۆڕ و بە تەجروبە بوو. کتێبخانەیەکی لێ بوو، پتر لە دوو هەزار جلدی کتێبی باشی ئەدەبی و تاریخی و ئیجتماعی و سیاسیی تێدا هەبوو، کە هەر نەخۆشان بۆ خۆیان چەند ساڵ بوو کۆیان کردبووەوە و هەمیشە پیاوی باشیان هەڵدەبژارد بۆ مدیری کتێبخانە.

ئەو کتێبخانە موڵکی نەخۆشخانە بوو، نە هی سەناتۆری. هەر نەخۆشەی مانگی بیست و پێنج فلووسی دەدا هەقی خوێندنەوە. ئەو پووڵە دەدرا بە کتێب و هەر نەخۆشێک کە بۆ خۆی کتێبی دەکڕی، پاش خوێندنەوە دەیکردە دیاری بۆ کتێبخانە. شەو و ڕۆژ دەمخوێندەوە. ئەوجار پیاوی زۆر زانا و خوێندەوار لەوێ نەخۆش بوون، هێندێک ئینگلیسی فێر ببووم. بەڕاستی بۆ من ئەو فرسەتە مەدرەسەیێکی گەورە بوو، کە زۆر چاوم کرایەوە. کاتێ دەرکەوتم لە مەسەح (سەناتۆری) زۆر داماو و پەرێشان بووم.

حیکایەتێکی ڤیکتۆر هیگۆ هەیە، ناوی «بێچاران»ە. بە عەرەبی بە ناوی «ئەلبوئەساء» تەرجومە کراوە، لەوێدا کابرایێک ناوی جان ڤالحانە لەپاش ئەوە کە نۆزدە ساڵ لەسەر کولێرەیێک کە حەبس کراوە، ئازاد بووە، دێتە دنیەک، کەس ڕاینەگرێ. مەجبوور دەبێ شەوێ لەبەر باران و لەناو قوڕ دەخەوێ، جا لە خۆیەوە دەڵێ: « نازانم، ئەوە چ حوڕییەت و ئازادییەکە دراوە بە من؟ جاران لە حەبسدا بەس نەبوو نانم هەبوو، شەویش لەسەر تەختێک دەنووستم و سەریشم سەربان بوو و بارانم وێ نەدەکەوت...» منیش وام بەسەر هاتبوو. دەمکوت: (خوایە، من جاران بە ساخی و بە چوست و چالاکی زۆرم کار دەکرد و ماندوو دەبووم و کەمم دەست دەکەوت بیخۆم، ئێستا بە نەخۆشی و تەنبەڵی، دوکتر پێم دەڵێ: «دەبێ کەم کار بکەی و دەبێ شتی باشیش بخۆی» ئایا بە نەخۆشی لە مەسەح مابامەوە چاکتر نەبوو لەو لەشساغییە ناتەواوە؟ ئێستا چۆن کار پەیداکەم و چۆن ئیستیراحەت بکەم؟).

هاتمە شام، پووڵێکم هەبوو، ٢٦٥ لیرەی سووری لەلای کابرایێکی دۆست دامنابوو. چەند جارێک لە لوبنانەوە کاغەزم بۆ نووسی کە بۆم بێنێ، نەهات. پێم وابوو کاغەزی پێ نەگەیشتووە. کوتم ئەو پووڵە دەسێنمەوە و پێ دەچمە بەغدا. کە داوام لێ کرد، هەیهوو: «گەزی چی و جاوی چی؟ نیمە کە نیمە و لەلام نییە» «هەی دایکت چاک و بابت چاک، ئینسافت بێ، خۆ من بەپێ ناگەمەوە بەغدا...» «نەخێر مریشک هەر لاقێکی هەیە». هاوارم بردە بەر چەند دۆستێکم لە شام. چوونە سەری، بە هەزار ناری عەلی سەد و شێست لیرەیان بۆ لێ ستاندم و سەد و پێنجی خوارد.

گەییمەوە بەغدا، سی و پێنج لیرە کە دەبووە سێ دینار و نیو لە باغەڵمدا بوو. ئەویشم دا بە لێفەیێک و سەرینێک، چوومەوە ماڵی مام حوسێنی خۆم. «بەخێرهاتی پەریزادە!» بەخوا هەشت نۆ ڕۆژێک مام، وردە وردە مەشقی ڕۆیشتنم دەکرد تا لاقم فێربێتەوە. ڕۆژێک مام حوسێن کوتی: «برایم ناوێک هەیە عەکاسە، کوتوویە بێ من کاری بۆ پەیدا دەکەم»



چووم کوتی: «شێست دینارت دەدەمێ، قازانج بە نیوەیی، چاکەتە کۆنی ئامریکی بکڕە و بیفرۆشەوە». تاجری ئەوانەش جوولەکەیەکی سابڵاخی بوو، پێی کوتم: «ئەگەر بزانم خێرت بۆ دەکا، من خۆم دەتدەمێ و تا نەیفرۆشی، پووڵم ناوێ و قازانجیش بۆ خۆت، بەڵام ئەتۆ کە نە خەیاتی و نە ئوتوکێشی، زەرەر دەکەی».

شێست دینارەکەم هێناوە بۆ کابرا. ئەمجار چەند ڕۆژێک لەگەڵ کوڕێکی کورد لە قاوەخانەیێک کارم دەکرد، گۆیا شەریک بین، ئەویش چی لێ پەیدا نەبوو. دیسان ئەو برایمی عەکاس کوتی: «وەرە فێری عەکاسی فەوریت دەکەم بۆ خۆت بچۆ لەسەر خەیابانان و کووچان کار بکە» چەند ڕۆژێ هەوڵی لەگەڵ دام و فێر بووم و دەزگاییکی کۆنی پیسی بۆ کڕیم و کەوتمە سەر خیابانان. چیت بۆ بڵێم؟ ڕۆژێ تا ئێوارە پتر لە سەد منداڵی ڕەش و ڕووتم بە دواوە بوو، کاروباریان نەبوو، سەیری منیان دەکرد. لە قاوەخانە نەیاندەهێشت دانیشم، چونکە منداڵ عاجزیان دەکردن، زۆرکەس عەکسی پێ دەگرتم، پووڵی نەدەدامێ، دەبوو شەڕ بکەم. شەڕیشم نەدەکرد.

ڕۆژی باران کارم نەبوو. ڕۆژی دیکەش هەر لە بەیانییەوە وەک کیربڕی منداڵان ئەو دەزگایەم لەسەر شان بەناو قوڕ و چڵپاوی زستانی کۆڵانی بەغدادا دەگەڕام، دەتکوت شانم هاتە خوار، لاقم سست دەبوون. تا تاوپەڕێ ئەگەر سەد و پەنجا فلووس، یان سەد و بیست فلووسم پەیدا کردبایە، زۆر بوو کە ئەوەش بەشی نانی وشک و هەقی جێگەی نووستنی نەدەکرد. (ئەو دەمە لە ماڵی مام حوسێن نەمابووم). زۆری لێ وەڕەز بووم، ڕۆژێک دەزگاکەم هێناوە، دامەوە بە برایم، کوتم: «ئەوە ناکەم». کوتی: «چی دەکەی؟» کوتم: «من هەر فێری گەسک لێدان و کاشی ماڵین و خاوێنکردنەوەی دیوار و شووشەم، تۆش یەکی وات دەوێ، بە منی بکە، چی دەمدەیەی بە زیاد بێ». قەرارمان کرد کە مانگی چوار دینارم بداتێ. چوومەوە سەر پەت و سینگی زەمانی پێشووم، گەسکی دەو ڕێکی خە.

* * * * *

ئەم ژیننامەیەی ڕەوانشاد مامۆستا هەژار لە کتێبی (ک. ر. ئەییووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا: دیالێکتی کوردیی موکری. لێنینگراد ١٩٦٨، ل ١٤٢–١٨٥)دا بڵاوکراوەتەوە. تێکستەکە لەوێدا بە جۆرە ئەلفوبێیەکی لاتینی نووسراوە کە زۆر تایبەتییە و هەوڵ دراوە دابەشبوونی گراماتیکی و فۆنەتیکیی تێکستەکە ڕوون بکاتەوە. دیارە کە هەژار لە بنەڕەتدا تێکستەکەی بە ئەلفوبێی کوردی نووسیوە و داویە بە نووسەرەکان. بۆ ئەوەی ئەرکی سەرلەنوێ هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردیم تووش نەبێتەوە، کاتی خۆی داوام لە مامۆستا ئەییووبی و مامۆستا هەژاریش کرد کە ڕوونووسێکی ئەو نووسینەم بۆ بدۆزنەوە و پەیدا بکەن، بەڵام بەداخەوە، دەستیان نەکەوت و لایان نەمابوو. لەکاتی نووسینەوەدا بۆم دەرکەوت کە لە گواستنەوەی نێوان ئەلفوبێی کوردی و لاتینیدا هەندێ هەڵە ڕووی داوە و من هەوڵم داوە ئەو هەڵانە، بەپێی بۆچوونی خۆم، چاک بکەم. لەبەرئەوەی ژمارەی هەڵەکان زۆر نەبوون، بە پێویستم نەزانی بەگوێرەی میتۆدی تێکستۆلۆژی لە پەراوێزدا بەراوردیان بکەم.

سەرنجێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، من پێم وایە تێکستەکە لە بنەڕەتدا زۆرتر بووە و لە کاتی بڵاوکردنەوەدا لێرە و لەوێ زۆر بەشی لێ لابراوە. لابردنەکەش ئاشکرایە کە سانسۆری دیکتاتۆریی سۆڤیێتی سەپاندوویەتی. هەر بۆ نموونە هەرچی پێوەندیی بە کۆماری مەهابادەوەیە دەرهاوێژراوە.

هەوراز گەرمیانی

□

# بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار

١- ئاڵەکۆک (شیعر)، ١٣٢٥ هەتاوی (١٩٤٦)، تەورێز.

٢- بەیتی سەرەمەڕ (چیرۆکە شیعر)، ١٩٥٧، دیمەشق.

٣- مەم و زینی خانی، هەژار کردوویە بە موکریانی. چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٦٠، چاپی دووەم، تاران ١٩٧٩، چاپی سێیەم ئیتالیا ١٩٨٩.

٤- بۆ کوردستان (شیعر): چاپی یەکەم، کوردستان ١٩٦٦، چاپی دووەم، کوردستان ١٩٦٩، چاپی سێیەم، تاران ١٩٧٩، چاپی چوارەم، سوێد ١٩٨٩.

٥- چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوەی هەژار، چاپی یەکەم، کوردستان ١٩٦٨، سێ چاپی دیکە (؟)، چاپی تازە، تاران ١٣٦٩ (١٩٩١).

٦- شەرەفنامە، هەژار کردوویە بە کوردی، چاپی یەکەم، نەجەف ١٩٧٣، چاپی دووەم، تاران ١٩٨١.

٧- هۆزی گاوان، نووسینی مستەفا جەواد، هەژار وەریگێڕاوە، بەغدا ١٩٧٣.

٨- یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە (عەلی شەریعەتی: یک جلوش تابی نهایت صفرها)، تاران.

٩- ئاڕێ برا، وا رابرا (عەلی شەریعەتی: آری این چنین بود برادر)، تاران.

١٠- عیرفان، بەرامبەری، ئازادی (عەلی شەریعەتی)، تاران.

١١- دایە، باوە، کێ خراوە (عەلی شەریعەتی: پدر، مادر، مامتهمیم)، تاران.

١٢- دیوانی مەلای جزیری (هەژار شەرحی لێکردووە)، تاران ١٩٨٢.

١٣- قانون در طب (شاکاری ئیبن سینا)، هەژار لە عەرەبییەوە کردوویە بە فارسی. حەوت بەرگە و سێ بەرگی لێ چاپ کراوە.

١٤- هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کوردی- کوردی- فارسی)، بەرگی یەکەم (ئـ-س)، تاران ١٣٦٨، بەرگی دووەم (ش-ی)، تاران ١٣٧٠.

بێجگە لەم بەرهەمانە، هێندەی ئێمە ئاگادارین، مامۆستا هەژار کۆمەڵێ بەرهەمی دیکەی هەن کە هێشتا چاپ نەکراون. لە هەموویان گرنگتر دوون: تەرجەمەی قورئانی پیرۆز بۆ کوردی و بیرەوەرییەکانی خۆی. □



# بابا تاهیری عوریان

ژیانی و ... لێکدانەوەی چەند چوارینەیەک لە شیعرەکانی،

بەپێی بیروڕای ئاینی یارسان

فەهمی کاکەیی

تاکوو ئێستا بەڵگەیەکی بڕواپێکراوی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە، کە ساڵی لەدایکبوونی باباتاهیر دەست نیشان بکات و باسی چۆنێتیی ژیان و رۆژگاری ئەو بکات. ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە کراونەتە سەرچاوە هەندێ بەڵگەی دەماودەمن، وەکوو:

«راوەندی» خاوەنی کتێبی «راحه الصدور» دەربارەی بابا تاهیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «کاتێ توغرول بەگ دێتە هەمەدان سێ کەس لە پیاوچاکان بەسەر کێوی خدرەوە دەبن: بابا تاهیر، بابا جەعفەر و حەمشادە. کاتێ سوڵتان دەیانبینێت لەشکرەکەی رادەگرێت و پیادە دەبێت. پاشان لەگەڵ وەزیرەکەیدا «ئەبوو نەسری کندری»، دەچن بۆ لایان و دەستیان ماچ دەکەن. بابا تاهیر هێندێک رادەمێنێت و ئەوجا روو دەکاتە سوڵتان و پێی دەڵێت: ئەی تورک بەتەمای لەگەڵ ئەم خەڵقی خوایە چی بکەیت؟ سوڵتان دەڵێت: ئەوەی تۆ دەیفەرموویت. بابا تاهیر دەڵێت: خودا دەفەرموێت «إن الله يأمر بالعدل والاحسان». سوڵتان دەست دەکات بە گریان و دەڵێت: وا دەکەم. بابا تاهیر دەستی دەگرێت و دەڵێت: لێت قبووڵ کردم؟ سوڵتان دەڵێت: بەڵێ. پاشان بابا تاهیر لوولەی شکاوی مەسینەیەک - کە چەندین ساڵ دەستنوێژی بەو مەسینەیە گرتبوو، پاشان لووله شکاوەکەی کردبووە پەنجە- لە پەنجەی خۆی دەردێنێت و دەیکاتە پەنجەی توغرول بەگ و دەڵێت: «قەڵەمڕەوی پاشایەتیم ئاوا کردیتە پەنجە، بڕۆ دادپەروەر بە».

هەندێ لێکۆڵەرەوە بەپێی ئەم قسەیەی راوەندی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەفەری توغرول بەگ بۆ هەمەدان لە ساڵەکانی ٤٤٧-٤٥٠ی هیجری قەمەریدا بووە و، لەم نەقڵە ئیشارەت بە دەورانی پیریی بابا تاهیر دراوە، وای بۆ دەچن کە بابا لە دواساڵەکانی سەدەی چوارەمی هیجری قەمەری لە هەمەدان هاتبێتە دنیاوە و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا ناوبانگی دەرکردبێ.

میرزا مەهدی خانی کەوکەب لە وتاریکدا لە گۆڤاری (مجمع آسیای بنکاله) ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٠٤ی زاینی، بەپێی چوارینەیەکی بابا تاهیر، ساڵی ٣٢٦ی هیجری قەمەریی بۆ لەدایک بوونی ئەو دەستنیشان کردووە. ئەو چوارینەیەش بەم جۆرەیە:

مو آن بحرم که در ظرف آمدستم
چو نقطه بر سر حرف آمدستم
بهر ألفی ألف قدّی برآیو
الف قدّم که در الف آمدستم

بە پێی لێکدانەوەی پیتی ئەبجەدی وشەی «بحر» کە یەکسانە بە وشەی «دریا»– بە ڕێنووسی فارسی– و وشەی «الف قد» و وشەی «طاهر» هەر یەکە و دەکاتە (٢١٥)، ئەگەر لەگەڵ «ألف» کۆبکرێتەوە کە ئەمیشیان یەکسانە بە (١١١) ئەوکاتە دەکاتە (٣٢٦)...[١]

لە «مجمع الفصحاء»دا هاتووە؛ بابا تاهیر بەر لە ساڵی ٤١٠ی هیجری کۆچی کردووە...[٢]

مامۆستا «علاءالدین سجادی»یش ئەو چوارینەیەی بە پێی وتارەکەی میرزا مەهدی خان بۆ هەمان مەبەست هێناوەتەوە و پاشانیش مامۆستا دەفەرموێت: شیعرەکە مەتەڵێکی گرانە....[٣]

د. مارف خەزنەدار دەڵێت: ئەم دوو بەیتە نهێنی و موعەممایێکی زۆری تێدایە، یەکێکە لە شیعرە داخراوەکانی ئەدەبی کوردی.[٤] پاشانیش بە پێی بۆچوونی خۆی شیعرەکە لێکدەداتەوە.

من نە پێم وایە ئەم چوارینەیە مەتەڵێکی گران بێت و نەش پێم وایە نهێنی و موعەممایێکی زۆری تێدا بێت. ئەگەر بیروباوەڕی خودی بابا تاهیر بخەینە بەرچاو، کە بەشێکە لە بیروباوەڕی ئەهلی حەق (کاکەیی)، ئەو دەم چوارینەکە بەم شێوەیە لێکدەدەینەوە:

١– چوارینەکە بە کوردی:

ئا– من ئەو زەریایەم لەناو جامێکدا پەیدا بووم (کۆبوومەتەوە)

ب– وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم.
جـ– لە هەر هەزارەیەکدا عاشقێک پەیدا ببێت.
د– عاشقم لە هەزارەیەکدا پەیدا بووم.

٢– مانا و مەبەستی وشەکان:

مو (من): ڕۆح، گیان، خۆشەویستی، زات، نوور، جەوهەر

ظرف: قاڵب، جەسەد، لەش، جام، جامە، تەن، دۆن.

نقطە: بەرامبەر بە «مو–من»ە

حرف: بەرامبەر بە «ظرف»ە [٥]

ألف: هەزار «هەزار ساڵ یان هەزار دۆن» [٦]

الف قد: عاشق، دڵدادە.

٣– مەبەستی چوارینەکە:

ئا–ڕۆح «خۆشەویستی»ی من زەریایەکە لەناو جام «قاڵب»ێکدا پەیدا بووە. هەڵبەتە ئەو ڕۆحەی بەقەد زەریایەک بێت لەناو جامێکدا جێگای نابێتەوە و ڕۆژێک دێت سەرڕێژ دەکات و جامەکە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات «لێرەدا مەبەست لە مەرگە». مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی[٧] فەرموویەتی: «بحررا گنجایش اندر ظرف نیست»[٨]. واتە «زەریا لەناو جامدا جێگای نابێتەوە».

ب– وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم، کە خاڵ ڕۆح بە پیت دەبەخشێت «گیانی دەخاتە بەر» و بەبێ خاڵ پیت قاڵبێکی سارد و سڕە و ناخوێندرێتەوە (نسبییە). ڕۆژێک دێت ئەو خاڵە پیتەکە بەجێ دەهێڵێت «دیسان مەبەست لە مەرگە».

د. مارف خەزنەدار دەڵێت: «حەرف بەرامبەر بە زەریایە، نوختەش بەرامبەر بە قاپەکەیە. هەروەها مەبەسی لە حەرف مانای «بسم الله الرحمن الرحیم»ە، بەم جۆرە ئەگەر شاعیر نوختەییک بێ لە «بسم‌الله» دەبێتە بەشێک لە کردگار»[٩].

من پێم وانیە ئەم لێکدانەوەیەی دکتۆر مارف ڕاست بێت، چونکە نە حەرف زەریایە و نە نوختەش قاپە[١٠] هەروەها مەبەست لە «بسم‌الله» نییە، چونکە بابا تاهیر گوتوویەی: «وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە هاتووم» نەک لە ژێر پیت. بەلای منەوە ئەمە جیاوازە لەگەڵ وتەکەی ئیمامی عەلی کە فەرموویەتی: «انا نقطه تحت باء بسم‌الله»[١١].

پ– پێم وایە: ئەگەر لە هەر هەزار دۆنەکەی خۆم یەک جار ببم بە عاشق، یان ئەگەر لە هەر هەزار ساڵێکدا عاشقێک پەیدا ببێت.

ت– پێم وایە: ئەوا ئەو عاشقەم کە لەم دۆنەدا پەیدا بووم، یان ئەوا ئەو عاشقەم کە لەم هەزار ساڵەدا پەیدا بووم.

دکتۆر مارف فەرموویەتی: لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد و قامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێ. مەبەست لە ئەلفی یەکەم



حەرفی «ئەلف»ە کە نرخی «یەک» و دروشمی «تاک»ە کە خودایە، ئەلفی دووەم قەد و قامەت و وجوودی خۆیەتی کە ئەویش لە وێنەی تیپی «ئەلف– أ»دایە، ئیتر مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە خۆی بەشێکە لە کردگار. قەد و قامەتی وەکوو ئەلف «أ»ی من لە ئەلفی «کردگارە»وە هاتووە.[١٢]

من ئەم لێکدانەوەشم پێ وانییە، چونکە ئەگەر «ئەلف»ی یەکەم خودا بێت، ئەوا لێکدانەوەکەی دکتۆر کە فەرموویەتی: «لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد و قامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێ» بە گۆڕینی ئەلفی یەکەم بۆ «خودا» و ئەلفی دووەم بۆ «من»، وای لێ دێت:

«لە هەر خودایەک پەیکەر و قەد و قامەتی وەک من پەیدا دەبێ»، بەڵام بابا تاهیر بڕوای بە یەک خودا هەبووە.[١٣]

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هاتووە «دڵخوازەکەی ناوی (فاتمە لیرە) بووە. هەروەها مامۆستا عەلاءالدین لە دکتۆر سەعید خانەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: «پیاوێکی گاوری کورد ئەڵێ: کە بابە تاهیر چەند شیعرێکی بە شێوەی گۆرانیی پەتی داناوە و ناردوویە بۆ «حەق»ەکان بۆ ئەوە کە لە بیروباوەڕی یەک بگەن و ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگەیە کە خۆی لەسەری بووە». مامۆستا سەجادی لە پەراوێزی ئەم نەقڵەشدا نووسیویەتی: ئاشنایەتیی باباتاهیر لەگەڵ «حەق»ەکانا، ئەوە بووە کە ئەوان بابە تایەریان بە فریشتەی چوارەمی «خشین» داناوە کە لە لوڕستان بووە؛ چونکە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی حەقە لە پێشا لە لوڕستان و لە پاشان بۆ نزیکی سیروان ئنجا لە ئازربایجان بووە. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە بابە تاهیر لوڕی بووە. من لام وایە ئەم باوەڕەی «حەقان»ەی «شەدەڵە» لقێکە لە حەقەکانی سیروان.[١٤]

بەپێی دەفتەری یاری[١٥]، بابا تاهیر و فاتمە لوڕە (نەک لیرە) هەردووکیان دوو ناوداری یارسانن (ئەهلی حەق). هەڵبەتە ئەمەش بەپێی دۆنادۆن (تناسخ الارواح)، چونکە ئەمان بەر لە پەیدابوونی (سوڵتان سهاک) ژیاون[١٦]. هەروەها بابا تاهیر (خۆشین) نییە (نەک خشین)[١٧]، چونکە خۆشین لە دۆنی خوا بووە و فریشتەی چوارەم نەبووە.

یەکێک لە سەربەندەکانی چەپ و دەس[١٨] ئەمەیە:

یا «شا» شیرین بای
شیرینم کەردەنی
نە پای شندروێ
فەیزم دادەنێ
دینم دینەن
«شا»م خۆشینەن

سەربەندێکی تر دەڵێت:

جەم جەم «شا» مەن بەرزەمل
خۆشین خودامەن بەرزەمل

بۆ لابردنی گومان، پێویستە ئیشارەت بەوە بدەم کە بابا تاهیر فریشتەی چوارەمیش نەبووە، فریشتەی چوارەم کە فریشتەی مەرگە لەلای ئەهلی حەقەکان «مستەفا داودان»ە[١٩].

ئەی بابا تاهیر کێ بووە؟

تو بودی درآن وقت بردون یا
بدم من یقیق آندم ای کبریا
در اینجا که تو نام داری خۆشین
منم طاهر ایا شاه دین[٢٠]

کوردییەکەی:

ئەو کاتەی کە تۆ بووی لە دۆنی «یا»
دۆنی «یەقیق» بووم لەو دەمە ئەی شا
ئا لێرە کە تۆ ناوت «خۆشین»ە
ناوم تاهیرە ئەی شای ئەم دینە

کەواتە کاتێ مەولا لە دۆنی «یا» بووە، بابا تاهیر لە دۆنی «یەقیق» بووە و کاتێکیش مەولا لە دۆنی خۆشین بووە، ئەودەم ئەم ناوی تاهیر بووە.

با گوێ لەم وتووێژەی بابا تاهیر و شا خۆشین بگرین، بزانین چی ترمان بۆ دەردەکەوێت:بابا تاهیر دەفەرموێ:

یا شاهـ مهر ترا چه چاره کنم
نیاید روزی که مهرت از دل آواره کنم
اگر بعد سیصد سال بر قبرم گذری
بوی وصالت بمن رسد کفن به صد پاره کنم[٢١]

کوردییەکەی:

ئەی شا خۆشەویستیی تۆ چۆن چارە بکەم
ڕۆژێ نایەت خۆشەویستیت لە دڵ ئاوارە بکەم
ئەگەر پاش سێسەد ساڵ بەسەر گۆڕەکەمدا ڕەت ببیت
بۆنی ژوانت پێم بگات کفنەکەم سەد پارە «پارچە» دەکەم

بۆچی سێسەد ساڵ؟ چونکە شاخۆشین بۆ تاقیکردنەوەی

یارانی، خۆی نوقمی ڕووباری گاماسب (هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) دەکات و ئیدی غەیب دەبێت.

لە کلامی نرکەی شاهەنشاهدا هاتووە:

«مێرد ئازمایش کەرد شی وە مەعزاو

یا میهسەناو یا مەسەناو یا ماسەناو.»(٢٢)

ئیتر مەولا (شاخۆشین)سڕ دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارەگای خۆی دەباتە هەورامان. بەو ماوەی غەیب بوونەی دەگوترێت سێسەد ساڵ سڕ.

لە کلامی یاریدا هاتووە:

ئەو کۆی هەورامان

بارگەی «شا»م وەستەن ئەو کۆی هەورامان

زات خودایی قانیع غوڵامان

سێسەد ساڵ سڕ بی کەس وەپێش نەزان(٢٣)

کەواتە پاش سێسەد ساڵ ئەم ئاوات و پێشبینییەی بابا تاهیر دێتە دی و شا خۆشین لە دۆنی «سوڵتان سەهاک» پەیدا دەبێت و ئایینی یاری بنیات دەنێ. بابا تاهیریش کفنەکەی خۆی پارە دەکات و لە دۆنی بابا یادگار پەیدا دەبێت:

دگر غسل‌الدین بود ابرام شاهـ

دگر طاهرا یادگارست بجا (٢٤)

کوردییەکەی:

هەروا غەسلەدین شا عەلەمدار بوو، هەروەها تاهیر بابا یادگار بوو(٢٥)

کەواتە لەدەورەی سوڵتان سەهاک؛ بابا تاهیر لە دۆنی بابا یادگار بووە و بابا یادگاریش یەکێکە لە هەفتەن(٢٦) زاتێکی گەورەی خاوەن کەرامات و یەکێک لە یارە خۆشەویستەکانی سوڵتان ئیسحاق و لەلایەن ئەمەوە خەڵات کراو:

بەرگ خود ڕەنگی یادگار پۆشا

غوڵامان دیشان (شاهـ) پەنەش بەخشا

بەرگ خود ڕەنگی کەرد وە خەڵاتش

کورد و کوردستان داوە بەراتش(٢٧)

نازناوی «بابا»ی بۆیە دراوەتێ چونکە پیرێکی خواناس و سۆفییەکی هەردەگەڕ بووە. جگەلەوەی کە بابا بە مانای باپیرە یان پیرەمێرد دێت، هەروەها پلە و پایەیەکی ئایینیشە و بە مانای «الاب»ی دیانەکان دێتەوە، لە ئایینی یارسان بابا لە پلەی سێیەمی مەرتەبەی ئایینیدا دێت، کە چوار پلەیە (تۆژ)؛ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- سەیید یان پیر.

٢- مام، خەلیفە یان دەلیل.

٣- بابا، بابە یان باوە.

٤- ئۆمی (عامی)

جا لەبەرئەوەی بابا تاهیر هیچ موڵک و ماڵێکی لەم جیهانەدا نەبووە و وێرانەیەکیشی نەبوو ئۆقرەی تێدا بگرێت و بە شەو و بەرۆژ هەر بە کێوانەوە بووە، نازناوی عوریان (ڕووت)یشی وەرگرتووە؛ بە مانای عوریان یان بێبەش لە ماڵی دونیا و سامان و دارایی. ئەم نازناوی «عوریان»ە نازناوی (زاهیر- دنیا)یییە، نەک (باتن- ئایین)ی بێت. چونکە عوریان بە مانا مەزهەبی یان عیرفانییەکەی، بە کەسێک دەگوترێت پێشتر زاتێکی پێ بەخشرابێ (کاکەییەکان دەڵێن بەشی درابێ- واتە لە زاتی خوایی بەشی هەبێ) پاشان ئەو زات (بەش)ەی لێ وەرگیرابێتەوە؛ یانی لەو زاتە ڕووت کرابێتەوە.

وراکرد عریان و خالی بماند

هر آنچه باو داد از وی ستاند(٢٨)

کوردییەکەی:

ڕووتی کردەوە و بەتاڵ مایەوە

هەرچی دابوویێ لێی سەندرایەوە

د. محمد نوری عارف دەڵێت: هەندێ کەس ئەڵێن (بابا) یەکێکە لە ناونیشانە زۆر باشەکانی بەرەی بەکتاشییە و بەو هۆیەوە بابایان داناوە بە یەکێ لە سۆفییەکانی بەکتاشییە و دووریان کردۆتەوە لە (ئەهلی حەققە)...هتد(٢٩)

ئیتر د. محمد نووری زەحمەتی ئەوەی نەکێشاوە کە بفەرموێ ئەو کەسانە کێن، یان لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەم قسەیەی وەرگرتووە.

لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئەوەی بابا تاهیر سەر بە بەکتاشییەکان بێت یان ئەهلی حەق، چونکە سوڵتان سهاک دوای (١٠٠) ساڵ لە ئاشکراکردن و بنیات نانی ئایینی یارسان، (زات میوان)ی حاجی بەکتاش بووە و ئەمیان ڕێبازی بەکتاشییەکەی دامەزراندووە(٣٠) حاجی بەکتاش دۆنی (داود کەوەسوار)ە کە یەکێکە لە هەفتەن.



زمانی کە داود عوض کرد دون

ببکتاش آمد دوباره برون

کە بکتاش بد داود ازجسم و جان

بشد ذات سلطان بر اومیهمان(٣١)

کوردییەکەی:

کاتێ کە داود دۆنی خۆی گۆڕی

حاجی بەکتاش بوو ئەمجار کە نۆڕی

بەکتاش داود بوو هەم لەش و هەم گیان

زاتی شا سوڵتان لێی بوو بە میوان

ڕێبازی بەکتاشی زۆر لە ئەهلی حەققەوە نزیکە و بەپێی دۆناودۆن دەبێ بابا تاهیریش یەکێک بێ لە گەورە پیاوانی ئەم ڕێبازە.

قریب بدشهاب یادگارش بجام

بدی شاه صنم آن حبیب شەبنام(٣٢)

کوردییەکەی:

قەریب شەهاب بوو «یادگار»ی میوان

شا سەنەم حەبیب، مەحرەمی سوڵتان(٣٣)

کەواتە شەهاب (شێخ شەهابەددین- یەکێک بووە لە هەفتەوانە) لە دۆنی «قەریب» بووە، کە ئەمیان لە یارانی حاجی بەکتاش بووە و لە هەمان کاتدا زاتی یادگار میوانی بووە. یادگاریش دۆنی بابا تاهیرە، هەر بۆیە بەکتاشییەکان ڕێز لە بابا تاهیر دەنێن و بە یەکێک لە سۆفی و پیاوچاکانی خۆیانی دەزانن.

دەتوانین شیعرەکانی بابا تاهیر بکەینە دوو بەشەوە:

یەکەمیان شیعرە باتنییەکانی بابا تاهیرن کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئایینی ئەهلی حەقەوە هەیە و بە مەبەستی بنیاتنان و دامەزراندنی ئەم ئایینە (لە دەورەی شا خۆشیندا) وتراون، کە بەداخەوە ئەم شیعرانە بە ئاسانی ناکەونە دەست. دووەمیشیان شیعرە زارییەکانی بابان کە زیاتر بە مەبەستی دنیایی نوسیوونی، بەڵام لە ناواخنی ئەم شیعرانەدا زۆر جار بیروباوەڕی ئەهلی حەق دەردەکەون. لە هەر شوێنێک لەم شیعرانەدا ئەو جۆرە بیروباوەڕە هەبن هەوڵ دەدەین لەگەڵ شیعری ئەهلی حەق بەراوردیان بکەین، یان بەپێی فەلسەفەی یاری لێکیان بدەینەوە.

ئەو زمانەی کە بابا تاهیر چوارینەکانی خۆی پێ نووسیون لەسەرەتادا دەبێ لوڕییەکی پەتی یان لوڕیی تێکەڵ بە فارسی بووبێ، بەڵام بە ڕەتبوونی ڕۆژگار و بە لەبەرنووسینەوەی ئەو چوارینانە گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە و سەرەنجام زمانی فارسی کارێکی زۆری تێکردوون و هەندێک لە چوارینەکان تام و چێژ و بۆن و بەرامە لوڕییەکەی خۆیان لەدەست داوە. هەر لەبەر ئەم مەبەستەش ناچار لەم وتارەدا چوارینەکان دەگۆڕینە کوردی و لە سەریان دەدوێین، ئەگەرنا ئەگەر چوارینەکان لوڕییەکی پەتی بوونایە یەکسەر لەسەریان دەدواین. هەڵبەتە هەندێ لە چوارینەکان چ کەم چ زۆر مۆرک و ڕواڵەتی لوڕییان هەر پێوە ماوە، بۆ نموونە:

چە واجم هرچە واجم واتەشان بی

سخن از بیش وازکم واتەشان بی

بدریا موشدم گوهر برآرم

هر آن گوهر کە دیدم وا تەشان بی

(پاشان دێینەوە سەر ئەم چوارینە و لەبەر تیشکی بیروباوەڕی ئەهلی حەق لێکی دەدەینەوە.)

بابا تاهیر سۆفییەکی عاشقی هەردەگەڕ بووە. لە شاری هەمەدان هاتۆتە دونیا و بەم بۆنەیەوە نازناوی هەمەدانیی وەرگرتووە:

مو آن اسپیدە بازم همدانی

لانە در کوە دارم در نهانی

ببال خود پرم کوهان بکوهان

بچنگ خود کرم نخچیربانی

«من ئەو هەڵۆ سپییەم هەمەدانی

لانەم لە کێوانە بە پەنهانی

بە باڵی خۆم دەفڕم کێوان بە کێوان

بە چنگی خۆم دەکەم نێچیروانی»

لە ئایینی ئەهلی حەق مەبەست لە هەڵۆی سپی (شاهباز) یەکێتیی بوون و زاتی لایەزالە (خودا)، کە نووری ئەو دڵ و دەروونی عاریفان ڕووناک دەکاتەوە.

خاتوون دایراک (ڕەمزبار) مەرەمۆ:

هەفتەوان چە نور شاهباز عادل

پەی شەرت مێردان تو کەرد وە حاصل

دایە ڕەمزبار بە سوڵتان سەهاک دەڵێت: ئەی خاوەندکار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیمان (شەرت)ەی لەگەڵ بەندەکانی خۆت بەستوون، هەفتەوانت لە نووری خۆت خوڵقاند. (مەبەست لە شاهبازی عادل، خودایە)(٣٤)

جا چ هەفتەن چ هەفتەوان مادام لە نووری خوا دروست

بوون و خوایش هەڵۆیەکی سپییە، بۆیە بابا تاهیریش (کە یەکێکە لە هەفتەن) بۆی هەیە خۆی بە هەڵۆیەکی سپی بشوبهێنێ.[٣٥]

باوکی بابا تاهیر ناوی «فەرەیدوون» بووە، هەروەک لەم چوارینە بۆمان دەردەکەوێت:

عزیزا مردی از نامرد نائی
فغان و ناله از بیدر نائی
حقیقت بشنو از پور فریدون
که شعله از تنور سرد نائی

«ئازیزم مەردی لە نامەرد نایەت
فریاد و ناڵە لە بێدەرد نایەت
راستی لە کوڕی فەرەیدوون بشنە و
بڵێسە لە تەنووری سەرد نایەت»

مەبەست ئەوەیە کە پیاوەتی لە ناپیاو ناوەشێتەوە، یان چاوەڕێی ناکرێت؛ هەر وەکوو ئەوەی فریاد و ناڵەیەک لە کەسێکی بێدەرد و بێ ئازارەوە نایەت. لە کوڕی فەرەیدوونەوە گوێ لە راستی بگرە، کە بڵێسەی ئاگر لە تەنووری ساردەوە هەڵناسێ (نایەت). واتە چاوەڕێی کارێک مەکە لە کەسێکەوە کە شیاوی ئەنجامدانی ئەو کارە نەبێت.

هەروەها بابا تاهیر کوڕێکیشی هەبووە بە ناوی «فەرەیدوون»ەوە. کاتێ فەرەیدوونی کوڕی دەمرێت، لە لاواندنەوەی ئەودا روو دەکاتە فاتمە لوڕە و دەڵێت:

بوره کز دیده جیحونی بسازم
بوره لیلی و مجنونی بسازم
فریدون عزیز از دست مورفت
بوره از نو فریدونی بسازم

«وەرە لە چاوان جەیحونێ سازکەین[٣٦]
وەرە با لەیلا و مەجنونێ سازکەین
فەرەیدوونی ئازیز لەدەستمان چوو
وەرە سەرلەنوێ فەرەیدوونێ سازکەین»

د. محمد نوری عارف لە وتارەکەی خۆیدا، هەردوو چوارینەی پێشەوەی وەکوو بەڵگە هێناوەتەوە لە بۆ ئەوەی کە باوکی بابا تاهیر ناوی فەرەیدوون بووە[٣٧]، بەڵام راستی لەوەدایە کە چوارینەی یەکەم باسی باوکی دەکات و چوارینەی دووەم باسی کوڕەکەی دەکات. چونکە کە باوکی دەمرێت ئیتر ناتوانێت باوکێکی تر بۆ خۆی دروست بکات (بخوڵقێنێت)، بەڵام کە کوڕەکەی دەمرێت، دەتوانێت ئەو کارە بکات. ئەمە جگە لەوەی کە لە چوارینەی یەکەمدا بە ئاشکرا دەڵێت (پورفریدون) واتە: کوڕی فەرەیدون، بەڵام لە چوارینەی دووەمدا دەڵێت: (فریدون عزیز از دست مو رفت)، واتە فەرەیدوونی ئازیز لە دەستم چوو، کە ئاشکرایە مەبەستی لە کوڕەکەیەتی. هەروەها بە پێی دەفتەری یاری، عالی قەلەندەر کە دۆنی بابا تاهیر بووە، کاتێ باسی دۆنایدۆنی خۆی دەکات، دەڵێت:

مەبۆ بوانیم گەردی دوونادوون
ئامایم دوون وە دوون بێگاندیم ئەوشون
ئێرەج بێیانم پوورەی فەرەیدوون[٣٨]

واتە کاتێ من لە دۆنی ئێرەج بووم ئەودەم کوڕی فەرەیدوون بووم، کەوابوو بەپێی دۆنایدۆنیش ناوی باوکی بابا تاهیر (لە دۆنی ئێرەجدا) فەرەیدوون بووە. جا ئەم فەرەیدوونەی بابا باسی دەکات رەنگە باوکی ئێرەج بێت، یان باوکی خۆی بێت کاتێ لە دۆنی تاهیر بووە، یانیش هەردووکیان. هەروەها عالی قەلەندەر دەفەرموێ:

«شا«م بی وە مێهمان
عالینان عالی «شا«م بی وە مێهمان
چەنی نوهصەد دە باشی قەلەندەران
بابا تاهیر بیم مەردی هەمەدان.[٣٩]

بابا تاهیر سۆفییەکی خواناسی هەردەوێڵ بووە. عیشقێکی خوایی سەر تا پێی داگرتووە. ئەم عیشقە وای لێ کردووە لە موڵک و ماڵ و سامان و دارایی دونیا خۆی بێبەش بکات، کە ئەهلی حەق بەم شتانە دەڵێن: «جیفەی دونیا». جا هەرچەندە مرۆڤی خواپەرست و سۆفی لە جیفەی دونیا خۆی دووربخاتەوە، هێندە لە خودا نزیک دەبێتەوە:

همایونم سر کوهم وطن بی
سیر عالم کردم هر جا چمن بی
نه خون دیرم نه مون دیرم نه سامون
دم مردن پروبالم کفن بی

«هەڵۆیەکی لووتکەی کێوی وەتەن بی (بوو)
سەیری عالەم دەکەم گشتی چەمەن بی
نە خانم هەس نەمانم هەس نە سامان
کاتی مردن پەڕ و باڵم کەفەن بی»

هەر لەم بارەیەشەوە دەڵێت:

مو آن رندم که نامم بی قلندر
نه خوان دیرم نەمان دیرم نه لنگر



چو روز آیه بگردم گرد کویت
چو شو آیه بخشتان وانهم سر

«من ئەو رەندەم کە ناوم بوو قەلەندەر
نە خان دیرم نەمان دیرم نە لەنگەر
کە رۆژ دادێ دەگەڕێم بە کێوانتا
کە شەو دادێ لەسەر خشتان دەنێم سەر»

بابا تاهیر کە تەرکی دونیا دەکات، بە مەبەستی ئەوەیەتی تاکوو بە خۆشەویستەکەی بگات (کە خودایە)، بۆیە لە رۆژ تا ئێوار بە کێوەکاندا دەگەڕێت تاکو بیدۆزێتەوە. «واژەی کێو لە ئایینی یارسان پایە و مەقامی بەندەگی دەگرێتەوە»[٤٠]

واتە بە قۆناغەکانی تەسەوفدا رەت دەبێت، کە بە قۆناغی داوا (طلب) دەست پێ دەکات و لە قۆناغی نیستی (فنا) تەواو دەبێت.[٤١]

بابا هەمیشە لە زکر و فیکری خۆشەویستەکەیدا دەبێت ، هەمیشە باس و مەدح و سەنای دەکات، بەڵام هەموو ئەم شتانە بە هیچ جێگایەکی ناگەیەنن. کەسانێکی تر بەر لەو چ کەم و چ زۆر ئەو شتەیان گوتووە و ئەمەی ئەم دەیڵێت تەنیا دووبارەکردنەوەیە. ئەمجارەیان بۆ دۆزینەوەی خودا رووە و زەریا دەڕوات:

چە واجم هرچە واجم واتەشان بی
سخن از بیش و ازکم واتەشان بی
بدریا مر شدم گوهر برآرم
هر آن گوهر کە دیدم وا تەشان بی

«چی بڵێم هەرچی بڵێم گوتوویانە
قسە چ زۆر بێ یان کەم گوتوویانە
بۆ زەریا چووم تا گەوهەر دەربێنم
ئەو گەوهەرەی دیمەوە بە تۆیانە (تۆ بووی)»

واتەشان بی: گوتبوویان.
وا تەشان بی: لەگەڵ تۆیان بوو (مەبەستیان تۆ بووی).

بۆچی بابا تاهیر بەرەو زەریا دەڕوات؟ چونکە بەپێی ئایینی یارسان یەکەم بارەگا و مەکتەبی خوایی لە زەریا بووە.

سەید براکە مەرەمۆ:

چوار مەلەک ژ نور ساخت نەجەسەی سڕ
وێش شی نە مەکتەب بەتن دەریای دوڕ
هەفتاد هەزار ساڵ نە دڵەی دوڕ بی
دوڕ نە تای دەریا پەروەردەی سڕ بی[٤٢]

ئەی بۆچی لە زەریا بە دوای دوڕ (گەوهەر)دا دەگەڕێت؟ چونکە ماوای خاوەندکار کاتێ لە دۆنی (یا) بووە، لەناو دوڕدا بووە:

دەروێش قولی کرندی مەرەمۆ:

وە دۆن «یا» بی، وە دۆن «یا» بی
ئەوسا پادشام وەدۆن «یا» بی
ماواش نە دوڕ بی دوڕ نە دەریا بی
نەیار نە یاوەر تاک و تەنیا بی[٤٣]

هەر ئەو کاتەش کە خودا لە دۆنی «یا» بوو، لەگەڵ هەفتەندا بیابەسی (بەیعەت بەستن- پەیمان) ئەزەلی خاوەندکاری بڕیار دا.

بێگومان ئەودەم بابا تاهیر لە دۆنی یەقیق بوو. جا سەیر نییە ئێستاکە جارێکی تر بابا بەرەو زەریا بڕواتەوە و بە دوای «یا»دا بگەڕێ تا بیدۆزێتەوە.

پاش ئەوەی بابا تاهیر خودا دەدۆزێتەوە، ئیدی بۆی دەردەکەوێت کە ماوای خودا تەنیا زەریا نییە، بگرە لە سارا و کێو و دەشت و هەموو شت و شوێن و جێگایەکدا ماوای هەیە. ئەو خۆشەویستییەکە لە هەموو شتێکدا بەدی دەکرێت. ئەو عیشقێکە لە هەر زەڕەیەکدا هەیە:

بصحرا بنگرم صحرا تە وینم
بدریا بنگرم دریا تە وینم
بهرجا بنگرم کوه ودر و دشت
نشان از قامت رعنا تە وینم

«دەنۆڕمە سارا، سارا تۆ دەبینم
دەنۆڕمە زەریا، زەریا تۆ دەبینم
هەرکوێ دەنۆڕم، کێو و دەر و دەشت
نیشانەی باڵای رەعنای تۆ دەبینم»

ئیدی لە خۆشیی ئەوەی بابا خۆشەویستەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، لە چاوی ئەو بادەی مەی نۆش دەکات. هەر بۆیە لە تاریکیی شەوی تارا و لە ڕێگای پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی حەق پەرستیدا ئەم مەستە و سەرخۆش... مەستی عیشقێکی یەزدانییە کە هیچ شتێکی دی جێگا بەو عیشقە لەق ناکات، تەنانەت ئەگەرچی کۆسپ و تەگەرە بادەی عیشقەکەی لەدەست بخەن، بەڵام بادە ناشکێت، چونکە ئەم هیچ گومانێکی بەرامبەر بە مەعشووقەکەی نییە و ئامادەیە لە پێناوی ئەو خۆشەویستییەدا هەموو جۆرە ناخۆشی و

زەحمەتییەک قەبووڵ بکات. ئەگەرنا خەڵکی دی چونکە بێ سەبر و بێ تەحەممول بوون و خۆشەویستییان ریشەی قووڵی نەبوو، بادەی مەی هەر لە دەستیاندا شکا بەبێ ئەوەی بشکەوێت:

شب تاریک و سنگستان و مو مست
قدح از دست مو افتاد و نشکست
نگە دارندەاش نیکو نگهداشت
وگرنه صد قدح نفتادە بشکست

«شەو تاریکە و بەردستانە و من مەست
بادە لە دەستم کەوت و نەشکەست
چاودێرەکەی چاک چاوی لێوە بوو (پاراستی)
وەگەر نا سەد بادەی نەکەوتوو شکەست»

ئەم پیاڵە (بادە)ی مەیە، پیاڵەی رەحمەتە کە هەموو ئەوانەی بڕوایان بە ئایینی یارسان هەیە بۆیان هەیە نۆشی بکەن؛ هەروەکوو بابا ناووس دەفەرموێ:

پیاڵەی رەحمەتم واردەن نەواردەن شەراو
کاوەی مێرد جەمەن مەلای وە مەحراو[٤٤]

هەر بۆیەش ئەم مەستییە مەستیی مەی نییە، بەڵکوو مەستیی عیشقێکی خودایییە:

شاخۆشین مەرەمۆ:

مستم ز خرابات ولی از می نه
نقلم همه نقلست حریفم شیێ نه
ای عالمیان نشان دولت اینست
عالم همه از من است ومن ازوی نه.[٤٥]

«مەستی بادەی یەکبوونم نە مەستی مەی. مەزەی ئەم مەستییەی من ئەو قسانەن کە دەیانکەم و حەریفەکەم هیچی پێ نییە. هۆ خەڵکینە نیشانەی دەسەڵات ئەوەیە، کە دنیا هەمووی لە منە و من لەو نیم (واتە من جیهانم خوڵقاندووە و جیهان منی نەخوڵقاندووە)»

بابا تاهیر بەهۆی تاعەتەوە هەمیشە لەگەڵ دڵدارەکەی ژووانی هەیە. ئەگەر ئێوارەیەک غافڵ بێت و پێی نەکرێت بچێتە خزمەتی، ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەوانەی ئەو ئێوارەیە لە تاعەت غافڵ نەبوون و دەچێتە زیارەتی ئەوان:

خوشا آنان کە هر شامان تە وینند
سخن واتە گرن واتە نشینند
گرم دسرس نبی آیم تە وینم
بشم آنان بوینم کە تە وینند

«خۆزگەم بەوانەی هەر شامێ تۆ دەبینن
لەگەڵت دەدوێن لەگەڵتا دادەنیشن
گەر من دەسرەسم نەبوو بێم تۆ ببینم
دەچم ئەوانە دەبینم کە تۆ دەبینن»

د. مارف خەزنەدار پێی وایە کە بابا تاهیر لێرەدا جارێ نەگەیشتۆتە ویساڵی مەعشووقەکەی، بۆیە بە ناڕاستەوخۆ ئاواتەخوازە بیگاتێ لە رێگای کەسانێکی ترەوە کە بە ویساڵ گەیشتوون[٤٦]، بەڵام بابا خۆزگە بەوانە دەبا کە هەر شامێ مەعشووق دەبینن، واتە ئەمیش دەیبینێ بەڵام هەندێ جار دەستی ناگات بچێتە خزمەتی، بۆیە دەچێتە خزمەتی ئەوانەی کە لە چوونە خزمەت غافڵ نەبوون.

پاش دۆزینەوەی مەعشووق و نۆشکردنی جامی مەی و سەردانی دەمەوئێواران، نەختە نەختە بابا خوو و رەوشت و خەسڵەتەکانی خۆی دادەماڵێت و بە خەسڵەت و سیفاتەکانی ئەو خوو دەگرێت و دەگاتە دواپلەی سۆفیگەری کە قۆناخی نیستی (فەنا)یە و ئیدی لەبۆی جودا ناکرێتەوە کە عاشق کێیە و مەعشووق کێیە:

اگر دل دلبر و دلبر کرام است
وگر دلبر دل بو دل را چە نام است
دل و دلبر بهم آمیتە وینم
نزونم دل کە ودلبر کدام است

«گەر دڵ دڵبەر بێ، ئەی دڵبەر کێیە
گەر دڵبەر دڵ بێ دڵ لەکام جێیە (ناوی چییە)
هەم دڵ هەم دڵبەر ئامێتەی یەکن
نازانم دڵ کام و دڵبەریش کێیە»

سۆفیی رێگای یارسان بۆ ئەوەی رێگای یاری بباتە سەر و لە دەفتەری یاران تۆمار بکرێت، پێویستە بگاتە ئەم قۆناغی نیستییەی بابا تاهیر پێی گەیشتووە. یەکێک لە پیرانی ئەهلی حەق فەرموویەتی:

نیستان و نیستی راشان بەرد وەسەر
هەستان کەی مەلان وەسەبت دەفتەر[٤٧]

یەکێک لەو چوار بناغەیەی ئایینی یارسانی لەسەر دامەزراوە نابودکردنی غورور و لووتبەرزی و خۆبەزلزانین و خۆپەسەندکردن و هەوا و هەوەسی نەفسانییە، تاکوو سەرەنجام ئەو مرۆڤە خۆی ئامادە و تەیار بکات بۆ ئەوەی بوونی ئەم ئاوێتەی بوونی خودا بێت. واتە لەناو خوادا فانی بێت (بگاتە قۆناخی نیستی).



لە دەفتەری یاریدا هاتووە:

یاری چار چێوەن باوەڕی وەجا
پاکی و راستی و نیستی ورەدا[٤٨]

گەیشتن بە قۆناغی نیستی ئاوات و ئامانجی هەموو سۆفییەکە. حافزی شیرازی[٤٩] دەڵێت:

میان عاشق و معشوق هیچ حائل نیست
تو خود حجاب خودی حافظ از میان برخیز

«لە نێوان عاشق و مەعشووقدا هیچ پەردەیەک نییە
تۆ خۆت ئەو پەردەیەی حافز، لەو بەینە لاچۆ»

واتە مەبەستی حافز ئەوەیە کە ئەو پەردەیە لابەرێت و بگاتە مەعشووقەکەی، جا ئەگەر پەردەکە خودی حافز بێت، پێویستە حافز بگاتە نیستی. بابا تاهیر توانیویەتی ئەو پەردەیە لابەرێت و لەگەڵ مەعشووقەکەی ببێتە یەک، تا ئەو رادەیەی ئیدی لەبۆی جودا نەکرێتەوە عاشق کێیە و مەعشووق کێیە.

«حوسەین بن مەنسوور ئەلحەلاج» فەرموویەتی:

«حقیقة المحبة قیامک مع محبوبک بخلع أوصافک والاتصال بأوصافه»[٥٠]

«عیشقی راستەقینە ئەوەیە کە سیفاتەکانی خۆت داماڵیت و بە سیفاتەکانی مەعشووقەکەت خوو بگریت.»

جا کە سۆفی گەیشتە قۆناغی نیستی و بوونی ئەم ئاوێتەی بوونی خودا بوو و خودایش نهێنییە، بۆیە ئەمیش دەبێتە بەشێک لەو نهێنییە کە نابێ بدرکێنرێت. ئەمە لە ئاینی یارسان پێی دەڵێن: «سڕ کەس نەزان» کە بناغەی ئەم ئایینەش لەسەر سڕ دامەزراوە. سڕێک کە دەبێت لەلایەن خاوەن دڵانەوە بپارێزرێت و بە پەنهانی بمێنێتەوە. لەناو کوردەواریدا بەو کەسانەی کە سڕیان قایمە دەگوترێت: «سڕی سڕ کاکەیییە»، مەبەست لەوەیە بە هیچ جۆرێک سڕی خۆی نادرکێنێت.

بە نیسبەت کاکەییشەوە نهێنیی ئایینەکەی خۆیان نادرکێنن و لەو رۆژەوە ئەم ئایینە لەلایەن سوڵتان سەهاکەوە دامەزراوە تاکوو ئەمڕۆ بە پەنهانی پارێزراوە. کاکەیییەکان پێیان وایە ئەگەر نهێنییەکانی ئایینەکەیان فاش بکرێت ئیدی ئەرکان و بناغەکانی ئایینەکە تێک دەچێت و کرداریان خاو دەبێتەوە (ئەنجامدانی مەراسیمە ئایینییەکان قودسیەت یان پیرۆزیی خۆیان لەدەست دەدەن). ئەم نهێنییە بەلای سۆفییەکەوە رازی دڵە کە جگە لە خاوەن دڵان کەسی تر پێی نازانێت یان بۆ کەسێکی تر باس ناکرێت. رازی دڵی یاران سووتان و توانەوەیە لەناو خۆشەویستیدا، ئەگەر سەرەتا بابا تاهیر ئەم رازەی بۆ خەڵکی تر گێڕابێتەوە، سەرەنجام وا کەوتۆتەوە کە لەم چوارینەیەدا باسی دەکات:

نمیدانم کە رازم وا کە واژم
غم سوز و گدازم را کە واژم
چە واژم هر کە نونە بنگرە فاش
دگر راز و نیازم وا کە واژم

«نازانم کە من رازم بەکێ بێژم
خەمی سووتان و توانەوەم بەکێ بێژم
چ بێژم هەرکێ زانی فاشی دەکا (ئاشکرای دەکا)
ئیتر راز و نیازم بەکێ بێژم»

جا بۆ ئەوەی ئەم رازی دڵە بپارێزرێ و هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، دەبێ سڕێک بێت و تەنها لە دڵی یاراندا بپارێزرێت. ئەم نهێنییە بەلای کاکەیییەکانەوە هێند پیرۆزە کە لە کۆبوونەوە ئایینییەکاندا سوێندی پێ دەخورێت یان پەنای بۆ دەبرێت؛ بۆ نموونە لە کاتی پەنا برندا دەگوترێت: «یا سڕ سینەی یار». جا ئەگەر بابا تاهیر رازی دڵی خۆی لەلای غەیری خاوەن دڵان باس کردبێت و پاشان رازەکە فاش کرابێت، حەقی خۆیەتی ئیدی ئەو راز و نیازەی خۆی بە کەس نەڵێت:

بکس درد دل مو واتنی نە
کە سنگ از آسمون انداتی نە
بمو واجن ترک یار خود کە
کسیس یارم کە ترکش واتنی نە

«بەکەس رازی دڵم گوتەنی نییە
بەرد لە ئاسمانەوە کەوتەنی نییە
پێم دەبێژن تەرکی یاری خۆت بکە
کەسێکە یارم تەرک کردنی نییە»

«واتنی نە»ی یەکەم: ناگوترێت.
«واتنی نە»ی دووەم: مەبەست لە «ناکرێت»ە

نەدرکاندنی نهێنیی دڵ لەلای هەموو سۆفییەکان باو بوو، مەنسووری حەللاج فەرموویەتی:

«اسرارنا بکر لا یخطر فیها الا خاطر الحق»

واتە نهێنییەکانی ئێمە (وەکو کچێکی) باکرەن، کە جگە لە ئەندێشەی حەق شتێکی تر رێگایان بۆ نابات»[٥١]

هەروەها سۆفییەکی دی فەرموویەتی:

مصلحت نیست که از پرده برون افتد راز
ورنه در مجلس رندان خبری نیست که نیست.(٥٢)
«مەسلەحەت نییە لە پەردەوە راز بچێتە دەرێ
وەگەرنا لە مەجلیسی رەنداندا چ باسێ نامێنێ»

بەپێ ئایینی یارسان، کەسانێ کە مرۆڤی راستی پەرست بن و هیوای دیداری حەق لە دڵیاندا بێ و عاشقی رێی راستی بن، پێویستە لەسەریان هەر دەرد و بەڵایەک کە لەو رێگایەدا تووشیان دەبێ قبووڵی بکەن و مرۆڤی ئەهلی حەق دەبێ بەڵاکێش بێت.

سوڵتان سەهاک فەرموویەتی:

پیرە بلاکش
گر مرد لقائی بیا بلا کش
مرد بی بلا مرد لقا نیست(٥٣)

جا بابا تاهیریش کە دۆنی باوە یادگارە و عاشقی رێی راستییە، پێویستە لەسەری وەکوو هەر مرۆڤێکی راستی پەرست تاڵی و سوێری و سەختیی ئەو رێگایەی گرتوویە بەر قبووڵی بکات:

عاشق اون بی که دایم دربلا بی
ایوب آسا بکرمون مبتلا بی
حسن آسا بنوشه کاسهء زهر
حسین آسا شهید کربلا بی
«عاشق کەسێکە دایم لە بەڵا بێ
ئەیووب ئاسا بە کرمان موبتەلا بێ
حەسەن ئاسا بنۆشێ جامی زەهر
حوسێن ئاسا شەهیدی کەربەلا بێ»(٥٤)

بەڵام هەموو کەسێک عاشق نییە و ئامادەش نییە تاڵی و سوێری بچێژێ و رێگای سەخت بگرێتە بەر، بگرە هەندێک نە تەنیا ئەو ئامادەگییەیان تێدا نییە، بەڵکوو بێئەمرییش دەکەن. بێئەمرییەک تا ئەو رادەیەی بابا تاهیر نائومێد بکات و وەکوو مرۆڤێکیش خۆی بە هاوبەشی ئەو خەڵکە مەعسیەتکارە بزانێت. تەنانەت بابا تاهیر هیچ ئومێدێکیشی نەبێ لەوەی کە ئەو خەڵکە بەشی ئەوەیان پێوە مابێ رێگای چەوت بەردەن و رێگای راست هەڵبژێرن:

از آن روزی که مارا آفریدی
بغیر از معصیت چیزی ندیدی
خداوند بحق هشت و چارت
زمو بگذر شتر دیدی ندیدی
«لەو رۆژەی را کە ئێمەت هێنایە دی
بێ لە بێئەمری هیچت لێمان نەدی
خودایە بۆ خاتری هەشت و چوارت
لێمان گەڕێ حوشترت دیت و نەدی»(٥٥)

لێرەدا بابا تاهیر لە خودا دەپاڕێتەوە کە لەبەر خاتری هەشت و چوار لەو خەڵکە گوناهکارە خۆش بێت و لێیان گەڕێ وەکوو ئەوەی هیچیان نەکردبێ.

باشە دەبێ ئەم هەشت و چوارە چی بێت؟ تاکو ئێستا هەموو ئەو کەسانەی ئەم چوارینەیەیان لێکداوەتەوە، چوریان خستۆتە سەر هەشت و دوازدە ئیمامیان لێ دروست کردوون(٥٦) هەڵبەتە ئەگەر چوارینەکانی بابا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایینی یارسان لێک بدرێتەوە، ئەوا مەزەنەی زۆریە دەچێت بەلای دوازدە ئیمامدا. بەڵام خۆ بابا تاهیر ئەگەر مەبەستی لە دوازدە ئیمام بوایە دەیتوانی یەکسەر بڵێ دوازدە و ئیدی پێویستی بەو هەشت و چوارە نەدەکرد. جگەلەمەش بۆ ئەوەی مەسەلەی دوازدە ئیمام رەت بکرێتەوە پرسیارێک دێتە گۆڕێ: بۆچی بەتایبەتی هەشت و چواری هەڵبژارد؟ بۆ نموونە بۆچی نەیگوت حەفت و پێنج؟ بەڵام کە بابا تاهیر یەکێک بێت لە هەفتەن و دۆنی باوە یادگار بێت، بمانەوێ و نەمانەوێ پێویستە شیعرەکانی لەبەر تیشکی بیروباوەڕی ئایینی یارسان لێک بدرێنەوە. ئەو دەم مەبەست لە هەشت: هەشت تەن دەبێت(٥٧). هەروەها مەبەست لە چوار چوارتەن دەبێت(٥٨).

واتە: خودایە لەبەرخاتری هەشت تەن و چوار تەن لێمان ببورە. کە هەشت تەن بریتییە لە هەفتەوانە و خودا خۆی، لە بیابەسی ساجناری(٥٩). هەروەها چوار تەن بریتییە لە چوار مەلەک (مەلایکە)، کە بابا تاهیر خۆی یەکێک بووە لە چوارتەن، لە دەوری شاخۆشیندا، چوارتەنیش بازنەیەکی ناو حەفتەنە.

لایەنێکی تری چوارینەکانی بابا تاهیر دەربارەی باری ئابووری و رامیاریی سەردەمەکەیەتی. بابا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر چەرخی گەردوون دەردەبڕێت کە سامان و دارایی بە شێوەیەکی ناعادیلانە بەسەر خەڵکدا دابەش کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هێندێک لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بژین و هێندێکیش ژیانی کولەمەرگی



بەرنەسەر. بابا تاهیر ئەم نارەزاییەی خۆی یەکسەر رووبەڕووی خودا دەکاتەوە:

اگر دستم رسد بر چرخ گردون
از او پرسم که این چونست وآن چون
یکی را دادهء صد گونه نعمت
یکی را قرص جو آلوده در خون
«گەر دەستم دەگا بە چەرخی گەردوون (ئاسمان-خودا)
لێی دەپرسم کە ئەم چۆنە و ئەو چوون (چۆن)
بە کەسێکت داوە سەد جۆرە نیعمەت
بە کەسێ نانی جۆ ئاڵوودە بە خوون (خوێن)

واتە ئەوەی نانە جۆکەی پەیدا کردووە، خوێنی بۆ رشتووە، خۆی ماندوو کردووە تاکو ئەو نانەی دابین کردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانەی موڵک و سامانیان هەیە و لە ناز و خۆشیدا دەژین بە خۆڕایی ئەو سامان و دارایییەیان دەست کەوتووە، ئەگەرنا ئەوانیش دەبوایە بۆ پەیداکردنی نانێکی جۆ خوێنی جگەر برێژن. لە کۆتاییدا وا دەکەوێتەوە کە خۆشگوزاران رەنجی هەژارانیان دزیوە. ئەمەشیان بەڵگەیەکە بۆ بێدادی و ناڕەوایی‌ی ئەو سەردەمەی بابا تاهیری تێدا ژیاوە و خێر و بێر بە شێوەیەکی نادروست دابەش کراون و هێندێک لەسەر حیسابی هێندێکی دی لە ناز و خۆشیدا رایانبواردووە.

هەر لەمەڕ رۆژگاری خۆیەوە بابا لە چوارینەیەکی تردا سکاڵا دەکات و ناڕەزایی دەردەبڕێ، کە دەوران کەوتۆتە دەستی هەندێ نامەردەوە. هەڵبەتە هەر ئەوانەشن کە بوونەتە هۆی ئەو جیاوازییەی ناو چینەکان و دابەشکردنی دارایی بە شێوەیەکی نادرووست. بابا تاهیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ ناڕەزایی‌یەکەی خۆی بەرامبەر بەو کاربەدەستانە دەردەبڕێت و بە ئاشکراش دەڵێت کە ئەم چاوەڕێی دەورانێکی تر دەکات. واتە دەسەڵاتێکی تر کە عەدالەت بەرپا بکات و دادپەروەر بێت. بەڵام ئەو پەیمانەی بابا دەیدات لەوە تێناپەڕێت کە ئەم دادەنیشێت و چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکات، واتە ئەم بەخۆی بۆ هێنانەدیی ئەو بارە رۆڵێکی کاریگەر نابینێت. رەنگە لە سۆفییەکیش لەوە زیاتر چاوەڕوان نەکرێت، هێندەی پەیوەندیی بە لایەنی دنیایی‌یەوە هەبێت.

سرم چون گوی در میدان بگرده
دلم نز عهد و نز پیمان بگرده
اگر دوران بنامردان بمونه
نشینم تا دگر دوران بگرده
«سەرم وەک گۆیەک لە مەیدان بگەڕێ
دڵم بە دەور عەهد و پەیمان بگەڕێ
ئەگەر دەوران بۆ نامەردان بمێنێ
دەنیشم تا دەورانی تر بگەڕێ»

هەرچەندە ئەم رۆڵەی بابا دەیبینێ، رۆڵێکی ئەکتیڤ نییە بۆ لابردنی کاربەدەستانی نادادپەروەر، بەڵام بابا پەیمانی خۆی دەباتە سەر ئەگەرچی لە پێناویدا سەری خۆیشی دانابێ.

لە چەند چوارینەیەکی تردا، بابا نائومێدیی خۆی دەردەبڕێت، چ بەرامبەر بە خۆی و چ بەرامبەر بە کردگار. رەنگە ئەم نائومێدییە لەپاش مردنی فەرەیدوونی کوڕی تووشی بووبێ. بابا تاهیر خەم دایدەگرێت و دونیای لەبەرچاو رەش دەبێت:

زکشت خاطرم جز غم نروید
ز باغم جز گل ماتم نروید
زصحرای دل بیحاصل مو
گیاه ناامیدی هم نروید
«لە دڵمدا بێجگە لەخەم چ ناڕوێ
لە باخم بێ گوڵی ماتەم چ ناڕوێ
لە سارای دڵی بێبەری مندا
تەنانەت گیای نائومێدییش هەر ناڕوێ»

بە رەت بوونی رۆژگار، بابا تاهیر لەناو خەمدا قاڵ دەبێتەوە، ئیدی وا هەست دەکات کە بەبێ خەم هەڵناکات. خەمی دەبێتە هۆگر و هاودەم.

غمم غم بی و غمخوار دلم غم
غمم هم مونس و هم یار و همدم
غمم نهله که مو تنها نشینم
مریزا بارکالله مرحبا غم

«خەمم خەم بوو، خەمخۆری دڵیشم خەم
خەمم هەم هۆگر و هەم یار و هاودەم
خەمم نەیهێشت کە من تەنیا دانیشم
دەستخۆش و بارەکەڵڵا، ئافەرین خەم»

ئەم خەمەی بابا تاهیر خەمێکی ئاسایی نییە، بگرە هەر خەمەکە بەخۆیشی خەمخۆری دڵی بابا تاهیرە. ئەم خەمە هێند بەوەفایە کە نەیهێشتووە بابا تاهیر تەنیا بمێنێتەوە،

هەر بۆیەش بابا دەستخۆشیی لیٚ دەکات کە هێند یارێکی بەوەفایە.

ئەم خەمە کە ئەنجامی نائومێدییەکە بابا تووشی بووە، وای لیٚ دەکات کە بیر لە بوونی مرۆڤ بکاتەوە. بۆچی دێتە ئەم دونیایە؟ بۆچی تووشی ئەم بارە ناهەموار و خەم و خەفەتە دەبێت؟ بۆچی کۆچ دەکات؟ ئەی باشتر نەبوو هەر لە سەرەتاوە نەخوڵقابایە؟ بابا روو دەکاتە خودیٚ و دەبێژیٚ:

فلک برهم زدی آخر أساسم
زدی بر خمرهء نیلی لباسم
اگر داری برات از قصد جانم
بکن آخر از این دنیا أساسم
«فەلەک تێکت دا بنچینە و بناغەم
کێشات لە خومی کەوە جل و بەرگم
ئەگەر دەتەوێت قەسدی گیانم بکەیت
دە هەڵکەنە لەم دونیایە بناغەم»

«خودایە تۆ هێندە جەورت لەگەڵدا کردم تا ئەو رادەیەی پایە و بناغەت تێکدام. هێندە تووشی نەگبەتی و بەدبەختیت کردم تاکوو جل و بەرگت لە خوم هەڵکێشام، ئەگەر دەتەوێت قەسدی گیانم بکەیت و بمکوژیت، خۆ هەر لە بناغەوە رەگی من (وەکو مرۆڤێک) لەم دونیایە هەڵکەنە. مەبەست ئەوەیە کە مەمخوڵقێنە، یان کە دەمخوڵقێنی بۆچ هێندە نەگبەتی و ئاوارەییم بەسەردا دەبارێنی و سەرەنجام لە خەفەتدا دەمکوژیت؟»

ئەم نارەزایی و رەت کردنەوەیە، وا لە بابا تاهیر دەکات یاخی ببیٚ و ئەم یاخی بوونە وەکوو پیشەیەک لەقەڵەم بدات، ئەوجا یاخیبوونەکە وەکوو گوناهێک لە قەڵەم بدات، چا خودای دەکرد خەڵکی تر تا ئەو رادەیە بێگوناهـ دەبوون لە بێگوناهیدا دەبوونە فریشتە. ئەم ریشەی یاخیبوونەکەی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ حەوا و ئادەم، کە ئەوانیش بێقسەیی خودایان کرد و لە جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی ئەو یاخی بوون و سەرەنجام بە سێو خواردنەکە تەواو بوو و ئیدی لە بەهەشت دەرکران

مو آن رندم که عصیان پیشه دیرم
بدستی جام و دستی شیشه دیرم
اگر تو بیگناهی رو ملک شو
مو از حوا و آدم ریشه دیرم
«من ئەو رەندەم کە یاخی بوون پیشە دیروم
لە دەستیٚ جام و دەستیٚ شیشە دیروم
گەر تۆ بێگوناهی ببە بە مەلەک
من لە حەوا و ئادەم را ریشە دیروم»
دیروم: هەمە.

دیارە لە قۆناخی پیریدا کە ئیدی مەرگی لیٚ نێزیک دەبێتەوە، ئاوڕێک لە رابردووی خۆی دەداتەوە و قۆناخی یاخیبوونی خۆی دێتەوە بەرچاو؛ ئەودەم بەم شێوەیە ئامۆژگاریی خۆی دەکات:

مکن کاری که بر پاسنگت آید
جهان به این فراخی تنگت آید
چو فردا نامه خواهون نامه خواهند
ترا از نامه خواندن ننگت آید
«مەکە کاریٚ کە بێتە بەر پێت سەنگ (بەرد)
ئەم جیهانە لەبەرچاوت ببیٚ تەنگ
سبەی داوای کردارنامەت لیٚ دەکەن
لە نامە خوێندن با تووشت نەبیٚ نەنگ»

واتە هێندە خۆت گوناهبار مەکە سبەی رۆژ کە رۆژی حیسابە، تۆ هێندەت گوناهـ کردبیٚ کە لە خوێندنەوەی کردارنامەکەت شەرم داتبگرێت.

هەر بۆیە بابا تاهیر هەوڵ دەدات هەرچیی لە توانستدایە بیکات تاکو باری خۆی سووکتر بکاتەوە. چونکە ئیتر ئۆغر بەرەو خودایە و رۆژ رۆژی سزا و پاداشە. ئەم رێگایەش رێگایەکی سەخت و دژوارە و مرۆڤ هەرچەندی پیٚ بکرێت بە گوناهی کەمترەوە بچێتە بەر بارەگای یەزدان، تاکوو سزای کەمتر بێت:

دلا راهت پر از خار و خسک بی
گذارت بر سر چرخ و فلک بی
گر أز دستت برآیه پوست أز تن
بر آور تا که بارت کمترک بی
«ئەی دڵ رێگات پڕ لە پێکوڵە و دڕک بی
گوزەرگای تۆ بەسەر چەرخ و فەلەک بی
گەر لەدەستت دیٚ پێست دامالی لە تەن
دایماڵە تاکو بارت کەمترەک بی»

واتە ئەی دڵ «ئەی بابا تاهیر» رێگای تۆ بەرەو خودایە، دە گوناهی خۆت هەڵوەرێنە و تەنانەت ئەگەر کرا پێستیشت دامالی، بیکە؛ بەڵکوو بە بارێکی کەمترەوە بچیتە حوزووری خودا. هەر بۆیە بابا نەک هەر دەیەویٚ پێست داماڵێت،



بەڵکوو خۆیشی لەو خۆشەویستییە یەزدانییەدا وا بسووتێنێت، مشتیٚ خۆڵەمێشی لیٚ نەمێنێت. بەم شێوەیە ئیدی خودیٚ چاوی پڕ لە فرمێسک و پەشیمانیی بابا تاهیریش نابینێت:

بمرم تا ته چشم تر نوینی
شراره آه پر آذر نوینی
چنان از آتش عشقت بسوجم
که از مو رنگ خاکسر نوینی
«بمرم تاکو تۆ چاوی تەڕ نەبینی
بڵێسەی ئاهی پڕ ئاگر نەبینی
وەها لە ئاگری عیشقت بسوزێم
کە لە من رەنگی خاکستەر نەوینی»
خاکستەر: خۆڵەمێش

لە جێگایەکی تردا هاتووە: «که از مو مشت خاکستر نوینی» یانی مشتیٚ خۆڵەمێشم لیٚ نەبینی.

بەم شێوەیە بابا تاهیر وەکوو مرۆڤێکی خواناس، سۆفی و پەرێشان دەبێتە مشتیٚ خاک، تا لەو خاکەی ئەوەوە خەڵکێکی پەرێشانی دی بخوڵقێنرێت، هەر وەکوو ئەم بەخۆی لە بنەڕەتدا لە خاکی دڵپەرێشانان خوڵقێنراوە:

مرا نه سر نه سامان آفریدند
پریشانم پریشان آفریدند
پریشان خاطران رفتند در خاک
مرا از خاک ایشان آفریدند
«من بیٚ سەر و بیٚ سامان خوڵقێنراوم
پەرێشانم پەرێشان خوڵقێنراوم
دڵپەرێشانان چوونە ژێری خاک
ئەمن لە خاکی ئەوان خوڵقێنراوم»

بە پێی نووسخەکەی «وحید دستگردی» ژمارەی ئەو چوارینانەی گومانیان لیٚ ناکرێت و بە بەڵگەوە هی بابا تاهیرن (٢٩٦) چوارینەیە. ئەوانەی گومانیان وایە هی ئەو نەبن (٧٠) چوارینەن، کە لەبەر جیاوازیی دەربڕین و نەبوونی بەڵگەی پێویست گومان وایە هی بابا تاهیر نەبن، تاکو لە پاشاندا بەڵگەی ئەوە دەست دەکەوێت کە ئەو چوارینانەش بابا تاهیر دایناون[٦٠]. لە نووسخەیەکی تری دیوانەکەدا هاتووە کە ژمارەی چوارینەکان (٣٦٦) چوارینەیە[٦١].

ئارامگای بابا تاهیرلە رۆژاوای شاری «هەمەدان»ە[٦٢]

سوێد – ١٩٩١

## پەراوێزەکان:

١– سەرچاوەی ژمارە (١). پێشەکی، کە لەلایەن «بهمن بستان»ەوە نووسراوە.

بۆ دڵنیابوون لە بۆچوونەکەی میرزا مەهدی خانی کەوکەب، دەتوانین وشەکانی ناو چوارینەکە، کە بۆ دەستنیشانکردنی ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر پەنایان بۆ براوە، بەم شێوەیە لێک بدەینەوە:

دریا: د + ر + ی + ا = ٤ + ٢٠٠+ ١٠ + ١= ٢١٥

الف قد= أ + ل + ف + ق + د = ١ + ٣٠ + ٨٠ + ١٠٠ + ٤ = ٢١٥

طاهر= ط + ا + هـ + ر= ٩ + ١ + ٥ + ٢٠٠ = ٢١٥

ألف= أ + ل + ف + = ١ + ٣٠ + ٨٠ = ١١١

جا هەر یەک لە وشەکانی دەریا، الف قد و طاهر کە هەر یەکە و (٢١٥)یە، لەگەڵ وشەی ئەلف کۆبکرێتەوە کە ئەمیشیان (١١١)یە، ئەوا دەکاتە (٣٢٦)، کە لە لایەن میرزا مەهدی خانی کەوکەبەوە بە ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر لەقەڵەم دراوە. (ف.ک)

٢– سەرچاوەی ژمارە (٢) پێشەکی.

٣– سەرچاوەی ژمارە (٣) لاپەڕە ١٤٨

٤– سەرچاوەی ژمارە (٤). لاپەڕە ٣

٥– دگر ذات جوهر بود جسم ظرف
که بی ظرف جوهر نگنجد بحرف
بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتی ژمارە (١٦٥٠). لاپەڕە (٨٧).

٦– ئەهلی حەق (کاکەیی) پێیان وایە کە هەر مرۆڤێک هەزار دۆن دەکات، واتە هەزار جار لەسەر زەوی پەیدا دەبێتەوە (بەرلە رۆژی حەشر).

تمامی دونان بهر کس هزار
بمحشر کشند صف بروز شمار

بۆ ئەم بەیتە فارسییە بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتی ژمارە (٣٤٤٢) لاپەڕە (١٨١).

٧– پێویستە لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە رابکێشم کە مەولانا جەلالەددین محەمەد مەولەوی (مەولانای رۆمی) یەکێک بووە لە قوتبەکانی چل تەنان، واتە چل کەس؛ کە چل تەنان بازنەیەکە لە بازنەکانی پیاوچاکانی ئەهلی حەق. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٦) لاپەڕە (١٠).

٨– سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (٣٤).

٩–سەرچاوەی ژمارە (٤) لاپەڕە (٣).

١٠– بۆ دڵنیایی جارێکی تر بە بەیتی یەکەمی چوارینەکەدا دەچینەوە:

من ئەو زەریایەم لەناو جامێکدا پەیدا بووم
وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم

مەبەست زۆر روون و ئاشکرایە: من زەریام، ئەو زەریایەش لەناو جامێکدایە. وەکوو خاڵێکم (من وەکوو خاڵێکم)، ئەو خاڵەش بەسەر

پیتەوە هاتووە. کەواتە: من و زەریا و خاڵ یەک شتە، هەروەها جام و پیت یەک شتە؛ بەڵام دکتۆر وشەکانی راست و چەپ لەگەڵ یەکدا لێکداوەتەوە، بۆیە زەریا بووە بە پیت و جامیش بە خاڵ.

دووبارە تەماشای پەراوێزی ژمارە (٥) بکە.

١١- سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە(٨٦).

١٢- سەرچاوەی ژمارە (٤) لاپەڕە(٣).

١٣- چو خاموش شد غسل‌الدین زان ایام

بشد ناطق آن طاهر نیکنام

بگفتا أیا پادشاه أحد

گواهی دهم از ازل تا ابد

تو بودی و هستی بما شهریار

تو هستی خداوند ما بندەوار

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتەکانی ٥٦٤٩،٥٦٥٠، و ٥٦٥١، لاپەڕە (٢٩٢).

١٤- سەرچاوەی ژمارە (٣) لاپەڕەکانی ١٤٨،١٤٩،١٥٠.

١٥- دەفتەری یاری: ئەو دەفتەرەیە کە ئەهلی حەقەکان سروودە ئایینییەکانی خۆیانیان تێدا تۆمار کردوون، هەروەها (کەلام)یشی پێ دەگوترێت.

١٦- سوڵتان سهاک: کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەیە و دامەزرێنەری ئایینی ئەهلی حەقە. لە سەدەی حەوتەمی کۆچی لە بەرزنجە لەدایک بووە. پاشان لە (پردیوەر) لە ناوچەی هەورامان ژیانی بردۆتەسەر و هەر لەوێوە ئایینەکەی بڵاوکردۆتەوە. ناوی (ئیسحاق)ە و بە (شاهـ، سەهاک، ئیساق، سەهاق، سەحاک) ناوبراوە:

ئەو پیر میکائیل دەودانی ماوا

چەنی شاهـ سەهاک، کەردەبی داوا

ئاواز کەرد واتش، ئەرەی شاسەهاک

پەی چێش ئامانی تو نی ماوا و خاک

قبووڵم نییەن تۆ نە پردیوەر

بسازی یانە بنمانی هونەر

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٩) لاپەڕە(١٠٢-١٠٣).

١٧- خۆشین: نازناوە بۆ (موبارەک شا) کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە ناوچەی لوڕستان پەیدا بووە و هاوچەرخی بابا تاهیر بووە. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە(٣٠).

١٨- چەپ و دەس: بازنەی زکری کاکەیی‌یەکانە، کە بە ئاوازی تەمیرە سروودە ئایینییەکانی تێدا دەگوترێتەوە.

١٩- مستەفا داودان: یەکێکە لە هەفتەن کە یارانی نزیکی سوڵتان سهاک بوون:

جبریل (بنیامین) اسرافیل (داود)

میکائیل (موسی) و حکم ودود

عزرایل (مصطفی) حورالعین (رضبار)

یقیق (ایوتن) عقیق (علمدار)

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە(٣٢٣).

٢٠- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتەکانی ٥٦٥٣،٥٦٧٧ لاپەڕە(٢٩٢و٢٩٣).

٢١- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١١) لاپەڕە(٢٨١).

٢٢- سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە(١٩٥).

٢٣- سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە(١٩٩).

٢٤- سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتی (٥٥٥٢).

٢٥- لەبەر قافیەی شیعرەکە لە جیاتی شا ئیبراهیم (عەلەمدار)م داناوە، کە نازناوە بۆ شائیبراهیم.

عەلەمدار لەقەب شا ئیبراهیمەن

ئیوەت دۆن پێش یادگار هەنەن

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە(٣٢٣).

٢٦- هەفتەن= هەفت-تەن: واتە حەوت کەس کە ئەمانەن:

١- پیر بنیامین

٢- داود کەوەسوار

٣- پیرمووسا

٤- مستەفا داودان

٥- دایە رەمزبار

٦- شا ئیبراهیم (عەلەمدار)

٧- بابا یادگار (ئیوەت) کە دۆنی بابا تاهیرە.

سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە(٣٨).

هەروەها تەماشایەکی تری پەراوێزی ژمارە (١٩) بکە.

٢٧- سەرچاوەی ژمارە (١٢) لاپەڕە(٩٥).

٢٨- سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتی (١٠٨٨٣) لاپەڕە(٥٥٨).

ئەم بەیتە پێوەندیی بە بابا تاهیرەوە نییە و سەر بە حیکایەتی بابا حەیدەرە.

٢٩- سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە(٣٢٩).

٣٠- لە لاپەڕە (١٣٧)ی سەرچاوەی ژمارە (٦)دا هاتووە کە سوڵتان سەهاک چۆتە دۆنی حاجی بەکتاشەوە، بەڵام ئەمە راست نییە، سوڵتان (زات میوان)ی حاجی بووە، واتە زاتی سوڵتان لە قاڵبی حاجیدا میوان بووە. حاجی بەکتاش لە ساڵی ٧٣٨ی کۆچی وەفاتی کردووە.

٣١- سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتەکانی ٧٨٣٢ و ٧٨٣٨) لاپەڕە(٤٠٤ و ٤٠٥).

٣٢- سەرچاوەی ژمارە (٥) بەیتی (٧٨٥٤) لاپەڕە (٤٠٦).

٣٣- لەبەر قافیەی شیعرەکە (مەحرەمی سوڵتان)م خستۆتە سەر، چونکە (حەبیب شە) خاتونە بەشیری کچی میر خەسرەوی لوڕستان و مەحرەمی سوڵتان سەهاک بووە. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٠)



لاپەڕە(٤٢٠).

٣٤- سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (١٦٠).

٣٥- لە شاهنامەی حەقیقەتدا هاتووە کە سوڵتان سهاک هەڵۆیەکی سپی بووە و لە داوێنی دایراک خاتوون (دایە رەمزبار) نیشتۆتەوە و کاتێ دایە رەمزبار داوێنی وێک ناوە، هەڵۆ بووە بە منداڵێک و بەم شێوەیە سوڵتان پەیدا بووە، واتە سوڵتان دایکێکی باکیرە بووە.

بڕوانە لاپەڕە (٣٢٦) لە سەرچاوەی ژمارە (٥) حکایت ظهور ذات بجامەء حضرت سلطان.

٣٦- جەیحوون یان ئامو دەریا Amou Daria ڕووبارێکە سەرچاوەکەی لە چیای «پامیر»ی هیندستانەوە و بە ئاسیای سۆڤیەتدا ڕەت دەبێت تا دەڕژێتە ناو زەریای (ئاراڵ)ەوە. بڕوانە (المنجد في اللغة والاعلام).

ئەم ڕووبارە لە ئایینی یارساندا ڕووبارێکی پیرۆزە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دروستبوونی جیهان و لەوە دەچێت هەمان زەریا بێت کە خاوەندکار کردبوویە ماوای خۆی ئەو دەمەی کە لەناو دوڕدا بوو. وەختێک مەولا (خاوەندکار) جۆش دەداتە جەیحون دوڕ دەپەڕێ و شەق دەبات و خاوەندکار لە دوڕ دێتە دەرەوە.

نەورۆز مەرەمۆ:

جمنان جەیحون دیجلە حەجەر پەڕ

دورش دڕنا بەر ئاما نە دوڕ

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (٣٨).

٣٧- سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە (٣٢٩).

٣٨- سەرچاوەی ژمارە (١١) لاپەڕە (١٩٨).

٣٩- سەرچاوەی ژمارە (١١) لاپەڕە (٢٠٠).

٤٠- سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (١٦١).

٤١- بەلای فەریدەددین عەتارەوە (وادی السلوک) حەوت قۆناغە: طلب، معرفت، استغناء، توحید، حیرت، فقر، فنا. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (٥). شایانی باسە شێخ فەریدەددین عەتتار نیشابووری یەکێک بووە لە قوتبەکانی چل تەنان. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٦) لاپەڕە(١٠).

٤٢- سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (٣٦).

٤٣- سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (٩٤).

٤٤- سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە (٤٦٢).

٤٥- سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە (٤٦٢).

٤٦- سەرچاوەی ژمارە (٤)

٤٧- سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (١٧).

٤٨- سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە (٢٢).

٤٩- حافزی شیرازی لە دۆنی بنیامین بووە، کە ئەمیان یەکێکە لە هەفتەن:

دگر بود حافظ کە بنیادم بود

بدرگاه حق بود اندر سجود

بڕوانە بەیتی ژمارە (٦١٣٩) لە سەرچاوەی ژمارە (٥).

٥٠- سەرچاوەی ژمارە (١٤) لاپەڕە (١٩).

٥١- سەرچاوەی ژمارە (١٤) لاپەڕە (٢٢).

٥٢- سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (٢٢) ناوی شاعیرەکە نەگوتراوە.

٥٣- سەرچاوەی ژمارە (٧) لاپەڕە (٣٣).

٥٤- لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشم کە ئەیووب پێغەمبەر لە دۆنی «بنیامین» بووە، حەسەن لە دۆنی «شابرایم» و حوسێن لە دۆنی «باوە یادگار» کە دۆنی بابا تاهیریشە.

پس از آن ایوب گشت صاحب بصیر

کە بد مظهر پاک بنیام پیر (بەیتی ژمارە ٢٩٥٧)

حسین یادگار و حسن شاه برام

کە بوند سالار در هر ایام (بەیتی ژمارە ٧٤١)

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) لاپەڕە (١٥٤ و ٤٢).

٥٥- «شتر دیدی ندیدی» پەندێکی ئێرانییە.

٥٦- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٥) لاپەڕە (٦).

هەروەها سەرچاوەی ژمارە (١٦) لاپەڕە (١٤٢).

٥٧- لە ئایینی یارساندا ئەم هەشتانە هەن: هەشت تەن، هەشت ئاسمان، هەشت ئەفلاک، هەشت ئەنجومەن، هەشت بەهەشت، هەشت خان، هەشت دۆزەخ و ...هتد. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) لاپەڕە (٧٦٩).

٥٨- لە ئایینی یارساندا ئەم چوارانە هەن: چوارتەن، چوار ئەرکان، چوار ئەنجومەن، چوار هەفتەوان، چوار جامە، چوار هەست، چوار خان، چوار یار و.. هتد. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) لاپەڕە (٦٩٠).

٥٩- لە کلامی نرکەی شاهەنشادا هاتووە:

کاکا شی وە شوێن رای رەواج یار

دیش کە هەشت تەن بی چێر ساجنار

دلی ساجنار قەلب زلومەت

چاگا حازر بی خەزرائی ئومەت.

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە (١٩١).

لە دەفتەری یاریدا هاتووە کە لە بیابەسی ساجناریدا خودا هەفتەوانەی لە نووری خۆی دروست کردووە. ئەو دەم هەر حەفتیان لە شێوەی خوادا دەبن. پیر بنیامین بۆی جیا ناکرێتەوە لەم هەشت کەسە (هەفت تەن + خودا) کامیان خودایە. بۆیە تکا دەکات کە خودا خۆی ئاشکرا بکات کە کام لەم هەشتە خۆیەتی. خودا بە بنیامین دەڵێت با دایە رەمزباز هەشت لوقمە گۆشتی قوربانی حازر بکات، تا هەر یەکە لەم هەشتە بیخۆن؛ ئەودەم خودا ئاشکرا دەبێت، پاش ئەنجامدانی ئەو کارە خودا و هەفتەوانە لە یەکتر جودا دەکرێنەوە.

سوڵتان ئیسحاق مەرەمۆ:

پەنەت مەعلوومە ئەی پیرە عەیان

پۆسە بەیان مۆ شێوەی هەر هەشتمان

واچە ئەو رەمزباز وەلاڵە و گریان

هەشت لوقمەی نیعمەت پەی تەحقیق کار

باوەرەش وێگا بنەش وە مەیدان

هەر یەک یەک رەمزێ نۆش کەیم وە ئیمان

ئەمجار بەیان مۆ شێوەی شای جیهان

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (٥٢) بەندی (٧).

٦٠- سەرچاوەی ژمارە (٢) پێشەکی.

٦١- سەرچاوەی ژمارە (١٧) پێشەکی.

٦٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو. پێشەکی.

سەرچاوەکان


١- بابا طاهر عریان: فارسی، انگلیسی، فرانسه، آلمانی. چاپ پیک ایران. ساڵ ١٣٦٥ هجری قمری. انتشارات پدیده.

٢- دیوان بابا طاهر عریان. از روی نسخەء تصحیح شده دانشمند شهیر وحید دستگردی. مؤسسة مطبوعاتی أمیر کبیر. تهران ١٣٣٣ هجری قمری. چاپ دوم.

٣- مێژووی ئەدەبی کوردی. علاءالدین سجادی. چاپی ١٩٥٢ی زایینی. چاپخانەی معارف.

٤- پێداچوونەوەیەکی فەلسەفیانە و سۆفیزمانە بە هەندێ لە دووبەیتەکانی بابا تاهیر. بەشی یەکەم. دکتۆر مارف خەزنەدار. رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١١٦٣)ی رۆژی ١٩٩٠/٣/٢٢.

٥- حق الحقایق (شاهنامه حقیقت) حاج نعمت‌الله جیحون آبادی. کتابخانەی طهوری. تهران ١٩٨٢ زایینی.

٦- سر سپردگان. تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم اهل حق (یارسان). تالیف سید محمد علی- خواجه‌الدین. ١٣٦٢ کتابخانەء منوچهری.

٧- جم. پرتوی از لقاوسیری در مولانا. مجید القاصی. انتشارات بیگود ١٣٦٣ تهران.

٨- دورەء هفتوانه. سرانجام. صدیق صفی زاده. کتابخانەی طهوری. تهران ١٩٨٢ زایینی.

٩- ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور «سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی». بەشی یەکەم. هاشم کاکەیی. گۆڤاری کاروان ژمارە ٦١ ساڵی ١٩٨٧.

١٠- برهان الحق. تالیف نور علی الهی. چا ششم ١٣٦١.

١١- کاکەیی. محمد ئەمین هەورامانی. چاپخانەی (الحوادث) بەغدا- ١٩٨٤.

١٢- ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور «سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی». بەشی دووەم. هاشم کاکەیی. گۆڤاری کاروان ژمارە ٦٢ ساڵی ١٩٨٨.

١٣- گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق «دەستەی کورد» بەرگی شازدەهەم و حەڤدەهەم ١٩٨٧. چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق. بەغدا.

١٤- قرس زندگی منصور حلاج. تألیف: لوئی ماسینیون. ترجمەء: دکتر روان فرهادی. کتابخانه منوچهری تهران ١٣٥٨.

١٥- پێداچوونەوەیەکی فەلسەفیانە و سۆفیزمانە بە هەندێ لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر. بەشی دووەم. دکتۆر مارف خەزنەدار. رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١١٦٨ رۆژی ١٩٩٠/٤/٩.






١٦- التصوف في الشعر الكلاسيكي الكردي. كمال مصطفى معروف. مجلة الثقافة الجديدة العدد (١١) أيلول ١٩٩٠.

١٧- دیوان بابا طاهر عریان همدانی. به تصحیح و مقدمه مهدی الهی قمشه‌ای. با اضافاتی از نسخەء وحید دستگردی. نشر محمد. تاریخ منتشار فریدون ١٣٦٤ هجری قمری.

١٨- فرهنگ فارسی عمید. سه جلدی. تالیف حسن عمید. مؤسسة انتشارات امیر کبیر تهران ١٣٦٥.

١٩- المنجد في اللغة والاعلام. تاليف: لويس معلوف. دار المشرق، بيروت. الطبعة السادسة والعشرون.

# کتێبخانەی ماموٚستای کورد

* زەینەلعابدین زنار: خوەنچە، جلد ٢ (کلام- دیلۆک و چیرۆک)، وەشانخانا چاندا کوردی، ستوکهۆلم ١٩٩٠، ٢٨٦ ل.

* دەربارەی فاشیزم، زنجیرەی پاسۆک بناسە- ٦-، بەشی دووەم، دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد، چاپی دووەم ١٩٩٠، ٤٨ ل.

* یەکتاپەرستی، وانەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی ١، دامەزراوەی ئەلبەلاغ، بەشی کوردی، چاپی یەکەم ١٩٩٠، کۆماری ئیسلامی ئێران- تاران، ٨٨ ل.

* خالد خالد: السیاسه السوڤیتیه تجاه القضیه الكردیه في المیزان، ستکهولم ١٩٩٠، ٦٨ ص.

* ئۆرخانی غالب: شۆڕشی ئەیلوول و رۆژگاری دوای هەرەس، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن ١٩٩٠، ٥٨ ل.

* م.ر. هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، جاف پرێس، لەندەن ١٩٩٠، ٥٧٢ ل.

* ئامەد تیگریس و ئاسۆ گەرمیانی: دیرۆکا کورد و کوردستانێ (پرتووکا دەرسێ ژبۆ پێنگاڤا ناڤین و بلند)، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆلم ١٩٩٠، ٨٦ ل.

* رۆژمێری سەفین ١٩٩١، پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، راگەیاندنی لقی دوو.

* رێبوار سیوەیلی (انتخاب و ترجمە): درآمدی بر شعر معاصر کردی، دانمارک ١٩٩٠، ١٣٤ ل.

* سوهراب سیپەهری: دەنگی پێی ئاو، شیعر، رێبوار سیوەیلی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی دووەم، کۆپنهاگن ١٩٩٠، ٥٤ ل.

* ئەنوەر حەسەن: مەترسیی راسیزم و چەند سەرنجێک، ئازاد پرێس، پاکستان ١٩٩٠، ٨٠ ل.

* هۆشەنگ: کۆچ و رازێکی درەنگ (چەپکێک پەخشان)، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی گەل ١٩٩٠، ٥٢ ل.

* آمانج شاکەلی: زهرخند، (ترجمە: مصطفی ایلخانیزادە)، مرکز نشر فرهنگ وادبیات کردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی)، اورمیه ١٣٦٩، ٦٠ ص.

* Proceedings of third annual kurdish national congress conference, August 4-5 1990, Fullerton, California, 10 P.

* لقاءات على هامش المؤتمر الاسلامي الاول حول القضیه الكردیه، من منشورات الحزب الاسلامي الكردستاني (پاک) ١٩٩٠، ٣٢ ص.

* کاکەوەیس: ١٩٦٣ (کورتە چیرۆک)، ستۆکهۆلم ١٩٩٠، ٨٦ ل.

* گرنگی وشە لە ئیسلامدا- تێگەیشتنە ئیسلامییەکان ٦، دامەزراوەی ئەلبەلاغ، ١٤٠٨ی کۆچی، ٤٨ ل.

* بەهادین نووری: وێرانە، بەسەرهاتی کوردستانی عێراق لە ماوەی شەش مانگی ١٩٨٨دا، پەخشخانەی بەغداد، دانمارک ١٩٩٠، ٩٠ ل.



* ئاسی رەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، چاپی دووەم، سوێد ١٩٩٠، ١٢٨ ل.

* مراقب كردي: اجتیاح وضم الكویت، محاوله لتصدیر الازمات الداخلیه: الموقف الكردي؟ لابدیل عن الاستقلالیه والاعتماد على الشعب، كانون الاول ١٩٩٠، ٥٩ ص.

* ر. رەشنەحمەدی: بەرخۆڵە (چیرۆک بۆ منداڵان)، ئینتشاراتی گۆران (کوردستانی ئێران) ١٣٦٩، ٣٠ ل.

* دکتر مهیندخت مُعتمدی: نقشی از مولانا خالد نقشبندی وپیروان طریقت او، پاژنگ، تهران ١٣٦٨، ٤٦٣ ص.

* میخائیل خراپچنکو: جیهانبینی، ئەندیشە و هونەری نووسین. وەرگێڕانی: سەرۆ. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ٥٩، تشرین دووەمی ١٩٩٠، ٤٠ ل.

* چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوەی هەژار، چاپی پێنجەم، سروش، تاران ١٣٦٩، ١٠٦ ل.

* حاجی رەئووف سەلیمی: بانە، هێرۆشیمایەکی دیکە (بانە، هیروشیمای دیگر)، بە کوردی و فارسی، پەخشخانەی سەلاحوددینی ئەییووبی، ورمێ ١٣٦٩، ١٢٣ ل.

* سید عبدالحمید حیرت سجادی: پند پیشینان در کردی: همراه باشرح آنها بزبان کردی وترجمەء فارسی، جلد اول، مرکز نشر فرهنگ وادبیات کردی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، اورمیه ١٣٦٩، ٣٠٥ ل.

* فەتاح ئەمیری: هاوارە بەرە (چیرۆک)، پەخشخانەی سەلاحوددینی ئەییووبی، ورمێ ١٣٦٩، ١٩٤+ ٩ ل.

* سیامەند شێخ ئاغایی: زاوای زینەتە خاتوونێ (کورتە چیرۆکی تەنز)، سوێد ١٩٩١، ١٨٣ ل.

* شێرکۆ بێکەس: دیوانی شێرکۆ بێکەس (بەرگی یەکەم)، ١٩٩٠، ١٠٠٠ ل.

* شێرکۆ بێکەس: گولبژێرمک ژ هەلبەستێن شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕ ژ پیتێن کوردی: م. مایی، وەشانێن ئاپێک، ستۆکهۆلم ١٩٩١، ١١٠ ل.

* Sheri Laizer: Into Kurdistan: Frontiers Under Fire, Zed Books Ltd, London and NewJersey 1991, 150 p.

* گۆران قەرەداغی: راستییەکی سادە (هۆنراوە)، نیسانی ١٩٩١، ٢٣ ل.

* جۆرج ئۆروێل: کێڵگەی ئاژەڵ، وەرگێڕانی کاکە وەیس، پەخشخانەی سارا، ستۆکهۆلم ١٩٩١، ١٢٤ ل.

* Dofften av mitt lands moln, Miodern kurdisk lyrik, Kulturföreningen Sverige-Kurdistan, 1991, 100 s.

* مەهاباد کوردی: گەشتێک بۆ باکووری کوردستان. لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی بەرخۆدان -٢- زستانی ١٩٩١، ١٣٨ ل.

* * *

## گۆڤار و رۆژنامە

* بەرەی کوردستانی، ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی عێراق، ژمارە: ٢١ ساڵی ٣، تشرینی یەکەم ١٩٩٠.

* مەڵبەند: هەواڵنامەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردە لە لەندەن، ژمارە ١١، نۆڤەمبەری ١٩٩٠.

* حقوق الانسان: نشرة دورية تصدرها لجنه الدفاع عن حقوق الانسان في العراق، العدد: الحادي عشر، الثاني عشر. ت١، ك١ ١٩٩٠.

* سوورێن: ئۆرگانی لقی سلێمانی- حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق. ژمارە ٦٣، ساڵی ٨، تشرینی دووەم ١٩٩٠.

* نووسەری کوردستان، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ١٧، پاییزی ١٩٩٠/ ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١.

* هەڵوێست: گۆڤارێکی رووناکبیریی گشتیی سەربەخۆیە (سەرنووسەر: سەباحی غالیب)، ژمارە ٥، خولی دووەم، ناوەڕاستی ١٩٩٠.

* زاگرۆس: صحیفه عامه تصدر عن دار زاگروس الكرديه، العدد الخامس، ايلول ۱۹۹۰.

* بارزان: رۆژنامەیەکی گشتییە، ژمارە: ٥-٦، ٧، کانوونی دووەمی، ئاپریلی ۱۹۹۱.

* ئاڵا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە: ۱، ساڵی پێنجەم، سەرماوەزی ۱۹۹۰.

* بەرگەهـ: کۆڤارا سیاسی، چاندی، لێکۆلینی، ۱۹۹۱/۷.

* صدى كردستان: يصدرها الحزب الديمقراطي الكردستاني– العراق/ مكتب لبنان. العدد ٤، تشرين الثاني ۱۹۹۰.

* خەبات: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق، ژمارە ٦۰۷، ئابی ۱۹۹۰/ ژمارە ٦۰۹، تشرینی دووەمی ۱۹۹۰.

* جودي: مجلة شهرية تصدرها اللجنة الاعلامية في پارتيا ئیسلامیا کوردستانی. العدد:۱، تموز ۱۹۹۰.

* دەنگی باوەڕ: ئیسلامی مانگانەی گشتییە، ژمارە: ۳، ساڵی ۳، تشرینی یەکەم ۱۹۹۰.

* کۆمار: ژمارەی دووەم، سەرماوەزی ۱۹۹۰/ ژمارەی سێیەم، ڕێبەندانی ۱۹۹۱، ژمارەی چوارەم، خاکەلێوەی ۱۹۹۱، ژمارەی پێنجەم، بانەمەڕی ۱۹۹۱.

* یەکگرتن: گۆڤارێکی رۆشنبیریی تیۆرییە، ژمارە: ۱۲، ۱۹۹۰.

* ئاوێنە: (ئەدەبی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی)، ژمارە ٥، رەزبەر و خەزەڵوەری ۱۳٦۹.

* ئاڵا: ئۆرگانی ناوەندی ئاڵای شۆڕش– کۆنفرانس. ژمارە: ۱۹، ساڵی سێیەم، ت۲، ۱۹۹۰.

* بانگ: (یەکێتی نووسەرانی کوردستان)، ژمارە:٥، تشرینی یەکەمی ۱۹۹۰.

* کوردنامە: دەنگی کۆمیتەی کاک، ژمارە: ۱۸، مارتی ۱۹۹۱.

* البندقیه: صحیفه سیاسیه ثقافیه تصدر عن حرکه المسلمین الاكراد، الفيليين، العدد ٥۰، اوائل تشرين الثاني ۱۹۹۰.

* ئاوارە: گۆڤاری ئەدەبی و هونەریی کۆڕی ئاوارەیە (قەزوین)، ژمارە: ۱، زستانی ۱۹۹۱.

* کوردنامە (دەنگی کۆمیتەی کاک)، ژمارە: ۱۹، حوزەیرانی ۱۹۹۱.

* رابوون: گۆڤارێکی گشتیی کولتوورییە، ژمارە یەک، بەهاری ۱۹۹۱.

* Kurdish National Congress Newsletter, Volume 3, no. 1, November 1990.

* Kurdistan in the media, published by the Kurdish National Congress of North America, vol. 1, Dec. 1990/ vol. 3 Februari 1991.

* New Peshmerga, a magazine of Kurdish affairs and studies, published by: The Kurdistan popular Democratic party (KPDP), No. 22, Nov. 1990.

* Kurish Times: published semi- annually by the Kurdish program, Newyork, vol. 3, No. 2, Fall 1990.

* Kurdistan Times: A Quarterly political magazine, (Freedom & democracy for Kurdish nation), publisher: Mustafa Karadaghi, No. 1, Winter 1990.

* Survivel: a magazine for ecology, culture and human rights in Kurdistan (Bulgaria),vol. 1 Issue 1, march- may 1990.

* Hetaw (Sole): Rivista culturale Kurda della communita Kurda in Italia, Luglio 1990.

* Kurdernas Vänner i Sverige 3/90 (okt. 1991) 4/90, December 1990/ 1/91 Februari 1991, 2/91 (apr. 1991).



# ڕانانی کتێبان

بەهادین نووری: وێرانە، بەسەرهاتی کوردستانی عێراق لە ماوەی شەش مانگی ۱۹۸۸دا، دار بغداد، کۆپنهاگن، دانمارک، ۱۹۹۰، ۱۹۰ لاپەڕە.

نووسەری وێرانە، نەک هەر لە رووی ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە، بەڵکوو لە رووی فۆرم و شێوەی هونەریشەوە، دوودڵ و ڕاڕایە و ناتوانێ خۆی ساخ بکاتەوە. وێرانە شتێکە لە نێوان ڕۆمان و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەریدا و هیچیشیان نییە. نووسەر لە کتێبێکی ۱۹۰ لاپەڕەییدا باسی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی بەهاری ۱۹۸۸ دەکات و بە کۆمەڵێ وێنەی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ تابلۆیەکی پێکەوە ناوە، تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش و خەماوی، ئەگەرچی لێرە و لەوێ کەلەبەر و بۆشایی لە تابلۆکەدا بەرچاو دەکەوێ. ڕووداوەکان لە نێوان مانگی شوبات و دوارۆژەکانی مانگی نیساندا روو دەدەن، نێزیکەی دوو مانگ و نیو، نەک شەش مانگ، وەک لەسەر بەرگەکە نووسراوە، زۆربەی هێزە کوردستانییەکان ئامادەن و لە جموجووڵدان. بەڵام بایەخێکی تایبەت بە شیووعیەکان و پێڕەوانی شیووعییەت دراوە. ئەمەش دیارە لەگەڵ کێش و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەواندا ناگونجێ.

کە باس دێتە سەر لێقەومانی کورد و زۆرداریی ڕژێم و چارەسەر، لەپڕ عەرەب و عێراق و عێراقچێتی قوت دەکرێتەوە، جەماوەری عەرەبیش دەکرێتە شەریکە بەشی کورد و پاساوی هەموو شتێکیان دەدرێت و تەنیا هەندێ «بۆرژوازیی بیرۆکراتیی مشەخۆر» دەبنە بەرپرسیاری دڕندایەتی و تاوانەکان. هەرگیز ساخ نابێتەوە نیشتمان/وڵات کوردستانی گەورەیە، کوردستانی عێراقە یان عێراقە. تەنانەت جارێک نووسەر لێی تێک دەچێ و لە باسی «گەلی کوردی عێراق»دا باسی گەلێکی ۲۰–۲٥ ملیۆنی دەکات (لاپەڕە ۷٦). لە سەرتاسەری کتێبەکەدا ئەم ناکۆکی و دوودڵییەی نێوان کۆمۆنیست بوون یان کوردایەتی کردن بەردەوامە، بەڵام لە کۆتاییدائەگەر بە ڕەمز و نائاشکراش بێ،

نووسەر هەر بەلای شیووعییەت و عێراقچێتیدا دایدەشکێنێ. شیووعییەکی مەجید ناو دەکاتە نموونەی ئازایی و ڕەوشت و خۆڕاگرتن و ورەبەرزی (ئەم نەڕووخاوە!!)، پاشان دەینێرێتەوە بۆ ناوشار، ئەویش شاری بەغدا، دیارە بۆ سەر لەنوێ دەست پێکردنەوەی کاری سیاسی و خەباتی ژێر زەوینی و ڕێکخستنی عەرەب و کورد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق.

وێرانە بە کوردییەکی جوان و سادە نووسراوە و بە زمانێک کە لە سادەییدا تا ڕادەیەکی زۆر لە زمانی دێنشینانەوە نێزیکە، بێ ئەوەی ئەمە لە نرخی هونەریی کارەکەی کەم کردبێتەوە، بەڵام لە رووی ڕێزمان و دەربڕینەوە هەندێ جار کورتی هێناوە. هەر بۆ نموونە: بەڵام من لە گوێی قەبر دەلەرزم (ل/۱۰٤)، گرنگترشت (ل ۱۰٦)، بەم ئیشە هەڵدەستن (ل ۱۱٥)، میمچە (لە باتی نیمچە)، ...هتد (کە هیچ کەسێ لە قسەکردندا بەو جۆرە بەکاری ناهێنێ)، لە کوێ (ئەمە دەبێ تەئسیری زمانی رووسی بێ دەنا کورد وا نالێ). هەروەها بەکارهێنانی تیپ (ش، گ) یا بۆشایی بۆ ناوی شوێن عەیبێکی کارەکەیە (ل ۱۰٤، ۱۳۹، ۱٤۰). وێنەی زەقی سێکسی لێرە و لەوێ وەبەرچاو دەکەون. هەڵەی تایپ و نووسین ئەوەندە زۆرە کە بەتەواوی تێکستەکەی شێواندووە.

وێرانە، لەگەڵ هەموو ناتەواوییەکیدا، ئەو لایەنە چاکەی تێدایە کە دەیان وێنە و تابلۆی تراژیدیای هێرشی ڕژێمی بەعسی بۆ سەر گەلی کورد و کوردستان تۆمار کردووە. کاشکی شایەتێکیش دەبوو کارەساتی هەڵەبجە و بادینانی بۆ ئەم خەڵکە دەگێڕایە وەک ب. نووری لێرەدا باسی کارەساتی قەراخی تۆمار کردووە.

زاگرۆس

* * *

هێلکەی زیوین

Ina Vandewijer: Het Ziveren Ei
Vlaamse Filmpjes, Leuven 1990, 32 Z.

ئینا ڤان دوویەر: هێلکەی زیوین، لویڤن، بەلژیک ١٩٩٠، ٣٢ ل.
وێنەی بەرگ: تابلۆی هونەرمەند خەلیل کاکەیی

تیریژ، کیژۆڵەیەکی حەوت ساڵان، لە گوندێکی نزیک زاخۆ، لەگەڵ دایک و باب و برا و خوشکەکانی بە ئارامی و شادی دەژی. ڕۆژێکیان لە پڕ دەبێ گوندەکەیان چۆڵ بکەن، چونکە سوپای عێراق گوندەکەیان وێران دەکات. ئەمان ناچار بەرەو تورکیا هەڵدێن. لە ڕێگا فڕۆکەکانی سوپای عێراق هێلکەیەکی گەورەی زیوینیان بەسەردا بەردەداتەوە و دنیا دەبێتە دووکەڵ و تیریژ دەبووریتەوە. پاشان کە دێتەوە سەرخۆ دەڕوانێ کە دایک و باوک و خوشک و براکانی بە دووکەڵی هێلکە زیوینەکە کوژراون. ڕۆژنامەنووسێکی بیانی بە ناوی (جۆ) لە کۆچ و باری کوردان و هێرشی سوپای عێراق بە کامیرای ڤیدیۆ وێنە دەگرێ بەو هیوایەی «دەنگی ئەم گەلە سەرسەخت و بێکەسە کە هەرگیز چۆک بۆ دوژمنانی دانادا» بگەیەنێتە گوێی جیهان. بەڵام ئەویش بە هۆی دووکەڵەکەوە دەمرێ. تیریژ بە برینی لەشیەوە دەگاتە ئۆردوگای پەنابەران لە تورکیا و فیلمی کامیراکەی جۆ، کە پێشمەرگەیەک دەیداتێ، لەگەڵ خۆی دەبا بەو هیوایەی بیدا بە کەسێکی بیانی و ئەو کارەساتە بگاتە جیهان.

ئینا خاتوون (نووسەری ئەم کتێبە) تا ئێستا ڕێی نەکەوتۆتە کوردستان و لە نزیکەوە تێکەڵاوی ڕووداوەکان نەبووە و شارەزاییی لە کۆمەڵگای کوردی نییە، بۆیە لێرە و لەوێ کەوتۆتە هەندێ هەڵەی زەقەوە. بۆ نموونە کاتێک لەشکری عێراق دەست بە وێران کردنی گوندێک دەکات، (جۆ) و پێشمەرگەیەک لە گۆڕستانی گوندەکەدا خۆ حەشار دەدەن «چونکە سوپای عێراق ڕێزی گۆڕستان دەگرێ و نایەتە ناوی». لە کاتێکدا ئاشکرایە سوپای عێراق سەدان گۆڕستانی چەندین جار لەسەریەک ئەتک کردووە. سەرباری ئەوانە ئینا تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی کارەسات و ڕووداوەکان و تەنانەت ژیانی کوردەواری وەسف بکات و وێنەیەکی واقیعی سەبارەت بەو کارەساتە بخاتە بەردەست، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی کەم نییە.

ناوی کەسەکانی چیرۆکەکە کوردین و هەندێ جار وشەو ڕستەی کورتی کوردیشی بەکار هێناوە.

ئینا ڤاندوویەر، سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی لاوان و منداڵانی Top Magazinـەو تا ئێستا چەند چیرۆکی منداڵانی نووسیوە. ئێستا سەرقاڵی نووسینی چیرۆکێکە سەبارەت ژیان و خەباتی پێشمەرگەی کوردستان.

ئامانج شاکەلی
□



# وەرامی دۆستان

- کاک کاوە ئەمین- سوێد

برای شیرین، زۆر سوپاس بۆ هەستی خاوێنی کوردانەت. پێمان وایە لە زۆر لایەنەوە باشی بۆ چوویت و هەڵسەنگاندنەکانت ڕاست و زانستانەن. ڕێگەمان بدە لە یەک شتدا لەگەڵتدا نەبین و وەک تۆ بیرنەکەینەوە. ئێمە پێمان وایە ئەوەی نەیاران و ناحەزانی مامۆستای کورد و بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی دەیڵێن و دەینووسن شایانی ئەوە نییە وەڵام بدرێتەوە و خۆمانی پێوە خەریک بکەین. بیر و فەلسەفە و ڕووگە و ئیدیالی ئەوانە ڕووخاوە و بۆ خۆیان لە سەرەمەرگدان، ئەوجا دەبێ مافی لنگەفرتێیان بدەینێ و لێیان گەڕێین بەدەردی خۆیانەوە بتلێنەوە.

*بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:*

- ساز، گازندە (دوو پارچە شیعر)
- چارەسەری کێشەی کورد، پێش چارەسەری کێشەی فەلەستین و کوێت (وتاری سیاسی)
- ئەڤین (شیعر، لە ئێرانەوە)
- ئەوین (شیعر، لە کەنەداوە)
- هونەری ڕەسەن لە ناخی هونەرمەندانی ڕەسەندایە (وتار)
- ئاهەنگی هەرمانی دڵ، ئەو شەوانەی کە تۆ نووستووی (دوو شیعر)
- کارەسات (شیعر)
- ڕووخساری ونبوو (چیرۆکی وەرگێڕدراو)
- بووکی کۆست کەوتوو (شیعر)
- سەرۆک بارزانی (١٩٠١-١٩٧٩)، نیوسەدە تێکۆشان، دەربەدەری، نەمری (ڕاگەیاندنی سیاسی)
- تەنیایی (کورتەچیرۆک)
- یەکێتی (شیعر)
- داگیرکەران دەیانەوێ پەیمانی سیڤەرمان لێ بشارنەوە و جارێکی کەش کوردستانمان دابەش بکەنەوە (وتاری سیاسی)
- (.....)، پەخشانە شیعر
- مەسەلەی کورد و پێوەندییەکانی ئێران و عێراق (نووسراوی وەرگێڕدراو)
- کوردخۆران خەیاڵیان خاوە (شیعر)
- پێویستی دامەزراندنی یەکێتیی پەنابەرانی کورد لە دنیا (بانگەواز)
- نیشتمان (شیعر)
- قەڵای دمدم بانگی شیعری ئەمشەو دەکا (شیعر)
- ساتێ کە گیان دەگری، جەستە دێتە کوڵ (شیعر)
- ئەگەر درە ماسییەکان مرۆڤ بوونایە (کورتە چیرۆکێکی تەرجومەکراو)
- ئەفسانەی عەشقێکی ئەبەدی (شیعر)
- نەء (شیعر)
- چیت پێ بڵێم (شیعر)
- بیرمە، وەک ئێستا لەبیرمە، هەناسەمی (دوو پارچە شیعر کە پێشتر بڵاوکراونەوە)
- لەمەڕ ناڵەی جودایی (شیعر)
- یەکتر بینینەوە (پەخشانە شیعر)
- نووسراوێک و ئاوڕێک (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
- داوەتێک بۆ گەشت، بەخشندەییەکانی مانگ، خۆت سەرخۆش کە (سێ پەخشانی وەرگێڕدراو)
- پەنابەری سەر خاکی خۆم !!! (شیعر)
- دووری (شیعر)

*ببورن،بەرهەمەکانتان بڵاو ناکرێنەوە.*

# نیوەی کاری پزیشک ئەرکی سەرشانی خۆتە

د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین

لەبەر زۆر هۆی زانراو و نەزانراو، خەڵکی کورد بایەخێکی ئەوتۆیان نەداوە بە خۆ فێر کردن و تێ گەیشتن لە چۆنیەتیی هەڵسووڕانی کۆئەندامەکانی لەش و بایەخ دان بە چاودێری کردنی ئەو هەڵسووڕانە. تەنانەت خەڵکی خوێندەواریش ئەوەندەی کە دەیزانن دەربارەی تەندروستی خۆیان بریتییە لە ئەزموونی پێشوویان و ئەزموونی خەڵکی دەوروپشتیان و زانیارییەکەشیان پەرشوبڵاو و پێکەوە نەبەستراوە. لە زیانەکانی ئەو کەم زانینە ئەو گیروگرفتە مەزنانەیە کە لە نێوان پزیشک و نەخۆش پەیدا دەبن. ئەو گیروگرفتانە بوونەتە هۆی زیادکردن و قورس کردنی ئەرکی پزیشک لە لایەک و سەر لێ شێوایی نەخۆش و زیاد کردنی ئازار بە بێ پێویست لە لایەکی ترەوە. زۆر جاریش نەخۆش بۆتە قوربانی ئەو کەمزانینە.

لە وتاری ئەم ژمارەیەدا هەوڵ دەدەم دەرگایەک بکەمەوە بۆ خوێنەر بە مەبەستی:

١- شی کردنەوەی هەندێ دیاردە و نیشانەکانی نەخۆشی.

٢- تا لەشساغ بتوانێ چاوەدێریی هەڵسووڕانی ئەندامەکانی لەش بکات و ساغی و ناساغیی لەش لێک جیا بکاتەوە بۆ مەبەستی بایەخ دان بە شلەژان و ناڕێکی لە کاتی پەیدا بوونیان لە لەشدا و بنەبڕ کردنی نەخۆشی لە سەرەتاوە.

٣- تا هانی خوێنەر بدەم کە بکەوێتە لێکۆڵینەوەو خۆ فێر کردنی کاری تەندروستی، تاکوو خۆیان رابهێنن لە هەڵسوکەوت و نەریتی تەندروستیانە.

٤- هەروەها باسی چۆنیەتیی ئاسان کردنی کاری پزیشک لە لایەن نەخۆشەوە بۆ چاکتر پاراستنی بەرژەوەندی نەخۆش، بەوەی کە نەخۆش بزانێ چۆن پزیشک کار دەکات و بە چ جۆرێک دەگاتە دەستنیشان کردنی هۆی نەخۆشی.

بۆ دەستنیشان کردنی (تشخیص- DIAGNOSIS ) نەخۆشی و دۆزینەوەی هۆیە سەرەکیەکەی، پزیشک پێویستی بە زانیاری هەیە. هەندیکی دەبێ لە زمانی نەخۆشەوە ببیسترێ و هەندیکی پزیشکەکە خۆی بیدۆزێتەوە.

زۆر جار پێمان گوتراوە «ئەگەر راست دەکەی دۆکتۆری چاکی، وەرە بزانە چیمە و بە بێ پرسیار نەخۆشیەکەم بدۆزەوە». ئەوە واتەیەکی زۆر هەڵەیە. راستە دۆزینەوەی هۆی نەخۆشی وەک مەتەڵ شی دەکرێتەوە بەڵام پزیشک جادووگەر و فەتاح فاڵ نییە بەڵکە هەڵگری زانستێکە کە بە پێی زانیارییەکەی سەر لەو مەتەڵە دەر دەکا. ئەوەی لە زمانی نەخۆشەوە دەستی دەکەوێ (لە یارمەتی بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی) رەنگە زۆر گرنگتر و رێ خۆشکەرتر بێ لە گەلێک لە پشکنینەکانی خۆی. زۆر نەخۆشی هەیە کە تەنها لە رێی وەسفێکی وردی هەستی نەخۆشەوە پزیشکەکە دەگاتە ئەنجام. ئەگەر سەیری لەشی خەڵک بکەین، رەنگە لە زۆر لایەنەوە لە یەکتر بچین بەڵام، لە زۆر رووی دیکەشەوە لێک جیاوازین. بە هەمان شێوە هەناوی خەڵک لە زۆر لاوە وەک یەکن بەڵام لە زۆری‌تر جیاوازن. تەنانەت لە رووی جینات و دروست بوونەوە GENETICS جیاوازیی بنەڕەتی لە نێو خەڵکدا هەیە. بۆ نموونە کورت و درێژی، قەڵەوی و لاوازی، بە هێزی و بێهێزی...هتد.

هەتا لە رووی هەڵسوکەوتمان یان خواردن و خواردنەوەمان لێک جیاوازین. لە رووی سروشت و زەوقەوە لە یەک جیاوازین (بگرە لە بۆچوونی سیاسیشدا لە یەکتر جیاوازین!)، دە ئەگەر خەڵک وا لە یەکتر جیاواز بن - کە واتە بەرهەڵستییان بۆ نەخۆشی لە یەکتر جیاوازە- شلەژان و ناڕێکییان لە کاتی تووش بوونی هەمان نەخۆشی لە یەکتر جیاوازە - خێرایی تووش بوون و خێرایی چاک بوونەوەیان لە یەکتر جیاوازە - هەتا شێوەی دەرکەوتنی نەخۆشییەکەو قورسی و سووکیی دۆزینەوەی هۆیەکەشیان لە یەکتر جیاوازە. بۆیەش ناتوانین وای دابنێین کە ئەگەر یەکێکمان تووشی جۆرە نەخۆشییەک بوو لە تەمەنێکی دیاری کراو، لە شوێنێکی دیاری کراو و لە رووداوێکی دیاری کراودا، کە واتە دەبێ ئەوی تریشمان تووشی هەمان نەخۆشی و دیاردە ببێ.

بە هەمان شێوەش لایەنێکی تری جیاوازی نەخۆشییەکان گرنگە لەو باسە، ئەویش ئەوەیە کە بۆ هەر تاکە دیاردەو ناڕێکییەکی لەش دەیان و بگرە سەدان هۆ هەن. بۆ نموونە دیاردەی (تا)، واتە گەرم داهاتنی لەش، چەندان هۆی هەیە، هەر لە گەرووکەوتنەوە بگرە هەتا مالاریا و شێرپەنجە و وەرەم و هەندێ دەرمان و ...هتد. بۆیەش ئەگەر دوو کەس بە یەکەوە دانیشتن و هەردووکیان تایان هەبوو مانای ئەوە نییە هەردووکیان بە یەک دەرمان چاک دەبن یان هەردووک یەک نەخۆشییان هەیە. تەنانەت هەتا ئەگەر هەردووکیان یەک نەخۆشییان هەبوو ئەوا مەرج نییە کە هەردووکیان بە هەمان دەرمان چاک ببنەوە. بۆ نموونە درێژیی ماوەی نەخۆشی و شێوەی تووش بوون و وەزعی لەشیان رەنگە وا جیاواز بێ کە پێویستییان بە چارەی جیا بێ. نموونەیەکی تر (سەر ئێشە)یە. هەموو سەر ئێشەیەک بە پاراسیتۆل چاک نابێتەوە، و هەموو سەر ئێشەیەکیش هۆی زیاد بوونی گوشاری خوێن نییە، رەنگە هۆیەکەی ددانێکی کلۆر بێ یان لاوازیی بینینی چاو بێ یا هۆی سایکۆلۆجی بێ...هتد.

کەواتە لە ناو گێژاوی ئەو هەموو لە یەک چوون و جیاوازیانەدا پزیشک چۆن سەر دەر دەکات و نەخۆشی دەستنیشان دەکات؟

وەڵامی ئەو پرسیارە مانا و هۆی بوونی پزیشک و زانستی پزیشکی دەردەخات. زانستەکە وا لە پزیشک دەکات کە لەو جیاوازی و لە یەک چوونانە سەر دەر بکات. بە پەیڕەوی کردنی چەند یاسایەکی گشتی و تایبەتی و بە گوێرەی گرتنە بەری پلەو شەقاوی زانستانە رووناکایی دەخاتە سەر رێگاکە و بەڵگەکانی زمانی نەخۆش و بەڵگە بینراوەکانی کاتی پشکنینی نەخۆش بە کار دەهێنێ و هەڵدەستێ بە کاری پشکنینی ئازمایشگەیی(مختبری LABORATORY) و لە سەر بناغەی ئەو بەڵگە لێک بەستراوانە-پزیشک دەگاتە قەناعەت و بڕیار دەدات لە سەر دوا دەست نیشانی (التشخیص النهائی- FINAL DIAGNOSIS) نەخۆشی و هۆیەکەی. بەو پێیەش چارەسەری دەکات. ئیتر بەو جۆرە هاوکاریی نێوان نەخۆش و پزیشک گرنگترین کاری پزیشکییە و هەتا ئەو هاوکارییە مەزنتر بێ ئەنجامی پشکنینەکە پڕ بەرهەمتر دەبێ بۆ خاتری رزگار کردنی نەخۆش. ئاشکراشە کە نەخۆشەکە نیوەی زیاتری بەرپرسیاریەکەی لە ئەستۆدایە، و هەتا ئاستی زانیاریی تەندروستیەکەی زیاتر بێ ئەوا بۆخۆی بەکەڵکترە. جا با بزانین نەخۆش چی لێ داوا دەکرێ کە دەچێتە لای پزیشک.

١- وەسفی ناڕێکییەکەی: بە وردی و بە درێژی. بۆ نموونە لە کاتی ئازار دەبێ وەسفی بکات کە: ئێشەکە ل کوێدایە، لە کام لایە، لە چ کاتێکدا زۆرە یان کەمە، بە چ

هەندێ دیاردەو نارێکی(اعراض- SYMPTOMS)هەن کە لە ئەنجامی نەخۆشیی دڵەوە پەیدا دەبن و ئەگەر چەن دانەیەکیان بە یەکەوە پەیدا بوون ئەوا رەنگە دەلالەت لە نەخۆشیی دڵ بکەن، بەڵام ئەگەر بە تەنها وتاک تاک پەیدا بوون ئەوە مەرج نییە هۆیەکەیان یا سەرچاوەکەیان لە دڵەوە بێ. بۆ نموونە ئێشی لای چەپی سینگ ئەگەر تەنگە نەفەسی و ئارەقە کردنی لەگەڵ بوو زیاتر بە نەخۆشیی دڵ دەچێ بەڵام ئێشی سینگ بە تەنها رەنگە هۆیەکەی رەق بوونی ماسوولکە بێ یا لە سیپەلاکەوە بێ.

هەندێ نیشانەو دیاردەکانی سەر بە نەخۆشیی دڵ ئەوانەن:

١- سینگ ئێشە: بە تایبەتی لە لای چەپ- لەگەڵ جووڵەو ماندوو بوون زیاد دەبێ و بە پاڵ دانەوە و ئیستراحەت کەم دەبێ. هەندێ جار دەستی چەپ و قۆڵنج و ملیش لەگەڵی دێشن. ئێشەکە زیاتری وەک چەقۆیە بەڵام بە گوێرەی هۆی نەخۆشییەکەش دەگۆڕی و تەنانەت شوێن و توندی و جۆرەکەش جیاوازە.

٢- دڵەکوتێ: دڵە کوتێ بە تایبەتی بەو جۆرەی کە بە بێ هۆی ئاشکرا روو دەدات و هێمن نابێتەوە. واتە نەک ئەو جۆرەی کە لە راکردن و غاردان پەیدا دەبێ و دوای وەستان هێمن دەبێتەوە. دڵەکوتێ زۆربەی جار لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی لێدانی دڵ بەیەکەوەن.

٣- تەنگە نەفەسی و کورتە نەفەسی: بە تایبەتی ئەوانەی کە بێ ماندوو بوون پەیدا دەبن و زیاتر کاتین. هەندێکیان زیاتر بە شەو زیاد دەبن و بە پاڵ دانەوەو راکشان خراپتر دەبن و بە دانیشتن چاکتر دەبن. وەک نەخۆشیی پەک کەوتنی دڵ.

٤- هیتر: بۆ نموونە بوورانەوە، بێ هێز بوون، ئاوسانی قاچ و خوارەوەی لەش،...هتد. ئەوانە رەنگە بە دیاردەی گشتی بچن بەڵام جار هەیە کە تەنها هۆیەکەی نەخۆشیی دڵە.

نەخۆشییەکانی سیپەلاک (سییەکان).

سییەکان بریتین لە شانەی ئیسفەنجی کە پڕن لە شانۆچکەی هەوا ALVEOLA . شانۆچکە بە هۆی بۆڕیچکە و بۆڕییەکانی هەناسە BRONCHI AND BRONCHEOL پەیوەندن بە هەوای دەرەوە. قەبارەی سییەکان زۆر گەورەترە لە بۆشایی سینگی مرۆڤ، بەڵام وەک ئیسفەنجی هەوا پڕ دەبێ و پووچ دەبێ(کرژ دەبێ - فس دەبێتەوە- COLLAPSE). لە نێوان سییەکان و دیواری سینگ بۆشاییەکی داخراو هەیە بە ناوی پلورا PLEURA. خوێنیش لە دڵەوە یەکسەر دەچێتە ناو سییەکان و بڵاو دەبێتەوە بە ناو بۆڕیچکە و دەزوولەکانی خوێن. ئیتر شوێنی بەر هەوا کەوتنی خوێن لەو خانۆچکە و شانۆچکە هەواییانەی ناو سییەکاندایە، لەوێدا ئاڵ و گۆڕی ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەکرێ.

ئەو کۆ ئەندامە گرنگەی لەش تووشی جۆرەها نەخۆشی دێ لە بەشە جیا جیاکاندا، بەڵام سەرئەنجامی کۆتاییان دەبێتە شڵەژانی هەناسەدان و ئاڵ و گۆڕی ئۆکسجین و نارەحەتیی لەش بە گشتی. هەر بەشێک لە بەشەکانی سینگ تووشی نەخۆشیی هەمەجۆر دەبێ. نموونەی نەخۆشییە بڵاوەکانی ئەوانەن:

ئا- ڤایرۆس و میکرۆبی جیا جیا (ترسناک و ناترسناک)دەبنە هۆی زام گرتنی بۆڕییەکانی هەوا، خانۆچکەکانی هەوا یان پلۆرا.

ڤایرۆس و میکرۆبی ئەو بەشانەی سیپەلاک دەشڵەژێنن و نیشانەی جۆراو جۆر پەیدا دەکەن، بۆ نموونە تا، ئازار، کۆخە...هتد.

ب- نەخۆشییەکانی تەسک بوونەوەی ڕێی هاتوچۆی هەوا. نموونەی گرنگ لەو بەشەدا تەنگە نەفەسییە(ربو- ASTHMA).

پ- نەخۆشیی هەڵمژینی دەرەتەن: زیاتر ئەوانە نەخۆشیی کار و پیشەیین بۆ نموونە هەڵمژینی تۆزی چەمەنتۆ و ئەزبەست و سیلیکۆن و کاربۆن و گاز و تۆزی مینیراڵی جیا جیا...هتد.

ت- شێرپەنجەی سییەکان: وەک شێرپەنجەی بۆڕییەکان یا شانۆچکەکان کە ئەوانەش زۆربەیان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جگەرە کێشان.

ج- نەخۆشیی تری هەمە جۆر، وەک:کرژ بوونی سییەکان، ئەلەرگی، داخرانی بۆڕییەکانی خوێن، نەخۆشییەکانی دیواری سینگ و هیتر.

نیشانەی نەخۆشیی سییەکان زۆرن هەندێکیان وەک هی دڵ وان، بەڵام هەندێک هەیە کە زیاتر لاسەنگن بەلای سییەکانەوە. ئەوانەش:



١- کۆخە(کۆکە) کۆخەی وشک، واتە بێ بەڵغەم، یان کۆخەی بە بەڵغەم. هەر یەکەیان چەندین هۆی هەیەو ئەنجامی چەندین نەخۆشییە.

٢- بەڵغەم. لەگەڵ کۆخە یا بە بێ کۆخەی بەردەوام.

بەڵغەم زۆر شێوە و رەنگی هەیە. هی تەنگە نەفەسی رەنگەکەی سپیی کەفاوییە بەڵام هی میکرۆبی بە تین رەنگی زەردە یان سەوزە. هی جگەرەکێش رەنگی بۆرو رەشیشی لەگەڵە.

٣- خوێن کۆکین(خوون کۆخین). ئەوەش لە جیاتی بەڵغەم زۆر جار خوێنی پاک یان خوێنی تێکەڵ بە کەف یان تێکەڵ بە بەڵغەم دێتە دەر.

٤- کورتە نەفەسی و تەنگە نەفەسی: ئەوەش ئەنجامی زۆربەی ئەو نەخۆشییانەیە کە دەبنە هۆی تەسک کردنەوەی بۆڕییەکانی هەناسە، یان بچووک کردنەوەی بۆشاییی ناو سینگ(بۆ نموونە کە پلورا پڕ ئاو دەبێ). یان شانەکانی هەوا لە کار دەکەون. ئەو نەخۆشیانەش زۆرن. تەنگیی هەناسە زۆر جار یان کۆکەی لەگەڵدایە، یان بەڵغەم یان ویزە(سیخە)ی هەناسە یان ئازاری لەگەڵدایە.

٥- ئازاری سینگ: لە هەر لایەکی سینگ رەنگە دەر بکەوێ. زۆر هۆیشی هەیە، وەک زامی میکرۆبی، کرژ بوونی سییەکان، داخرانی بۆڕیی خوێن...هتد.

٦- زۆر نیشانەی تریش وەک: شین و مۆر بوونی روو، تا، نینۆک کووڕی CLUBBING، گۆڕان لە قەفەسی سینگ ...هتد. ئەوانە تایبەت نین بە نەخۆشیی سینگ بەڵام لەگەڵی روو دەدەن.

کۆ ئەندامی هەرس.

ئەو کۆ ئەندامە بریتیە لە زنجیرە ئەندامێکی لێک بەستراوی یەک لە دوای یەک، کە لە دەمەوە دەست پێ دەکات هەتا کۆم. هەر یەکەشیان ئەرکێکی تایبەتی پێ سپێردراوە. بۆیەش دروست بوون و کار گێڕانیان جیاوازە بەڵام بە یەکترەوە بەستراون. بۆیەش نەخۆشیی هەر یەکەیان تایبەت و نیشانەی تایبەتی هەیە. ئەگەرچی کاریش دەکەنە سەر یەکتر. کۆئەندامی هەرس فەرمانی خواردن و هەرس کردنی پێسپێردراوە، بۆیەش نارێکی و شڵەژانی بە زۆری بەستراوە بە خۆراکەوە- کاری نان خواردن یان جۆری خواردنەکە. هەر لەو کاتەی خواردن لە گەروو ئاوا دەبێ ئیتر کۆ ئەندامی هەرس دەکەوێتە کاری رێک و پێکیی بەرنامەی، دەکەوێتە جم و جۆڵ و ئەنزیم رژاندن هەتا دوا پاشماوەکە لە کۆم دەردەچێ بۆیەش کار و پیشەی، ئەندامە جیا جیاکانی ئەو کۆ ئەندامەو رێک و پێکی هەڵسووڕانیان راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە جۆری خواردنەکەی دەیخۆی، هەروەها سستی و چالاکیی کۆ ئەندامەکەو، تەنانەت قەوارەو تێک هاتوویی دوا پاشماوەکەش دەگۆڕێ بەو گوێرەیە. نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس زۆرن. بە گوێرەی ئەندامەکەش سروشتەکەی دەگۆڕێ. بۆیەش نیشانەکان و نارێکییەکانیش بەو گوێرەیە دەگۆڕێن. بۆ نموونە شێرپەنجەی سورینچک دەبێتە هۆی کەمخۆری یان گیروگرفتی قووت دان. بەڵام شێرپەنجەی کۆلۆن (ریخۆڵەی ئەستوور) دەبێتە هۆی گیرو گرفتی دەرکردنی پاشماوە. هەرچی شێرپەنجەی گەدەیە رەنگە خۆی دەرنەخات هەتا درەنگ و تەنها هەندێ سەغڵەتی خۆراک و هەرس پەیدا دەکات هەتا کار لە کار دەترازێنی و زۆر درەنگ دەردەکەوێ. بەڵام ئەو نموونانەش شەرت نیە هەموو جار راست دەر بچن و هەر یەکەیان بە دەیان شێوە بە دەردەکەوێ و دەدۆزرێتەوە. ئیتر بە کورتی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس دەتوانرێت بەم جۆرە دابەش بکرێن:

ئا- نەخۆشییەکانی نارێکیی هەرس و نارێکیی دەرکردنی ئەنزیم و هەڵمژینی خۆراک.

ب- نەخۆشیی داڕووشانی گەدەو سورینچک (قرحە- ULCER). ئەویان باوترینیانە.

پ- نەخۆشیی داخرانی لوولەی ریخۆڵە -OBSTRUC TION.

ت- نەخۆشیی میکرۆبی(وەک زەحیری و سک چوون)و نەخۆشییەکانی زامی گەدە و ریخۆڵە. ئەوەش نەخۆشیی ڤایرۆس و باکتریا و مشەخۆرەکان دەگرێتەوە. هەروەها هەندی جۆرە زام کە هۆیەکەی دیار نییە.

ج- شێرپەنجەی سورینچک، گەدە، ریخۆڵەو کۆلۆن.

چ- نەخۆشیی گلاندەکانی هەرس، وەک پەنکریاس و زراو و جگەر.

ح- هیتر. ئەوەش نەخۆشیی زگماک و ئەلەرگی بۆ خواردن و نەخۆشیی بۆڕییەکانی خوێنی کۆئەندامی هەرس و نەخۆشییەکانی لیمف.

لە نیشانە گشتی و تایبەتیەکانی کۆئەندامی هەرس ئەوانەن:

تەنیشتەکانی خوارەوە. ئازارەکەش پەیوەندیی راستەوخۆی نییە بە میزکردنەوە.

٢- دەرکردنی شلەی داوێن. بە تایبەتی لە ماوەی نێوان حەیزەکان کە لە کاتی ئاساییدا ئافرەت شلەی وا دەرنادات. گرنگە کە ئەو جۆرە شلەیە بناسرێتەوە. ئەوەش بە هۆی رەنگی نائاسایی و بۆنی نائاسایی.

خۆ ئەگەر خوێنی لەگەڵ بوو- رەنگی سوور دەبێ و دەبێ جیا بکرێتەوە لە حەیز. بینینی خوێن لە ماوەی نێوان دوو حەیز نابێ بخرێتە پشت گوێ و دەبێ پزیشک بیپشکنێ چونکە هەندێ لە هۆیەکانی ئەو خوێنە نەخۆشیی ترسناکن و هەندێکیش ترسناک نین و دەبێ لێک جیا بکرێنەوە.

٣- سۆرداگەڕان و خوریشتی ناوەوەی لەش لەگەڵ سووتانەوە.

٤- نارێکیی حەیز.

٥- نەزۆکی.

٦- هی‌تر: بۆ نموونە: گرێ و یان رەقایی لە ناو زگ، ئازار لە کاتی جووت بوون. زۆربەی جار چەند لەو نیشانانە بە یەکجار روو دەدەن لە یەک نەخۆشیدا.

گرێی مەمک: مەمک گلاندی شیرە و شانەیەکی ئیسفەنجیی زۆر ناسکە. زۆر هۆی بچووک و مەزن هەن کە دەبنە هۆی شلەژانی. بۆ نموونە:زام کردن، لێدان، شێرپەنجە، نارێکیی شیر دەرکردن ...هتد.

زۆریان دەبنە هۆی ئازار بە تایبەتی لە کاتی دەست لێدان. بەڵام شایانی باسە کە زۆربەی هەرە زۆریان دەبنە هۆی دروست بوونی گرێ. هەموو ئافرەتێک دەبێ دەم نا دەم دەست لە مەمکی بدات و خۆی بپشکنێ بۆ دۆزینەوەی. بێگومان هەموو گرێیەکی مەمک مانای شێرپەنجە نییە. بەڵام زۆر گرنگە کە هیچ جۆرە گرێیەکی مەمک نەخرێتە پشت گوێ و بە خێرایی بپشکنرێ. چونکە هەتا شێرپەنجەکانیش ئەگەر زوو دەستنیشان کران ئەوا رەنگە چارەسەرو بنبڕ بکرێن.

## کۆئەندامی ناوە گلاندەکان ENDOCRINE SYSTEM

ئەو کۆئەندامە بریتییە لە چەندین گلاند (غدە)ی پەرش و بڵاو بە ناو لەشدا. ئەو گلاندانە لێک نەبستراوەن و پێوەندیشیان بە یەکترەوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆیە لە رێگەی هۆرمۆنەوە. هەندێکیان هەر پەیوەندیشیان بە یەکەوە نییە. بەڵام بۆیە لە ژێر یەک ناون چونکە گشتیان بریتین لە شانەی بچووک و پڕن لە خانەی وا کە پیشەیان دروستکردنی هۆرمۆنی تایبەتییە. هۆرمۆنەکەش- کە بریتییە لە مۆلیکیولی تایبەتی- دەرژێتە ناو خوێن و لەگەڵ خوێن دەگوێزرێتەوە بۆ دوور تا دەگەنە ئەو ئەندامەی کە لە ژێر حوکمی هۆرمۆنەو بە هۆیەوە کاری ئاسایی دەکات. نموونەی ناو گلاندەکان ئەمانەن:

ئا- گلاندی تایرۆید (الغدة الدرقية THYROID GLAND) هۆرمۆنی تایرۆکسین دەر دەکات کە پەیوەندی بە کار هەڵسووڕانی هەموو لەشەوە هەیە.

ب- گلاندی سەر گورچیلە (گلاندی ئەدرینال- ADRENAL GLAND). ئەوەشیان چەندین هۆرمۆن دەر دەکات کە پەیوەندی بە دەمارەکانی لەش و ئەندامی زاو و زێ و هەڵسووڕانی زۆربەی کاری لەشەوەیە.

پ- گلاندی پیتوتەری (PITUITARY GLAND) کە دەکەوێتە ناو کەللەی سەر و چەندین هۆرمۆنی گرنگ دەر دەکات کە گەشەی مرۆڤ و ئەندامانی زاو و زێ و گلاندەکانی تر و کاری تر سەرپەرشتی دەکات.

ت- ناوەگلاندەکانی پەنکریاس. کە هۆرمۆنی ئینسۆلین دروست دەکەن و ئاستی شەکری لەش رادەگرن و یارمەتیی خانەکانی لەش دەدەن بۆ وزە پەیدا کردن و بەکارهێنان.

ج- هی‌تر: بۆ نموونە خانە گلاندیەکانی گون، هێلکەدان، گلاندی پاراتایرۆید PARATHYROID، ...هتد.

نەخۆشیی گلاندەکان جۆراو جۆرن. بەڵام مەترسی لەو نەخۆشییانە ئەوەیە کە رەنگە ببنە هۆی لەکارکەوتنی گلاندەکە یان سست بوونی.

بۆیەش هۆرمۆنەکان بە رێکی دەرناکەن و بەوەش ئەندامەکانی کە لە ژێر کاریگەریی هۆرمۆنەکەدان تووشی نارێکی دەبن. خۆ هەندێ جار گلاندەکە پارسەنگی تێک دەچێ و هۆرمۆنی زیاد دەڕێژێ و دیسان کار لە ئەندامەکان تێک دەدات.

هەندێ نیشانەی تێک چوونی هۆرمۆن:

١- کەم بوونی هۆرمۆنی تایرۆید دەبێتە هۆی قەڵەوی و بێتاقەتی و دەنگ گڕی و وڕی و هەست بە سەرماو ...هی‌تر.

بەڵام زیادە رژانی ئەو هۆرمۆنە دەبێتە هۆی لاوازی و زیادەخۆری و ئارەقەی ناو پەل یان چاوزەقی و تووڕە و تەنگاوی و هەست بە گەرما ...هی‌تر.

٢- گلاندی پیتوتەری ئەگەر شلەژا ئەوا کار دەکاتە سەر درێژیی لەش و زلیی ئێسکەکانی لەش یان نەخۆشیی جیا جیای زاووزێ، گۆڕانی مووی لەش و هی‌تر.

٣- نەمانی هۆرمۆنی ئینسۆلین دەبێتە هۆی نەخۆشیی شەکرە.

٤- هی‌تر، بە گوێرەی ئەو هۆرمۆنەی کە پەکی دەکەوێ یان زیاد دەڕژێ. بە گشتی بڵاو بوونەوەی هەموو لەش و گەشەی ئەندامەکانی زاو و زێ قینچکەی دەم و چاو و لەش و زۆر لە هەڵسووڕانەکانی تر بە تێک چوونی کاری هۆرمۆنەکان دەشڵەژێن.

ئەوانەی لە بابەتی ئەم ژمارەیە باسم کردن زیاتر بۆ ئەوە بوون کە بە گشتی گیرو گرفتەکان بخەمە روو و هەندێ نموونەی کورت و درێژ بهێنمەوە بۆ زیادە روون کردنەوەی باسەکە. بۆیەش بە کورتی سەر بابەتەکانم شی کردنەوەو دەشزانم کە لە زۆر لاوە کەم و کووڕی هەیە و دەتوانرێت زیاتر لە سەر هەر یەکەیان بنووسرێت.

هەروەها سەر بابەتی وا هەیە یان کۆئەندامی وا هەیە کە هەر نەچوومە ناو باسیەوە. لە بەر زۆر هۆ. بۆ نموونەی کۆئەندامی دەمار و نەخۆشییەکانی سایکۆلۆجی و کۆئەندامی خوێن و لیمف و دەم و لووت و چاو و گوێ و پێست و ماسولکە و ئێسک و جمگە و هی‌تریش. بێگومان هەر یەک لەو ئەندام و کۆئەندامانە خۆی لە خۆیدا زانستێکی تەنهای قووڵ و فراوانە و چوونە ناوەوەیان گەشتی تایبەتی گەرەکە.

بە ئومێدی گەشتی تایبەت و فراوان لە ژمارەی تری مامۆستای کورددا ئەو باسەی ئەو جارەش کۆتایی پێ دەهێنم. بە گۆترەش نییە کە زانستی پزیشکی کراوە بە دەیان بەش و هەر پزیشکێکیش تایبەتمەندە لە یەک لەو بەشانە، هۆیەکەشی دووانە؛

یەکەم: قووڵیی زانست و قورسیەکەی و خێراییی گەشەی زانست تێدا.

دووەم: گرنگیی ژیان و تەندروستیی مرۆڤ و بایەخدان بە کاری رەوای پزیشکی.

هەر بۆیەش ئاشکرایە کە زانستەکە وەک زەریایەکی بێ بنەو لەو چەند لاپەڕەیە تێدەپەڕێ.. □

# دوێنێ و... ئەمڕۆ..

شیعری: ح

پێشکەشە بە: ڕاپەڕینی ١٩٩١/٣/٧ ی کوردستان

گیانە، دوێنێ
بەس بوو بڵێیت:
ئەم چەرخە چەرخی سەددامە
تا هەموو کەس، چ فامیدە و چ نەفامە،
حاڵی بن چ تێڕۆر کوشتوبڕێ حوکمڕانە
تا تێبگەن عیراق لەژێر پۆستاڵی قورسی خونکارا
حاڵی چۆنە و،
لەبەر زەبری ئاگرباران و سێدارە و قەمچی و دارا،
لە زیندانی بەناو کۆمەڵگای گەورەتر لە چەند شارا،
ژین چۆن بەسەر ئەبەن خەڵکی چەوساوەی ئەم کوردستانە.
ئەم هەزاران هەزار کەسە بێ کار و بێ ئاو و نانە..

* * *

بەڵام ئەمڕۆ، وا لە نوێڕا
پێنج ملیۆنی خشت مرۆی کورد
کە خوێنخواری سەرقافڵەی گشت خوێنخوارانی
نەک تەنها هەر ئەم سەردەمە،
هی گشت مێژووی کۆن و تازەی ئەم عالەمە پڕستەمە
بە خەیاڵی
پووچ و بلاوی گلاوی
بۆ بەدناوی
وای دانابوو
بە هاتنە دنیای ڕۆژی ئەو،
کە دنیای لە کورد کرد بە شەو،
نەک هەر چاوی هۆشی بە جارێ چووە خەو،
بەڵکوو هەروەک بارانی زەردی کیمیایی ئەوی بەسەردا بباری،
بۆ یەکجاری سارد بووەوە و چۆکی دادا و،
لە لووتکەی بەرزی خەباتی پڕ شانازیی کوردایەتی
هاتە خوارێ و،
لە دەفتەری تێکۆشانا
ناوی کوژاوەو هەمووی مرد..
بەڵی، ئەمڕۆ، وا لە نوێڕا
پێنج ملیۆنی خشت مرۆی کورد
بە لوولەی چەکی پێشمەرگەی ئازا و نەبەزی کوردستان،
بە هەڵمەتێکی مەردانەی پڕ دەستوبرد،
پێشانیان دا بە گشت جیهان :
ئەم دنیایە هێزێکی وای هەرگیز بەخۆوە نەدیوە
بتوانێ لە کورد بەربەست کا
ڕێی دواڕۆژی گەشی ژیان...

* * *

بۆیە ، ئەمڕۆ.. هەر ئەمڕۆ، یانزەی ئازارە..
تەنها ئەمڕۆ جەژنی بەوروزی بەهارە..
تەنها ئەمڕۆ یەکەمجارە
لە ئاسۆی بەرزی کوردەوە ڕۆژ دیارە..
هۆ خەڵکینە..هۆ کوردینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی ڕاستەقینەی گشت نێوەیە..
ئەمڕۆ ڕۆژی پێکەنینی ئەم هەموو دەم و لێوەیە..
ڕۆژی پیاوە..
ڕۆژی کوردی هەزاران ساڵ بەشخوراو و دیلکراوە..
کاوەی نەوروزی ئەمڕۆی کورد،
وەک کاوەکەی سالانی زوو،
وەک کاوەکەی ناو ئەفسانەی پەڕەی مێژوو،
تەنها یەک قارەمان نییە..
یەک تاقانە کرێکاری کەوڵی شۆڕش بەشان نییە..
بە چەکوشی قورسی دەستی
سەری زوحاک پان کاتەوە..
ئەمڕۆ لە هەر گۆشەیەکی وڵاتەوە..
ئەمڕۆ لە هەر بنکەیەکی خەباتەوە..
دەستی هەزار کاوەی سەردەم
سەری ئەژدەهاک ئەگلێنێ
لاشەی گلاوی لە خاک و خوێنی خۆیا ئەگەوزێنێ..
ڕەوڕەوەی مێژووی کوردستان
بەرەو دواڕۆژی ئاوەدان ئەبزوێنێ..
نەخشەی زەرد و سووری سبەینێی نیشتمان
بە خوێنی خۆی ئەنەخشێنێ..
ئەمڕۆ ڕۆژی هاتنەجۆشی
خوێنی پاکی کوردی بەناهەق ڕژاوە..
ڕۆژی تۆڵەی شوێن ونەکانی ئەنفالی
دەشتی کەرکووک و هەرێمی قادرکەرەم و سەنگاوە..
ڕۆژی هەزاران بەرزانیی کەس نەزانیو
لە لمی کام عەرەبسانا گۆڕکراوە..
ڕۆژی هەڵەبجەی مەزڵوومی بە کیمیایی لێ دراوە..
ئەمڕۆ ڕۆژی گۆپتەپەیە..
ئەمڕۆ ڕۆژی شـانەخسێیە..
ئەمڕۆ ڕۆژی بالیسانە..
ئەمڕۆ ڕۆژی سەدان شوێنی کوردستانە..
ئەمڕۆ ڕۆژی دەیان هەزار
بەناو بەرد و بەفرا هەڵاتووی تورکیای - بادینانە..
ئەمڕۆ ڕۆژی ژمارەیەکی بێشومار
ژن و منداڵی دیلی ناو خێوەتی دەورتەلبەندانە..
ڕۆژی تۆڵەی ئەو هەموو دایک و ساوایە
لە باوەشی ساردوسڕی یەکا مردن..
کە جەللادە خوێنخۆرەکەی بەعسی چەپەڵ
بە ناپاڵم سووتاندنی و،
بە کیمیایی خنکاندنی و،
بە بۆمبا و تۆپ لەشی پارچە پارچە کردن..
کە تاعووناوی پیا ڕشتن..
ڕۆژی ئەو چەندین هەزارە
بێچارەیە، بە سەعاتێ
دوژمنی لمۆزخوێناوی، بە ناپیاوی..
هەمووی کووشتن..

* * *

هۆ خەڵکینە..
هۆ ئەوانەی دڵتان هێشتا نەمردووە..
هۆ ئەوانەی دوێنێی تاڵ و سەختتان لەبیر نەکردووە..
ئەمڕۆ ڕۆژی داروەرەخت و باخاتی کوردستانە..
کە فاشیزم بە تەوری جەور هەمووی بڕین..
ڕۆژی هەزاران ئاوایی جاران ئاوای
پێدەشت و دۆڵ و شاخانە،
کە هۆلاکۆی سەردەم کردنی بە کەلاوەو بە وێرانە..
ڕۆژی ئەو گشت کتێبانەی تێکۆشانە
کە جەندرمەی فاشیزمی نوێ، پەڕەپەڕە، هەمووی دڕین..
ڕۆژی ئەو گشت کانیاوانەی پێ بنار و سەرچیایە
کەوا هێشتا دەمی گەرووپان تۆپەڵی خەستوخۆڵی
چیمەنتۆی گیراوەی دەستی تاوانباری
دوژمنانی کوردی تیایە...
ئەمڕۆ ڕۆژی ئەو لەوەڕگە و یالانەیە
دەمێ ساڵە پۆلی ژن و گەورەکچی شۆخوشەنگی
سیپاڵ زەردوسووری لادێ بە دی ناکەن..
ڕۆژی دووجار لە بەهارا،
لە وەرزی گوڵ و گوڵزارا،
بێنە سەریان بۆ ڕان دۆشین
ڕەشبەڵەکیان تیا ناگیرێ و،
بێبەش کراون لە بەشان لەیەک دانی کوڕ و کچ و،
لە بەئاستەم پەنجەگۆشین..
لە گشت نیشانەی خۆشیی ژین..

* * *

برادەران !
ئەمڕۆ ڕۆژی گەرمیانە..
ڕۆژی ئای ئای و خاوکەرو قەتارونەڵلاوەیسییە..
لەمڕۆ بەدوا ئیتر سیروان هەرگیز ناگری بە چاوان..
لەمڕۆ بەدوا جارێکی تر لێی نابڕێ
دەستەی شۆخانی زوڵفخاوان..
ئەمڕۆ ڕۆژی حەیرانی دەشتی دزەیی و،
هی لاوکی زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدییە ..
هی سیاچەمانە و شمشاڵی
قەراخ چەم و لووتکەی بەرزی هەورامانە
ڕۆژی هۆرە چڕینی لای داڵەهۆیە ..
ڕۆژی سەیرانی سەرهەوڵی و کانی و ئاو و
سەوزیی داوێنی شاهۆیە..
ئەمڕۆ ڕۆژی بەستەی خەمی خەڵکی ڕەشبگیرکراوی

بە دیل و یەخسیربراوی
کۆمەڵگا پڕدەردەکانی کوردستانە..
کە هەر کامیان بگری، بۆ خۆی
مۆری نەنگی ناوچاوی هەموو جیهانە..
* * *
برا، ئەمڕۆ ڕۆژی بەمۆی پڕشکۆیە..
ئەمڕۆ ڕۆژی زمناکۆیە..
ئەمڕۆ ڕۆژی هەندرێنە..
ئەمڕۆ ڕۆژی بارزانی لەمێژ خوێنینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی بەردەشانی و خانی و مەلای جزیرییە..
ئەمڕۆ ڕۆژی بابەتایەری عوریانە..
ڕۆژی مەلاپەرێشانە..
ئەمڕۆ ڕۆژی مەولەوییە..ڕۆژی پیری بێسارانە..
ڕۆژی خانای قوبادییە..
ڕۆژی فەقێ یێ تەیرانە..
ئەمڕۆ ڕۆژی شێخ ڕەزایــە..
ئەمڕۆ ڕۆژی ئەسیرییە..
بۆ هەرکەسێ کە بەڕاستی موسوڵمانە،
ئەمڕۆ ڕۆژی ڕاستی خوایە..
ئەمڕۆ ڕۆژی پێغەمبەرە..
ئەمڕۆ ڕۆژی گشت کەسێکی دادپەروەرە..
ئەمڕۆ ڕۆژی ڕیشە لە بن دەرکێشانی جەوری میللی و خوێنمژینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتنی بیری مارکس و لەنینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی هۆشیمین و گیڤارایە..
ئەمڕۆ لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستانا،
ڕۆژێکی تاق و تەنیایە..
ئەمڕۆ ڕۆژی هیوای پیرۆزی شێخ مەحموو و
قازی و مەلا مســتەفایە..
ئەمڕۆ ڕۆژی هەموو کوردێکی هەزار ساڵ دەس بەسراوە..
ئەمڕۆ ڕۆژی وڵاتێکی بەش کراوە..
ئەمڕۆ ڕۆژی میللەتێکی لە نیشتمان دابڕاوە..
یۆنس ڕەئووف! وا هەزاران (ئەی ڕەقیب)یان لەسەر لێوە،
کوردستان گشت ئەیڵێتەوە..
هەموو وەستاون بەپێوە..
حاجی قادر! هەڵسە، گۆڕی ئەستەمووڵت هەڵتەکێنە..
وەرەوە بۆ کۆشی وڵات..
بەری بیری خۆت ببینە..
کۆیەی ڕۆشنبیری و خەبات
گوڕەی وەرزی بەهاریەتی..

خۆزگە بە ئەمڕۆی پاریەتی..
گەشەی گوڵ و گوڵزاریەتی..
دەست لەناو دەستی یەک نانی مام جەلال و دڵزاریەتی..
ئەمڕۆ ڕۆژی دوکتۆر فوئاد و شێخ سەعیدی پیرانە..
ئەمڕۆ ڕۆژی ئاوات هاتنەدیی گۆرانە..
ڕۆژی بە باڵابڕاوی بەستەی (دەمی ڕاپەڕین) و،
(کوردستان)ی جێی هەزارساڵی کوردانە..
ئەمڕۆ وا ( داری ئازادی)ی فایەق بێکەس هاتۆتە بەر
وا کاروانی (بەرەو ڕووناکی)ی برایم گەیوەتە جێ
وا قانیعیش بە شارەزوور و پێنجوێن و مەریواناتا ئەگەڕێ
بەستەی ئازادیی کوردستان بۆ جووتیارانی هەژار ئەچڕێ..
لەناو دڵیا سۆزی کورد و کوردەواری وەک گڕ ئەگڕێ..
کامەرانیش، قەف لەدوای قەف، کەلەپچەی دەستی ئەپچڕێ..
با سالم و نالی و کوردی گۆڕی تاریان هەڵتەکێن..
با سەردەربێنن، بڕوانن..
ئەوانە مەشخەڵهەڵگری هیوای ناکامی بابانن..
لە کوێی هەژار؟ لە کوێی هێمن؟ کاکەی فەللاح؟
لە کوێی دیلان؟
بۆچی ئێوە چەند ڕۆژێکی تریش نەژیان؟
ئەمڕۆمان بەچاو ببینن..
ڕۆژێ لە سای ئازادییا چاوهەڵبێنن..
ئەنوەر مائی لە کوێ بێنم مێژووی ئەمڕۆم بۆ بنووسی؟
جگەرخوێن چۆن بژیێنمەوە، لە دووروڵات، هەواڵی شۆڕش ببیسێ؟
شێخ سەلامم چۆن دەسکەوێ
دیوانی شیعری لەچاپ داو هیچی لانەدا و نەترسێ؟
وا پیرەمێرد بەسەر لووتکەی ئاراراتی ئاواتەوە
لاوک بۆ ئازادی ئەڵێ و،
لەسای بەیداخی شەکاوەی خەباتەوە،
لەسەر گردی مامەیارە
چڕینی دەنگ ئەداتەوە..
ڕەفیق حیلمی-یش بەدەم هاتنەدیی هیواوە،
وا خەریکە سەرلەنوێ دێتە دنیاوە..
* * *
دەسا مەسعوود، هەڵسە سەرپێ
پەیکەرێ بۆ مســتۆ دانێ
تا هەموو دنیا بزانێ
ڕەنجی مەلا بەبا نەچوو
شان و قۆڵی پێشمەرگە و گەل
ئەو سەودایەی هێنایە دی



پەنجا ساڵ بوو لەسەریا بوو..
بە کار و بیر بۆی ئەکۆشی
ژاری ماری بۆ ئەنۆشی..
وڵاتی دۆست و دوژمنی بۆ پشکنی
کۆڵی نەدا، هەتا مردن ڕۆحی چنی..
خاکی غوربەت بوو بە گۆڕی تەنگ و تاری
بە ئاواتی ئازادی بۆ کوردەواری...
* * *
ئەمڕۆیە ڕۆژی یەکێتی،
ئەو یەکێتیی گەلە کەوا
لە سەرەتای مێژووی نوێوە
لەو ڕۆژەوە کە کورد هەوڵی ئەوەیەتی
هەستێ بڕوا
بەرەو ئاواتی سەربەستی-
هەتا ئەمڕۆ بە خۆیەوەی نەبینیوە..
ئەمڕۆ وا داری یەکێتی هاتۆتە بەر
بۆ ئەم گەلی کوردە بووە بە سەرچاوەی سایە و سەمەر.
لە سای یەکێتییەوەیە
وا کورد توانیی
بە دوو هەفتە
لە سۆران تا بادینانی
لە خانەقی هەتا زاخۆ
لە چیای مەتین تا بەمۆ..
لە خوار تا سەر،
بە کەڕەتێ پاک کاتەوە
لە چەپەڵیی هێزی دوژمنی داگیرکەر
گشت لایەکی یەک خاتەوە..
کەرکووک لەگەڵ بەشەکانی تری خاکی نیشتمانی
دهۆک و ئاکرە و ئامێدی
لەگەڵ ژەنگار و شێخانی
تونِد توند گرێ بداتەوە.
باوەگوڕگوڕ و نەوتخانە
بکاتەوە بە یەک کانی
خێروبێرو سامانی زۆرو هەمەجۆر
بۆ ڕووناکی و ئاوەدانیی کوردستانی..
تا سبەینێش پەنجەی براوی قزڕابات و مەندەلی
پێوەند بکاتەوە لەگەڵ دەسوپەلی
باڵای بەرزی ئەم وڵاتە
کە لە مێژە ئەم پێوەندو یەکێتییەی

ئامانجی ڕەنج و خەباتە..
دەسا، یەکێتی، کوردینە!
یەکەم دابینکەری ئەمڕۆی توانی ژینە.
بە لێشاوی خوێنی گەشی ژن و منداڵ و پیرو لاو،
بە دەس، بە دەم، بە بیر، بە کار
یەکێتییەکی لە چەشنێ بهێننە ناو
بەتینتر بێ لەمەی گەشی ئێستا چەند جار..
دواڕۆژ بەمەوە بەسراوە..
بەبێ ئەمە هەرچی بڵێین،
قسەی پووچ و خەیاڵی بۆش و بڵاوە..
* * *
کەرکووک.. کەرکووکی ئاگر و باوەگوڕگوڕ
کە دوێ خەڵکی ئەچوونە سەر بۆ داوای کوڕ..
کەرکووکی دیلی لێشاوی نەوتی بەخوڕ
کەرکووکی نەخشە بۆ کێشراو لە دانیشتووی کورد حەرام بێ
بۆ خاوەنی تەنها مایەی ئێش و زام بێ،
تا دڵی داگیرکەرانی،
نەوت بە قەڕابە خۆرانی،
شاد و بێترس و ئارام بێ..
کەرکووک.. ئەو شارە نەبەردەی،
لە حوزەیرانی خوێناویی شەستوسێوە
لە تەقەلادان بێ وچان
جوێی کەنەوە لە خاکی پاکی کوردستان..
بەتایبەتی لەو ڕۆژەوە بۆ دووەم جار
بەعسی فاشیست هاتووەتەوە سەر رووی کار
قافڵەی کوردو تورکمانی لە دەرو ناو دەرکراوی
سەرەمڕ هەر وا بەڕێوە..
کەرکووک.. ئەو شارەی هەر ساڵی چەند جار هێرشی بۆ دێنن
هەر هێرشێ هەزار ماڵی
تورکمان و کوردی تێدا ئەڕووخێنن.
لەبریتیی هەر ماڵێکی وەدەرنراو
چەند ماڵ عەرەبی بە زەبری پارە هێنراو و خەڵەتاو،
ئەسەپێنن..
کەرکووک..شاری شان و شکۆی گاوڕباخی..
شاری برایەتیی خەڵک و، لە دوژمنانی گەل یاخی..
کەرکووکەکەی ڕەحیماوا و ئەحمەداغا و تەپەو بەگلەر..
لە کوردستانا یەکەمین مەڵبەندی نوێی چینی کارگەر..
کەرکووکەکەی شێخ مارفی بەرزنجەیی وهاوڕێکانی..
کەرکووک.. ئەو شارەی کە دوایی نایێ لیستەی شەهیدانی..

کەرکووک.. ئەو شارە سەربەرزەی پێش ڕزگاری
بەعسی هەتا بینەقاقەی نوقمی خوێنی تاوانباری
لە ئاسمان و زەوییەوە هێرشی سەختی بۆ هێنا،
ڕۆڵەکانی گەرەک بە گەرەک ڕاو ئەنا..
کەرکووک.. مژدە بێ ڕۆژگاری دەسبەسەریت وا بەسەر چوو..
ڕۆژانی ئێشوئازارت بوون بە پەڕەیەک لە مێژوو..
ئەمڕۆ ئیتر ڕۆژی شادی و بنیاتنانی ژینی نوێیە..
ڕۆژی پشتگوێ خستنی گشت دەردوئازارێکی دوێیە..
ئەمڕۆ میللەت چاوەڕوانیی برایەتیی خەڵکی شارە..
چاوەڕوانیی هاودەستیی گشت کاسبکارو ڕۆشنبیرو کرێکارە..
بە برایەتی و هاودەستی پیلانی دوژمن گۆڕ ئەکرێ..
بە هاوکاریی گشت خێرخوازان سەربەستیمان ئەپارێزرێ..
* * *
تۆیش شارەکەی سولەیمانی!
شاری هەڵمەت و قوربانی!
تۆ دەستنیشانی بابانی..
شاری مەولانا و کاک ئەحمەد،
نالی و سالم،
کوردی و مەحوی و پیرەمێردی..
تۆ شاری بێکەسی قەڵەم نووکی کێردی..
تۆ شارەکەی عارف سائیب، شارەکەی مەلا حەمدوونی..
شاری سەدان ئەدیب و شاعیر و عالم،
شاری هەزاران خەباتگێڕی بێناو و بێنیشانی..
تۆ شاری مامەیارەی کورد، شارەکەی جەمال عیرفانی..
شارەکەی کۆشی ئەزمڕ و داوێنی پیرەمەگروونی..
تۆ شارەکەی شێخ مەحموود و شەڕەکەی بەردەرکی سەرای..
شاری دەیان ڕاپەڕینی میللەتی بێ پشت و پەنای..
تۆ بۆ ئەم کوردە سەختترین لووتکەی چیای..
ســولەیمانی:
هەمیشە هەر چقڵ بووە بۆ چاوی بەعسی دڕندە.
ســولەیمانی:
دایم لە گەرووی فاشیزما ئێسقانێ بووە قووت نەچووە..
هەرگیز دەستی لەگەڵ دەستی دوژمنانا هاوجووت نەبووە..
ســولەیمانی:
ئەو شارەیە، گڕی خەباتی هەمیشە تیا بڵندە..
شاری دڵگیر و ئازیزی سولەیمانی!
لە ڕۆشنبیری و خەباتا، تۆ ڕەمزی گشت کوردستانی..
تۆ لە مێژووی تازەی کوردا
یەکەمین شاری پێتەختی..

شاری هەموو ئەرک و هەموو کارێکی دژوارو سەختی..
هەر ئەرکێکت بخرێتە ئەستۆ شایانی..
تۆ هەڵگری هەموو بارێکی گرانی..
تۆ مەیدانی لێک هەڵپژانی شێخ مەحموو و لەشکری
داگیرکەرانی..
بنکەی پەیکەری خەباتی میللەتی کورد،
بنکەی بەردەقارەمانی..
ســولەیمانی!،
ئەبێ ئەمڕۆیش بۆ پاراستنی یەکێتیی ئەم میللەتە،
پێشەنگێکی بێهاوتا بی..
چونکە ئەمڕۆ،
هەر یەکێتی سیلاحی تێکۆشانمانە..
هەر یەکێتی لەئەستۆگری مانمان و،
دابینکەری بەسەربەستی ژیانمانە...
* * *
خەڵکی هەولێر!
ئەی ئەو کوردە ئازایانەی هۆلاکۆتان گێڕا دواوە..
ئەی ئەوانەی قەڵای دێرینی هەولێرتان بنیات ناوە..
ئەی ئەوانەی پیاوانە چوون
بەدەم هاوارو بێدادی دەربەدەری دێهاتەکانی کوردەوە..
ئەی ئەوانەی لەو ڕۆژە سەخت و ڕەشەدا
شەرەفی کوردتان سەندەوە..
ئەی ئەوانەی هەرگیز دەسی برایتان
لە ژن و منداڵی بێتاوانی بارزانییان نەگرتەوە..
نەکەن هەرگیز لەبیری کەن
جووتێ یادی گەش و پیرۆز..
یادی دوو پێشەنگی شۆڕشگێڕی دڵسۆز..
جووتێ مەشخەڵی وەک گڕ سوور داگیرسێن
جەمال حەیدەری و نافیعیان
بە هەزاران وەچەی دواڕۆژ پێ بناسێن..
* * *
ئەی ئەوانەی لەژێر سایەی نەبوونی ڕەحمی ئینسانی و
ترسی خوادا
بە هەزاران لەژێر ئازار و سزادا
گیانتان سپارد..
ئەی ئەوانەی چاوەکانیان هەڵکۆڵین و دەست و قاچیان بڕینەوە..
ئەی ئەوانەی جەللادەکان ناویان لە لیستەی بووانا سڕینەوە..
بە مردنی مەردانەتان پەیامێکتان بۆ میللەت نارد
هەتا دوێنێ لە گوێمانا زەنگی ئەدایەوە..



بنکەی خەبات و شۆڕشی لە دڵمانا ئەنایەوە..
ئەو پەیامە ئەمڕۆ وا بوو بە هێزی جەماوەری
سەرانسەری کوردستانی هێنایە جۆش، خوارووسەری
تا بە جارێ ڕژێمی بەعسی فاشیستی لە کوردستانا هەڵتەکاند
بیروهۆشی ئەم میللەتەی بە جۆرێکی وا پێگەیاند
لاپەڕەی کۆنی دادڕی
پەڵەی شەرمی بەرانبەر بە مێژووی لە ناوچاومان سڕی..
ئەمڕۆ ئێمە بەم نەورۆزی ئازادییە،
بەم شایلۆغانی شادییە،
قەرزاری خۆڕاگرتنی بەردەستی دوژمنی- ئێوەین..
ئەمڕۆ لەسایەی ئێوەیە وا بە پێوەین..
* * *
ئەی منداڵانی کوردستان!
مژدەتان لێ..
ئیتر ئێوە، وەک منداڵیی ئێمەمانان
کۆڵێتان نایەتە ڕێ..
لە کانیاوی کوردستانی ئاوی ئازادی نۆش ئەکەن..
بە وشەی پیرۆزی دۆستی و برایەتیتان گۆش ئەکەن..
بە دیموکراسی و بە ئاشتی دایک زمانتان ئەپژێنێ..
لە جیاتیی خوێنی باوکتان گوڵاوتان پیا ئەپرژێنێ..
لە بریتیی قوڵپی گریان هەمیشە ئەتریقێنەوە..
لە ناو دۆڵ و بەسەر چیای وڵاتەوە ئەشنێنەوە..
جۆلانەتان بە داربەڕووی شاخانەوە بۆ هەڵئەخەن..
لەگەڵ قاسپەقاسپی کەودا لە خەو هەڵدەستن سبەینان..
ئیتر زرمەی تۆپ و بۆمبا هەرگیز ناگاتە بەرگوێتان..
لە جیاتیی زیندانی سەماوەو عەرعەرو نوگرەسەلمان،
چەرخوفەلەکتان بۆ لووتکەی بەمۆ قەندیل بۆ سەرئەخەن..
دایک بە چیرۆکی دوێنێی ڕەش و باسی دواڕۆژی گەش،
دەرزی ژیانتان دائەدەن..
ترسی ئەوساو خەمی لەمەوپاشی ژینتان بە با ئەدەن..
بە زمانی پیرۆزی خۆتان ئەخوێنن..
سەر بۆ زۆردار، هیچ زۆرداریێ، نانەوێنن..
ڕۆڵە! ئیتر ئێوەن دواڕۆژی نیشتمان..
نەکەن هەرگیز لە یادی کەن خەباتی باوکوباپیرتان..
دڵسۆز بن بۆ ئەو هیوایەی بۆی تێکۆشان..
* * *
ئەی ئەوانەی هەزار ساڵە
نووستووی گۆڕی ئەنگوتارن..
ئەی ئەوانەی هەزار ساڵە دیلی دەستی ستەمکارن..

هەڵسن.. ڕابن.. ئەمڕۆ ڕۆژی ڕاپەڕینە..
بۆ ئەم گەلە ڕۆژی گەشی ئازادییە،
بۆ دوژمنیش ڕۆژی ڕەشی دۆزەخ بە دووچاو بینینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی ئاوات هاتنەدیی دێرینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی لاس و خەزاڵ،
خەج و سیامەند، مەم و زینە..
ئەمڕۆ ڕۆژی گشت شیرین و فەرهادێکە..
ئەمڕۆ ڕۆژی دادسەندنی هەموو بێبەش لە دادێکە..
ئەمڕۆ سەرەتای ژینی نوێی کوردستانە..
خەڵکینە، مژدە بێ لێتان.. ئەمڕۆ ڕۆژی هەموومانە..
* * *
ئازیزەکەم.. ئەی دایکی گۆشەی جگەرم..
شیرینەکەم.. هاوڕێی ژینی هەتا ئەمڕۆ دەسبەسەرم..
ئیتر من و تۆیش لە خاکی پاکی ئازادی کوردانا،
لە سایەی لوولەی تفەنگی پێشمەرگەی ئازای نیشتمانا..
ئەو ماوەیەی ژینمان ماوە بە سەربەستی ئەبیەینە سەر
جارێکی تر ئەرکی کتێب شاردنەوەمان نایەتە بەر..

٢٢ و ٢٣/٣/١٩٩١

# هەزار لاپەڕە

**بە دەرچوونی ئەم ژمارەیەی مامۆستای کورد، گۆڤارەکە شەش ساڵی تەمەنی پڕ دەکاتەوە و دوازدەیەمین ژمارەی لێ دەردەچێ. ئەم لاپەڕەیەش کە دوایین لاپەڕەی ئەم ژمارەیەیە، دەبێتە لاپەڕەی هەزارەمینی گۆڤارەکە.**

«بەیەک گەیشتنی فەرهەنگی جیاواز» و «بە یەکدادانی فەهەرنگی جیاواز» دوو زاراوەن لە لایەن گەلێ کۆمەڵناس و سیاسەتمەدار و ئەنترۆپۆلۆگ و ڕووناکبیرەوە بەکار دەبرێن. هەردوو زاراوەکەش هەر وەسفی پێوەندیی نێوان فەرهەنگی جیاواز، کە «بەیەک دەگەن/ بەیەکدا دەدەن»، دەکەن. دیاردەکە خۆی هەزاران ساڵە هەیە و لە ماوەی دوورودرێژیـشدا ئەنجامەکەی بینراوە؛ شارستانییەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، داگیرکردنی ئێران لەلایەن یۆنانەکانەوە، دینی مانی، ئیسلام لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی دووردا، ئیسلام لە ئەسپانیا و کارکردنەسەر فەرهەنگی ئەوروپا، هاتنی تورک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەیان نموونەی دیکە. لە ڕووبەری تەسکتر و ماوەی کورتتردا ئێمەی پەڕیوەی هەندەران ئاشنای ئەزموون و ئەنجامی زۆرین.

سوکرات دەڵێ: خۆت بناسە. فەیلەسووفانی پێش وی، ویل دیورانت دەڵێ، بۆ فیزیا یا سروشتی شتی دەرەوە دەگەڕان، بەڵام سوکرات سەرنجی بۆ بیر/ مێشک/ گیان/ دەروون/ ناوەوەی مرۆڤ ڕادەکێشان. فەیلەسووفانی ئیسلام خۆناسینیان بە ڕێگەی خواناسین داناوە. ئیمامی غەزالی، وەک سوکرات، لە گومانەوە دەستی پێکرد. دەستی بە سەفەرێک کرد، کات و شوێنێکی یەکجار بەرین و دوورودرێژی گرتەوە. ئەم هەستە، ئەم گەڕانە، ئەم سەفەرە، ئەگەرچی دەشێ زەمینەیەکی ئۆبژێکتیڤیشی هەبێ، بەڵام کوتومت پرۆسێسێکی زاتی/ ذهنی/ سوبژێکتیڤییە، لە مێشک و دڵ و ڕەوانی تاکەکەسدا تۆوی دەچێنرێ و هەر لەوێشدا دەڕوێ و گوڵ دەکا. زۆربەی ئەنجام و ئەزموونە نادیارەکانی لەو بابەتەن کە ناکرێ بە شێوەی پەند و ئامۆژگاری، بە شێوەی دەرز، بە شێوەی ڕێنوێنی بۆ پێگەیاندنی کەسێکی دی بخرێنە کار. نابنە مۆدێل.

لای گەلێ فەیلەسووف و سۆفی هەر مرۆڤ بوون خۆی، لەو هەلومەرجە ناسراوەدا کە دەیزانین و لەو چوارچێوەیەدا کە دەیبینین، نامۆیی یا کەوتنە نامۆیییە. لای شێخی سەعدی کاکڵی ئەم بیرە هەستی تەنهایی، هەستی بەجێ هێڵرانە و تاسەباری گەڕانەوەیە بۆ جیهانی خودایی. ڕوسۆ دەیەوێ ڕۆحی نامۆی لە تەقە و هەرا و زەنای شارەوە بباتەوە بۆ باوەشی سروشت.

ئاوارە و پەڕیوەیی، دوورکەوتنەوە لە خاک و نیشتمان و ژیان لە دوورەوڵاتیدا بردنەسەر دەبێتە ماکی زۆر گۆڕان و بیرکردنەوە و هەستی جۆربەجۆر. ئەگەر هەموو ئەو شتانە لە چوارچێوەی ژیانی ماددیدا تەماشا بکەین (خواردن و جلوبەرگ، زمان، پاسپۆرت ...هتد) ئەمە سادەکردنەوەیەکی تەواوی باسەکەیە، بەڵام ڕەنگدارکردنیشی بە فەلسەفە و بیر، گشتاندن، بە گشتیکردنێکی وایە کە لە نرخی بیر کەم دەکاتەوە.

لای هەندێ ڕووناکبیری سەر بە ڕۆژهەڵات، و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ژیانی تاراوگە، ئاشنابوون لەگەڵ فەرهەنگی جیاوازدا، بۆتە هۆی گۆڕان و قووڵبوونەوەی ڕەوتی بیریان، دەستی پێ بە گەشتێ کردوون بەرەو ناوەوە، بەرەو دواوە، بەرەو ڕەگ، بەڵام نەک بە مانای کۆنەپەرستی، بەڵکە بۆ خۆناسین، خۆدۆزینەوە، خۆبوون، بۆ گوڕبەستنەوە و هێز و وزە پەیداکردن. «خۆ» لێرەدا لە «خۆ»ی تاکەکەسدا نامێنێ و دەبێتە «خۆ»ی نموونـەی کۆمەڵە بـەها و نـرخ و جیهانبینییەک. نەمامی ئەم گەشـتە لە نووسینەکانی هەندێ بیریاری ڕۆژهەڵاتیی ئەوروپانشینیدا دەبینرێ.

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی کەوتووینەتە شەڕێکەوە، کە خۆمان نە کات و نە شوێن و نە هاوکێشەکانیمان دیاری نەکردووە؛ شەوەیخوونمان کراوەتە سەر. ڕێک هەر وەک لەشکرێکی شەوەیخوون بەسەرکراویش زۆرمان، زۆربەی زۆرمان، هەر بەئاگایش نەهاتووین، هێشتا خەونی دوێنێ ئێوارەی ڕەنگین و خۆش و بۆندارمان دەبینین.

سوکرات دەیگوت: خۆت بناسە.

هەیاس

□